زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە
## (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)

**تێزێکە**

**پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات کراوەلەزانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر وەک بەشێک لە پێداویستی پلەی دکتۆرا فەلسەفە لە جوگرافیا**


**لەلایەن**

**بێستون ئەحمەد حسێن**

**بەکالۆریۆس لەجوگرافیا- زانکۆی سلێمانی- ٢٠٠٣**

**ماستەرلەجوگرافیا زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر-٢٠١٣**

**بەسەرپەرشتی**

**پ.د.خەلیل ئیسماعیل محەمەد**



**هەولێر - کوردستان**

**تشرینی دووەم ٢٠١٩**

بسم الله الرحمن الرحيم

إقرأ بإسْم رَبكَ الذّي خَلَقْ ( ١ ) خَلَقَ ْالإنْسانَ
منْ عَلَقْ ( ٢ ) إقْرَأ ورَبُّكَ الأكْرَمْ ( ٣ )الّذي عَلّمَ
بالْقَلَمْ ( ٤ )عَلّمَ الإنْسانَ مالَم يَعْلَمْ( ٥ )

صدق الله العظيم

( سورة العلق ١-٥ )

## بەڵێننامە

بەڵێنـدەدەم کـە ئـەم تێـزی دکتۆرایـە بەناونیشـانی ( هەرێمـی وەزیفـی شـاری ڕانـیە (لێکۆڵینەوە یەک لەجوگرافیای شار ) ) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمـە، جگـە لـەو جێگایانـەی بەئاشـکرا ئامـاژەم پێکـردووە، هـەموو نووسـینەکان و ئەنجامـەکان توێژینـەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لـەهیچ شـوێنێک بـڵاوم نەکردۆتـەوە و پێشکەشـی هـیچ شـوێنێکم نـەکردووە بـۆ ئـەوەی بڕوانامەیـەکی پـێ وەربگـرم. بـەڵێن دەدەم لەهـەر جێگایـەک شـتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژۆ:

ناوی قوتابی: **بێستون احمد حسێن**

ڕێکەوت: / / ٢٠١٩

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم تێزە لە ژێرسەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نوسراوە و نێردراوە بۆوەرگرتنی بڕوانامە (دکتۆرا- فەلسەفە) لە پسپۆڕی جوگرافیای شار من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەی ئێستا پێشکەش بە لێژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژۆ:
ناو: پ. د . خەلیل ئیسماعیل محەمەد
ڕێکەوت : / / ٢٠١٩

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێ بەجێ کراوە ، هەروەها ئاماژە بە پشتگیری ڕەزامەندی سەرپەرشتیار ئەو تێزە دەنێرم بۆ گفتوگۆ بەپێی ئەم پێشنیارە ئەم تێزە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

واژۆ:
ناو : پ.ی د. طارق خضرحسن
سەرۆکی بەشی جوگرافیا
ڕێکەوت: / / ٢٠١٩

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێ بەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەم تێزە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ

بەرپرسی خوێندنی باڵا لەکۆلێژ
واژۆ:
ناو:د. دڵشاد محمود عبدالرحمن
ڕێکەوت: / / ٢٠١٩

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەک لیژنەی تاقیکردنەوە ، ئەم (تێزی دکتۆرایە ) کە ناونیشانەکەی بریتیە لە **(**هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار) **)** خوێندەوە وقوتابیەکەمان کە ناوی (بێستون أحمد حسێن ) بوو، لەناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیاردەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی دکتۆرا لەپسپۆری جوگرافیای شارتێدایە.

واژۆ
ناو :پ.د. سلێمان عبداللە ئیسماعیل
سەرۆک لیژنە
ڕێکەوت: / / ٢٠١٩

واژۆ
ناو: پ.ی . د. بەیان علی حسێن
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠١٩

واژۆ
ناو: پ.ی.د. هیوا صادق سەلیم
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠١٩

واژۆ
ناو:پ.ی.د. سەمیر محۆ جمیل
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠١٩

واژۆ
ناو: پ.ی.د.کامەران وەلی محمود
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠١٩

واژۆ
ناو:پ.د. خلیل ئیسماعیل محەمەد
ئەندام وسەرپەرشتیار
ڕێکەوت: / / ٢٠١٩

واژۆ:
ناو: پ.د. قادر محمد حسن
ڕاگری کۆلێژ
ڕێکەوت: / /

# پێشکەشەبە:

* ئەوکەسانەی کە بەپەرتوک و پێنوسەکانیان خزمەتیان بەکتێبخانەی کوردی کردوە.

* ئەوماڵمۆستایانەی لەخوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەر ودکتۆرا وانیەیان پێ وتووم.

# سوپاس وپێزانین

**بۆ:**

* پەروەردگاری مەزن ومیهرەبان، کە توانای پێ بەخشیم بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە.

* بەڕێزپرۆفیسۆر دکتۆر(خەلیل ئیسماعیل محەمەد) کە ئەرکی سەر پەرشتی کردنی ئەم تێزەی گرتە ئەستۆو بەسەرنج وبۆچوونە زانستیەکانی توانی کەم وکورتیەکانم بۆڕاست بکاتەوە، داواکارم لەخوای گەورە تەمەن درێژو لەش ساغ بێت بۆخزمەت کردنی زیاتری بواری زانست .

* ئەوبەڕێزانەی کە بەپێدانی سەرچاوەی زانستی وسەرنج و تێبینیەکاکانیان توانیان هاوکارم بن ئەوانیش هەریەک لە بەڕێزان: پ.د. نشوان شکری عبداللّه ، پ.ی د.کامەران تاهیر سەعید ، پ. ی د. بەیان عەلی حسێن ، پ.ی .د. هیوا سادق سەلیم، پ.ی، د .طارق خضر حسن، د.پشتیوان شەفیق ئەحمەد، مامۆستا محمد وەتمان ، مامۆستا علی حمد ، مامۆستا شەماڵ محمد.

# پوختەی توێژینەوەکە

شار ناتوانێت بەتەنها بژی بەڵکو پشت بەناوچەکانی دەوروبەری دەبەستێت. ئەمەش بۆتە هۆکارێکە بۆئەوەی  هەموو شارێک خاوەن ڕووبەرێکی جوگرافی بێت تا لەگەشە کردنی دا پشتی پێ ببەستێت. بەڵام ئەوڕووبەرە جوگرافیەی کە شار پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری تێدا ئەنجام دەدات وابەئاسانی دیاری ناکرێت ،هەر بۆیە چەند ڕێگایەکی لە یەکتری جیاواز هەیە بۆ دیاریکردنی ئەو پانتایە جوگرافیەی کە پێی دەگوترێت هەرێمی وەزیفی شار.بێگومان ئەوکارلێکردنە پتەوەی کەلەنێوان  شارودەوروبەرەکەی دا دروست دەبێت سەر ئەنجام لەدایکبوونێکی نێوەندی هەرێمی لێ دەکەوێتەوە بۆیە شارەکان ناتوانن بەگۆشە گیری و دوور لەیەکتری بژین لەبەرئەوە پەیوەندیەکی ئۆرگانی ومێژووی دروست دەکەن.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە دەبێتە بنەمایەک ونەخشەڕێگایەک بۆ نەخشەسازی شاری ڕانیە لەگەڵ ئەنجام دانی پلان و پەرەپێدان لەڕانیە و دەوروبەری ،لەهەمان کاتدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تاچەند شارەکە پاڵپشت بەوەزیفەکانی خزمەتی ناوچە جیاجیاکانی کردوە، لەهەمان کاتدا ،ناوچەی لێکۆڵینەوە بەوپێیەی گەشەکردنێکی باشی بەخۆیە وە بینیوە ئەمەش بۆتە هۆکاری گەشەکردن وپەرەسەندنی وەزیفە جۆراوجۆرەکان ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر فراوانبوونی ڕووپێوی هەرێمە وەزیفیەکانی شاری ڕانیە  کەناوچەیەکی فراوان لەخۆبگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەدەکات کەناوچەی لێکۆڵینەوە پێگەو شوێنێکی جوگرافی  گرنگی هەیە هەروەها شارەکە لە ڕووی دیمۆگرافی و ئاوەدانیەوە گەشەکردنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە وە بەچەندین گوندو شاروشارۆچکە دەورردراوە، لەهەمان کاتدا توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەدەکات کە سنووری هەرێمە وەزیفیەکانی شاری ڕانیە ناگونجێت لەگەڵ سنوورە کارگێڕیەکەی دا ، لەبەرئەوە   بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان ،توێژینەوەکە پشتی بە هەریەک میتۆدەکانی هەرێمی وشیکاری وبەراوردکاری بەستوە . ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیە لەدیاریکردنی هەرێمی وەزیفی ناوچەی لێکۆڵینەوە، چونکە دیار یکردنی هەرێمی شارەکە زەمینەکی گونجاو بۆ پرۆسەکانی پلان دانان وگەشەپێدانی هەرێمی دەرەخسێنێ،دەشتوانرێت پشتی پێببەسترێت بۆدوبارە داڕشتنەوەی سنوورە کارگێڕیەکانی هەرێمەکە.

سەبارەت بەناوەڕۆکی توێژینەوەکە پێک هاتوە لە چوار بەشی سەرەکی کە هەر بەشێک چەند باسێکی لەخۆگرتوە، بەشی یەکەم: بریتیە لە چوارچێوەی تیۆری ناوچەی

لێکۆڵینەوە کە پێک هاتووە لە سێ باس :باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ناساندنی چەمک و زاراوەکان،باسی دووەم: تیشک دەخاتەسەر توێژینەوەکانی پێشوو، باسی سێیەم: تایبەتە بەناساندنی ڕەهەندی جوگرافی لێکۆڵینەوە، بەشی دووەم: ئەم بەشە ڕۆشنایی دەخاتەسەر ئاڕاستەکانی گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە کەسێ باس لەخۆدەگرێت: یەکەم: تەرخانکراوە بۆباسکردن لە قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان لە شاری ڕانیە، دووەمیش :بریتیە لە ئاڕاستەکانی زیادبوونی سرووشتی لە شاری ڕانیە، سێیەم تایبەتە بە کۆچکردن. بەشی سێیەم: تیشک دەخاتەسەر ئاڕاستەکانی فراوانبوونی ڕووبەری شاری ڕانیە کە پێکهاتوە لەدووباس: یەکەم:تایبەتە بەفراوانبونی بەکارهێنانی ڕووبەری زەوی وەزیفەکانی شاری ڕانیە، دووەمیش: تیشک دەخاتە سەر گەشەی دانیشتوان وکاریگەری لەسەر فراوانبوونی شاری ڕانیە وڕووبەری بەکارهێنانی زەوی وەزیفەکانی بەشی چوارەم: دوابەشی لێکۆڵینەوەکەیە تەرخانکراوە بۆکاریگەری و پەیوەندی هەرێمی شاری ڕانیە بە گوێرەی وەزیفەکانی دووباس لەخۆدەگرێت: باسی یەکەم تایبەتە بەچوارچێوەی تێوری هەرێمی شار، باسی دووەم : تیشک دەخاتە سەردیاریکردنی سنوروکاریگەری هەرێمە وەزیفیەکانی شاری ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری لەکۆتاییدا توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجاێک گەیشت گرنگترینیان ئەمانەن:

١- نەخشەی بنچینەیی هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە کە قەزاکانی ڕانیەوپشدەربەسەرجەم ناحیە کانیانەوە لەگەڵ هەردووک ناحیەی بنگردو خدران لەقەزای دوکان لە خۆدەگرێت وا پێوویست دەکات ئەم نەخشەیە بکرێتە بنەمایەک بۆ ئەنجامدانی کاری پلاندانان و پەرەپێدان لە ناوچەکەدا.

٢- هەرێمی وەزیفی لێکۆڵینەوەکە لەزۆربەی وەزیفەکاندا سنوری کارگێڕی ڕانیە تێدەپەڕێنێت، تەنانەت لەهەندێک وەزیفەی وەک بازرگانی، گواستنەوە سنوری پارێزگای سلێمانیش تێپەڕ دەکات.

٣- شاری ڕانیە لەسەرجەم وەزیفەکاندا توانیویەتی کاریگەری بکاتە سەر ناوچەکانی دەوروبەری و خزمەتگوزاریان بۆ دابین بکات،بەلام پلەی کاریگەریەکەی لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە ، لەهەمان کاتدا توێژینەوەکە چەند پێشنیاریک دەخاتەڕوو گرنگترینیان:

١- پێویستە بەرنامەکانی پلان وپەرەپێدان لەسەرجەم بوارەکاندا لە سنووری قەزاکانی ( ڕانیە و پشدەر) بەسەرجەم ناحیەکانیانەوە لەگەڵ ناحیەکانی بنگرد، خدران لە قەزای دوکان کە ئاماژەیە بۆهەرێمی شاری ڕانیە تێپەرنەکات .

٢-ناوچەی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بەو گەشەکردنەی لە ڕووی دیمۆگرافی،ئاوەدانی و سەرجەم وەزیفە جۆراوجۆرەکاندا بەخۆیەوە بینیوە و بەرزی پلەی کارگێریەکەی کەسەنتەری ئیدارەی ڕاپەڕینە ، توانیویەتی کاریگەری بەرچاوبکاتە سەر ناوچەکانی دەوروبەری بۆیە پێوویستە حکومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان فەرمانگە ودامەزراوەی تر لەشارەکەدا بکەنەوە ، هەروەها گرنگی زیاتر بەجوانی ودیزانی بیناو ڕێگاوبانەکانی ناوشار دەوروبەروهەرێمەکەی بدەن.

## ناوەڕۆک


| ز | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | بەڵێننامە | II |
| ٢ | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | III |
| ٣ | بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | IV |
| ٤ | پێشکەشەبە | V |
| ٥ | سوپاس وپێزانین | VI |
| ٦ | پوختەی توێژینەوەکە | IX |
| ٧ | ناوەرۆک | X |
| ٨ | پێڕستی خشتەکان | XII |
| ٩ | پێڕستی نەخشەکان | XIV |
| ١٠ | پێڕستی شێوەکان | XV |
| ١١ | پێڕستی پاشکۆکان | XVI |
| ١٢ | **پێشەکی** | **١-٦** |
| ١٣ | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوە** | ٧-٤٠ |
| ١٤ | باسی یەکەم: ناساندنی چەمک و زاراوەکان | ٧ |
| ١٥ | باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو | ١٧ |
| ١٦ | باسی سێیەم: ڕەهەندی جوگرافی لێکۆڵینەوە | ٢٧ |
| ١٧ | **بەشی دووەم: ئاڕاستەکانی گەشەی دانیشتوان لەشاری ڕانیە** | ٤١-٨٥ |
| ١٨ | باسی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان لە شاری ڕانیە | ٤١ |
| ١٩ | قۆناغی یەکەم لەساڵانی ( ١٩٥٧-١٩٦٥) | ٤٤ |
| ٢٠ | قۆناغی دووەم لەساڵانی (١٩٦٥-١٩٧٧) | ٤٧ |
| ٢١ | قۆناغی سێیەم لەساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) | ٤٩ |
| ٢٢ | قۆناغی چوارەم لەساڵانی (١٩٨٧-٢٠٠٢) | ٥١ |
| ٢٣ | قۆناغی پێنجەم لەساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٩) | ٥٤ |
| ٢٤ | قۆناغی شەشەم لە ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٦) | ٥٦ |
| ٢٥ | باسی دووەم : زیادبوونی سروشتی دانیشتوان لە شاری ڕانیە | ٥٩ |
| ٢٦ | یەکەم: لەدایک بوون | ٦٠ |
| ٢٧ | دووەم: مردن | ٦٨ |
| ٢٨ | باسی سێیەم: کۆچ لە شاری ڕانیە | ٧٥ |
| ٢٩ | یەکەم: کۆچی ناوخۆیی | ٧٦ |
| ٣٠ | دووەم: کۆچی نێودەوڵەتی | ٨٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣١ | **بەشی سێیەم: ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شوێنی لە شاری ڕانیە** | ١٤٧-٨٦ |
| ٣٢ | باسی یەکەم: فراوانبوونی بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لە شاری ڕانیە | ٨٦ |
| ٣٣ | باسی دووەم: گەشەی دانیشتوان وکاریگەری لەسەرفراوانبوونی شاری ڕانیە و ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی وەزیفەکانی | ١٠٠ |
| ٣٤ | قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەم ( پێش ساڵی ١٩٥٧) | ١٠١ |
| ٣٥ | قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم لەماوەی ساڵانی ( ١٩٥٧ -١٩٧٧) | ١٠٧ |
| ٣٦ | قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧ - ١٩٨٧) | ١١٢ |
| ٣٧ | قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەم لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧- ٢٠٠٢ ) | ١٢٠ |
| ٣٨ | قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێنجەم لەماوەی ساڵانی ( ٢٠٠٢- ٢٠٠٩ ) | ١٢٨ |
| ٣٩ | قۆناغی مۆرفۆلۆجی شەشەم لەماوەی ساڵانی ( ٢٠٠٩- ٢٠١٦ ) | ١٣٨ |
| ٤٠ | **بەشی چوارەم:کاریگەری وپەیوەندی هەرێمی شاری ڕانیەبەگوێرەی وەزیفەکانی** | **٢٤٤-١٤٨** |
| ٤١ | باسی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری هەرێمی شار | ١٤٨ |
| ٤٢ | باسی دووەم:دیاریکردنی سنوورو کاریگەری هەرێمی شاری ڕانیە | ١٥٩ |
| ٤٣ | أ-هەرێمی وەزیفی کارگێڕی | ١٥٩ |
| ٤٤ | ب-هەرێمی وەزیفی تەندروستی | ١٦٢ |
| ٤٥ | پ- هەرێمی وەزیفی گواستنەوە | ١٧٦ |
| ٤٦ | ت- هەرێمی وەزیفی فێرکاری | ١٨٣ |
| ٤٧ | ج- هەرێمی شاری ڕانیە بەگوێرەی بیردۆزی خاڵی پچڕان | ٢٠٠ |
| ٤٨ | چ- هەێمی وەزیفی بازرگانی | ٢٠٧ |
| ٤٩ | ١- هەێمی وەزیفی بازرگانی تاک | ٢٠٨ |
| ٥٠ | ٢- هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ | ٢١٦ |
| ٥١ | ا- هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەی بیناسازی | ٢١٦ |
| ٥٢ | ب-هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەی سەوزە ومیوە | ٢٢٢ |
| ٥٣ | پ- هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆ جل وبەرگ وموبلیات | ٢٢٧ |
| ٥٤ | ت- هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆسامانی ئاژەڵ | ٢٣٠ |
| | ج- هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆ کەرەستەی خۆراک | ٢٣٦ |
| | دەرئەنجامەکان | ٢٤٥ |
| | پێشنیارەکان | ٢٤٨ |
| | لیستی سەرچاوەکان | R٢٥٠ |
| | پاشکۆکان | A٢٩٦-A٢٧١ |
| | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | أ- ج |
| | پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی | B-A |

## پێرستی خشتەکان



| ز | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕێژەی دانیشتوانی شاری ڕانیەلەکۆی قەزای ڕانیەوشارنشینی قەزا(١٩٥٧-٢٠١٦) | ٤٣ |
| ٢ | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری ڕانیەوقەزای ڕانیە وشارنشینی قەزا ( ١٩٥٧-٢٠١٦) | ٤٥ |
| ٣ | ڕێژەی لەدایکبوون لە شاری ڕانیە لەساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٦) لەهەزارا | ٦٢ |
| ٤ | ڕێژەی مردن لە شاری ڕانیە لەساڵانی( ١٩٨٧-٢٠١٦ ) لەهەزارا | ٧١ |
| ٥ | ڕێژەی زیادبوونی سروشتی دانیشتوان لەشاری ڕانیە لەسالانی (١٩٨٧- ٢٠١٦ ) لەهەزارا | ٧٣ |
| ٦ | دانیشتوانی شاری ڕانیە لە ڕووی شوێنەکانیانەوە بەپێی ساڵی( ٢٠٠٢) | ٧٧ |
| ٧ | دانیشتوانی شاری ڕانیە لە ڕووی شوێنەکانیانەوە بەپێی ساڵی(٢٠١٦) | ٧٧ |
| ٨ | ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارنشین وگوندنشین لەقەزای ڕانیە (١٩٥٧ -٢٠١٦) | ٧٨ |
| ٩ | ڕێژەی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لەقەزای ڕانیە لە (١٩٥٧-٢٠١٦) | ٧٨ |
| ١٠ | ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندوخێزانەکانی قەزای ڕانیە بۆشاری ڕانیە(١٩٧٨-١٩٩٠) | ٧٩ |
| ١١ | پوختەی کۆچ لەشاری ڕانیە (٢٠١٢- ٢٠١٦) | ٨٣ |
| ١٢ | پوختەی کۆچ لە شاری ڕانیە (١٩٥٧-٢٠١٦) | ٨٤ |
| ١٣ | فراوانبوونی ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لە شاری ڕانیە لە ساڵانی (١٩٥٧ -٢٠١٦ ) | ٩٠ |
| ١٤ | گەڕەکەکانی نیشتەجێبون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان لەساڵی ( ١٩٥٧) | ١٠٥ |
| ١٥ | گەڕەکەکانی نیشتە جێبوون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەروژمارەی دانیشتوان لە ساڵی (١٩٧٧) | ١١٠ |
| ١٦ | گەڕەکەکانی نیشتە جێبوون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەروژمارەی دانیشتوان لەساڵی ( ١٩٨٧) | ١١٦ |
| ١٧ | گەڕەکەکانی نیشتە جێبوون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەروژمارەی دانیشتوان لەساڵی ( ٢٠٠٢ ) | ١٢٢ |
| ١٨ | گەڕەکەکانی نیشتە جێبوون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەروژمارەی دانیشتوان لەساڵی ( ٢٠٠٩) | ١٣٠ |
| ١٩ | گەڕەکەکانی نیشتە جێبوون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەروژمارەی دانیشتوان لەساڵی ( ٢٠١٦) | ١٤٢ |
| ٢٠ | شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی نەخۆش کەوتوان لە نەخۆشخانە حکومیەکانی شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦) | ١٦٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی نۆرینگەکانی شاری ڕانیەیان کردوە لە ساڵی (٢٠١٦) | ١٦٨ |
| ٢٢ | شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی وسەنتەرەکانی ( گورچیلە، تیشک ،سۆنەر) لە ساڵی( ٢٠١٦) | ١٧٢ |
| ٢٣ | هەرێمی وەزیفی گواستنەوەی شاری ڕانیە بەگوێرەی (تاکسی و پاس) لە ساڵی (٢٠١٦) | ١٧٩ |
| ٢٤ | شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی ئەوفێرکارانەی سەردانی شاری ڕانیە دەکەن بەگوێرەی پەیمانگا حکومیەکان لە ساڵی ( ٢٠١٦ ) | ١٨٧ |
| ٢٥ | شوێنی نیشتەجێبوون وژمارەی ئەوفێرکارانەی سەردانی شاری ڕانیەدەکەن بەگوێرەی پەیمانگا ئەهلیەکان لە ساڵی ( ٢٠١٦ ) | ١٨٨ |
| ٢٦ | شوێنی نیشتەجێبوون وژمارەی ئەوفێرکارانەی سەردانی شاری ڕانیە یان کردوە بەگوێرەی زانکۆی ڕاپەڕین لە ساڵی( ٢٠١٦ ) | ١٩٥ |
| ٢٧ | بیردۆزی خاڵی پچڕان بۆدیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بەراوورد بەناحیەکانی دەوروبەری لەساڵی ٢٠١٦ | ٢٠٣ |
| ٢٨ | یاسای خاڵی پچڕان بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بەراورد بەقەزاکانی دەوروبەری لە ساڵی (٢٠١٦) | ٢٠٥ |
| ٢٩ | دامەزراوەی بازرگانی تاک لەشاری ڕانیە وئیدارەی ڕاپەڕین لە ساڵی( ٢٠١٦ ) | ٢٠٩ |
| ٣٠ | دامەزراوە بازرگانیەکانی ناوچەی بازرگانی سەنتەری (CBD)ودەروبەری شاری ڕانیەلە ساڵی (٢٠١٦) | ٢١٠ |
| ٣١ | ئەو کڕیارانەی بەمەبەستی کڕینی کە ل و پە ل سەردانی شاری رانیە یان کردوە بەگوێرەی شوێنی نیشتەجێ بوون لە ساڵی( ٢٠١٦) | ٢١٢ |
| ٣٢ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەی بیناسازی لەشاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦) | ٢٢١ |
| ٣٣ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆبۆکەرەستەی(کشتوکاڵی)سەوزەومیوەی هاوینە و زستانە لە شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦) | ٢٢٦ |
| ٣٤ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ لە شاری ڕانیە بۆ کەرەستەی جلوبەرگ لەساڵی (٢٠١٦) | ٢٢٩ |
| ٣٥ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ لە شاری ڕانیە بۆ کەرەستەی موبلیات لە ساڵی (٢٠١٦) | ٢٣٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٦ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆ ڕەشەولاخ لەشاری ڕانیەلە ساڵی (٢٠١٦) | ٢٣٤ |
| ٣٧ | هەرێمی وەزیفی بازرگانیبەکۆ بۆمریشک،ماسی لەشاری ڕانیەلەساڵی (٢٠١٦) | ٢٣٤ |
| ٣٨ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆ کەرەستەی خۆراک لەشاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦ ) | ٢٣٩ |


## پێڕستی نەخشەکان


| ز | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | شوێنی شاری ڕانیە بەگوێرەی وولاتی عێراق وهەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی | ٢٨ |
| ٢ | شوێنی شاری ڕانیە بەگوێرەی قەزای ڕانیە و دەوروبەری | ٢٩ |
| ٣ | بەرزونزمی شاری ڕانیە | ٣١ |
| ٤ | جۆرەکانی خاکی شاری ڕانیە | ٣٥ |
| ٥ | پێکهاتەی جیۆلۆجی شاری ڕانیە | ٣٧ |
| ٦ | تۆڕەکانی ڕێگاوبانی شاری ڕانیە و بەستنەوەی بەناوچەکانی دەوروبەری | ٣٩ |
| ٧ | گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لەساڵی( ١٩٥٧) | ١٠٦ |
| ٨ | گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لەساڵی(١٩٧٧) | ١٠٨ |
| ٩ | گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لەساڵی( ١٩٨٧) | ١١٤ |
| ١٠ | بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لەشاری ڕانیە لەساڵی (١٩٨٧) | ١١٩ |
| ١١ | گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لەساڵی(٢٠٠٢) | ١٢١ |
| ١٢ | بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لەشاری ڕانیە لەساڵی(٢٠٠٢) | ١٢٧ |
| ١٣ | گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لەساڵی( ٢٠٠٩ ) | ١٢٩ |
| ١٤ | بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لەشاری ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٩) | ١٣٧ |
| ١٥ | گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لەساڵی(٢٠١٦) | ١٣٩ |
| ١٦ | بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لەشاری ڕانیە لەساڵی (٢٠١٦) | ١٤٦ |
| ١٧ | هەرێمی وەزیفی کارگێڕی شاری ڕانیە لە ساڵی( ٢٠١٦) | ١٦١ |
| ١٨ | هەرێمی وەزیفی تەندروستی شاری ڕانیە بەگوێرەی نەخۆشخانە حکومیەکان لە ساڵی (٢٠١٦) | ١٦٦ |
| ١٩ | هەرێمی وزیفی تەندروستی شاری ڕانیەبەگوێرەی نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی وسەنتەرەکانی ( گورچیلە ، تیشک، سۆنەر) لە ساڵی( ٢٠١٦) | ١٧١ |
| ٢٠ | هەرێمی وەزیفی گواستنەوەی شاری ڕانیە بەگوێرەی گواستنەوەی تاکسی و پاس لەساڵی (٢٠١٦) | ١٧٨ |
| ٢١ | هەرێمی وەزیفی فێرکاری شاری ڕانیە بەگوێرەی پەیمانگاکان لەساڵی (٢٠١٦) | ١٨٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢ | هەرێمی وەزیفی خوێندنی باڵای شاری ڕانیەبەگوێرەی زانکۆی ڕاپەڕین ساڵی(٢٠١٦) | ١٩٣ |
| ٢٣ | هەرێمی شاری ڕانیە بەگوێرەی یاسای خاڵی پچڕان لە ساڵی (٢٠١٦ ) | ٢٠٢ |
| ٢٤ | یاسای خاڵی پچڕان بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بەگوێرەی سەرجەم قەزاکانی دەوروبەری لە ساڵی ( ٢٠١٦) | ٢٠٦ |
| ٢٥ | هەرێمی وەزیفەیی بازرگانی تاکی شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦) | ٢١٣ |
| ٢٦ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆمەڵ بۆکەرەستەی بیناسازی لەشاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦) | ٢١٨ |
| ٢٧ | هەرێمی وەزیفەی بازرگانی بەکۆبۆکەرەستەی کشتوکاڵی هاوینەوزستانە لە شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦) | ٢٢٥ |
| ٢٨ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆبۆکەرەستەکانی (جلوبەرگومۆبلیات) لەشاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦ ) | ٢٢٨ |
| ٢٩ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆ کەرەستەی ئاژەڵی لەشاری ڕانیە لەساڵی (٢٠١٦) | ٢٣٣ |
| ٣٠ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەی خۆراک لەشاری ڕانیە لەساڵی (٢٠١٦) | ٢٣٨ |
| ٣١ | نەخشەی کارگێڕی هەرێمی شاری ڕانیە لەساڵی (٢٠١٦) | ٢٤٤ |


**پێڕستی شێوەکان**


| ز | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕێژەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەکۆی قەزای ڕانیەوشارنشینی قەزا (١٩٥٧-٢٠١٦) | ٤٣ |
| ٢ | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری ڕانیە وقەزای ڕانیە وشارنشینی قەزا ( ١٩٥٧-٢٠١٦ ) | ٤٦ |
| ٣ | ڕێژەی لەدایکبوون لە شاری ڕانیە لە ساڵانی( ١٩٨٧-٢٠١٦ ) لەهەزارا | ٦٣ |
| ٤ | ڕێژەی مردن لە شاری ڕانیە لە ساڵانی ( ١٩٨٧-٢٠١٦ ) لەهەزارا | ٧٢ |
| ٥ | ڕێژەی زیادبوونی سروشتی دانیشتوان لە شاری ڕانیە لە ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٦ ) لەهەزارا | ٧٤ |
| ٦ | پوختەی کۆچ لەشاری ڕانیە ( ١٩٥٧- ٢٠١٦ ) | ٨٥ |

## پێڕستی پاشکۆکان



| ز | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ۱ | ژمارەو ڕێژەی لەدایکبوون و مردن لە شاری ڕانیە لە سالآنی ( ۱۹۸۷-۲۰۱٦) | A۲۷۱ |
| ۲ | ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە وقەزای ڕانیە و شارنشینی قەزا لەسالآنی(۱۹۵۷ -۲۰۱٦ ) | A۲۷۳ |
| ۳ | ژمارەی هاوسەرگیران بەگشتی وهاوسەرگیرانی تەمەن۱۸- ۲۵ سالّ لە سالآنی (۲۰۰۰-۲۰۱٦) | A۲۷٤ |
| ٤ | هاوسەرگیری وجیابوونەوە لەشاری ڕانیە لە سالآنی ( ۲۰۰۰- ۲۰۱٦) | A۲۷۵ |
| ۵ | ڕێژەی هاوسەرگیرانی تەمەن ۱۸-۲۵ سالّ لە سالآنی (۲۰۰۰- ۲۰۱٦) لەهەزارا | A۲۷٦ |
| ٦ | پێکهاتەی ئیداری ڕاپەڕین | A۲۷۷ |
| ۷ | هەرێمی وەزیفی تەندروستی لەشاری ڕانیە | A۲۸۰ |
| ۸ | هەرێمی وەزیفی گواستنەوە لە شاری ڕانیە | A۲۸۱ |
| ۹ | هەرێمی وەزیفی فێرکاری و خوێندنی بالآ لە شاری ڕانیە | A۲۸۳ |
| ۱۰ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی تاک بۆ پێداویستیەکانی ڕۆژانە لە شاری ڕانیە | A۲۸٤ |
| ۱۱ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەی بیناسازی لەشاری ڕانیە | A۲۸۵ |
| ۱۲ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەی کشتوکالّی لە شاری ڕانیە | A۲۸٦ |
| ۱۳ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەکانی موبلیات و جل وبەرگ لەشاری ڕانیە | A۲۸۸ |
| ۱٤ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆ ئاژەلّی ڕەشەوولآخ لە شاری ڕانیە | A۲۹۰ |
| ۱۵ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆبەرهەمی مریشک لەشاری ڕانیە | A۲۹۲ |
| ۱٦ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆ بەرهەمی ماسی لە شاری ڕانیە | A۲۹٤ |
| ۱۷ | هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەی خۆراک لە شاری ڕانیە | A۲۹٦ |

# پێشەکی

# پێشەكی

لێكۆڵینەوە لەبواری جوگرافیای شار ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانبوون وپێشكەوتن بە خۆیەوە دەبینێت لەبەرئەوە دەركەوتنی بابەتە تازەكانی بەڵگەو گەواهی دەری ئەوڕاستیەن كە جوگرافیای شار بەردەوام بابەتی تازەوسەردەمی وهەمەچەشنە لەگەڵ تێپەربوونی ڕەوتی ڕووداوەكانی ڕۆژگاردا بەدوای خۆیدا دەهێنێت . بێگومان هەر ئەوپێشكەوتن وگەشەكردنەیە بۆتە هۆی ئەوەی كە شارو بابەتەكانی جوگرافیای شار ببنە جێگەی سەرنج و تێڕامانی زۆرێک لە پسپۆڕیە جیاوازەكانی وەک ،( دیمۆگرافی ناسان وئابووری ناسان و پلاندانەران ) . یەكێک لەوبابەتانەی لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەبواری جوگرافیای شار گرنگی پێ دەدرێت و بۆتە جێگەی سەرنجی پسپۆڕانی جوگرافیا بە گشتی وجوگرافی ناسانی شار بەتایبەتی، ئەویش بابەتی هەرێمی وەزیفی شارە.لەڕاستیدا خێرایی گەشەكردنی دانیشتوان وڕووبەری ئاوەدانی شارەكان بووبەهۆی گەشەكردنی وەزیفە جۆراوجۆرەكانی شار ،ئەم گەشەكردنەش كە لەبواری وەزیفە جیاوازەكانی شاردا ڕوویدا بوو بەهۆكاری زیادبوونی دابین كردنی خزمەتگوزاریەكان لەلایەن شارەوە بۆئەوگوندوشارۆچكانەی كە دەكەونە دەوربەری یان دوور لەشار، ئەم كاریگەریەش وایكرد شارهەرێمێكی جوگرافی تایبەت بەخۆی دروست بكات، كە بەهەرێمی شار ناسراوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە لەوڕێگایەوە بزانین ئاستی پیشكەوتنی شارلەبواری وەزیفەكاندا لە چ ئاستێک دایە وكاریگەریەكانی دەگاتە كوێ لەكوێدا كۆتایی دێت، ئەمەش بۆئەوەی ببێتە نەخشەڕێگایەک بۆ ئەنجام دانی پلان دانان .

شاری ڕانیە ناتوانێت بەتەنها گەشەبكات و بەردەوام بێت لەژیان ، لەبەرئەوە پشتی بەناوچەكانی دەوروبەری بەستووە ، ئەمەش بۆتە هۆكارێک بۆئەوەی ڕانیە خاوەن پانتایەكی جوگرافی تایبەت بەخۆی بێت تا لەژیان و گەشەكردنی داپشتی پی ببەستێت و پەیوەندیەكانی لەگەڵ ناوچەكانی دەوربەردا تێدا ئەنجام بدات. لەم گۆشەنیگایەوە ناوچەی لێكۆڵینەوە پاڵپشت بەناوچەكانی دەوروبەری لە ساڵی ٢٠٠٣تا ئێستا لەڕووی دیمۆگرافی وئاوەدانی و بیناسازی وكارگێڕیەوە گەشەكردنی باشی بەخۆیە وە بینیوە ،ئەم گەشەكردنەش ڕەنگ دانەوەی هەبووە لەسەرپێشكەوتنی وەزیفەكان وبەرفراوانبوونی پەیوەندیە هەرێمایەتیەكانی شارەكە، بەشێوەیەک گەشەكردنی وەزیفەكانی شارەكەو پێشكەوتنی پەیوەندیە جۆراوجۆرەكانی لەگەڵ ناوچەكانی دەوروبەری بۆتە هۆكارێک بۆئەوەی ڕانیە لەبواری سەرجەم وەزیفەكانەوە كاریگەری بەرچاوبكاتە سەرشاروشارۆچكەو گوندەكانی چواردەوری و خزمە تگوزاریەكانیان بۆدابین بكات، ئەمەش جۆرێک لەكاریگەری وبەهێزی

پەیوەندی هەرێمایەتی لەناوچەکەدا بەشاری ڕانیە بەخشیوە کەبۆتە جێگەی گرنگی پێدان وبنەمایەک بۆئەنجامدانی  پلان وپەرەپیدان لەناوچە کەدا.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

١-نارێکی لە بەکارهێنانی زەوی لەشاری ڕانیە هەروەها لەناوبردنی ڕوبەر زەوی کشتوکاڵی ناوچەکە، بە هۆی فراوانبوونی هەڕمەکی شارەکە لە چەند قۆناغێکی مۆڕفۆلۆجی دا.

٢-نەخشەی کارگێری ئێستای ئیدارەی ڕاپەڕین ناگونجێت لەگەڵ نەخشەی هەرێمی شارەکە، لەبەرئەوە پێوویستە گۆڕانکاری بەسەردابێت، بەجۆرێک هەردوو ناحیەی ( بنگرد وخدران)کە سەر بە قەزای دوکانن لە قەزاکە داببڕێنرێن و بخرێنە سەر ئیدارەی ڕاپەڕین.

**گریمانەی تویژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە لەم گریمانانەی لای خوارەوە سەرچاوەی گرتوە:
١- گرنگی پێگەوشوێنی جوگرافی شاری ڕانیە، بەجۆرێک شارەکە لەسەر دەشتێکی  بەرین ودەوڵەمەند لەڕوی ئابوریەوە هەڵکەوتوە وناوەندیەتی شوێنی هەرێمی شارەکەو بەستنەوەی بەناوچەیەکی فراوان لەڕێگەی تۆڕەکانی ڕێگاوبان یارمەتی دەربوە بۆ زیادبونی پەیوەندی هەرێمی ڕانیە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری.
٢- شاری ڕانیە لەڕوی دیمۆگرافیەوە گەشەی کردوە، ئەم گەشەکردنە دیمۆگرافیە هۆکارێکی گرنگ بو بۆئەوەی شارەکە لەڕووی وەزیفە جیاوازەکانیەوە گەشە بکات وکاریگەری بەرچاو بکاتە سەرناوچەکانی دەوروبەری وخزمەتگوزاریەکانیان بۆدابین بکات .
٣- خێرایی فراوانبوونی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە وگۆڕانی مۆڕفۆلۆجیەکەی هەروەها گەشەکردنی ڕووبەری وەزیفەکانی شارەکە ، هۆکاربووە لە زیادبوونی پەیوەندی هەرێمی وکاریگەری شاری ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری.
٤- گرنگی پلەی کارگێڕی شاری ڕانیە ڕۆڵی خۆی هەبوە لەزیادبونی گەشەکردنی کاریگەری شارەکە لەسەرناوچەکانی دەوروبەری، چونکە شارەکە سەنتەری کارگێڕی قەزای ڕانیەواتا شاری پلە دووە لەلایەک و سەنتەری کارگێڕی ئیدارەی ڕاپەڕینیشە لەلایەکی ترەوە، ئەمە بۆتە هۆکارێک بۆ زیاتر گرنگ دان بەو شارە لەلایەن حکومەت ولایەنە پەیوەندی دارەکان ئەمەش یارمەتی دەربوە بۆ زیادبوونی دەسەڵات وکاریگەری ئەم شارە بەسەر ناوچەکانی دەوروبەر.

٥- کۆبونەوەوگەشەکردنی دامەزراوە وەزیفیەگرنگەکانی کارگێڕی ، پەروەردە، تەندروستی، خوێندنی باڵا، گواستنەوە، بازرگانی لەشاری ڕانیە لە هۆکاروپاڵنەرە گرنگەکانی گەشەکردنی پەیوەندی هەرێمایەتی شارەکەیە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

دەکرێت گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی لای خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- تائێستا هیچ نامەیەکی ماستەرو تێزێکی دکتۆرا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراق بەم ناونیشانە ئەنجام نەدراوە،ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگی ئەم توێژینەوەیە، کە دەکرێت ببێتە بنەمایەک ونەخشەڕێگایەک بۆدیزاین ونەخشەسازی وپلان ڕێژی شاری ڕانیە، لە هەمانکاتدا دەبێتە دەروازەیەک بۆئەنجام دانی پلان وپەرەپێدانی دەوروبەرەکەی.

٢- گرنگیەکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تاچەند نەخشەی کارگێڕی ئیدارەی ڕاپەڕین لەگەڵ بارودۆخی ئێستا دەگونجێت، وەتا چەند پلەی کارگێڕی وشوێنی جوگرافی شارەکە ڕۆڵیان هەبوە لەگەشەکردن وزیادبونی دەسەڵات وکاریگەری شاری ڕانیە بەسەردەوروبەرەکەی.

٣- توێژینەوەکە بابەتێکی گرنگی بواری جوگرافیای شار تاوتوێ دەکات ئەویش هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە یە لەگەڵ ئەو پەیوەندیانەی کەشارەکە بەناوچەکانی دەوروبەریەوە دەبەستێتەوە.

٤- لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە گەشەی دیمۆگرافی و ئاوەدانی شاری ڕانیە چ کاریگەریەکی کردۆتەسەر گەشەکردنی وەزیفی و ئاستی کاریگەریەکانی ڕانیە لەسەر ناوچەکای دەوروبەری.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١- دیاریکردنی نەخشەیەکی بنەڕەتی لەڕووی کارگێڕیەوە کە سنوری ئەو یەکە کارگێڕیانەی کە پێویستە بخرێنە ناو چوارچێوەی پلان وپەرەپێدانی هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیەوە تێدا دیاری کرابێت، ئەمەش بەئامانجی ئەوەی بکرێتە بنەمایەک بۆحکومەت و لایەنە پەیوەندی دارەکان لەدانانی نەخشەوپلان ڕێژی شارەکانی هەرێمەکە وئەوپلان وپڕۆژانەی کەپێویستە لە ئێستا وئایندەی سەر بەناوچەکانی هەرێمی شاری ڕانیە بن لە بەرچاوبگیرێت.

٢- خستنەڕووی ئەوەی تاچەند نەخشەی کارگێڕی ئێستای ڕانیە گونجاوە لەگەڵ نەخشەی کارگێری هەرێمی شارەکە .

٣- هەرێمی شاری ڕانیە دەوڵەمەندە بەدەرامەتە سروشتی ومرۆییەکان لەم گۆشەنیگایەوە ئامانجێکی ترئەوەیە حکومەت سوود لەدەرامەتە سروشتی ومرۆیەکانی ناوچەی توێژینەوە وەربگرێت لەپێناوی دانانی پلان وپەرەپێدانی گونجاو لەهەرێمەکەدا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** هەڵبژاردنی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانە:

١- تائێستا توێژینەوەیەکی زانستی لەشێوەی ماستەر و دکتۆرا بەم ناونیشانە لەهەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام نەدراوە.

٢-ئارەزووی توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەبواری جوگرافیای شار وپلاندانانی هەرێمی.

٣.کەمی ئەوتوێژینەوانەی لەسەر شاری ڕانیە ئەنجام دراون کە لەیەک نامەی ماستەر تێپەڕ ناکات، ئەمەش یەکەمین تێزی دکتۆرایە کە لەسەر شاری ڕانیە ودەوروبەری ئەنجام درابێت.

٤. گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئایندەی شاری رانیە بەتایبەت لەکاتی دانانی ماستەر پلانی شارەکە و دووبارە داڕشتنەوەی هەیکەلی کارگێڕی ئیدارەی ڕاپەرین و دروست کردنی پارێزگایەک لەناوچەکەدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەی زانستی بەبێ پەیڕەوکردنی میتۆدێک یان چەند میتۆدێک زانستی ئەنجام نادرێت ، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە پشتی بەستووە بەهەریەک لەمیتۆدەکانی، هەرێمی ،شیکاری ،بەراوردکاری ،مێژووی لەگەڵ بەکارهێنانی بەرنامەی Gis ودروستکردنی نەخشەو شیکردنەوەی شوێنی وەزیفەکان ، ئەمەش بە مەبەستی دیاریکردن وشیکردنەوەی سنوورو کاریگەری هەرێمی شاری ڕانیە .

**چوارچێوەی کاتی وشوێنی توێژینەوەکە:**

سەبارەت بەماوەی لێکۆڵینەوەکە و بە پشت بەستن بە داتا وزانیاریەکان و پێویستی توێژینەوەکە ماوەی سالانی ( ١٩٥٧- ٢٠١٦ ) دیاری کردوە ،چونکە گرنگە بۆ تێگەیشتن لەهەیمی شار بگەڕێینەوە بۆگەشەکردنی شارەکەوئەوقۆناغە مۆرفۆلۆجیانەی ڕانیە لەڕووی ڕووبەروگەشەی دانیشتوانەوە پێیدا تێپەڕیوە، لەگەڵ دیاریکردنی ساڵی ٢٠١٦ وەک دوا ساڵ، چونکە دیاریکردنی سنوروکاریگەری هەرێمی شار پێویستی بە تازەترین داتا هەیە. سەبارەت بەشوێنی توێژینەوەکە بریتیە لەشاری ڕانیە وناوچەکانی دەوروبەری کە شارەکە بەپشت بەستن بە هەریەک لە وەزیفەکانی کارگێڕی ، تەندروستی ، گواستنەوە، فێرکاری ، بازرگانی ، دەتوانێت خزمەتیان بکات وپێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات،

**پلانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوە بەمەبەستی پێکانی ئامانجەکانی پشتی بەم پلانەی خوارەوە بەستوە:

بەشی یەکەم: بریتیە لە چوارچێوەی تێوری لێکۆڵینەوە، کە پێک هاتوە لەسێ باس : باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆناساندنی چەمک و زاراوەکان، باسی دووەم: تیشک دەخاتە سەر توێژینەوەکانی پێشوو ، باسی سێیەم: تایبەتکراوە بە ڕەهەندی جوگرافی لێکۆڵینەوە.

بەشی دووەم : ئەم بەشە ڕۆشنایی دەخاتەسەر ئاڕاستەکانی گەشەی دانیشتوان لەشاری ڕانیە کە سێ باس لە خۆدەگرێت: یەکەم: تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان لە شاری ڕانیە ، باسی دووەم : بریتیە لە ئاڕاستەکانی زیادبوونی سروشتی لە شاری ڕانیە. سێیەمیش : تایبەتە بە باسکردنی کۆچ لەشاری ڕانیە.

بەشی سێیەم: تیشک دەخاتە سەر ئاڕاستەکانی فراوانبونی ڕوبەری شاری ڕانیە، پێکهاتوە لەدوو باس: باسی یەکەم: تایبەتە بەگەشەکردنی ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی وەزیفەکانی شاری ڕانیە ،باسی دووەم :تیشک دەخاتە سەر گەشەی دانیشتوان وکاریگەری لەسەر فراوانبوونی شاری ڕانیە ڕووبەری وەزیفەکانی.

بەشی چوارەم: کە دوابەشی لێکۆڵینەوەکەیە تەرخانکراوە بۆ هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە کە دووباس لە خۆدەگرێت :باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ چوارچێوەی تێوری هەرێمی شار دووەمیان :تێشک دەخاتەسەر دیاریکردنی سنووروکاریگەری هەرێمە وەزیفیەکانی شاری ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی بەدەست هێنانی داتاوزانیاریەکان توێژینەوەکە پشی بەم سەرچاوانەی لای خوارەوە بەستووە :

**أ- سەرچاوەکانی کتێبخانە:**

١-کتێب ٢- نامەی ماستەر٣- تێزی دکتۆرا ٤- ئەتلەس.٥ - توێژینەوەی بلاوکراوە لەگۆڤارە ئەکادیمیەکان، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە توێژینەکەوە هەیە

**ب- سەرچاوە فەرمیەکانی حکومەت:**

١- ڕاپۆرت وبلاوکراوەکانی فەرمانگە جۆراوجۆرەکانی حکومەت.٢-نەخشە.٣-خشتە.٤-وێنە.

**ج- لێکۆڵینەوەی کێماڵی و چاوپێکەوتن:**

١. سەردانی ئەو شار وشارۆچکە وگوندانەی کەپێویست بوون.
٢.سەردانی فەرمانگەکانی حکومەت، دامەزراوە بازرگانیەکان، خاوەن پیشەکان، بازرگانەکان.
٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەکان ،خاوەن کار،کەسانی پەیوەندیداربەبابەتەکە.

**گیروگرفتەکانی توێژینەوەکە:**

لەماوەی نووسیندا توێژینەوەکە ڕووبەڕووی ئەم گیروگرفتانەی لای خوارەوە بۆتەوە:

١- خراپی ڕەوشی ئابووری هاولاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەگشتی و فەرمانبەرانی حکومەت بەتایبەتی،ئەمەش بەهۆی گیرۆدەبوونی هەرێم بەقەیرانی دارایی،ئەم بارودۆخەش گیروگرفتی بۆ توێژینەوەکە دروست کردبوو، چونکە لەکاتی سەردان کردنی فەرمانگەکانی دەوڵەت بۆ بەدەست هێنانی داتا و زانیاریەکان بابەتەکانی وەک مانگرتن وخۆپیشاندان وبایکۆت ودەوام نەکردن هەندێک جار توڕەی فەرمانبەرانی حکومەت وای دەکرد زۆربەی ڕۆژەکان توێژەر کارەکانی بۆنەکرێت ئەمەش دەبوو بەهۆکاری ئەوەی بۆ هەفتەیەک یان زیاتر چاوەڕی بکات.

٢- هەست نەکردنی هەندێک فەرمانبەروبەڕێوەبەری فەرمانگەکانی حکوومەت بەگرنگی ئەم جۆرە توێژینەوانە.

٣- هاوکاری نەکردنی هەندێک لە گوندنشینەکان و خاوەن پیشەو بازرگانەکان، بەتایبەتی لەکاتی ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەی کێماڵی، هەندێک جار زانیاری و داتای ڕاست ودروستیان نەدەدا، چونکە بەشێکیان لە بەرنهێنی پیشەیی یان خۆدزینەوە وترسان لەباج ،خۆیان لە وەلام دانەوەی پرسیارەکان بەدوور دەگرت.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تێوری لێکۆڵینەوە

**باسی یەکەم: ناساندنی چەمک و زاراوەکان**

**باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**باسی سێیەم: ڕەهەندی جوگرافی  لێکۆڵینەوە**

## باسی یەکەم

## ناساندنی چەمک و زاراوەکان

لەڕاستیدا تیشک خستنە سەر چەمک و زاراوەکان وناساندنیان گرنگی خۆی هەیە، چونکە ڕوونکردنەوەی زاراوەکان دەروازەیەکن بۆ تێگەیشتن لەبابەتەکە، هەربۆیە لەم باسەدا هەوڵ دەدەین ئەو چەمکانە ڕون بکەینەوە کە دوورو نزیک پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە.

**١. هەرێم:** (Region)

زۆرێک لەتوێژەران لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوە هەرێمیەکان و پلاندانانی هەرێمی دا هاوڕان لەسەر ئەوەی هەرێم ڕووبەرێکە لەزەوی کە جیا دەکرێتەوە لەناوچەکانی دەوروبەری و بەو خاسیەتانەی کەهەیەتی یەکپارچەیی و کاراکتەری (کەسایەتی) ئەو هەرێمە دەردەخەن و دیار دەکەن، د .خەلیل ئیسماعیل دەڵێت: کە هیچ مەرجێک نیە بۆ ڕوبەرو شێوەی هەرێمەکە، بەڵام لەیەکچون و تێکەڵاوبوونی خاسیەتەکانی ئەو هەرێمە لەنێوان بەشە جیاجیاکانی هەرێمەکە دەبێتە بنەمایەک بۆ جیاکردنەوەی لەو ناوچانەی کەدەوری ئەو هەرێمەیان داوە تەنانەت ئەو ناوچانەش کەدوورن لەهەرێمەکە، لەبەر ئەوە پێی وایە ئەوانەی لەچوارچێوەی چەمکی هەرێم دا گرنگن ئەمانەن[١]

١. پێویستە سنوری هەرێمەکەو جوڵانەوەکانی دانیشتوان و کاروچالاکیە جیاوازەکانیان لەگەڵ یەکتری گونجاوبێت.
٢. پێویستە پایتەختی هەرێمەکە لانی کەم توانای دابین کردنی و پڕکردنەوەی پێداویستی و داواکاریەکانی دانیشتوانی هەرێمەکەی هەبێت.
٣. پێویستە سنوری کارگێری هەرێمەکە گونجاوبێت لەگەڵ دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی ئەو هەرێمە.

چەمکی هەرێم هەروا بەئاسانی ناتوانرێت دیاری بکرێت، چونکە بیروبۆچوونی زانستی جیاواز هەیە لەسەری، کەسانیک پێیان وایە کەشارە گەورەکان (Metopolitan) بریتیە لە هەرێم وەک هەرێمی نیۆرک وشیکاگۆ ولەندەن وتۆکیۆهەندێکی تر دەڵێن هەرێم بەشێکە لە دەوڵەت، تێڕوانینی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە هەرێم هەموو دەوڵەتەکە دەگرێتەوە لەهەمان کاتدا کەسانێکی تر ئاماژە بەوە دەکەن هەموو دەوڵەتەکان بریتین

---

[١] خليل إسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق (دراسات في التكوين القومي للسكان) ط١، اربيل ، ١٩٩٩، ص٥ــ ٦.

لەهەرێم.(Lenman) پێی وایە هەرێم بریتیە لەڕووبەرێکی جوگرافی کەلەڕووی خاسیەتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانەوە جیاوازن لەبەشەکانی تر[١].

سپلات (Splat ) دەڵێت : هەرێم ڕوبەرێکی زەویـیە ، مەوداکەی لەسەر بناغەی هەماهەنگی نێوان سروشتی زەوی و چالاکی دانیشتوان دەردەکەوێت. منشل (Minshull) ئاماژە بەوەدەکات چەمکی هەرێم گوزارشتە لەوناوچەیەی سەر ڕووی زەوی کەلەڕووی بەرزی و نزمی و ئاووهەواو تەواوی خاسیەتی سروشتیەکانی ترەوە لەچوارچێوەی ئەو سنورە جوگرافیەی کەهەیەتی جیاوازە لەبەشەکانی تری دەوروبەری. ج.ڕینر (Renner) دەڵێت دڵنیام لەوەی کە هەرێم پێکهاتەیەکی ڕەسەنایەتییە کە هەموو هەرێمێک لەڕووی خاسیەتە سروشتی و ڕۆشنبیریەکانیەوە جیا دەکرێتەوە لەدراوسێکانی، واتا جیاوازی سروشتی و ڕۆشنبیری کردۆتە بنەمایەک بۆ جیاکردنەوەی هەرێمەکان لەیەکتری و ناساندنی چەمکی هەرێم[٢].

دیکنسون((Deknson) پێی وایە هەر هەرێمێک خاوەن خاسیەتی تایبەت بەخۆیەتی ئەو خاسیەتانە بەشداری دەکەن لەخستنەڕووی ڕوخسارەکانی ئەو هەرێمە لەڕووی خاک و ئاووهەواو کشتوکاڵ و دیمۆگرافیەکەی. لویس ممفورد (Lewis Mumford) زانای کۆمەڵناس و شارنشینی و پلان دانانی شار ، پێی وایە چەمکی هەرێم گوزارشت کردنە لەو ڕووبەرە جوگرافیەی کەدەکەوێتە نێوان شارو لادێ، واتە دەڵێت ناوچەیەک هەیە لەنێوان شارو لادێ کە ڕووبەرێکی گەورەترە یان بچوکترە لەویلایەت ئەم ناوچەیە پێی دەگوترێت هەرێم. پیرلوف (Perloff) دەڵێت هەرێم ئەو ناوچەیە کە دیاری دەکرێت لەسەر بنەمای کاریگەری و ڕەنگ دانەوەی هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و کارگێڕیەکان هەربۆیە ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر بمانەوێت هەرێم دیاری بکەین دەبێت بنەماکانی شیکردنەوەی هەرێمی بەکار بهێنین، چونکە شی کردنەوەو هەڵسەنگاندنی بنەماکانی ئەم هەرێمە ئامرازێکە بۆ ناساندنی و دروست دەست نیشانکردنی هەرێمەکە[٣].لەناساندنێکی تردا بۆ چەمکی هەرێم جیاواز لە پێناسەکانی تر ئاماژە بەوە دەکرێت کە هەرێم بریتیە لەو سنورەی کەدەکرێت مرۆڤ خۆی دروستی کردبێت وەک سنوری سیاسیی و کارگێڕی، بەشێوەیەک زەوی جیهان دابەش دەکرێت بۆ وولات و ویلایەت و پارێزگاو قەزاو ناحیە کە

---

[١]احمد خالد علام و اخرون ، التخطيط الاقليمي، ط١، مكتبه الانجلو المصرية، القاهره، ١٩٩٥، ص١٩.

[٢]جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، لا١٧.

[٣]احمد خالد علام و اخرون ، المصدر السابق، ص١٩.

دەكرێت ئەم سنورە مرۆییە گونجاوبێت لەگەڵ سنورە سروشتیەكەودەكرێت گونجاویش نەبێت، ئەم جۆرە هەرێمە دەست كردانە سنورەكانیان شیاوی گۆرانكاری وئاڵوگۆڕكردنە[1].

لەناساندنێكی تردا بۆچەمكی هەرێم كە لەتێڕوانینی دیمۆگرافیەوە گوزارشت لەو چەمكە كراوە، هەرێم بریتییە لەڕووبەرێكی ڕووی زەوی كەوا كۆمەڵە خەڵكێك تیایدا نیشتەجێ دەبن ودەژین كەخاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن لەڕووی ژمارەیان وچڕیان وپێكهاتەیان وگەشەكردنیان و دابەشبوونیان وداب و نەریتە كۆمەڵایەتیەكانیان و مێژوویان و چالاكیە ئابورییەكانیان و ئاستی ڕۆشنبیریان[2].

لەژێرڕۆشنایی ئەوەی باسمان كرد هەرێم بریتیە لەڕووبەرێكی دیاریكراو لەسەر ڕووی زەوی‌كەبەهۆی خاسیەتێك یان چەند خاسیەتێكی سروشتی ومرۆیی لەزەویەكانی دەوروبەری جیادەكرێتەوە.

### ٢. پلان دانانی هەرێمی (Planning region)

لەسەر بنەمای پشت بەستن بەهەردوو وشەی پلان (Planning) و هەرێم (Region) دەكرێت چەمكی پلاندانانی هەرێمی پێناسەبكەین بەوەكە پلان دانانی هەرێمی بریتیە لە لێكۆڵینەوە لە دەرامەتە سروشتی ومرۆییە بەكارهاتوەكان وئەوانەی هێشتا بەكارنەهاتوون لەچوارچێوەی ڕووبەرێكی جوگرافی دیاریكراودا[3]، لەناساندنێكی تردا پلان دانانی هەرێمی جیادەكرێتەوە بەچەند خاسیەتێكی جیاواز وەك بونی كێشەی جۆرابەجۆر لەوناوچەیەدا ئەمەش بەئامانجی زانینی تواناكانی هەرێمەكە لەپێناوی بەكارهێنانی ئەم توانایانە بۆ گەشەپێدان و بەرجەستەكردنی خۆش گوزەرانی و پلاندانانی هەرێمەكە[4].

لەڕاستیدا تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ ناساندنی چەمكی پلاندانانی هەرێمی، بۆ نمونە سن گوبیا (SenGubia) ئاماژە بەوە دەكات كەپلاندانانی هەرێمی بریتیە لەهەوڵدان بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگا بۆ بەكارهێنانی تەواوی دەرامەتە سروشتیەكان لەڕێگەی پسپۆڕی بەرهەم هێنانی هەرێمی بەهۆی سودی دەرامەتە سروشتیەكان بۆ هەموو هەرێمێك هەروەها

---

[1] طه عبدالقادر حمد عبدالهادي، اتجاهات التخطيط الأقليمي والتطور العمراني للقرى الواقعة شمال غرب محافظة نابلس، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا في التخطيط الحضري والإقليمي، جامعة النجاح الوطنية نابلس، فلسطين، ٢٠٠٥، ص١٠.

[2] محمد خميس الزوكة، التخطيط الاقليمي وأبعاده الجغرافية، دار المعرفة الجامعية للطبع والنشر والتوزيع، الاسكندرية ،٢٠٠٥ ص٢٢–ـ ٢٣.

[3] المصدر نفسه، ص٢٥.

[4]بروانە :. أ. طه عبدالقادر حمد عبدالهادي، المصدر السابق، ص١٢.

ب . شاكر سلمان جودة، التخطيط، كلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين ، ٢٠٠٣، ص٢٢.

بێنتن مەکای (Benton Mac-Kaye) دەڵێت: چەمکی پلاندانانی هەرێمی چەند ئامانجێک لەخۆدەگرێت وەک پاراستنی دەرامەتە سروشتیەکان وباش بەکارهێنانیان وکۆنترۆڵکردنی گواستنەوەی کەل وپەل و کەرەستەخاوەکان لەنێوان بەشە جیاجیاکانی هەرێمەکەدا لەگەڵ گەشەپێدانی ژینگە، بەشێوەیەک کە لەگەڵ خواست و داواکاریەکانی کۆمەڵگە بگونجێت. ناوبراو پێی وایە ئەمە پەیوەندی نیە بە دابەش بوونی هەرێمی، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە وێنەکێشانی نەخشەی پلاندانانی درێژخایەن لەسەرجەم بوارو پیشەکانی ئەم هەرێمە. نەتەوەیەکگرتوەکان بەشێوەیەکی تایبەت دەڕوانێتە پلاندانانی هەرێمی پێیان وایە پلاندانانی هەرێمی لەیەکەمین کاریدا ئاماژەیە بۆ گرنگی دان بەپلاندانانی پایتەخت و ویلایەتەکان و سەنتەرە پیشەسازیەکان و شارە گەورەکان وەک مترۆپۆلیتانە هەروەها گەشەپێدانی شێوەومۆرفۆلۆجی شارو بواری کۆمەڵایەتیە[1].

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسمان کرد پلاندانانی هەرێمی بریتیە ( لە خوێندنەوەیەکی زانستی و واقعیانە بۆ بارودۆخی هەرێمەکە و بەپشت بەستن بەزانیاری وداتای ڕاست ودروستیش دەتوانین نەخشە ڕێگایەکی زانستیانە بۆئایندەی هەرێمەکە دابنێین کەبگونجێت لەگەڵ خواست وداواکاری نەوەکانی ئێستا وئایندە،هەروەها پلاندانانی هەرێمی زاڵبوونە بەسەر کێشەکانی هەرێمەکە وڕێگەگرتنە لەدوبارەبوونەوەی ئەو کەم وکورتیانەی لەڕابردوودا ڕویان داوە) .

### ٣. هەرێمی شار: (City Region)

هەرێمی شار بریتیە لەو ناوچەیەی کەدەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی شارەوە، وڕووبەرەکەی بەگوێرەی ئەوکاریگەریەی کە شارەکە لەسەرناوچەکانی دەروبەری دروستی دەکات دەگۆڕێت ،ئەویش بەپشت بەستن بەوخزمەتگوزاریە جۆراوجۆرانەی کەپێشکەشی ناوچەکانی چواردەوری دەکات، لەهەمان کاتدا کێبرکێی شارە لەگەڵ شارەکانی تر لەسەر کۆنترۆڵکردنی زۆرترین ڕووبەری ئەو ناوچەیە، ئەمەش لەسەر ئەو مەودایەی چالاکیەکانی شاردەیگاتێ وەستاوە [2].

سەبارەت بەچەمکی هەرێمی شار د.عبداللە عطوی[3] دەڵێت: هەرێمی شار بریتیە لە جۆرێکی تازەی هەرێمەکان کە زیاد کراوە بۆ هەرێمە جوگرافیەکان وە جیاوازە لە هەرێمەکانی بەرزی و نزمی و ئاووهەواوە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە هەرێمی شار،

---

[1] احمد خالد علام واخرون، التخطيط الاقليمي، المصدر السابق، ص ٥٥ـــ ٥٦.

[2] حسن محمد حسن، المقدادية وظائفها وعلاقتها الاقليمية (دراسة في جغرافية المدن)، دار العلوم الادارية والاقتصادية، بغداد، ٢٠١٤ ، ص١٣٨.

[3] عبدالله عطوى، جغرافية المدن، ، الجزء الثاني، ط١، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠٠٢، ص ٧٧ـــ ٨٠ .

ناوچەیەکی ئاڵوگۆڕ و ناجێگیرە کە بەدرێژایی تێپەڕبوونی سەردەمەکان، هەرێمی شار لەژێر کاریگەری گەشەکردنی ڕێگاکانی گواستنەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە هەروەها ئاماژە بەوەدەکات شار بچوک بێت یان گەورە دەتوانێت خزمەتی ئەو گوندوناوچانە بکات کەدەوریان داوە وبە پێچەوەنەوە.

لەلایەکی ترەوە چەمکی هەرێمی شار گوزارشتە لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی شار لەڕووی ئابووری، کۆمەلایەتی ،کارگێڕی ، ڕۆشنبیری ،تەندروستی ، واتە هەرێمی شار بەرەو ناوچەکانی دەوروبەری درێژ دەبێتەوە ،بەشێوەیەک کە ئەم شارە لەڕووی کارو چالاکیەکانی و پیشەکانیەوە تێکەلاودەبێت لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری، لەبەرئەمەیە جوگرافی ناسان وپلان داڕێژەرانی شار، هەولیان داوە لێکۆڵینەوەیەکی ووردو گشتگیر دەربارەی چەمکی هەرێمی شار و سنورو بنەماکانی وئاراستەکانی هەرێمی شار بکەن.لەم گۆشە نیگایانەوە. د.خە لیل ئیسماعیل ئاماژە بەوە دەکات کەلەپاڵ زاراوەی هەرێمی شار چەند زاراوەیەکی تر بەکار دێت وەک (هەرێمی بازرگانی شار، هەرێمی پیشەسازی شار،هەرێمی کارگێڕی)، بەگوێرەی جۆرو گرنگی ئەو خزمەتگوزاریانەی کەشار پێشکەشی هەرێمەکەی خۆی دەکات، دواجار چەندین پەیوەندی ئابووری و کۆمەلایەتی لەنێوان دانیشتوانی شارەکەو دانیشتوانی هەرێمەکەی دا دروست دەبێت کە ئەم پەیوەندیانە لەچوارچێوەی چەمکی هەرێمی شاردا گوزارشتیان لێ دەکرێت(١).

د.صبری فارس الهیتی(٢) دەڵێت: هەموو شارێک قەبارەکەی هەر چەندێک بێت چەندین پەیوەندی و تێکەلاوبوون و ئالوگۆڕکردنی هەیە لەگەڵ ئەو ناوچانەی کەدەوری شارەکەیان داوە، وە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕووبەری ئەو هەرێمەی کەناوچەکانی دەوروبەری لەخۆ گرتووە دەگۆڕێت بەگوێرەی قەبارەی شارەکە.

لەناساندنێکی تردا چەمکی هەرێمی شار بەناوچەکانی پشتەوەی یان ئەودیوی شار دەناسرێت هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی کە هەرێمی شار پێویستیەکی زۆر گرنگە بۆ شار، چونکە شار ناتوانێت بەتەنهاو دورە پەرێزو بەبێ پەیوەندی و تێکەلاوبوونی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری بژی و بەردەوام بێت لەسەر گەشەکردن، هەر لەم پێناسەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کەوا هەرێمی شار، شارێک یان زیاتر لەخۆ دەگرێت لەگەڵ ئەو گوندو زەویە کشتوکاڵیانەی کەوەک سفرەیەکی پڕ خۆراک وان لەدابینکردن و پێدانی خۆراک بۆ

---

(١) خليل اسماعيل محمد، السكان والمسألة السكانية في كردستان العراق، مطبع، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠١٢، ص ٤٩ ـ ٥٠

(٢) صبري فارس الهيتي، جغرافية المدن، ط١، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ٢٠١٠، ص٢٢١.

دانیشتوانەکەی[1]. چەمکی هەرێمی شاربەکاردێت بۆ گوزارشت کردن لەپەیوەندی ئاڵۆز و گرێ دراوی نێوان شار ولادێ و بەپلەی یەکەم پشت دەبەستێت بەدیاریکردنی چوارچێوەی زنجیرەیەک چالاکی لەیەکتری جیاواز کەشار دەبەستێتەوە بەناوچەکانی دەوروبەری، سەبارەت بە واتای چەمکی هەرێمی شار چەندین زاراوەی تری بۆ بەکاردێت وەک ناوچەی سەر بەشار ( Catchment area) کە ئاماژەیە بۆ ڕێژەوێک کەدانیشتوان لەوناوچەیەوە دەڕۆن بەرەو خاڵێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو، هەروەها زاراوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی (Sphere of In fluency) بۆ بەکاردێت کەگوزارشتە لەسیادەی شار بەسەر گوندەکانەوە، زاراوەی کێڵگەی شارنشینی(Urban filed ) بۆ بەکاردێت کەمەبەست لێی ئەو ناوچەیە کەشار دەسەڵاتەکانی خۆی تێدا پیادە دەکات ، وەزاراوەکانی پاڵپشتی شار (Supporting area / Hinter land) یان بازاڕی شار (Market area) بۆ بەکاردێت [2]. د . کامران وەلی ،ئاماژە بەوە دەکات هەرێمی شار بریتیە لە ڕووبەرێکی زەوی ئەم ڕوبەرە شارێکی گەورەو باڵادەستی لەخۆگرتوە کە ناسراوە بە شاری دایک ئەم شارە (هەژموونی) دەسەڵاتی خۆی بە سەر سەرجەم سەنتەرە قەبارە بچوکەکانی نیشتەجێ بووندا سەپاندوە کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو ڕووبەرە زەویەوە [3]. لەهەمان کاتدا هەندێک پێیان وایە هەرێمی شار گوزارشتە بۆ ئەو ناوچەیەیی کەدەکەوێتە پشتەوەی یان ئەودیوی ناوچەی وشکانی واتە ناوچەیەکە ئاوو وشکانی پێکەوە دەبەستێتەوە وەک کەناری ڕوبارو دەریاکان[4] کەواتا هەرێمی شار بریتیە لەدرێژبوونەوەی ئەو سنورە جوگرافیەی کەشار پاڵپشت بەقورسایی پێگەوشوێنە جوگرافیەکەی وئەو وەزیفانەی هەیەتی دەتوانێت بۆخۆی دروستی بکات هەروەها هەرێمی شار لەگەڵ تێپەڕبونی کات گۆڕانکاری بەسەردادێت.

[1] عبدالرزاق احمد سعيد صعب، التخطيط الحضري للمدينة بين التطبيق والنسيان، مجلة دراسات تربوية، العدد السابع، ٢٠٠٩، ص١٦٣.

[2] حسني بن زابية،دراسات في التخطيط الاقليميوالحضري،دارومكتبة الفضيل للنشروالتوزيع،ليبيا،٢٠١٠، ص٧٣.

[3] كامران ولي محمود، الاستقطاب الحضري وأثره في البيئة الحضرية لمدينة أربيل، دراسة في جغرافية المدن ،أطروحة دكتوراة، جامعة صلاح الدين، أربيل ،٢٠١٥، و٦٧-٦٨.

[4] عبد علي الخفاف واخرون، المبادي العامة لجغرافية المدن، دار الكندي للنشر والتوزيع، ط١، الاردن، ٢٠٠٠، ص١٤٨.

### ٣. هەرێمی وەزیفی: (Functional Region )

لەمــاوەی جوڵانەوەکــان وگەشــەکردن وپێشــکەوتنی شارســتانیەت و ئــابوری دا کەزۆرێک لەووڵاتـانی جیهـان لەبیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا بەخۆیـانەوە بینـی زاراوەی هەرێمـی وەزیفی دەرکەوت، سـەبارەت بەم زاراوە یە پێناسـەی جیـاوازی بۆکراوە: هەرێمـی وەزیفی گوزارشتە لەوناوچە جوگرافیەی کەجیادەکرێتەوە بەبوونی چەندین جیاوازی لەنێوان بەشــە جیاوازەکــانی دا و ناوەنــدێکە بــۆ گەشــەکردن و کۆبــوونەوەو ڕاکێشــانی چــالاکیە وەزیفیەکــان هەروەهــا ســـەنتەرێکە بـــۆ ڕاکێشـــانی دانیشـــتوان و چـــالاکیە ئـــابورییە جۆراوجۆرەکـان، هەرچەنـدە جیـاوازی هەیە لەنێـوان بەشـە جیاجیاکـانی هەرێمـی وەزیفـی دا،بەڵام ئەوبەشە جیاوازانەی هەرێمەکە بەچەندین پەیوەندی جۆراوجۆر بەیەکتریەوە گرێ دراون کەیەکتـری پـڕ دەکەنەوە و تێـردەکەن، خـودی چەمکـی هەرێمـی وەزیفـی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە شار ناتوانێت پشت بە دەرامەتەکانی خودی خۆی ببەستێت بەتایبەت دەرامەتە خۆراکیەکان هەربۆیە پشت بەگوندەکانی دەوروبەری دەبەستێت و گوندەکانیش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی و خزمەتگوزاریەکانیان پشت بەشـارە نزیکەکان دەبەسـتن، هەربۆیە لەژێـر چەتـری چەمکی هەرێمـی وەزیفـی دا شـتێکی نـامۆ نـیە کە پەیوەنـدی نێـوان شـارو هەرێمەکەی ڕێک بە پێکهاتە و چنینی تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی بچێت[١].

تـوێژەری فەرەنسـی پیـارمێرلین(pierre merlin)ئامـاژە بەوەدەکـات کەوا شــار ناوەندێکە بۆئەنجامدانی چالاکییە ئاڵۆزەکان واتە شار جیهانێکی داخراو نیە، بەڵکو لەنـاخی دا تــاوەکو ئێســتاش ئــاڵوگۆڕکردن و چەنــدین پەیوەنــدی گەورەی جۆراوجــۆری ئــابووری و بازرگــانی و دیمــۆگرافی هەیە، کەشــار دەبەســتێتەوە بەناوچەکــانی دەوروبەری خــۆی، ئەم پەیوەندییەش لەژێر چەتری چەمکی هەرێمی وەزیفی دا خۆی دەبینێتەوە[٢]. هەروەهـا محمد أزهــر ألســماك و هاوڕێکــانی واپێناســەی ئەم چەمــکە دەکەن کەهەرێمــی وەزیفــی بــریتیە لەیەکەیەکی جوگرافی کەخاوەن چەندین دیاردەو روخسارێکی دیاریکراوە بەشێوەیەک،کە ئەوڕوخســارو دیــاردانە گونجــاون لەگەڵ ئامــانجە ئابوریەکــان وئامانجەکــانی پلانــدانانی شارنشـینی و هەرێمـی نەتەوەیـی [٣].لەناسـاندنێکی تراداهەرێمـی وەزیفی جۆرێکە لەهەرێمـی

---

[١] حسن كشاش عبدالجنابي، الاقليم الوظيفي لمدينة الرمادي، دراسة في جغرافية المدن، أطروحة دكتوراة، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد ٢٠٠٦، ص١٧.

[٢] على لفتة سعيد و احمد محمود حسين، الوظيفة الدينية في مدينة الكوفة و اقليمها الوظيفي ، مجلة العميد، تعنى بالابحاث والدراسات الانسانية ،دار الكفيل للنشروالتوزيع، كربلاء ، السنة الثالثة ، المجلد الثالث، العدد الاول، ٢٠١٤، ص٣٧٦ــ ٣٧٧.

[٣] المصدر نفسه ، ص ٣٧٦ــ ٣٧٧.

جـوگرافی تـایبەت کە جیـادەکرێتەوە لەهەرێمەکـانی تـر بەکۆمەڵێـک خاسـیەت و دیـاردە کەلەهەرێمەکـانی تـردا نـیە بەجۆرێـک لە چوارچێـوەی هەرێمـی وەزیـف دا شـیکردنەوە بـۆ ڕوخسـارەکانی ژیـنگەی سروشـتی و مـرۆی دەکرێـت بەمەبەسـتی زانینـی ڕوخسـارە جیاوازەکـانی ئەوهەرێـمە وهەڵسـەنگاندنی پەیوەنـدیە ئاڵوگۆڕەکـانی نێوانیـان، لەدیـارترین نمونەکـانی هەرێمـی وەزیفی بریتیە لە خزمەتکردنـی ناوچەکـانی دەوروبەری لەلایەن شـارە گەورەکان، بەشێوەیەک وەزیفەکانی ئەو شارە گەورەیە درێژدەبێتەوە باڵ دەکێشێت بەسـەر ڕووبەرێکـی فراوانـی ناوچەکـانی دەوروبەری خـۆی و دوور لەخـۆی وەک وەزیـفەی تەندروستی، فێرکاری ،بازرگانی و ... بەجۆرێـک شـارەکە وەک ناوەنـدێکی تیشـکی وایە بـۆ گەیانـدنی خزمەتگوزاریەکـان بـۆ ئەو ناوچـانەی کەبەدەوری دا درێژبـوونەتەوە ئەمە پێـی دەگوترێ هەرێمی وەزیفی.

چەمکـی هەرێمـی وەزیفـی بەهەرێمـی گرێـی (ئـاڵۆز) دەناسـرێت، وەگەلاڵەبـوونی بیرۆکەی هەرێمی گرێی دەگەڕێتەوە بۆ چەند کتێبێک لەوانە گالپین (j.c.galpen) لەسـاڵی (١٩١٥)، وەکتێبەکەی پـارک (R-E park) لەسـاڵی (١٩٢٥) وەزۆرێـک لەکتێبەکـانی تـریش لەچوارچێوەی هەرێمی وەزیفی دا گرنگییان بەپەیوەندی نێوان شارو دەوروبەرەکەی داوە، و زۆرێک لە زاناکانی تریش پشتگیری و بەرگری لەو بۆچوونە دەکەن، لەدیارترینیان نوسەری گەورە، والتر کریستالەر لەساڵی (١٩٣٣) وە رۆبرت دیکنسـون (RE Dikinson) لەسـاڵی (١٩٣٠-١٩٣٤)، ئەمە جگە لەوەی کە هەندێ جوگرافی ناسی تر پێیان وایە هەرێمی وەزیفی گوزارشتە بۆ باشترین شێوازی لێکۆڵینەوەی هەرێمی[1].هەرلەم گۆشـە نیگایەوە جـوگرافی ناس هوارد ( Haward) لەیەکەمینەکان بووە کەزاراوەی هەرێمی گرێیی بۆ هەرێمی وەزیفی دیاریکردوە، بەشێوەیەک پێشنیازی کردووە بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشـەکانی شـارە گەورەکـان شـاری قەبـارە بچـوک دروسـت بکرێـت وە ئەو شـارە بچوکـانەش لەڕووی وەزیفیەوە ببەستریتەوە بەشـارە گەورەکـان وە پەیوەنـدی وەزیفیـان لەنێـوان دا دروسـت بکرێت ئەم پەیوەندییەی ناونـاوە هەرێمی وەزیفی[2]. لێرەوە بۆمـان دەردەکەوێت هەرێمی وەزیفـی پەیوەنـدی شـارە لەگەڵ نـاوچە دوورو نزیکەکـانی دەوروبەری ،دەکرێـت ئەم پەیوەنـدیەی شـار تـاک لایەنە بێـت وەک بازرگـانی و هەمەجـۆر بـێ وەک (بازرگـانی، پیشەسـازی، دیمـۆگرافی.....)، بەواتـایەکی تـر خزمەتکردنـی ناوچەکـانی دەوروبەری شـارو بەپێچەوانەشەوە.

---

[1]محمد محمد سطیحة، الجغرافیا الاقلیمیة دراسة لمناطق العالم الكبرى ، دار النهضة العربیة للطباعة والنشر، بیروت، ١٩٧٤، ص٤٧-_ ٤٩.

[2]حسنی بن زابیة، دراسات في التخطیط الاقلیمي والحضری، المصدر السابق، ص ٤٥ _ ٤٦.

**٤. نفوزی شار:**

لەسادەترین پێناسەدا نفوزی شار بریتیە لەناوچەکانی ژێر دەسەلات و قەلەمڕەوی شار، بەواتایەکی تر نفوزی شار گوزارشتە لەدرێژبوونەوەو کشانی قورسایی و کاریگەری دەسەلاتی شار تاوەکو ئەو خالەی کەکاریگەری و خزمەتگوزارییەکانی شار دەیگاتێ یان تیایدا کۆتایی دێت ، وەلەبەرامبەردا لەو خالەوە دەسەلات و نفوزی شارێکی تر دەست پێ دەکات.

چەمکی نفوزی شار ئاماژەیە بۆ کێبرکێ بەئامانجی بەرجەستەکردنی زۆرترین دەسەلات و نفوز بۆ یەکێک لەشارەکان لەسەر ئەوناوچانەی کەلەشێوەیی گوند یان شارۆچکە دەکەونە نێوان دووشاری کێبرکێ کەر، بەشێوەیەک کە کام شار دەتوانێت یان توانیویەتی زۆرترین دەسەلات و نفوزی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەدا بسەپێنێ یان زۆرترین خزمەتگوزاری لەڕووی برو جۆرەوە پێشکەشی ئەو ناوچانە بکات[1].

د.عبدالرزاق عباس[2]. سەبارەت بەچەمکی نفوزی شار ئاماژە بەوە دەکات کەوا جوگرافی ناسەکان بەگوێرەی توندی پلەی کاریگەری نفوزی شارەکە دووجۆر نفوزی شاریان جیاکردووەتەوە، واتە چەمکی نفوزی شار گوزارشتە بۆ دوو جۆر:

أ. نفوزی هەرێمی پێوەلکاو (Contiguous region)

ب. نفوزی هەرێمی فراوان( NonContiguous region ).

**أ. نفوزی هەرێمی پێوەلکاو (Contiguous region)**

بریتیە لەوناوچانەی ژێر نفوز و دەسەلاتی شار کەگوندەکانی دەوروبەری شار دەگرێتەوە، واتە ئەو گوندانەی کەڕاستەوخۆ کەوتوونەتە چواردەورو لێواری شارەکە، بەشێوەیەک کە هیچ شارێکی تری ناوچەکە ناتوانێت کێبرکێ لەگەل نفوزو دەسەلاتی ئەو شارە بکات لەسەر خزمەتکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر بۆ ئەو گوندانە کەکەوتونەتە چواردەورو لێواری شارەکە، تەنها لەیەک حالەت دا نەبێت شارەکانی تر دەتوانن کێبرکێی شارەکە بکەن ئەویش کاتێک کەشارە سەنتەریە هەرێمیەکە وەزیفەیەکی تێدا نەبێت وەبەپێچەوانەوە لەشارەکانی تردا هەبێت، لەم کاتەدا شارەکانی تر دەتوانن کێ برکێی ناوچەکانی ژێر نفوزی شارەکە بکەن، چونکە دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری شارو تەنانەتە خودی شارەکەش بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان ناچارن ماوەیەکی دوورتر ببڕن.

---

[1] حسن کشاش عبدالجنابي، الاقليم الوظيفي لمدينة الرمادي، المصدر السابق، ص١٨ــ١٩.

[2] عبدالرزاق عباس حسين، جغرافية المدن، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٧٧، ص٣٤٧..

**ب. نفوزی هەرێمی فراوان: (Dis Contiguous region)**

نفوزی فراوان بریتیە لە نفوزو دەسەڵاتی شار بەرەو ڕوبەرێکی فراوانترو گەورەتر و دوور لەخۆی بەراوورد بەنفوزی پێوەلکاو، واتە نفوزی فراوان ئاماژەیە بۆ ئەو هەرێمەی کەوا کاریگەری و نفوزی دەسەڵاتی شار تەنها لەچوارچێوەی شارەکەو دەوروبەرەکەی نامێنێتەوە ، بەڵکو کاریگەری گەیاندن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەکە دەگاتە ناوچە دوورەکانی دوور لەشارەکە تەنانەت هەندێک جارو لەهەندێک خزمەتگوزاری دا کاریگەری نفوزی شارەکە سنوری وڵاتەکەش دەبڕێت و دەگاتە وڵاتانی دراوسێ و دورتریش، واتە ئەم جۆرە نفوزەی شار ڕووبەرو مەودایەکی فراوانتر داگیردەکات کەناودەبرێت بە نفوزی فراوانی شار[1]. کەواتا دەکرێت بوترێت نفوزی شار بریتیە لەو ناوچانەی کەبەتەواوەتی دەکەونە ژێر دەسەڵاتی شاروشاردەتوانیت خزمە تیان بکات،هەروەها نفوزی شار ئەو خاڵەیە کەدەسەڵات و قەڵەمڕەوی شارێک تێیدا کۆتایی دێت وە لەو خاڵەوە دەسەڵاتی شارێکی تر دەست پێدەکات.

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کەچەمک و زاراوەکان گرنگی خۆیان هەیە، چونکە وەک کلیلێک و ڕوانگەیەک وان بۆ تێگەیشتن و قوڵ بوونەوەی زیاتر لەبابەتەکە وە بۆمان دەرکەوت کەدیدو تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ ناساندن و ڕوون کردنەوەو گوزارشت کردن لەهەریەک لەو چەمکانەی کەباسمان کردن.

---

[1] حسن کشاش عبدالجنابي، الاقليم الوظيفي لمدينة الرمادي ، المصدر السابق، ص١٨ـ١٩ .

## باسی دووەم

## توێژینەوەکانی پێشوو

لەڕاستیدا گەڕانەوە و تیشک خستنە سەر ئەو توێژینەوانەی کەپێشتر لەسەر ئەم بابەتەیان نزیک لەم جۆرە توێژینەوانە لەسەر ئاستی وولاتە جیاوازەکان ئەنجام دراون گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە، چونکە لەم ڕێگایەوە ئاشنا دەبین بەو شێوازو ڕێگاو داتا جیاوازیانەی کەلەم جۆرە توێژینەوانەدا بەکاردێت، بۆئەم مەبەستەش لەم باسەدا هەوڵ دەدەین ڕۆشنایی بخەینە سەر چەند توێژینەوەیەکی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی وڵاتەجیاوازەکان.

**یەکەم: توێژینەوە عێراقیەکان**

١. توێژینەوەکەی حسن کشاش عبدالجنابی بەناونیشانی :هەرێمی وەزیفی شاری ڕومادی (لێکۆڵینەوەیەک لەجوگرافیای شار) [١]، توێژەر هەوڵی داوە تیشک بخاتە سەر دیاریکردنی هەرێمی وەزیفی شاری ڕومادی بۆ ئەم مەبەستەش چەند ڕێگایەکی بەکارهێناوە لەوانە ڕێگا ئاماریەکان وەک بیردۆزی خاڵی پچڕاندن ، وەڕێگای کێومالّی بەکارهێناوە . توێژەر لەڕێگەی خستنەڕووی چەند نەخشەیەکەوە توانیویەتی بەگوێرەی پلەی کاریگەری وەزیفیەکان نەخشەی جیاواز بۆ هەریەک لەوەزیفەکانی شارەکە دروست بکات ،توێژەر گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە جیاوازەکانیەوە توانیویەتی کاریگەریەکی بەرفراوان بکاتە سەر ناوچەکانی دەوروبەری بەشێوەیەک زۆرێک لەپارێزگاکانی عێراق دەگرێتەوە.

٢. توێژینەوەکەی عبدالحسین جواد السریح بەناونیشانی: هەرێمی وەزیفی شاری قورنە (لێکۆڵینەوەیەک لەجوگرافیای شار) [٢] لەم ڕوانگەیە توێژەر باسی پەیوەندیە هەرێمیەکانی شارەکە دەکات لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری بۆ هەریەک لە وەزیفەکانی (کارگێڕی و بازرگانی و ڕۆشنبیری و تەندروستی و دانیشتوان)،توێژەر لەڕێگەی دروستکردنی نەخشەوە توانیویەتی سنورو شێوەی هەریەک لەوەزیفەکانی شارەکە بەگوێرەی ئاستی درێژبوونەوەو کاریگەریان لەسەر ناوچەکانی دەوروبەر دیاری بکات. توێژەر لەنوسینی توێژینەوەکەی دا هەردوو میتۆدی شیکردنەوەی شوێنی و پەیوەندی شوێنی و میتۆدی ئاماری بەکارهێناوە لەگەڵ گرتنەبەری شێوازی مەیدانی وە گەیشتن بەوئەنجامەی کە سنوری هەرێمی( قورنە)

---

[١] حسن كشاش عبدالجنابي، الاقليم الوظيفي لمدينة الرمادي، المصدر السابق .

[٢] عبدالحسين جواد السريح، ألاقليم الوظيفي لمدينة القرنة (دراسة في جغرافية المدن واقاليمها)، مطبعة الارشاد ، بغداد، ١٩٧٧.

لەزۆر وەزیفەدا لەسنوری کارگێڕی قەزای قورنەدا تێپەڕ ناکات و بگرە لەهەندێک وەزیفەدا سنوری هەرێمی شارەکە لەسنوری کارگێڕی قەزاکە بچوکتر دەبێتەوە.

٣.تـوێژینەوەکەی حسـن محمـد حسـن (بەناونیشـانی مقـدادیە وەزیفەکـانی و پەیوەنـدیە هەرێمیەکانی) (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)[١]، توێژەر ڕۆشنای دەخاتە سەر چەند بابەتێکی جیاواز وەک خستنەڕووی خاسیەتە سروشتی و مرۆییەکانی شاری( مقدادیە) و بەکارهێنـانی زەوی لەشـارەکەدا، لەهەمـان کاتـدا نـاوبراو پەیوەنـدیە هەرێمیەکـانی شـارەکە لەگەڵ ناوچەکـانی دەوروبەری و دوور لەخـۆی لەڕوانـگەی (بازرگـانی و پیشەسـازی و کـارگێڕی و تەندروسـتی و پەروەردە و دانیشـتوان)ڕوون دەکـاتەوە نـاوبراو هەسـتاوە بەکێشانی سنوری هەریەک لەو وەزیفانەی کەباسمان کردن، لەهەمان کاتدا بۆ هەریەک لەو هەرێمە وەزیفیانە نەخشەی جیای دروست کردوە لەگەڵ دیاریکردنی هەرێمی چڕو فراوان. تـوێژەر گەیشـتوەتە ئەو ئەنجـامەی کەشـارەکە لەڕووی دیمـوگرافی و ڕووبەرەوە گەشـەی کردووە، ئەم گەشە کردنەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسـەر پەیوەندیە هەرێمیەکەی مقدادیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری.

٤. تـوێژینەوەکەی خـالص حسـنی الاشـعب بەناونیشـانی هەرێمـی شـار (لەنێـوان پلانـدانانی هەرێمی و پەرەپێدانی گشتگیر)[٢] ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لەتوێژینەوە گشتگیرەکان لەبواری هەرێمی شاردا، چونکە بەوردی باسی بابەتەکانی پەیوەندی دار بەهەرێمی شارەوە دەکات ، تـوێژەر هەوڵـی داوە تیشـک بخـاتە سـەر بیردۆزەکـانی تـایبەت بەهەرێمـی شـار لەبـواری پلانـدانانی نـاوخۆیی و نەتەوەیـی، نـاوبراو بەوردی پەیوەنـدیەکانی شـار لەگەڵ ناوچەکـانی دەوروبەری لەڕوانـگەی (بازرگـانی و پیشەسـازی و کشـتوکاڵ و خزمەتگوزارییەکـان و کۆمەڵایەتی و دانیشتوان و کارگێڕی و ڕۆشنبیری) ڕوون دەکاتەوە، توێژەر هەردوو ڕێگای ئامـاری (بیرکـاری) و ڕێگـای لێکـۆڵینەوەی کێومـاڵی لەدیـاریکردنی سـنوری هەرێمـی شـاردا بەکارهێناوە، ناوبراو گەیشتۆتە ئەوەی کە وا دەکرێت هەرێمی وەزیفی شارەکان تێکەڵاوی یەکتـری بـبن و هەرێمێکـی تـێکەڵاو دروسـت بـکەن وە بـۆی دەرکەوتـووە کەوا گەورەیـی و بچـوکی هەرێمـی شـار وەسـتاوە لەسـەر ئەوەی کەچەنـد شـارەکە دەتوانێت خزمەتگـوزاری وەزیفی پێشکەشی ناوچەکانی دەوروبەری و دووری لەخۆی بکات.

---

[١] حسن محمد حسن، المقدادیه وظائفها وعلاقتها الاقلیمیه (دراسه فی جغرافیه المدن)،المصدر السابق.

[٢] خالص حسنی الاشعب، اقلیم المدینة (بین التخطیط الاقلیمی والتنمیة الشاملة)، وزارة التعلیم العالی، جامعة بغداد، بدون سنة طبع بیت الحکمة، مطبعة التعلیم العالی فی الموصل ،١٩٨٩.

٥. توێژینەوەکەی علی لفتە سعید بەناونیشانی (هەرێمی وەزیفی شاری نەجەفی گەورە) [١] توێژەرهەوڵی داوە کاریگەری وەزیفەکانی شاری نەجەف لەدیاریکردنی هەرێمەکەی باس بکات، ناوبراو بۆدیاریکردنی هەرێمی وەزیفی شاری نەجەف وسەرجەم وەزیفەکانی (ئاینی ، تەندروستی ، پەروەردە، کۆمەڵایەتی، ئابووری ، خۆشگوزەرانی) بەکارهێناوە ، سەبارەت بەورێگایانەی کە توێژەر بۆدەست نیشانکردنی هەرێمەکە پشتی پێ بەستوون هەردوو شێوازی ئاماری و کێوماڵی بەکارهێناوە ، ناوبراو توانیویەتی لەڕێگەی دروستکردنی چەند نەخشەیەکەوە سنوری هەرێمی هەریەک لەو وەزیفانە ی باسمان کردن دیاری بکات، بەجۆرێک ڕوونی کردۆتەوە کەوەزیفەکانی ئاینی و تەندروستی و خوێندنی باڵا لەفراوانترین هەرێمە وەزیفیەکانی شارەکەن، لەکاتێکدا خوێندنی پیشەیی و پیشەسازی کاریگەریان کەمترە، توێژەر گەیشتووەتە چەند دەرئەنجامێک لەگرنگترینیان شاری( نەجەف) پەیوەندیەکی بەرفراوانی هەرێمی هەیە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەرودوور لەخۆی ، بەجۆرێک کاریگەریەکەی زۆرێک لەپارێزگاکانی عێراق دەگرێتەوە توێژەر گەیشتوەتە ئەو بڕوایەی کەهەرێمە وەزیفیەکانی شارەکە لەڕووی سنوروشێوەیان لەیەکتری جیاوازن ئەمەشی گەڕاندیتەوە بۆجیاوازی وگرنگی وەزیفەکانی شارەکە، بەتایبەت وەزیفە ئایینیەکەی وای کردوە هەرێمەکەی زۆر فراوان بێت.

٦- توێژینەوەکەی جبر عطیە جودە المیاح بەناونیشانی هەرێمی وەزیفی هەردووشاری کوت و حلە (لێکۆڵینەوەیەکی بەراووردکاری لەجوگرافیای شار) [٢]، توێژەر هەوڵی داوە ڕۆشنایی بخاتە سەر ڕۆڵی پەیوەندی هەرێمی لەگەشەکردنی وەزیفەکانی هەردوو شارەکە لەگەڵ باس کردن لە گرنگی و ڕۆڵی وەزیفەکانی شار لەدیاریکردنی هەرێمی (حلە و کوت) وەکو (بازرگانی و پیشەسازی و تەندروستی و پەروەردە و دانیشتوان). وە تیشکی خستۆتە سەر ئایندەی هەرێمی وەزیفی هەردوو شارەکە لەگەڵ خستنەڕووی جیاوازیەکانی حلەو کوت لەڕووی کاریگەری وەزیفیەکان،ناوبراو هەردوو ڕێگای ئاماری و کێوماڵی بەکارهێناوە لەدیاریکردنی هەرێمی هەردوو شارەکە، توێژینەوەکە گەیشتوەتە چەند دەرئەنجامێک کەبەهێزترینیان ئەوەیە بەگشتی هەردووک شارەکە لەڕووی پەیوەندیە هەرێمیەکانەوە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەریان کاریگەریان لەیەکتری جیاوازە.

[١] علی لفته سعید، الاقلیم الوظیفي لمدینة النجف الکبری، أطروحة دکتوراة، کلیة الاداب، جامعة بغداد،بغداد، ٢٠٠٧.

[٢] جبر عطیة جوده المیاح، الاقلیم الوظیفي لمدینتی الکوت والحلة (دراسه مقارنة فی جغرافیه المدن)، أطروحة دکتوراه، کلیة الاداب، جامعة بغداد، بغداد ، ٢٠٠٣.

٧. توێژینەوەکەی توێژەران علی نوری و ئەوانی تر بەناونیشانی (دیاریکردنی ناوچە پلان بۆ دانراوەکان لەعێراق دا) [١] ، توێژەران تیشک دەخەنە سەر دیاریکردنی هەرێمی شارەکانی عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش هەرێمی ئەم شارانەیان دیاریکردووە وەک (حلە، روماد، کوت، بەعقوبە، کەربەلا)، بۆ دیاریکردنی هەرێمی هەریەک لەوشارانە، پشتیان بەستووە بەوەزیفەکانی (بازرگانی و تەندروستی و پەروەردە و خوێندنی بالاو گواستنەوەو کارگێڕی و پەیوەندیە تەلەفونیەکان). توێژەران هاوشێوەی زۆرێک لەتوێژەرانی تر هەردوو ڕێگای ئاماری و ڕێگای کێومالی یان بەکارهێناوە، هەروەها توانیویانە سنوری هەرێمی هەریەک لەوەزیفیەکانی ئەو شارانە و کاریگەریەکانیان لەسەر ناوچەکانی دەوروبەریان بەنەخشە بخەنەڕوو، توێژەران گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کەوا هەریەک لەوشارانەی باسمانکردن کاریگەریان دەگات تەواوی پارێزگای خۆیان وەلەهەندێک وەزیفەش دا کاریگەریان دەگاتە دەرەوەی سنوری پارێزگاکەیان ئەم کاریگەیەش لەچەندین پەیوەندی جیاوازدا ڕەنگی داوەتەوە.

٨- توێژینەوەکەی محمد علی میرزا ، بەناونیشانی (هەرێمە وەزیفیەکان و کاریگەری پەیوەندیە هەرێمیەکان لەئاڕاستەکانی شوێنی دا بۆ گەشەکردنی شاری بەعقوبە) [٢] ، توێژەر ڕۆشنایی دەخاتە سەر دیاریکردن وشیکردنەوەی هەرێمە وەزیفیەکانی شار، کە بۆ ئەم مەبەستەش باسی وەزیفەکانی (پەروەردەو تەندروستی و پیشەسازی و گواستنەوەو دانیشتوان و بازرگانی) دەکات، توێژەر بۆ دیاریکردنی سنوری ئەم وەزیفانە هەردووک ڕێگای کێومالی و ئاماری بەکارهێناوە وە توانیویەتی لەڕێگەی نەخشەوە سنورو شێوەی هەریەک لە وەزیفیەکان دیاری بکات، لەکۆتایی توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە شاری بەعقوبە گەشەکردنێکی بەرچاوی لەڕووی دیمۆگرافی و مۆرفۆلۆجیەوە بەخۆیەوە دیوە، هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا توانای پێگەو شوێنی جوگرافی شارەکە ڕۆڵی هەبوە لەکاریگەری شاری بەعقوبە بۆ نفوزێکی بەرفراوانی دەوروبەرەکەی.

هەر لەچوارچێوەی توێژینەوە عێراقیەکان بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم بابەتە بڕوانە ئەم سەرچاوانەی لای خوارەوە:

٩. توێژینەوەکەی محسن عبدالصاحب المظفر بەناونیشانی (هەرێمی وەزیفی ئاینی نەجەف)[٣].

---

[١] علی نوری حسن وأخرون، تحديد المناطق التخطيطية في العراق دراسة خاصة، وزارة التخطيط ، بغداد ، كانون الاول، ١٩٨٤.

[٢] محمد علی میرزا، الاقاليم الوظيفية وتأثير العلاقات الاقليمية في الاتجاهات المكانية للنمو في مدينة بعقوبة، اطروحة دكتوراة، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد، 1997.

[٣] محسن عبدالصاحب المظفر، وظيفة النجف الدينية الاقليمية إسهامات وضاءة في الحضارة الانسانية، مجلة النور للثقافة والاعلام، العدد ( ١٠ ) السويد ، ٢٠١٢.

١٠. توێژینەوەکەی فواز عائد جاسم کرکجە، بەناونیشانی (پەیوەندی نێوان شاری موصڵ و هەرێمەکە ی (لێکۆڵینەوەیەکی کێوماڵی لەجوگرافیای شار) [١].

١١. توێژینەوەکەی الولید خالد عبدالطیف بەناونیشانی (دروست بوونی هەرێمە وەزیفیەکان لەعێراقدا لەنێوان داواکاریەکانی دەستورو تواناکانی پەرەپێدان) [٢].

١٢. توێژینەوەکەی هەردوو توێژەر أحمد محمود محسین و علی لفتە سعید، بەناونیشانی (وەزیفەی ئاینی شاری کوفە و هەرێمەکەی ) [٣].

١٣. توێژینەوەکەی جمال باقر مطلک السعدی، بەناونیشانی (ڕۆڵی پەیوەندیە وەزیفیەکان لەدیاریکردنی هەرێم دا) [٤].

١٤. توێژینەوەکەی بیان علی حسین، بەناونیشانی (دیاریکردنی هەرێمی شاری سلێمانی بەگوێرەی بیردۆزی خاڵی پچڕاندن) [٥].

١٥.توێژینەوەکەی هەردوو توێژەر حبیب محمد فرحان و عبدالواحد ولی عبد، بەناونیشانی (گرنگی هەرێمی شاری روتبە)[٦].

١٦. توێژینەوەکەی هدی عبدالقادر عزیز، بەناونیشانی (گرنگی هەرێمایەتی شاری محمودیە)[٧]

١٧. توێژینەوەکەی، کامران ولی محمود، ساکار بهاالدین عبداللّه آل مدرس بەناونیشانی ( هەرێمی وەزیفی بازرگانی شاری سۆران لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی لەجوگرافیای شار. [٨]

١٨. توێژینەوەکەی کامران ولی ، بەناونیشانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ تایبەمەندیەکانی هەرێمی وەزیفی زانکۆی سۆران ، شاری سۆران- پارێزگای هەولێر بە نموونە. [٩]

---

[١] فواز عائد جاسم کرکجە، العلاقە بین مدینە الموصل واقلیمها (دراسە میدانیة فی جغرافیة المدن)، مجلة ابحاث کلیە التربیە الاساسیە، المجلد (١٢)، العدد (٢) جامعة الموصل ، الموصل ، ٢٠١٢.

(٢) الولید خالد عبدالطیف، تشکیل الاقالیم الوظیفیة في العراق بین متطلبات الدستور والامکانات التنمویة، مجلة المخطط والتنمیة، العدد (٢٨)، بغداد، ٢٠١٣.

(٣) علی لفتة سعید و أحمد محمود محسن، الوظیفة الدینیة في مدینة الکوفة واقلیمها، مجلة العمید، مجلة فصلیة، المجلد الثالث، العدد (١)، کەربلا، ٢٠١٤.

[٤] جمال باقر مطلک السعدی، دور العلاقات الوظیفیة في تحدید الاقلیم، مجلة المخطط والتنمیة، العدد (١٦) ،بغداد، ٢٠٠٧.

[٥] بیان علی حسین، تحدید اقلیم مدینە السلیمانیە (حسب نظریة نقطة قطع)، مجلە جامعة السلیمانیة ، السلیمانیة العدد (٤٠) ، ٢٠١٣ .

[٦] حبیب محمد فرحان وعبدالحمید ولي عبد، الاهمیة الاقلیمیة لمدینة الرطبة، مجلة جامعة الانبار للعلوم الانسانیة، العدد الثالث ، الانبار، ایلول، ٢٠١١.

[٧] هدی عبدالقادر عزیز، الاهمیة الاقلیمیة لمدینة المحمودیة، مجلة الفتح، العدد التاسع والعشرون، بغداد،٢٠٠٧.

[٨] کامران ولی محمود، ساکار بهاالدین عبداللّه أل مدرس، اقلیم الوظیفە التجاریە لمدینة سوران(دراسة تطبیقیە فی جغرافیة المدن، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە ( ٣٨)،٢٠١٧.

[٩] کامران ولی محمود، التحلیل الجغرافی لخصائص واقلیم الوظیفیة الجامعیة للمدن مدینة سوران- محافظة اربیل نموذجا،گۆڤاری توێژەر ژمارە(١) ٢٠١٨.

**دووەم : توێژینەوە عەرەبیەکان:**

١. توێژینەوەکەی مها سامی کامل، بەناونیشانی (میتۆدی کاریگەری کردنەسەر ڕەگەزەکانی هەرێمی شارە مام ناوەندەکان لەسەر گەشەکردنی ئاوەدانی) [١] ، توێژەر باسی پەیوەندیە هەرێمیەکانی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دەکات ، بۆ ئەم مەبەستەش ناوبراو باسی هەرێمی چەند شارێکی کردووە (أسيوط، الزقايق، قنار، طنطا، كفرالزيات، أسوان)، بەگوێرەی کاریگەری و قورسایی هەریەک لەو شارانە توانیویەتی لەڕێگەی نەخشەوە هەرێمی ئەم شارانەی دیاری بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بەستووە بەوەزیفەکانی (بازرگانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و قەبارەی دانیشتوانی ) شارەکان، توێژەر ڕێگاکانی ئاماری و کێومالّی لەدیاریکردنی سنوری هەرێمی شارەکاندا بەکارهێناوە، ناوبراو لەنوسینی نامەکەی دا هەردوو میتۆدی وەسفی و شیکاری بەکارهێناوە، توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئامانجەی کە گەشەی دانیشتوان و فراون بوونی ڕووپێوی شارەکان و ئاوەدانی و پیشەسازی لەهۆکارەگرنگەکانن کەوای کردووە ئەو شارانە کاریگەری پێ بکەنە سەر ناوچەکانی دەوروبەریان وە سنوری هەرێمی ئەو شارانە بەجۆرێکە لەسنوری کارگێڕی خۆیان تێپەڕیوە بەتایبەت لەبواری بازرگانی و پیشەسازی.

٢. توێژینەوەکەی محمود فؤاد مصطفى دودین، بەناونیشانی (ئاڕاستەکانی گەشەکردنی ئاوەدانی و بیناسازی شاری( دورا) لەژێر ڕۆشنایی پەیوەندیە هەرێمیەکانی ئەو کۆمەڵگانەی ک دەوری شاریان داوە) [٢] ، توێژەر باسی گرنگی پلان دانانی هەرێمی شار و بەشەکانی هەرێمی شار دەکات لەگەڵ ڕۆشنایی خستنەسەر ڕەهەندی دیمۆگرافی و بیناسازی شارەکە، وەباسی پەیوەندیە هەرێمیەکانی شوێنی شارەکە دەکات لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری لەگەڵ خستنەڕووی ئایندەی هەرێمی دورا ، ناوبراو بۆ دیاریکردنی هەرێمی شارەکە پشتی بەڕێگای ئاماری ولێکۆڵینەوەی کێومالّی بەستووە، توێژەر لەڕێگەی نەخشەو خشتەو داتاوە توانیویەتی هەرێمی شارەکە دیاری بکات، لەکۆتایی دا گەیشتۆەتە چەند دەرئەنجامێک، لەگرنگترینیان شاری دورا لەڕووی دیمۆگرافی و بیناسازی گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر زیادبوونی کاریگەری شارەکە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری ودووری لەخۆی.

---

[١] مها سامی كامل، منهج تأثير العناصر الاقليمية بالمدن المتوسطة على توجيه النمو العمرانى، أطروحة دكتوراه في التخطيط الاقليمى، جامعة القاهرة ، القاهرة ،٢٠٠١.

[٢] محمد فؤاد مصطفى دودين، اتجاهات التطور العمرانى لمدينة دورا في ضوء العلاقة الاقليمية بالتجمعات المحيطة، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين، ٢٠٠٤.

٣- تـوێژینەوەکەی سـلیی عمـر حمـد، لەتـوێژینەوەکەی دا بەناونیشـانی (هەرێمـی وەزیفـی قضـارب – لێکـۆڵینەوەیەک لەجوگرافیـای شـار) [١] ، تـوێژەر شـیکردنەوەو هەڵسـەنگاندنێکی جوگرافیـانەی بـۆ هەرێمـی وەزیفـی شـارەکە کـردوە نـاوبرا و بەووردی چـۆتە دیـاریکردنی هەرێمی شاری (قضارب) لەرێگەی پشت بەستن بەوەزیفەکانی (بازرگانی و تەندروستی و کـارگێڕی و دانیشـتوان و کشـتوکاڵ) شـێوەو سـنوری هەرێمـی هەریەک لەوانەی بەجیـا دیاریکردوە، توێژەر هەردوو شێوازی ئاماری و کێومـاڵی لەدیـاریکردنی هەرێمـی شـارەکەدا بەکارهێناوە، توێژینەوەکە گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی کە شاری (قضارب) توانیویەتی لەڕووی تەندروستی و بازرگانی کاریگەری بەرفراوانی هەبێت لەسـەر گونـدو شـارەکانی دەوروبەری وە شارەکە  بۆتە ناوەندێکی سـەرەکی بۆ سـاغکردنەوەی کاڵاکانی دەوروبەری وەشـوێنێکە بـۆدابینکردن و پڕکـردنەوەی پێداویسـتی و داواکاریەکـانی ناوچەکـانی دەوروبەری و دوور لەشارەکە.

٤. تـوێژینەوەکەی تـوێژەر مصـطفی راشـد محمـد مصـطفی، بەناونیشـانی (ئاراسـتەکانی گەشەکردنی ئاوەدانی شـاری قەبـاتیە لەژێر ڕۆشـنایی پەیوەندییە شـوێنیەکانی کۆمەڵگەکانی دانیشتوانی دەوروبەری شارەکە) [٢] توێژەر باسـی کـاریگەری شـاری قەبـاتیە دەکات لەسـەر ناوچەکانی دەوروبەری لەم ڕوانگەیەوە نـاوبراو پەیوەنـدیەکانی (بازرگـانی و تەنـدروستی و کـارگێڕی و ڕۆشـنبیری و دانیشـتوان و ئـابووری) کەشـارەکە بەناوچەکـانی دەوروبەری دەبەستێتەوە ڕوون دەکاتەوە ، هەروەهـا بەجیـا باسـی هەریەک لەو پەیوەندیانەی کـردون و نەخشەی بۆ کێشاون   هەروەها سنوری شێوەی هەرێمەکانی دیـاریکردون، توێژەرهەردوو ڕێگای ئامـاری و کێومـاڵی بەکارهێنـاوە. و لەنوسـینی توێژینەوەکەدا هەریەک لە میتۆدەکانی مێـژووی و وەسـفی و شـیکاری بەکارهێنـاوە، تـوێژینەوەکە گەیشـتوەتە ئەو ئەنجـامەی کە شاری قەبـاتیە بەراورد بەشـارەکانی دەوروبەری شیاوترین دووری هەیە لەگەڵ ناوچەکـانی دەوروبەری،بەجۆرێـک شـارەکە شـوێنێ سـەنتەری وەرگرتـووە، ئەمەش یـارمەتی دەربـووە لەزیاتر بەرفراوانبوونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری.

---

[١] سليي عمر حمد، اقليم مدينة قضارب الوظيفي (دراسة في جغرافية المدن)، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا، كلية الاداب، جامعة ام درمان الاسلامية، ٢٠٠٦.

[٢] مصطفى راشد محمد مصطفى، اتجاهات التطور العمراني لبلدة قباطية في ضوء العلاقة المكانية بالتجمعات السكانية المحيطة، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين، ٢٠٠٤.

**سێیەم : توێژینەوە بیانیەکان بەزمانی ئینگلیزی**

١. توێژینەوەکەیLawrence A.Brown and John Holmes ، بەناونیشانی (سنوری هەرێمە وەزیفیەکان بەگوێرەی پلەی کاریگەری و دوریان) [1] ، ئەم توێژینەوە ڕۆشنایی دەخاتە سەر هەنگاوەکانی دیاریکردنی هەرێمی وەزیفی، توێژەران باسی هەرێمی شاری باودەڤێل دەکات لەوڵاتی چین،ناوبراوان لەدیاریکردنی هەرێمی وەزیفی شارەکەدا پشتیان بەستوە بەخزمەتگوزاری تەندروستی و گواستنەوەو گەیاندن.... توێژەران لەڕێگای لێکۆڵینەوەی کێماڵی وبەکارهێنانی نەخشەوە توانیویانە هەرێمی وەزیفی شارەکە دیاری بکەن، لەکۆتایی دا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەودەرئەنجامەی کەشارەکە توانیویەتی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی وگواستنەوە بۆناوچەکانی چواردەوری و دوورلەخۆی دابین بکات.

٢. توێژینەوەکەی Brendan William, Cormac Walsh, Lanboyle بەناونیشانی (پشت پێبەستنی هەرێمی وەزیفی شاری دبلن و کاریگەری پێشخستنی هەرێمی شارەکە لەڕووی بازاڕکردن و پلانەوە) [٢] توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر هەرێمی وەزیفەکانی پیشەسازی وبازرگانی وە ڕونیان دەکاتەوە کە ئەم شارە لەڕووی بازرگانی و پیشەسازییەوە توانیویەتی کاریگەری لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری هەبێت وەبەپێچەوانەشەوە کاری لێ بکرێت، توێژینەوەکە گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی کەپێویستە هەرێمی پیشەسازی و بازرگانی شاری دوبلاین گرێ بدرێ بەهەرێمی شارەکانی دەوروبەری وەگرنگی زیاتربدرێت بەگەشەپێدانی ئابووری ناوچەکە بەئامانجی دروستکردنی کاریگەری زیاتر لەسەر دەوروبەر.

٣. توێژنەوەکەی Samod Robne, Marija Bogataj ، بەناونیشانی ( هەنگاوێک بۆ ناساندنی ژمارەی هەرێمە وەزیفیەکان و پلەبەندییان لەسلۆڤینیا) [٣] توێژینەوەکە گرنگی دەدات بەهەرێمە وەزیفیەکانی هەریەک لەدانیشتوان و ئابووری و.....، توێژینەوەکە گوزارشت لەوە دەکات کەوا هەرێمە وەزیفیەکانی سلۆڤینی بەگوێرەی گەشەی دانیشتوانیان لەساڵێکەوە بۆساڵێکی تر جیاوازییان هەیە ، هەروەها توێژینەوەکە بۆدیاریکردنی هەرێمە وەزیفیەکان ڕێگای ئاماری بەکارهێناوە، وەلەڕێگەی نەخشەوە توانیویەتی هەرێمە وەزیفیەکان دیاری بکات، توێژەر بۆی دەرکەوتوە کە سنورو شێوەی هەرێمە وەزیفیەکان بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار

---

[1] Lawrence A.Brown and John Holmes, the delimitation do functional Regions, Nodal Regions, and Hierarchies by functional distance approaches, Jorna;of Regional science,Vol 11, No.1, 1971

[2] Brendan William, Cormac Walsh, Lanboyle, the Development of the Functional Urban Region of Dublin Implications for Regional Development Markets and Planning, Planning and Environmental Policy, University College Dublin, 2011.

[3] Samod Robne, Marija Bogataj, Amethod to Defne the Number of Functional Regions: an Application to $Nuts_2$, and $Nuts_3$, Geodetsk Ivestnik 56/1, 2012

و بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا گۆرانکارییان بەسەردا دێت بەجۆرێک ڕووبەریان فراوانتر دەبێت.

٤. توێژینەوەکەی Valerian Tnoronha بەناونیشانی (دووبارە تێڕامان لەهەرێمە وەزیفیەکان بەبەکارهێنانی داتاو زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی کەڕۆژانە بۆکارکردن دەچنە شار) [١]، ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی لەنێوان ئەم شارانە وەک ( Celje , koper , krani , Liubljana , Mariber , Murskasobota , Novagorice , Novamesto , Sbveni , Velenje) توێژەر لەتوێژینەوە تیشک دەخاتە سەر جوڵەی دانیشتوان وکڕین وفرۆشتن و بازرگانی کردن و پەیوەندییەکانیان و کاریگەرییان لەسەر یەکتری وە گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کەپێویستە کار لەسەر سێ بوار بکرێت وەک ئابووری و گونجاندنی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن و پاراستنی کەلتورە سروشتیەکان تاکو لەڕێگەیەوە شار کاریگەری زیاتر بکاتە سەر ناوچەکانی دەوروبەری دوور لەخۆی.

٥. توێژینەوەکەی Pavelklapka, Peter Tonrv ، بەناونیشانی (هەرێمە وەزیفیەکان لەڕووی چەمک و جۆرەکانیەوە) [٢] ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی بابەتێکی تیۆری دا تیشک دەخاتە سەر هەرێمی وەزیفی وجۆرەکانی بەگوێرەی ئەو وەزیفەی کەشار پێشکەشی ناوچەکانی دەوروبەری دەکات هەروەها ئاماژە بەوە دەکات هەرێمی شار پەیوەندی شارە لەگەڵ ناو چەکانی دەوروبەری وەبەپێچەوانەوە، لەکۆتایی دا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کەهەرێمی وەزیفی چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە کە دەکرێت هەریەک لەجۆرانە لەشێوەو ئاستێکی جیاوازی دەسەڵات و کاریگەری دا دەربکەون.

٦. توێژینەوەکەی Jingyuan Yucheng Xingxiem بەناونیشانی (دۆزینەوەی هەرێمەکان لەجیاوازیە وەزیفەکانی شاردا بەبەکارهێنانی جوڵەو توانای مرۆیی وئاماژە گرنگەکان)[٣] توێژەر تیشک دەخاتە سەر هەرێمی وەزیفی شاری بینجین لە وڵاتی چین لەڕێگەی بەکارهێنانی( GIS) توانیویەتی تیشک بخاتە سەر وەزیفەکانی شارەکە، لەڕووی ڕۆشنبیری،

---

(1)Valerian Tnoronha, Functional Regions Reexamined: the Black/ White in Teraction Modelm University of Western Ontario London Ontario, Canada $N6A5C_2$, 2010.

(2)Pavelklapka, Peter Tonrv, Functional Regions Concept and Types Funkcnregiony : Concept a Typy, Sbornikprispevkuxvl, Mezinarodnikolokvin Regional Nichvedach, Valtice, doi 10.5817, 2013.

(3Jingyuan, Yucheng, Xingxiem Discovering Regions of Different Functions in a City using Human Mobility and Pols, 2011.

بازرگـانی، .......، لەم چوارچێـوەیەدا تـوێژەر توانیـویەتی لەڕێـگەی خسـتنەڕووی نەخشــەو بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و هاوکێشەوە مەوداو ئاستی کاریگەری هەرێمی وەزیفی شـارەکەی دیاری بکات، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە شـار دەتوانێت بەهۆی ئەو وەزیفە جیاوازانەی کە هەیەتی خزمەتی ناوچەکانی دەوروبەری بکات وکاریگەریان لێ بکات.

٧. توێژینەوەکەی Sott E. Maco and E.Gregorymcpherson بەناونیشانی (میتودی زانستی بـۆ هەڵســەنگاندنی پێکهـاتەی وەزیـفەی بازرگـانی ونـرخ وبەهـای دانیشـتوان لـە کـۆمەڵگە بچوکەکانـدا) [١] تـوێژەر تیشـک دەخـاتە سـەر هەرێمـی داڤیس ناوبراو ئامـاژە بەوەزیـفەی بازرگانی دەکات، بەشێوەیەک هەستاوە بە دیاریکردنی ئاڕاستەکانی درێژبوونەوەو گەیاندنی کەلـو پەل وکـاڵا جۆراوجۆرەکـان بەرەو ناوچەکـانی دەوروبەری و دوور لەخـۆی لەگەڵ دیـاریکردنی سـنوری کاریگەریەکـانی، تـوێژەر بـۆ دیـاریکردنی هەرێمـی وەزیفـی بازرگـانی شـارەکە هەردوو ڕێگـای ئامـاری ولێکۆڵینەوەی کێومـاڵی بەکارهێنـاوە، لەکۆتـایی دا تـوێژەر گەیشـتوەتە ئەو ئەنجـامەی کەوا هەرێمـی شــاری داڤـیس توانیـویەتی لەڕێـگەی وەزیـفەی بازرگانیە وە کاریگەری بکاتە سەر نـاوچە کانی دەوروبەری و شـوێنە دورەکان، بەجۆرێک دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکان توانیویانە بۆ پڕکردنەوە و دابینکردنی پێداویسـتیەکانیان سـود لەوەزیفەی بازرگانی داڤیس وەربگرن.

لەکۆتـایی ئەم باســەدا گەیشـتینە ئەو دەرئەنجـامەی کەهەریەک لەو تـوێژینەوانەی لەسەر ئاستی عێراق و وولاتانی عەرەبی و بیانی ئاماژەمان پێ دان ڕێگاو شێوازی جیاوازو داتای جیاوازیان لەدیاریکردنی سنورو شـێوەی هەرێمی شـاردا بەکارهێنـاوە ، بەشـێوەیەکی سەرەکی پشتیان بەدوو ڕێگا بەستووە، ئەوانیش ڕێگـای کێومـاڵی (مەیدانی) و لەگەڵ ڕێگـای ژمێریاری (قانونی ڕایڵی). وە توێژەران بەگشتی هەوڵیان داوە لەڕێگەی نە خشـەو خشـتەولە تێڕوانینێکی جوگرافیەوە باسی سنووروشێوەی هەرێمی شار بکەن.

---

[1] Sott E. Maco and E.Gregorymcpherson, A practical Approach to Assessing Stricture, Function, and Value of Street Tree Population in Small Communities, Journal of Arbori Culture, 29, (2): March, 2003.

## باسی سێیەم
## ڕەهەندی جوگرافی لێکۆڵینەوە

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر تایبەتمەندیە جوگرافیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

(شوێن)[*]، لێکۆڵینەوە لەشوێنی جوگرافی شار بەگرنگترین ڕەگەز لەڕەگەزەکانی جوگرافیای شار دەژمێردرێت، بەشێوەیەک هەندێک بەدڵی جوگرافی ناوی دەبەن هەربۆیە ئاشنا بوون و تێگەیشتن لەخاسیەتە بنچینەیەکانی شوێن دەبێتە کلیلێک بۆ تێگەیشتن لەکۆی گۆڕانکاریەکانی بەکارهێنانی وەزیفی لەناوخۆی شاردا[١]،شوێن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەدیاریکردنی ڕۆڵی شارو ئەو ئاستەی کەدەیەوێت لەئایندەدا پێی بگات[٢]، وهۆکارێکی گرنگە کەبڕیار لەگەشەکردن و پێشکەوتن و ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شارو پەیوەندیە شوێنیەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دەدات[٣].

شاری ڕانیە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق، بەگوێرەی پارێزگای سلێمانیش دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژئاوای پارێزگاکە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١) لەڕووی شوێنی فەلەکیەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٦:١٢:٣٠ – ٣٦:١٧:٥) باکوورو هێڵی درێژی (٤٤:٥٤:٣٠-٤٤:٥١:٥) ی ڕۆژهەڵات، هەروەها شاری ڕانیە سەنتەری کارگێڕی قەزای ڕانیەیە دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە ، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢).

لەڕووی کارگێڕیەوە ڕانیە وەک سەنتەری کارگێڕی قەزای ڕانیە لەساڵی ١٩٥٦ لە لیوای هەولێر پچڕێنرا وخرایە سەر لیوای سلێمانی[٤]، سەبارەت بەو یەکەکارگێڕیانەی دەوری شاری ڕانیە وناحیەی سەنتەریان داوە، بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٢)، بۆمان دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆڵینەوە بەچەند یەکەیەکی کارگێڕی دەورە دراوە بەجۆرێک لەباکوریەوە ناحیەی سەرکەپکانە وەلەباکوری ڕۆژهەڵاتیەوە لەگەڵ قەزای پشدەر هاوسنورە،

---

(شوێن) [*] (الموقع) (location) مەبەست لێی دەستنیشانکردنی شارو پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر یان ئەو هەرێمانەی کەدەوریان داوە دەگرێتەوە، جیاواز لەپێگە (الموضع) (site) ئەو پانتاییە زەویە دەگرێتەوە کەشارەکەی لەسەر بنیاتنراوە، بڕوانە: عبدالرزاق عباس حسين، جغرافية المدن، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٧٧، ص٣٦.


[١] نشوان شكرى هرورى، التركيب التجارى لمدينة دهوك (دراسة فى جغرافيه المدن)، دار سپيريز للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٦، ص٢٦٥.

[٢] بێستون ئەحمەد حسێن، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبونی ڕووبەری قەڵادزێ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٥، لا١١.

[٣] خليل إسماعيل محمد، أربيل دراسات ديموغرافية – إقتصادية، مديرية مطبعة وزارة الثقافة، أربيل، ٢٠٠٣، ص١٠٧.

[٤]عەبدوڵا غەفور، فەرهەنگی جوگرافی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، لا٥٨.


**نەخشەی ژمارە ١ شوێنی شاری ڕانیە بەگوێرەی وڵاتی عێراق وهەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی Arc Map Arc Gis. 10.5 پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی GIS، نەخشەی عێراق و هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی،٢٠١٥

نەخشەی ژمارە ٢ شوێنی شاری ڕانیە بەگوێرەی قەزای ڕانیەو دەوروبەری




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی Arc Map Arc Gis 10.5پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی GIS، نەخشەی قەزای ڕانیە، ساڵی، ٢٠١٦

هەروەهــا لەباشوریشــەوە دەریــاچەی دووکــانە، لەگەڵ هەریەک لە ناحیەکــانی چوارقــورنە، حاجیاوا ، بێتواتە کە دەکەونە بەشی ڕۆژ ئاوایەوە. شوێنی جوگرافی شــاری ڕانــیە دەکەوێتە دەشــتی نــاوچە شــاخاویەکانەوە[1]، هەروەهــا یەکــێکە لە شــارەکانی نــاوچە شــاخاویەکان، شــوێنێکی جــوگرافی شــاخاوی لەلایەک وهەم گرێــی هەیە لەلایەکــی تــرەوە[2]، چــونکە لەو نــاوچەیەدا چەنــدین زنجیــرە شــاخی ســەخت و پێچــاوپێچ ودۆڵــی قــوڵ وتەنــگەبەری تێــدا یەکدەگرن و یەکتــری دەبــڕن. ســەبارەت بە دووری ڕانــیە لە ســەنتەری پارێزگــای ســلێمانی نزیکەی (١٤٦) کم دەبێت، هەروەها نزیکی ناوچەکە لەسنوری وڵاتی ئێران بەدووری (٥٩)کم بووەتە هۆی بەستنەوەی شوێنی ئەم شارە بەووڵاتی ئێرانەوە[3]. شــاری ڕانیە بەپێی دواین نەخشەی بنەڕەتی ساڵی (٢٠١٦) ڕووبەرەکەی (١٩.٢٤)کم٢[4]، بەم شێوەیە ڕێژەی زیاتر(٢ ٪) گشتی ڕووبەری قەزای ڕانیە پێک دەهێنێت کە (٨٨٤) کم٢یە[5].

ســەبارەت بە بەرزی پێگە جــوگرافی شــارەکە، بەســەرنج دان لەنەخشــەی ژمــارە (٣) بۆمــان دەردەکەوێــت شــاری ڕانــیە دەکەوێــتە نێــوان هێڵــی بەرزی یەکســانی (٥٤٩-٧٢٤) م لەئاستی ڕووی دەریا. لەڕووی دابەشبونی لایەنە تۆبۆگرافیەکانەوە ئەو ڕووبەرە زەویەی کە شــارەکەی لەســەر بنیــات نــراوە لەبــاکوری دەشــتێکی بەرینــی تــاڕادەیەک هێلکەیــی بەنــاوی دەشتی بیتوێن هەڵکەوتووە، کە درێژیەکەی (٣٠) کم و پانیەکەی (٢٠-٣٠) کم[6] و ســەرجەم ڕوپێــوی دەشــتەکە (٢٩٦،٧) کــم٢، کە دەکەوێــتە نێــوان بەرزایــی(٥٠٠-٦٠٠)م،ئەم دەشــتە بەرینەی کە پێگەی جوگرافی ڕانیەی لەسەر دامەزراوە لەهەر چوارلایەوە بە شــاخی ســەخت دەورەدراوە لەباکوریەوە زنجیرە چیای کێوەڕەشــە بە بەرزایی (٢٠٣٤)م[7]، لەڕۆژهەڵاتیەو چیــاکانی ئاســۆس وکــۆلارەیە بەبەرزی (١٨٠٠) م و لەڕۆژئــاواشەوە زنــجیرە چیــای ماکۆکە بەبەرزایی (٢٠٦٧) م، لەباشوریشەوە

---

[1] عبدالرزاق عباس حسين، نشأة مدن العراق وتطورها، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٧٧، ص١٠٥-١٠٦.

[2] خەبــات عــە بــدوڵڵا، بنەمــا تیۆریەکــانی جوگرافیــای عەســکەری کوردســتانی باشــور، لەچاپکراوەکــانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا١٤٥-١٤٦.

[3] حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان ، وەزارەتــی ئــاوەدانکردنەوەو نیشــتەجێکردن، بەڕێــوەبەرایەتی گشــتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕانیە، بەشی تەکنیکی.


[4] حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، ٢٠١٦، بەپێوەری (١ : ٥٠٠)

[5] پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبونی دانیشتون لەقەزای ڕانیە لە (١٩٥٧-٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩، لا١٦٢

[6] شاكر خصباك، العراق الشمالي، دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص٣١-٣٢.

[7] محمد علی قادر، نواندنی کارتۆگرافی بۆ تایبەتمەندیە سروشتیەکانی قەزای ڕانیە بەبەکارهێنانی gis و rs، rs، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٤، لا ٥٤ ــ ٥٥.

## نەخشەی ژمارە ٣ بەرزی و نزمی شاری ڕانیە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی Arc Map Arc Gis 10.5. پشت بەست بە:

١. دەستەی ڕووپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی، مانگی دەسکردی لاند سات (١٥) مەتری.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نە خشە سازی، نەخشەی شاری ڕانیە، ساڵی ٢٠١٦.

چیای کۆڵێنه[1].بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٣) بۆمان دەردەکەوێت تاوەکو لەباشوری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەوباکوری ڕۆژئاوا ڕانیە بەرزایەکەی زیاد دەکات، بەشێوەیەک نزمترین شوێنی شارەکە دەکەوێتە ناوچەی دەشتایی لەبەشی باشوری شارەکە بەبەرزایی (٥٤٩) م و بەرزترین خاڵیشی چیای کێوەڕەشە لەباکوری شاری ڕانیە کەگەڕەکەکانی کێوەڕەش و بنار دەکەونە دامێنی ئەو چیایە.

لەڕاستیدا شوێنی جوگرافی شاری ڕانیە لەناو ئەو پێکهاتەبەرزی و نزمیە جیاوازەدا گرنگیەکی زۆری ئابووری بەناوچەکە بەخشیوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی شوێنی شارەکە، لەنێوان دوو ژینگەی لەیەکتری جیاوازی شاخ و دەشتاییەکان وبەستنەوەی هەردوو ناوچەکە بەیەکەوە و نزیکی شوێنەکەی لەسنوری عێراق – ئێران، ئەمە جگە لەوەی کەشارەکە وەک ڕێڕەوێک و دەروازەیەک وایە بەرەو ناوچە شاخاویە سەختەکانی ووڵاتی ئێران، بێگومان ئەمانە ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر چالاکیە ئابووریەکانی ناوچەکە، بەشێوەیەک کاریگەری کردۆتە سەر گەشەکردن وچالاکبوون و جموجۆڵە بازرگانیەکان و ئاڵوگۆڕکردنی کەل و پەل و کاڵا جۆراوجۆرەکانی نێوان ڕانیەو ناوچەکانی دەوروبەری، لەهەمان کاتدا گرنگی شوێنی جوگرافی ئەو شارە لەوەدا دەردەکەوێت کەوەک بازاڕێک وایە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی ناوچە شاخاویەکان وەک گوێز و میوەو سەوزە و بەرهەمی ناوچە دەشتاییەکان،وەک گەنم و جۆو نیسک و نۆک و ئاژەڵ، ئەمە سەرەڕای ئەوە کە شارەکە هاوشێوەی زۆرێک لەشارەکانی تر ناوەندێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمی نێوان عێراق و ئێران، بێگومان ئەمانەی باسمان کردن بۆتە هۆی زیادکردنی پەیوەندیی وکاریگەری هەرێمی شاری ڕانیە لەسەر گوندو شاروچکەکانی دەوروبەری و دور لەخۆی لەزۆربەی لایەنە جیاوازەکانەوە[2].

ئەگەر ئاماژەیەک بەئاووهەوای ڕانیە بکەین دەبینین لەجۆری ئاووهەوای نیمچە خولگەیی کیشوەریە، بارانەکەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری سیستەمی دەریای ناوەڕاست، کە زستانی ساردو باراناویە وبەشێوەیەکی بەرچاو باران دەبارێت بەفر چیاکان دادەپۆشێت، و هاوینی گەرم ووشکە[3]، بێگومان جیاوازی لەڕوی بەرزی و نزمی و بوونی دەشتی پان و بەرین کە شارەکەی لەسەر بنیاد نراوە لەگەڵ دەوردانی بەچەندین زنجیرە شاخی سەخت و بەرز ، کاریگەری کردۆتە سەر ئاووهەوای شارەکە ، بەتایبەت پلەی گەرماو بڕی باران

---

[1] وزارة الدفاع، مديرية المساحة العسكرية ،خارطة القوات المسلحة العراقية، المساحة العسكرية كويسنجق، J30_-U-SE، بمقياس ١:١٠٠٠٠٠، ١٩٨٧.

[2] شاكر خصباك، العراق الشمالي، دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية، المصدر السابق، ص ٣١٠ــ-٣١.

[3]عباس فاضل السعدى، منطقة الزاب الصغير في العراق، مطبعة أسعد، بغداد، ١٩٧٦، ص٦٢ ،٨٠.

بـارين لەناوشـارەكەدا، بەجۆرێـک تێکـڕای پلەکـانی گەرمـا لەشـاری ڕانـیە لە نێـوان سـاڵانی (١٩٩٨-٢٠١٥) بریتیە لە (٢٠,٢٨) س° ، وەتێکڕای باران بارینیش لە ناو شاری ڕانیە لەهەمان ماوەدا، زیاتر لە (٥٠٠) ملم [١].

دەرامەت و ســەرچاوەکانی ئـاو بەیەکێـک لەگرنگتــرین ئەو هۆکـارانە دەژمێــردرێن کەڕۆڵێکـی گرنگیـان هەیە لە هەڵبژاردنـی پـێگەو شـوێنی جێگیربـوون و نیشـتەجێ بـوون، هەروەها دەرامەتە ئاویەکان کاریگەری دەکەنە سـەر گەشـەکردن ودابەشبوونی دانیشـتوانی شار و گەشەکردنی پەیوەندیەکانی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری[٢]. وەک ئاشکرایە ئاو سەرچاوەی ژیان و گەشەکردنە وجوڵێنەرێکی بنچینەییە لە بواری ئابووری و خزمەتگوزاری و وەزیفەکانی شاردا، هەروەها بنەمایەکە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی هەرپلانێکی پەرەپێدان لەشارەکەدا [٣].

شوێنی ئەم شارە دەوڵەمەندە بەسەرچاوەکانی ئاو کەخۆی لەهەرسێ جۆری باران و ئاوی سەرزەوی و ژێرزەویدا دەبینێتەوە، لەڕووی باران بارینەوە ڕانیە دەکەوێتە ناوچەی بارانیمســـۆگەر وبــارانی نــاوچەکە لەجــۆری بــارانی(بەرزەهەرێم ،گەردەلــوولە بــاران، بەرزەدیاران) [٤]،وەلەڕووی ئاوی سەرزەویشەوە شـارەکە دەوڵەمەنـدە، چـونکە شـاری ڕانـیە لەسـەر حەوزی ڕانیە (دەشـتی بیتـوێن) هەڵکەوتـوە، ئەم دەشـتە لەهەمـوو نـاوچەو بەشـەکانی چواردەوریەوە چەندین ڕێڕەوی ئاوی پێدا تێپەڕ دەبێت، وەک زێی بچوک کەبەڕۆژهەڵاتی شــارەکەدا دەڕوات، کەتێکـڕای ئـاوی لەبەر ڕۆیشــتوو دەگـاتە (٢٢٦)م٣/چـرکە، کەبـووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی دابینکردنی پێداویستی دانیشتوانی شـارەکەو گەشـەکردنی ئـابووری و بازرگـانی و پیشەســازی و گەشــتووگوزار لەنــاوچەکەدا[٥].لەڕووی ئــاوی ژێــر زەویشــەوە بەهــۆی بــوونی ئــاوی بــاران و بەفرێکــی زۆر لەنــاوچەکەدا کــاریگەری کــردۆتە ســەر دەوڵەمەنـدبوونی ئـاوی ژێـر زەوی لەشـارەکەدا، بەشـێوەیەک لەنـاو شـاری ڕانـیە (٤) کـانی

---

[١]حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان ، وەزارەتـی کشـتوکاڵ، بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی کشـتوکاڵی ڕانـیە، بەشـی کەشناسی،٢٠١٦ ، داتای بڵاونەکراوە.

[٢]تحسين عبدالرحيم عزيز، التباين المكاني لمياه الينابيع فى محافظة السليمانية، اطروحة دكتوراه، كلية التربية، الجامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠٠٧، ص٧٩.

[٣]حسين محمد عيدان، الخدمات التعليمية في مدينة رانية، محافظة السليمانية العراق (دراسة جغرافية)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة المنصورة، القاهرة، ٢٠١٥، ص٣٨.

[٤]سـلێمان عەبـدوڵا ئیسـماعیل، تایبەتمەنـدیەکانی بـاران بـارین لەهەرێمـی کوردسـتانی عێراقـدا، سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، لا١٥٨-_ ١٥٩.

[٥]کـامەران تـاهیر سـعید، جوگرافیـای عێـراق سروشـتی، چاپخـانەی نـارین، هەولێـر، ٢٠١٤، لا٢٢٧- ٢٢٨. بۆزانیاری زیاتربڕوانە: علی حسن علی، بێستون احمدحسێن، شیکاری جوگرافی بۆ پرۆژە ئاوییەکانی وولاتی ئێران لەسەرزێی بچوک وکاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان،گۆڤاری زانکۆیی ڕاپەڕین،ساڵی پێنجەم ژمارە(١٤) ئاداری ،٢٠١٨، لا١٤٤_١٥٢.

گەورە هەیە، کەسەرچاوەی دابینکردنی بەشێکی زۆری ئاوی ناوچەکەن، وەک کانیەکانی (قولەی ڕانیە، کوێرەکانی، کانی مەلا سلێمان، کانی ڕەشەمێرگ)، ئەم کانیاوانە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ڕانیە بوون، بەتایبەت قولەی ڕانیە کەتوانای پێدانی (٢٢٤)م٣ ئاوی هەیە لەکاتژمێرێکدا، هەروەها (٥٦ ) بیری ئیرتیوازی هەیە کەبەسەر بەشە جیاجیاکانی شارەکەدا دابەش بوون[١]، ئەوەی کە گرنگە لەئاوی ژێر زەوی ناوچەکە ئەوەیە کە ئاستی ئاوی ژێر زەوی لەشارەکەدا نزیکە لەئاستی ڕووی زەوی لەنێوان (١٥-٣٠) مەتر دایە[٢]. سەبارەت بەخاکی شاری ڕانیە خاوەن جۆرێکە لەجۆرەکانی خاک کە بەخاکی کەستەنائی ناسراوە ، ڕەنگێکی تێری قاوەیی هەیەو دەوڵەمەندە بەماددەی ئەندامی و کانزایی ،بەجۆرێک ڕێژەی دەگاتە (١-٤٪)، وخاکێکی بەپیتە، بەڵگەش ئەوەیە کەزۆربەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ئەم خاکە بەرهەمێکی زۆر دەدەن کاتێک لەو خاکدا دەچێنرێت،هەروەها باشی جۆری خاکی ئەم دەشتە یارمەتی دەر بوە بۆگەشەکردنی کشتوکاڵ وجۆراوجۆری بەرهەمەکشتوکاڵیەکان لەدەڤەرەکەدا، کە دواجار ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر گەشەکردنی پەیوەندی و تێکەڵ بوونی شاری ڕانیە لەگەڵ گوندو ناوچەکانی دەوروبەری[٣].

شاری ڕانیە دوو جۆر خاک لەخۆ دەگرێت،خاکی کەستەنائی ئەستوری قوڵ،کە دەکەوێتە نیوەی باشوری شارەکە، لەگەڵ بەشی ناوەڕاست و باشووری شاری ڕانیە، هەروەها جۆری دووەمی خاکەکەی بریتیە لەخاکی سەختی بەردی درزبردو کەدەکەوێتە نیوەی باکوری شارەکە، لەگەڵ بوونی پشتێنەیەکی تەسک لەبەشەکانی هەرە باشووری ڕانیە،. بڕوانە نەخشەی (٤) ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕووی جیۆلۆجیەوە پێکهاتووە لە پێکهاتەکانی ماوەی چوارەم، تەمەنی ئەم پێکهاتەیەبۆسەردەمی پلایستۆسین دەگەڕێتەوە کە بەشێکی فراوانیدەشتی ڕانیە دادەپۆشێ ، کە لەئەنجامی گواستنەوەی نیشتوەکان لەبەرزاییەکان بەرەو ناوچەی دەشتاییەکان ودۆڵەکان دروست بوون و پێکهاتوون لەقوڕ، سڵت ، لووم ،کۆنگڵۆمیرات ، لم[٤]

---

[١]حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی شارەوانی و گەشتووگوزار، بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ڕانیە ، زانیاری دەربارەی سەرچاوەکانی ئاوی ڕانیە،٢٠١٦، داتای بڵاونەکراوە .

[٢] تحسين عبدالرحيم عزيز، التباين المكاني لمياه الينابيع في محافظة السليمانية، المصدر السابق، ص٧٩.


[٣]لەیلا محمد قارەمان، خاکی هەرێمی کوردستان، کتێبی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ١٩٩٩، هەولێر، ل٩٤.

[٤]بڕوانە:

A. Diary Alimohammed Amen Al-Manmi, 2008, Water Resource Management in Rania Area, Sulaimania NE-Iraq – Ph.Dthesis in Published Colleg of Science University of Baghdad p31.

ب. محمد علی قادر، نواندنی کارتۆگرافی بۆ تایبەتمەندییە سروشتییەکانی قەزای ڕانیە بەبەکارهێنانی Gis و Rs، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

## نەخشەی ژمارە ٤ جۆرەکانی خاکی شاری ڕانیە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی Arc Map Arc Gis ، 10.5 پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی GIS، نەخشەی خاکی شاری ڕانیە، ٢٠١٦

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نە خشە سازی، ٢٠١٦


بەتێبینی کردن لەنەخشەی ژمارە (٥) بۆمان دەردەکەوێت کە پێکهاتە جیۆلۆجی لە شارەکەدا بەم شێوەیە دابەشبون، وەک نیشتەنیی ناوچەلێژەکان و نیشتەنیی ڕوبارکردەکان کە تەواوی پێگەی جوگرافی شاری ڕانیە دەگرێتەوە، هەروەها هەریەک لەپێکهاتەکانی ( چیاگارا ، بارسەرین، ناوکێلان و سەرگەلو)، دەکەونە بەشی باکوری ڕۆژئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ بوونی پێکهاتەکانی (قەمچوغە، بالامبۆو سەرمۆر) لەبەشی باشوری ڕۆئاوا، [1] لەڕاستیدا پێکهاتەی جیۆلۆجی شاری ڕانیە گرنگیەکی بەرچاوی هەیە لەدەرکەوتنی نرخ و بەهای شارەکە لەڕووی گلدانەوەو دابینکردنی ئاوی ژێرزەوی و کاریگەری لەڕووی بەکارهێنانی زەوی لەشارەکەدا و توانای بەرگەرگرتنی لەبەرکارهێنانی زەویەکەی بۆ بواری ئاوەدانی و بیناسازی و نیشتەجێبونی دانیشتوان و لەخۆگرتنی چەندین کانزای جۆراوجۆری وەک قورقوشم ، خارسن ، ئاسن ، نیکل بوونی یۆرانیۆم لەچیای کێوەرەش[2]، کەدەکەوێتە باکوری پێگەی جوگرافی شاری ڕانیە.

سەبارەت بەپەیوەندی شاری ڕانیە لەڕووی تۆڕەکانی گواستنەوەو هاتوچۆ لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری ، شارەکە بەهۆی کۆمەڵێک تۆڕی بەرفراوانی ڕێگاوبانی سەرەکی و لاوەکیی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بەچەندین گوندو شارۆچکەو بەشەجیاجیاکانی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق بەستراوەتەوە. بەشێوەیەک لەناوخۆی قەزای ڕانیە ئەو شارە بەستراوەتەوە بەچەندین شارو شارۆچکەی دەوروبەری، وەک بەستنەوەی بەشارۆچکەکانی چوارقورنەوە، بەدووری (٦)کم و حاجیاوا (١٠) کم و سەرکەپکان (٦) کم و بێتواتە (١٦) کم،و لەدەرەوەی قەزای ڕانیەش شارەکە بەستراوە بە هەریەک لەشارۆچکەکانی سنوری قەزای پشدەر وەک سەنگەسەر بە دووری (١٤) کم و ژاراوە (٢١) کم و قەلادزێ (٢٨) کم، لەگەڵ بەستنەوەی بەهەریەک لە شارۆچکە سەرسنوریەکانی نێوان عیراق و ئێران وەک شارۆچکەکانی هەڵشۆ بەدووری (٤٠)کم و هێرۆ (٤٦)کم و ئیسێوە (٤٩)کم، لەهەمان کاتدا شاری ڕانیە بەشارۆچکەکانی قەزای دوکان بەستراوە، وەک بەستنەوەی بەشارۆچکەی دوکان بەدووری (٣٦)کم و وەشارۆچکەی بنگرد (٢٨) کم و خدران (١٨) کم و خەلەکان (٢٦) کم، وە

[1] سناء عبدالباقی بکر مصادر الثروة الطبيعية في حوض دوكان و سبل صيانتها، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٣، ص١٥.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فاروق صنع الله العمرى و على صادق، جيولوجية شمال العراق، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ١٩٧٧، ص ١١٧ــ-١٢٠.

[2] عیمادەدین عومەر حسن، دەرامەتە کانزاییەکان، کتێبی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٥–ـ-١٦٧.

## نەخشەی ژمارە ٥ پێکهاتەی جیۆلۆجی شاری ڕانیە




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی Arc Map Arc Gis 10.5 پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی GIS، نەخشەی قەزای ڕانیە .ساڵی ٢٠١٦.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نە خشە سازی ،ساڵی ٢٠١٦

هەروەها شاری ڕانیە پە یوەندی لەگەڵ شارەکانی پارێزگای هەولێریش هەیە، بەجۆرێک بەستراوەتەوە بەشارەکانی کۆیە، شەقلاوە،ڕەواندوز، چۆمان، حاجی ئۆمەران ، قەزای دوکان لەگەڵ ناحیەکانی سورداش بەدوری (٥٠)کم وپیرەمەگرون بەدوری (٦٥) کم[1] بەستنەوەی بەشاری هەولێر وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان بەدووری (١١٨)کم لەگەڵ شاری سلێمانی بەدووری (١٤٦ )کم بروانە نەخشەی ژمارە(٦) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەهۆی نزیکی شوێنە جوگرافیەکەی لەگەڵ سنوری وولاتی ئێران ئەم شارە بۆتە دەروازەیەک و کلیلێک بۆ ئەنجامدانی چەندین پەیوەندی بازرگانی،سیاسی ،کۆمەلایەتی لەگەڵ وولاتی ئێرانی دراوسێ ، ئەمەش بەهۆی تێپەڕبوونی ڕێگای نێودەوڵەتی (مەرزی کێلێ)بەشاری ڕانیەو ناوچەی پشدەرو قەلادزێ دا بەرەو وولاتی ئێرانی دراوسێ[2].


بێگومان بەستنەوەی ئەم شارە بەهۆی ئەم تۆڕە بەرفراوانەی ڕێگاوبان لەگەڵ بەشە جیاجیاکانی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دەوڵەمەندی ناوچەکە لەڕووی ئابووریەوە بۆتە هۆکاری ئەوەی کەبەردەوام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەیوەندیەکانی ئالۆگۆڕکردنی ئابووری و بازرگانی،سیاسی ، دیمۆگرافی لەگەڵ گوندو شارۆچکەکانی دەوروبەری ڕانیە و وولاتی ئێرانی زیاد بکات. هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کەلەسەر شوێن و پێگەی جوگرافی شاری ڕانیە باسمان کردن لەڕوانگەی جوگرافیەوە گرنگی و بایەخ وکاریگەری شوێن و پێگەی جوگرافی و خەسڵەت وتایبەتمەندیە جوگرافیەکانی ئەم شارە لەلایەک وکاریگەری سەنتەریەتی شوێنە جوگرافیەکە ڕانیەمان لەچوارچێوەی پەیوەندی هەرێمی دا لەسەر ناوچە نزیکەکانی دەوروبەری ڕانیەو دوور لەشارەکە لەلایەکی ترەوە بۆ دەردەخەن، ئەمەش خۆی لەخۆی دا ئاماژەیە بۆگرنگی وسەنتەریەتی شاری ڕانیە لە پێشکەشکردن و دابینکردن و گەیاندنی خزمەتگوزاریە جیاوازەکان بۆ ناوچەکانی دەوروبەری، هەروەها شاری ڕانیە بەهۆی شوێنە جوگرافیەکەی و خەسڵەتە سروشتیەکانی شوێنەکەیەوە بۆتە چەقی کۆبونە وە وئەنجامدانی ئەمە پەیوەندیە بەرفراوان وجۆراوجۆرانە .

---

[1] حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕانیە، بەشی تەکنیکی،٢٠١٦.

[2] ابراهيم شريف، الموقع الجغرافي للعراق واثره في تأريخه العام حتى الفتح الاسلامي، الجزء الاول، مطبعة شفيق، بغداد، بدون سنة الطبع، ص١١٠-١١١.

## نەخشەی ژمارە ٦ تۆڕەکانی ڕێگاوبانی شاری ڕانیە و بەستنەوەی بەناوچەکانی دەوروبەری




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی Arc Map Arc Gis, 10.5 پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی GIS، نەخشەی ڕێگاوبانی هەرێمی کوردستان،ساڵی،٢٠١٦

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕانیە، بەشی تەکنیکی، ساڵی،٢٠١٦.

لەکۆتـایی ئەم باســەدا گەیشـتینە ئەو دەرئەنجـامەی کەبڵـێین شـاری ڕانـیە شـوێنێکی جـوگرافی گرنگـی هەیە لەهەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، ئەمەش دەگەڕێـتەوە بـۆهەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە لەسەر دەشتێکی شاخاوی بەرفراوان و بەپیتی کشتوکاڵی بەناوی دەشتی بیتوێن کەلەڕوانگەو دیدی مرۆڤەوە بەناوچەیەکی گرنگی نیشتەجێبوون وئاوەدانی دادەنرێت، ئـاووهەواکەی لەجـۆری نیمچەخـولگەیی کیشـوەریەوە بـارانەکەی دەکەوێـتە ژێرسیسـتەمی دەریـای ناوەڕاسـت، کە یـارمەتی دەربـوون لەگەشــە کردنـی ئـاوەدانی و بیناسـازی وگـل دانەوەی ئاوی ژێرزەوی ، هەروەها ناوچەکە دەوڵەمەندە بەسەرچاوەکانی ئـاو بەهـۆی بونی چەندین سـەرچاوەی ئاوی جۆراوجۆر بـە هەمـوو جۆرەکـانی وەک (باران،ئـاوی سـەرزەوی ، ئاوی ژێرزەوی) لەشارەکەدا، هەروەها ناوچەیەکە بۆ بەستنەوەی هەردوو ژینگەی شاخاویی ودەشـتاییەکان بەیەکتـرەوە، وبەسـتنەوەی شـاری ڕانـیە بەتـۆڕێکی بەرفراوانـی ڕێگاوبـان بەچەندین ناوچەو بەشـە جیاجیاکانی نـاوخۆی هەرێمـی کوردسـتانی عێراق . لەهەمـان کاتدا هەڵکەوتەی شـاری ڕانیـە لـە نـاوچەیەکی نزیـک سـنووری دا هۆکارێـک بـوە بۆتێپەڕبـوونی ڕێگای نێودەوڵەتی بەوشارەدا و بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بەووڵاتـی ئێرانـی دراوسـێ. ئەمەجـگە لەوەی  گرنگـی خەسـڵەتە سروشـتیەکانی پـێگەو شـوێنی جـوگرافی ئەم شــارە یارمەتی دەربوون لەگەشەکردنی ئابووری ،بازرگانی و ڕاکێشانی دانیشتوان ونیشـتەجێبوون وگەشەکردنی ئاوەدانی وپەیوەندیە جۆراوجۆرەکانی  لەناوچەکەدا .

# بەشی دووەم

## ئاڕاستەکانی گەشەی دانیشتوان  لە شاری ڕانیە

**باسی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان  لەشاری ڕانیە**

**باسی دووەم: زیاد بوونی سروشتی لەشاری ڕانیە**

**یەکەم- لە دایک بوون**

**دووەم – مردن**

**باسی سێیەم: کۆچ  لەشاری ڕانیە**

**یەکەم- کۆچی ناوخۆیی**

**دووەم- کۆچی نێودەوڵەتی**

## باسی یەکەم

## قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان لەشاری ڕانیە

دیاردەی گۆڕانی دانیشتوان لەدیارترین دیاردە دیمۆگرافیەکانی سەردەمی هاوچەرخە، ویەکێکە لەو بابەتە مەترسی دارانەی کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بۆتەوە، بەهۆی پەیوەندی گۆڕانی دانیشتوان بەسروشتی جوڵانەوەکەی کەزیادبوون یان کەمبونە.[١]مەبەست لەگەشەی دانیشتوان گۆڕانی قەبارەی دانیشتوانە پاڵپشت بەزیادبوونی سروشتی وکۆچ [٢]. لەڕاستیدا ئەمڕۆ دانیشتوانی جیهان بەقۆناغێکی دیمۆگرافی جیاوازدا تێدەپە ڕێت ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لەخێرایی گەشەی دانیشتوان لەلایەک ودروستبوونی ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای ئەم گەشەکردنە لەسەرچەندین گۆڕانکاری دیمۆگرافی ،ئابوری، ،سیاسی .... لەلایەکی ترەوە[٣] وەک ئاشکرایە دورایی بایەخی تایبەتمەندییە دیمۆگرافیەکانی هەرهەرێمێک یاخود ناوچەیەک ،بەبێ تاوتوێکردنی قەوارەی هەرێمەکە یان شارەکە هەروەها بەبێ ڕەچاوکردن ولێکدانەوەی ئەوفاکتەرانەی پەیوەندیان بەپەیدابوون وگەشەکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەوهەرێمیە وە هەیە هەیە دەرناکەوێ[٤]

لەم گۆشەنیگایەوە لەئێستادا یەکێک لەسیماکانی سەردەمی نوێ زۆربوون وگەشەکردنی دانیشتوانی شارەکانە، بەقەبارەو شێوازی جیاواز کەگەشەکردنیان زادەی چەندین فاکتەری لە یەکتری جیاوازە[٥]،بەشێوەیەک گەشەی دانیشتوانی شارەکان بەتایبەت لەووڵاتانی تازە پێگە یشتوو بۆتە هۆی دروست بوونی چەندین کێشەی جۆراوجۆری ئابووری وکۆمەڵایەتی کەلەتوانای شاردا نیە پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات[٦]، ئەمەش سەرئەنجام وای کردووە

---

(١)نشوان شكرى هرورى، سكان محافظة دهوك(١٩٤٧-٢٠٠٦)،إتجاهات النمو وطبيعية التوزيع(دراسة جغرافية-كارتوجرافيةوفق المناهج البحثية المعاصرةونظم المعلومات الجغرافية(Gis ) مطبعة الحاج هاشم ،أربيل، ٢٠١٢، ص٩٢.

(2) Lan Thomas, Population Growth, Macmillan Education Limited, Printed in Hong Kong 1980,p2, بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :نزار سور شمعون آل منو، التباين المكاني لنمو سكان ناحيتي منصور و بغداد (١٩٧٧-١٩٩٧) رسالة ماجستر، كلية التربية-ابن رشد، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٥، ص٣٤

(٣)خليل اسماعيل محمد، السكان والمسألة السكانية في كردستان العراق، مصدر سابق، ص٣ .

(٤)خەلیل ئیسماعیل محمەد، کاریگەری گەشەی شارستانی دانیشتوان لەسەر تایبەتمەندیە دیموگرافیەکانی شاری زاخۆ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ژمارە (٣) ساڵی سیانزەیەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ٦٦ .

(٥)ئاڤان مەحمود محەمەد و ئەوانی تر، گەشەکردنی دانیشتوانی شاری سلێمانی، کتێبی سلێمانی، چاپخانەی شیڤان، ٢٠٠٤، لا١١٥ .

(٦)احمد سامى الدعبوسى، الإنفجار السكانى، ط١، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٨، ص٨٥ . هەروەهابڕوانە : شادى نيسم جبير، المشكلات السكانية، ط١، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٧، ص١١-٢٦ .

کەسەرنج و دیدوتێڕوانینی پسپۆرە جیاوازیەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێ، بەتایبەت پسپۆڕانی دیمۆگرافیا و جوگرفی ناسانی دانیشتوان و پلان داڕێژەران کەگرنگی زۆر بەم بابەتە بدەن[1]

بێگومان لەگەڵ ئەو بەرزبوونەوە شارنشینیەی کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕویداوە، شاری ڕانیەش دانیشتوانەکەی بەدرێژایی ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧ـــ ٢٠١٦) بە ئاڕاستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە ، سەبارەت بە جوگرافیای دانیشتوان تەنها کاری دیار یکردنی قەبارە و گەشەی دانیشتوان نیە ،بەڵکو گرنگترین ئەو هۆکارانەش ڕون دەکاتەوە کە کاریگەرییان لەسەر ئەو گەشەکردنە داناوە [2]. لەبەرئەوە لەم باسەدا پەنا دەبەینە بەر بەکارهێنانی ئەنجامە گشتیەکانی سەرژمێری ،چونکە بۆزانینی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان و ژمارە وقەبارەی دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەرژمێری سەرچاوەی سەرەکیە بۆزانینی گۆڕانکاریەکانی ژمارەی دانیشتوان لەنێوان دووسەرژمێری [3] لەگەڵ ئەوەی ئەوسەرژمێریانەی ئەنجام دراون هەڵەوکەم وکورتیان تێدایە، چونکە زۆربەیان لەبارودۆخێکی نائارام ئەنجام دراون[4].بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە گرنگیان نیەوناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێ، چونکە تاڕادەیەک وێنەیەکمان پێدەدەن لەبارەی شێوە وجۆری ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەماوەی نێوان ساڵانی سەرژمێری و ئامارە کاندا بەسەر قەبارەو گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیەدا هاتووە.

سەبارەت بەقەبارەو ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدرێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە، بەرزبونەوە و نزمبونەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە ، بۆیە بەمەبەستی زانین و خستنەڕووی ئەوگۆڕانکاریانەی کەبەسەر ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیەدا هاتووە وبەراوردکردنی بەقەزای ڕانیە بەگرنگمان زانی دابەشی بکەین بۆ چەند قۆناغێک، بەڵام پێش ئەوەی باسی قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوانی شارەکە بکەین بەبێ شیکردنەوە بۆ داتاکان وچونە ناو جەوهەری بابەتەکە ،پێویستە تیشک بخەینە سەر ئاڕاستەکانی زیادبوونی قەبارەیی دانیشتوانی شارەکە. بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە(١)بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەماوەی نێوان (١٩٥٧-٢٠٠٩) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەک لەساڵی ١٩٥٧ دانیشتوانی شاری ڕانیە ڕێژەی زیاتر (٧٪) کۆی دانیشتوانی

(١) يونس حمادى على، مبادئ علم الديمغرافية، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٥، ص٩٢

(٢)بێستون ئەحمەد حسێن، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوان بوونی ڕووبەری قەڵادزێ ،سەرچاوەی پێشوو. ل٣٨ .

(٣)پێشڕەو سەمەد تۆفیق، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دانیشتوانی شاری ڕانیە، لێکۆڵینەوەیەک لەجوگرافیای شار، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٩ ل١٤ .

(٤)خليل اسماعيل محمد، كردستان العراق في ضوء التعدادات السكانية ، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠١١، ص٩-١٠ .

قەزاکە ونزیکەی (٦٨٪) کۆی دانیشتوانی شارنشینی قەزاکەی لە خۆگرتوە ،بەڵام بەسەرنج دان لەساڵی ١٩٦٥ دەبینین ڕێژەی


شار لەکۆی قەزای ڕانیە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا نەهاتووە ،بەڵام لەکۆی شارنشینی قەزاکە نزم دەبێتەوە بۆکەمترلە (٥٨٪)،لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەڕێژەی شار لەکۆی قەزا نەگۆڕاوە.

**خشتەی ژمارە ١ ڕێژەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەکۆی قەزای ڕانیەو شارنشینی قەزا (١٩٥٧-٢٠١٦)٪**

| ساڵ | دانیشتوانی شاری ڕانیە | ڕێژەی شار لەکۆی قەزای ڕانیە | ڕێژەی شار لەکۆی شارنشینی قەزا |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٢٦٦١ | ٧,٣٧ | ٦٧,٩٦ |
| ١٩٦٥ | ٣٥٤٨ | ٧,٥٥ | ٥٧,٧٤ |
| ١٩٧٧ | ٨٧٨٦ | ١٦,٤٦ | ٤٧,٤٧ |
| ١٩٨٧ | ٢٧٧٠٠ | ٣٥,٩٤ | ٥٥,٤١ |
| ٢٠٠٢ | ٦١٣٢٧ | ٣٧,٧٥ | ٤٨,٣٨ |
| ٢٠٠٩ | ٧٤٠٩٣ | ٣٨,٤٧ | ٤٣,٥٦ |
| ٢٠١٦ | ٩١٥٤٧ | ٣٨,١٤ | ٤٢,٨٨ |

سەرچاوە: بەپشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە (٢)

**شێوەی ژمارە ١ ڕێژەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەکۆی قەزای ڕانیەو شارنشینی قەزا (١٩٥٧-٢٠١٦)٪**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١)

هەروەها لەساڵی ١٩٧٧ بۆمان دەردەکەوێت دانیشتوانی شار ڕێژەی لەکۆی قەزای ڕانیەو شارنشینی قەزاکە بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێک گەیشتۆتە (١٦,٤٦٪) قەزا وە (٤٧،٤٧٪) شارنشینی قەزاکە.

سەبارەت بەساڵی ١٩٨٧ ڕێژەی دانیشتوانی ڕانیە بەرامبەر بەهەریەک لە قەزای ڕانیەو شارنشینی قەزاکە بەردەوام دەبێت لەبەرزبوونەوە، بەشێوەیەک دەگاتە(٣٥,٩٤٪) قەزاو(٥٥,٤١٪) ی شارنشینی قەزاکە.ئەگەرتیشک بخەینە سەرساڵی(٢٠٠٢)دەبینین ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرامبەر قەزای ڕانیە بەرزدەبێتەوە، بەشێوەیەک ڕێژەکەی دەگاتە نزیکەی (٣٨٪) قەزا، بەڵام ڕێژەکەی بەرامبەر شارنشینی قەزا نزم دەبێتەوە بۆ (٣٧، ٤٨٪).

سەبارەت بەساڵی ٢٠٠٩ ڕێژەی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەرامبەر بەقەزای ڕانیە جێگیری بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێک ڕێژەی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەرامبەر بەقەزای ڕانیە دەگاتە (٣٨,٤٨٪) ، بەڵام لەبەرامبەر شارنشینی قەزاکەدا نزم دەبێتەوە بۆ (٤٣,٥٦٪) هەروەها ساڵی ٢٠١٦،ڕێژەی شاری ڕانیە بەرامبەربە قەزای ڕانیەو شارنشینی قەزاکە گۆڕانکاری وای بەسەردا نەهاتووە ، بەشێوەیەک ڕێژەی شار لەکۆی قەزای ڕانیە (٣٨,١٤٪) بوە لەبەرامبەردا شارنشینی قەزاکە (٤٢,٨٨٪) پێکهێناوە، هۆکاریئەمەش ئەوەیە کەڕێژەکان گۆڕانکاریان بەسەردا نەهاتوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەداتاکانی ساڵی( ٢٠١٦) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕانیە بەشێوەی پێشینی ( داشکان ) دەرهێنراوە، بۆئەم مەبەستەش پشت بەستراوە بەداتاکانی ساڵی ٢٠٠٩ ڕابردوو.

لێرەوە تیشک دەخەینە سەر ئاڕاستەکانی گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە وە گرنگترین ئەو هۆکارانەش دەخەینەڕو کەکاریگەریان کردۆتە سەر بەرزبونەوە ونزمبونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە لەقۆناغێکەوەبۆقۆناغیکی تر، بۆئەم مەبەستەش بەپشت بەستن بەسەرژمێریەکانی عێراق گەشەی دانیشتوانی ڕانیەمان دابەشکردوە بۆ شەش قۆناغ:

**قۆناغی یەکەم ١٩٥٧ــ ١٩٦٥:**

سەبارەت بەگەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەبەراووردکردنی لەگەڵ گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی هەریەک لەقەزای ڕانیەو شارنشینی قەزاکە ، بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەویَ شاری ڕانیە لەماوەی ئەم قۆناغەدا بەڕێژەی (٣,٦٪) گەشەی کردوە،لەڕاستیدا هۆکاری ئەم گەشەکردنە وەک یەکێک لەهۆکارە گرنگەکانی پەیوەندی دار بەگەشەی دانیشتوانی شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی سروشتی و کۆچی گوندنشینەکان بەرەوشارەکە،شایانی باسە کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شاری ڕانیەیەکێک لەهۆکارەکانی دروست کردن ودامەزراندنی چەندین بیناوفەرمانگەی کارگێڕی بوو لە شارەکەدا.

**خشتەی ژمارە ٢ ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری ڕانیەوقەزای ڕانیەوشارنشینی قەزا (١٩٥٧ـ٢٠١٦)٪**

| ماوە | شاری ڕانیە | قەزای ڕانیە | شارنشینی قەزا |
|---|---|---|---|
| ١٩٦٥-١٩٥٧ | ٣,٦ | ٣,٣ | ٥,٧ |
| ١٩٧٧-١٩٦٥ | ٧,٨ | ١ | ٩,٦ |
| ١٩٨٧-١٩٧٧ | ١٢,١ | ٣,٧ | ١٠,٤ |
| ٢٠٠٢-١٩٨٧ | ٥,٤ | ٥ | ٦,٣ |
| ٢٠٠٩-٢٠٠٢ | ٢,٧ | ٢,٤ | ٤,٢ |
| ٢٠١٦-٢٠٠٩ | ٣,٥ | ٣,٧ | ٣,٨ |
| ٢٠١٦-١٩٥٧ | ٥,٨٥ | ٣,١٨ | ٦,٦٦ |

سەرچاوە: بەپشت بەستن بەپاشكۆی ژمارە (٢).

**ڕێژەی گەشەی دانیشتوان دەرهێنراوە بەپشت بەستن بەم هاوكێشە لای خوارەوە:**

$$r = \left\{T\sqrt{\frac{p1}{p0}} - 1\right\} \times 100$$

**Y**: ڕێژەی گەشەی ساڵانە.

**T**: ژمارەی ساڵەكانی نێوان دوو سەرژمێری.

**P1**: ژمارەی دانیشتوان لەدواین سەرژمێریدا.

**P0**: ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێری پێشوو. بروانە:

- John I Clarkk, Population Geography, 2nd Edition, Pergaman Press .Oxford, 1972, P146.

**شێوەی ژمارە ٢ ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری ڕانیەوقەزای ڕانیەوشارنشینی قەزا (١٩٥٧-٢٠١٦)٪**




سەرچاوە: بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٢)

لەلایەن حکومەت باڵەخانەکانی ( خانەی داد ، نەخۆشخانە ، کارەبا ، کشتوکاڵ ، تۆماری خانو) [١] بەڵگەش بۆکۆچی گوندنشینەکان لەم قۆناغەدا ئەوەیە پوختەی کۆچ پۆزەتیف بو (٠،٣٪ )[٢] ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کۆچ بۆشاری ڕانیە کراوە، لەگەڵ گرنگیدان بە هەریەک لەبوارەکانی خوێندن ،تەندروستی ، خزمەتگوزاریەکانی ئاو،کارەبا،بێگومان ئەمانە کاریگەریان کردە سەر ڕاکێشانی بەشێک لەگوندنشینان بۆناو شارەکە،چونکە زۆربەی خزمەتگوزاریەکان لەم شارەدا کۆببونەوە لەبەرامبەردا لادێکان لەڕووی خزمەتگوزاریەوە زۆردوا کەوتووبون.

ئەگەر ئاماژەیەک بەبەراوردکردنی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بکەین لەگەڵ ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی هەریەک لەقەزای ڕانیە و شارنشینی قەزا دەبینین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شـاری ڕانیە بەڕێژەی (٠،٣٪ ) لەقەزای ڕانیە زیاترە وە بەجیاوازی (٢،١٪) لە شارنشینی قەزاکە کەمترە بڕوانە شێوە ژمارە (٢).

---

(١)هانـا عەلـی حە مە، ڕانـیە ١٩٥٨-١٩٩١ تـوێژینەوەیەکی مێـژوویيە لەبـارودۆخی (سیاسـی، کـارگێری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشـنبیری وئـابوری)، نـامەی ماسـتەر ، فاکـاڵتی زانسـتە مرۆڤایەتیەکـان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە .٢٠١٦، ل٢٩-٣٧

(٢)بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢) لە ل٨٠ .

بێگومان هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ڕەوشی سیاسی ناوچەکە بەهۆی ڕودانی جەنگوململانێکانی نێوان کوردوحکومەتی عێراقی کەکوردستانی گرتەوە،وەک شۆڕشی کورد (ئەیلول) لەساڵی١٩٦١ بەردەوام بو تا ساڵی١٩٧٠، ناوچەی لێکۆڵینەوەش بەهۆی بونی زنجیرە شاخی سەخت وبەرزو دۆڵی قوڵ وتەنگەبەرونزیکیناوچەکە لەچیاکانی قەندیل وسەرکردایەتی شۆڕشی کورد ببوو بەناوچەیەک بۆئەنجام دانی کارو چالاکیەکانی پێشمەرگە و پاڵپشتی و پشتیوانیان لەچەندین بواری جیاوازەوە، لەو گۆشە نیگایەوە دەکرێت بڵێین بەهۆی کۆنترۆڵکردنی ناوچە شاخاویەکان لەلایەن شۆڕشی کوردوناوچە دەشتاییەکان لەلایەن حکومەتی عێراق ئەمەی وای کردبو کەخەڵکی ئەم ناوچەیە زۆربەی کات خۆیان لەسەرسەرژمێری بشارنەوە،ئەم بارودۆخە خراپەش بوبەهۆکاری ئەوەی حکومەت نەتوانێت سەرژمێری ساڵی١٩٦٥ بەتەواوی ئەنجام بدات،ئەمەش کاریگەری کردە سەر دروست بوونی کەمو کورتی لەداتاو ئاماری تایبەت بەشاری ڕانیە [1]. بیگومان فاکتەری ڕامیاری کاریگەری لەسەرکۆچ پێکردنی دانیشتوانی گوندنشینەکان هەبوە بەرەوسەنتەرەشارنشینەکان، بەتایبەت دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول ژمارەکان تاڕادەیەک زۆر بەخەملاندن دانراون [2]

**قۆناغی دووەم ١٩٦٥ ــ ١٩٧٧**

لەم قۆناغە دا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی (٨٪)،واتە لەم قۆناغەدا شاری ڕانیە بەجیاوازی (٤٪) بەراورد بەقۆناغی پێشووی، گەشەی کردووە. ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی گەشەکردنە لەڕووی دیموگرافیەوە، هەربۆیە پێویستە لێرەدا تیشک بخەینە سەر ئەوەی هەرچەندە کەلەم ماوەیەدا شاری ڕانیەو تەواوی قەزای ڕانیە کاریگەربون بەڕوداوە سیاسیەکان وڕێژەی گەشەی ساڵانەی بەرزبۆتەوە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لەتایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە بەنسبەت ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوەیە شارەکە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی بەراوورد بە قەزای ڕانیە بەرزبووتەوە،بەجۆرێک ڕێژەی قەزا (١٪) بووە واتا شاری ڕانیە بەجیاوازی نزیکەی (٧٪) لەقەزای ڕانیە بەرزترە ، بێگومان بەرز بوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم قۆناغەدا بێ هۆکار نەبووە بەڵکو چەند هۆکارێکی لەپشتەوە بووە،

١: یەکێک لە هوکارەکان ئەوەیە کە لەدوای ڕێککەوتن نامەی جەزائیر لەنیوان عیراق وئێران لەسالی١٩٧٠ حکومەتی عێراق لەژێرکاریگەری ئەم ڕێکەوتن نامەیە یەکسەر بەپەلە هەوڵی دا

---

(١)خلیل ئیسماعیل محمد، جوگرافیای دانیشتوان، کتێبی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٧٨-١٧٩ .

(٢)خەلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرژمێری دانیشتوان لەعێراق دا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٤) ساڵی چوارەم، هەولێر، ١٩٩٦، ل٤٩ .

پشتێنەیەکی ئەمنی بەدرێژایی سنورەکانی لەگەڵ ئێران و تورکیا و سوریا جێبەجێ بکات ئەم پشتینەیەش بەناو خاکی هەریمی کوردستانی عێراق دا تێدەپەڕی لەهەندیک شوێن تا ٣٠کم شۆڕدەبێتەوە[١]. هەربۆیە بەپێی خاڵەکانی ئەم رێکەوتن نامەیە حکوومەتی عێراق بەبیانوی پشتێنەی ئەمنی دەستیکرد بەڕاگواستنی دانیشتوانی گوندە سنوریەکان و نیشتەجێ کردنیان لەئۆردوگا زۆرە ملێکاندا [٢]هەروەها هەژمارکردنی سوپای عێڕاق لەسەرژمێری ١٩٧٧ لەگەڵ دانێشتوان وەنیشتەجێ کردنی گوندنشینەکان لەناوئۆردوگای ڕانیە کەئێستا گەڕەکێکی گەورەی شاری ڕانیەیە بەناوی ڕاپەڕین.

٢: یەکێکی تر لە هۆکارەکان ئەوەیە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەبەرئەوەی سەنتەری کارگێڕی قەزای ڕانیەیە لەبەرئەوە بەردەوام دام ودەزگای تازە وجۆراوجۆری لێی کراوەتەوە وەک (ڕێگاوبان، ڕۆشنبیری لاوان ،کتێبخانەی ڕانیە ،بانک ، ئاماری ڕانیە.....[٣]. ئەمەش کاریگەری خۆی هەبووە لەڕاکێشانی دانیشتوانی شارۆچکە بچوکەکان وگوندنشینەکانی دەوروبەری شاری ڕانیە بۆناو شارەکە ،چونکە دانیشتوان بۆ دامەزراندن لەو دام و دەزگایانەو کارکردن لەشارەکەدا ناچاربون بێنە شارولەڕانیە نیشتەجێبن،بێگومان ئەمەش هاوشێوەی هۆکارەکانی تر کاریگەری هەبوە لەسەر گەشەکردنی دانیشتوانی شارەکە لەوماوەیەدا،هەروەها پوختەی کۆچ لەو قۆناغەدا نزیکەی(٧٪) [٤] ئەمەش ئاماژەیە بۆ کۆچی گوندنشینەکان بەرەوڕانیە .

٣: وەک لەناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ئاماژەمان پێدا یەکێک لەهۆکارەکانی تر ئەوەیە کە شوێنی جوگرافی ئەم شارە گرنگیەکی مێژوویی و بازرگانی وستراتیجی هەیە، بەشێوەیەک ناوچەیەکی گرنگ بووە بۆ ئاڵوگۆڕکردن وکۆبوونەوەی بەرهەمە جیاوازو کاڵا جۆراو جۆرەکانی ناوچەی شاخاوی ودەشتاییەکان لەلایەک ،نێوان وولاتی عێراق وئێران لەلایەکی ترەوە. بێگومان گەشەکردنی ئابوری وبازرگانی لەناوچەکەدا کاریگەری ورۆڵی خۆی هەبووە لە ڕاکێشانی دانیشتوان بەرەوئەو شارە دواتر بو بەهۆکاری گەشەکردنی دانیشتوانی شارەکە، لەهەمان کاتدا زۆربەی گوندەکانی ناوچە شاخاویەکان ڕوبەڕوی بۆردومانکردنێکی

(١)خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لێک جیاکردنەوەی شوێنی شالاوەکانی ئەنفال لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٤)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٦٩ .

(٢) چیا، ڕاگواستنی ناوچە سنوریەکانی کوردستانی عیراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٢) ساڵی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٣، ل ١١ــ١٢ ، ٢٢.

(٣) هانا عەلی حە مە، ڕانیە ١٩٥٨-١٩٩١ توێژینەوەیەکی مێژووییە لەبارودۆخی (سیاسی، کارگێڕی، کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری وئابوری) ،سەرچاوەی پێشوو ،ل٢٩-٣٧.

(٤) بروانە خشتەی ژمارە (١٢) لە ل٨٠ .

توندی ئاسمانی بونەوە بەهۆی ڕووداوەکانی شۆڕشی کورد، ئەمەش بوو بەهۆی کۆچ پێکردنی ناوخۆی ژمارەیەک لەخێزانە گوندنشینەکان و جێگیرکردنیان لەشاری ڕانیە.

**قۆناغی سێیەم ١٩٧٧ــ١٩٨٧**

ئەم قۆناغە هاوشێوەی قۆناغەکانی پێشوو گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە لەم ماوەیەدا دانیشتوانی شاری ڕانیە بەڕێژەیەکی بەرچاو وبەرز بەئاڕاستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە، ئەگەر ئاماژەیەک بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بکەین، بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت شاری ڕانیە بەڕێژەی لە (١٢٪) ساڵانە گەشەی کردوە، کەبەرزترین ڕێژەی گەشەکردنە لەتەواوی ماوەی لێکۆڵینەوە، لەهەمان کاتدا ئەگەر بەراوردی بکەین بەقۆناغی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت شارەکە گەشەی زۆری، کردوە هەروەها ئەگەر بێت وئەم ڕێژەی گەشەکردنە بەراورد بکەین بەهەریەک لەقەزای ڕانیە وشارنشینی قەزاکە بۆمان دەردەکەوێت شاری ڕانیە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی بەجیاوازی (٨٪) لەقەزای ڕانیە زیاترە هەروەها بەنزیکەی (٢٪) لەشارنشینی قەزا بەرزترە. دەکرێت هۆکاری ئەم گەشە کردنە بەرچاوە بۆ ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بگەڕێنەوە:

١. ئەم قۆناغە بەمەترسیدارترین قۆناغ دادەنریت لە خاپورکردنی گوند وشارۆچکەکانی کوردستان،لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق بۆبەدیهێنانی ئامانجەکەی هەموو شێوازێکی دڕندانەی بەکارهێنا [1].
٢. شەڕی هەشت ٨ ساڵەیحکومەتی عێراق وئێران کەلەساڵی ١٩٨٠ دەستی پێکرد،وەک ئاشکرایە پارێزگای سلێمانی بەهۆی شوێنە جوگرافیەکەی کەهاوسنوورە لەگەڵ ئێران زۆرترین پڕشکی ئەوشەڕە کاولکاریەی بەرکەوت ئەمەش بو بەهۆکاری ئەوەی حکومەت ئەودەرفەتە بقۆزێتەوە وهەستێ بەئەنجامدانی گواستنەوەی دانیشتوانی ئەوناوچە،بەشێوەیەک دانیشتوانەکەی بەسەر شاروشارۆچکە جیاجیاکانی کوردستان پەرش و بڵاوکردەوە، بەشێکی زۆریش لەخەڵکی ئەو ناوچانە ڕوویان لەڕانیە کرد[2].
٣. ڕاگواستنی گوندنشینەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ دەوروبەری شاری ڕانیە وەک لەساڵی ١٩٧٧ لەناحیەی ناودەشتی سەر بەقەزای پشدەر دانیشتوانی (٢٦)

---

(١)سلێمان عەبدوڵڵا، ڕاگواستنی گوندنشینان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (١٢) ساڵی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٠٧ .

(٢) بروانە أ- بيان على حسين، التحليل الجغرافى لإتجاهات النمو الحضرى في محافظة السليمانية، اطروحة دكتوراه،(غيرمنشوره) كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، ٢٠٠٨، ص٦١ .
ب-ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل، تەعریب، تەبعیس)، چاپی دووەم، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢٠٦ .

گوندی بۆ نزیک شارەکانی هەولێرو ڕانیە ڕاگواست ولە ساڵی ١٩٧٨ دووبارە هەر لە ناحیەی ناودەشت دانیشتوانی (١٣) گوندی تر بۆ نزیک ڕانیە ڕاگوازران، هەروەها لەساڵی ١٩٨٥ حکومەتی عێراق لەسنوری پارێزگای سلێمانی (١٣٠) گوندی وێرانکرد لەوانە (١٨) گوندیان سەر بەقەزای ڕانیە بوون کەبەشێکی زۆریان ڕوویان لەناو شاری ڕانیە کرد[1].

٤. یەکێکی تر لەهۆکارەکانی بەرزی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەوماوەیەدا بریتیە لەبەرزی ڕێژەی لەدایکبوون لەساڵی ١٩٨٧کەزیاتر(٤٠) لەهەزارا بووە کەمی مردن کە زیاتر(٢) لەهەزارا بوە .بێگومان ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی لەدایکبونە کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەریەکی بەرچاوی هەبووە لەگەشەکردنی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

٥. یەکێک لەهۆکارەکانی تری بەرزی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەوماوەیەدا بریتیە لە کۆچی گوندنشینەکانی قەزای ڕانیە بەرەو شاری ڕانیە، چونکە لەوماوە یەدا پوختەی کۆچ پۆزەتیف بوە بە زیاتر لە(٨ ٪) ئەمەش خۆی لەخۆی ئاماژەیە بۆ کۆچی گوندنشینە کانی قەزای ڕانیە بەرەو شاری رانیە[2].

٦. سەرەڕای ئەوەی خرایە ڕوو لەساڵی ١٩٨٧بەهۆی هەلومەرجی شەڕەوە بەشێکی زۆری ئەنجامی سەرژمێریەکان ئومێد بەخش نەبون، بەتایبەت سەبارەت بەپارێزگای سلێمانی وشاری ڕانیە لەلایەک، لەلایەکی ترەوەبەسەرهاتەکانی وێرانکردنی شارو شارۆچکەکان وڕاگواستنی خەڵک لەوماوەیەدا کارێکی وایانکردوە ئەنجامەکانی سەرژمێری ساڵی ( ١٩٨٧ ) بەراورد بەسەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) لەدەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی دابەش بوونی جوگرافی ودیمۆگرافی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای سلێمانی و ڕانیە بەتایبەت زۆرکڵۆڵ و بێ دەرەتان بن وکەموکورتی وناڕوونیان پێوە دیاربێت[3]. دیارە لەم قۆناغەدا وێرانکاری زۆر بە سەرکوردستان بەگشتی وناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی دا هاتوە لەبەرئەوە لە ساڵانی ١٩٧٨ – ١٩٧٩ ئەو قەزایانەی هاوسنوری ڕانیەن وەک قەزای پشدەر لەناحیەکانی

---

(١)مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەلایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لەعێراق لەسەردەمی بەعسدا، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان،سلێمانی ، ٢٠٠٤، ل١٣١ــ ١٣٨ .

(٢)بڕوانە :آ/جاسم محەمەدمحەمەدعەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەش بوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا ،چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٨٩ . ب/ بڕوانە خشتەی ژمارە(١٢)ل٨٠ .

(٣)خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شیکردنەوەیەکی جوگرافی دانیشتوانی سەنتەرە شارنشینەکانی پارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٤) ساڵی پێنجەم، سلێمانی، ١٩٩٧، ل١١ .

(سـەنتەرو هێرۆ و ناودەشـت) ١٤٢ گونـدو ٤٥٩٤ خێـزان کەژمارەیـان ٢٦٦١٥ کەس بـووە بەشـێکی زۆریـان ڕاگـوێزراون بـۆ نـاو ڕانـیە. هەر لەوسـاڵەدا لەقەزای دوکـان ناحیەی مەرگە کەهاوسنوری ڕانیە ١٢ گوندو١١٢٠ خێزان و ٦٤٦٦ کەس ڕاگوازران کەبەشێکیان ڕوویان لەشاری ڕانیە کردوە، هەروەها لەساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٦ جارێکی تـر لەقەزای پشـدەر لەناحیەکـانی سـەنتەر وناودەشـت ٤ گونـدو (٩٩) خێـزان و٥٧٤ کەس ڕاگـوێزران، وەلەسـاڵانی ١٩٨٠-١٩٨٦ لەقەزای دوکـان لەنـاحیەی چنـاران و مەرگە ٢١ گوندو (١٦٨٠) خێزان و ٨٧٣٨ کەس ڕاگوازران، ئەو ناحیانەی ئاماژەمان پێ دان هەموویـان سـەر بەقەزاکانی دوکـان و پشـدەرن کەهاوسـنورو نـزیکن لەگەڵ قەزای ڕانیە بۆیە بەشێکی زۆریان ڕوویـان لەنـاو شـاری ڕانیە کـردووە، بەجۆرێک کەلەسـاڵی ١٩٨٦دا (٥٠٠) خێـزان کەژمارەیـان ٢٦٢٥ کەس بـوون ڕوویـان لەرانـیە کـردووە، هەروەهـا لەسـاڵی ١٩٨٧(٦٠٩) خێزان کە٣٥٣٢ کەس بـوون ڕوویـان لەنـاو شـاری ڕانیەکـردوە [1] بێگومـان ئەم ڕاگواسـتنەش کـاریگەری هەبووە لەسەرگەشـەی دانیشتوانی شارەکە.

**قۆناغی چوارەم ١٩٨٧ــ ٢٠٠٢**

ئەم قۆنـاغە بەیەکێـک لەگرنگتـرین و تایبەتمەنـدترین ئەو قۆناغـانە دەژمێردرێـت کەشـاری ڕانـیە پیایـدا تێپەڕیـوە، چـونکە لەم مـاوەیەدا شـارەکە دوو دەسـەڵاتی جیـاوازی بەخۆیەوە بینیوە، دەسـەڵاتێک لەلایەن ڕژێمی بەعسـی ڕووخـاوە وبەردەوام دانیشـتوانەکەی چەوسـێنراوەتەوە و تـۆقێنراوەو زوڵمـی لێکـراوە و لەزێـدی خۆیـان دەربەدەرکـراون، فەرمـانڕەوایی ئەم دەسـەڵاتە تـا مـانگی سـێی سـاڵی ١٩٩١ درێـژەی کێشـا ئەمە لەلایەک، لەلایەکـی تـرەوە لە ١٩٩١/٣/٥ شـاری ڕانـیە و خەڵکـی کوردسـتان وپێشـمەرگە توانیـان داستانێکی گەورەو مێژوویەکی پڕ سەروەری بۆ خۆیان وگەلی کورد تۆمار بکەن، ئەویش ئەوە بـوو کەیەکەمـین بڵێسـەو پریشـکی شـۆڕش وراپەڕینـی کـورد و ئـازادکردنی خـاکی کوردسـتان لەداگیرکەران لەو شـارەوە دەسـتی پێ کرد، ئەمەش وای کـرد کەشـارەکە وەک یەکێک لەشـارە گرنگەکـان لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆیی بناسـرێت، ئەمەش بـوە هۆکـاری ئەوەی کەلە سـاڵی١٩٩١ ڕانـیە لەلایەن دەسـەڵاتی کـوردیەوە (حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان) بەڕێوەببرێت، بێگومان چەندین هۆکاری کاریگەر لەپشت هەڵبژاردنی ئەم شـارەوە بوون بۆ

(١) جاسم محەمەدمحەمەدعەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەش بوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی دا ،سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦-١٩٤ .

دەست پێ كردنی شۆرش وراپەرین[1] كەلێرەدا پێویست ناكات وكاری ئێمەش نیە ئاماژەی پێبدەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە گرنگی وپێگەو شوێنی جوگرافی شاری ڕانیەو ڕەهەندە دیمۆگرافی و كۆمەڵایەتی وئابووریەكەی وهاوشانی زۆرێك لەهۆكارەكانی تری وەك ڕووداوە سیاسیەكانی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە كاریگەریان هەبووە.

دەكرێت بڵێین ئەم قۆناغە بەدرێژترین قۆناغەكانی ماوەی لیكۆڵینەوە دەژمێردرێت كە پانزە ساڵی خایاندوە، چونكە لە دوای ساڵی(١٩٨٧) سەرژمێریەكی تایبەت بەناوچەی لێكۆڵینەوە نەكراوە، هەرچەندە لەو ماوەیەدا شاری ڕانیە لەڕووی دیمۆگرافیەوە گەشەی كردووە،بەڵام بەبەراورد بەقۆناغی پێشوو لەڕووی گەشەكردنەوە نزم بوونەوەیەكی تەواوی بەخۆیەوە بینیوە. بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٢) بۆمان ڕون دەبێتەوە ، ناوچەی لێكۆڵینەوە لەم قۆناغەدا بەڕێژەی (٥,٤٪) گەشەی كردووە ئەمەش ڕێژەیەكی بەرزە، بەڵام بەبەراورد بەقۆناغی پێشو نزمبۆتەوە، هەروەها گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەراورد بەهەریەك لەڕێژەی گەشەی دانیشتوانی قەزای ڕانیە وە شارنشینی قەزا دەبینین ناوچەی شارەكە بەجیاوازی (١٪) لەقەزای ڕانیە كەمترە، لەڕاستیدا نزم بوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەم قۆناغەدا بەراوردبە قۆناغی پێشوو دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆكارێك وەك ئەمانەی لای خوارەوە :

١- دەركەوتنی چەند سەنتەرێكی تری شارنشینی لە قەزاكە وەك دووبارەكردنەوەی چوارقورنە بەناحیە لەساڵی(١٩٩٢) ودەركەوتنی ناحیەی حاجی ئاوا لەساڵی (١٩٩٩)[2].بێگومان دروستكردنی ئەم شارۆچكە تازانە بوو بەهۆی كەمكردنەوەی پاڵەپەستۆی دانیشتوان لەسەر ڕانیە بەتایبەت ئەوگوندنشینانەی دەیانەویست بێنە شارەكە،ڕوویان لەوشارۆچكە تازانە كرد، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی ناوەندە شارەستانیەكانی تری هەرێم لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٧ بە شێوەیەكی زۆر نائاسایی زیادیانكرد.

---

(١) ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری(١٩٩١)لەباشوری كوردستان، لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسیە ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٧٧-٢٩٢.

(٢)عەبدوڵڵا غەفور،پێكهاتەی ئیداری لەهەرێمی كوردستان دا(١٩٩١-٢٠٠٨)چاپخانەی دهۆك،هەولێر،٢٠٠٨، ل١١

٢-: گەڕانەوەی بەشیک لەدانیشتوانە ڕاگوێزراوەکانی قەزای پشدەر کەپێشتر ئاوارەی شاری ڕانیە بوون بۆ زێدی خۆیان قەڵادزێ[1].

٣-: خراپی باری ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق، بەتایبەت لەماوەی ساڵانی نەوەدەکان خەڵک نەیتوانی لەشارەکاندا درێژە بەژیان بدات، بۆیە بەشێک لەوگوندنشینانەی کەپێشتر هاتبوونە شاری ڕانیە یان ڕاگوێزرابوون بۆ ناو شارەکە بەرەو گوندەکانیان دەگەڕانەوە، چونکە گوندەکانی قەزای ڕانیە کەمتر وێران کرابوون بەراورد بەقەزای پشدەر کەناوچەیەکی سنوریە، بەشێوەیەک تەواوی شارۆچکەکانی قەزای پشدەر لەساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ خاک یەکسان کران.

٤-: لێرەدا پێویست ئاماژە بەوە بکەین هەرچەندە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە بەبەراورد بەقۆناغی پێشوو کەمی کرد،بەڵام لەڕووی گەشەی دانیشتوانەوە ڕێژەکەی هەربەرزە کە زیاتر (٥,٤٪) ، بێگومان گرنگی پێدانی حکومەت بەشاری ڕانیە هاوشێوەی شارەکانی تری هەرێمی کوردستان کەلەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ڕووخا زەرەرو زیانی پێ کەوتووە، ئەم گرنگی پێ دانە خۆی دەبینێتەوە لەچاککردن و دابین کردنی چەند خزمەتگوزاریەکی جۆراوجۆر بەتایبەت ئەو خزمەتگوزاریانەی کەپەیوەندی گرنگیان بەژیانی خەڵکەوە هەیە وەک (ئاو، کارەبا ،پەروەردە ،خوێندن، تەندروستی، ڕێگاوبان ....) ئەمەش لەپێناو دووبارە گەڕانەوەی ئەو کەس و خێزانانەی کە ئاوارەی ناوچە دوورە دەستەکانی هەرێمی کوردستان و وولاتی ئێران ببون ئەویش لەڕێگای دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبون و دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەران و شەهیدان و خێزانە ئاوارەکان [2].

٥ :بەرزی ڕێژەی لەدایکبون لەشاری ڕانیە لەوماوەیەدا کاریگەری هەبوە لەسەر گەشەکردنی دانیشتوانی ناوچەکە، بەجۆرێک تێکڕای لەدایکبوون لەو شارەدا لەساڵی (١٩٩٠-٢٠٠٢) واتا بەدرێژایی ماوەی ١٢ ساڵ ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە کەزیاتر (٤١) بووە لەهەزارا وهەر لەو ماوەیەدا تێکڕای مردن ڕێژەیەکی نزمی تۆمارکردووە کە نزیکە ی(٢) لەهەزارا بوە، واتا زیادبوونی سروشتی زیاتر( ٣٩ ) لەهەزارا، بوە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢)، ئەمەش

---

(١)بێستون ئەحمەد حسێن،شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوان بوونی ڕووبەری قەڵادزێ، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٩ .بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عمر همزە سالح، ڕاگواستن لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژوویی و ڕاگواستنی زۆرە ملێی گوندنشینەکانی کوردستانە، (پشدەر وەک نمونەیەک)، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩، لا٢١١ .

(٢)حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە، بەشی کارگێڕی ، ڕانیە، ٢٠٠٢

ڕێژەیەکی بەرزی زیادبونی سروشتیە شاری ڕانیە لەم قۆناغەدا بەخۆیەوە بینیوە، بێگومان ئەم هۆکارەش هاوشانی هۆکارەکانی ترکاریگەری کردۆتە سەرگەشەی دانیشیوانی شارەکە.

٦: یەکێکی ترلەوهۆکارانەی کاریگەری هەبووە لەسەر ئاڕاستەی گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە ئەوەیە پێویستە بیرمان نەچێت لەساڵی ١٩٨٨دا بەهۆی دەسەڵاتی حکومڕانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو تاڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی گەلی کورد دژی ئەم ڕژێمە ڕاگواستن هەر بەردەوام بوو، لەبەرئەوە لەساڵی١٩٨٨ ڕژێمی بەعس هەستا بەڕاگواستنیشەش گوند لەناحیەی چوارقوڕنەی سەر بەقەزای ڕانیە بەناوەکانی (کورداو، قەسرۆک، کڵاوسوران، کاکلی کورداو، کانی تو ، قورەبەرازە) بۆ ناو شاری ڕانیە کەتێکرای خێزانە گوێزراوەکانی ئەم گوندانە ٩٦ خێزان بوو، هەروەها لەهەمان ساڵ دا دانیشتوانی( ١٦) گوندی تر کەژمارەیان (٦٢٥ ) خێزان لەناحیەی خەلەکانی سەر بەقەزای دوکان کەهاوسنوری قەزای ڕانیەیە ڕاگوێزران بۆناو ڕانیە[١]. بەڵام لەساڵانی ١٩٨٧ - ١٩٩٠ لەقەزای ڕانیە هەریەک لەناحیەکانی چوارقوڕنە وبێتواتە ( ١٠٣ ) گوند ڕاگوێزران کە ( ٤٤٠٦ ) خێزان بوو کەژمارەیان( ٢٥٥٧٠ )کەس بوو کەبەشێکیان ئاوارەی ڕانیە بوون، هەروەها لەقەزای دوکان لەناحیەی مەرگەو چناران( ٤٨ ) گوندو (٣١٣٧ ) خێزان و ( ١٨١٩٨) کەس بوو لەقەزای پشدەر( ٤٤ ) گوندو( ١٣٠٥) خێزان و( ٧٦٦٣ ) کەس ڕاگوێزران ئەم ناوچانە هاوسنوری ڕانیە بوون بۆیە بەشێکی بەرچاویان ڕوویان لەشاری ڕانیە کردووە کە ژمارەیان بریتیە لە٧٥٢ خێزان و٤٢٠٦ کەس بووە [٢]. بێگومان بەردەوامبونی ڕاگواستنی گوند نشینەکان کاریگەری هەبووە لەسەرگەشەی دانیشتوانی شارەکە

**قۆناغی پێنجەم ٢٠٠٢ــ ٢٠٠٩**

وەک ئاشکرایە ڕانیە لەم ماوەیەدا بەئاڕاستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە، بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە (٢) پێشوو بۆمان دەردەکەوێت شاری ڕانیە لەم ماوەیەدا بەڕێژەی گەشەی ساڵانە زیاتر(٢٪) گەشەی کردووە،ئەمەش ئەوە دەردەخات کەژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم قۆناغەدا بەهۆی کاریگەری زیادبوونی سروشتی و کۆچەوە بەردەوام بووە لەگەشەکردن، چونکە تێکڕای ڕێژەی لەدایک بوون لەساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٩ لەنێوان( ٣٠ــ ٣٣ ) لەهەزاربووە و مردن لەنێوان زیاتر لە ( ١ــ٣ ) بوە لەهەزارا بڕوانە

---

(1)Shorsh, M. Resool, Destruction of Anationopcit , printe in (USA) 1990, p 114 - 126.

(٢) جاسم محەمەد محەمەد عەلی ، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەش بوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦-١٩٤ .

پاشکۆی ژماره (١)، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کەهەردوو ڕەگەزی سەرەکی گەشەی دانیشتوان وەک زیادبوونی سروشتی وکۆچ کاریگەریان هەبووە لەسەر بەردەوام بوونی گەشەکردن وزیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە هاوشێوەی قۆناغەکانی پێشوو،بەڵام ئەگەر ئەم قۆناغە بەراورد بکەین بەقۆناغی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت گەشەی دانیشتوان لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەک بوە کە بەئاراستەی نزمبونەوە چووە لەهەمان کاتدا ڕێژەی گەشەکردنەکەی بەبەراورد بەڕێژەی گەشەی سالانەی قەزای ڕانیە بەجیاوازی کەمتر (١٪) لە قەزا و بەجیاواز (١٪) لە شارنشینی قەزاکە نزمبۆتەوە.

هۆکاری دابەزینی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری رانیە لەم قۆناغەدا بەراورد بەقۆناغی پێشوو دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە:

١: نزمبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون لەماوەی ئەم قۆناغەدا بەشێوەیەک لەدایکبوون لە (٤٠) لەهەزارا نزمبۆتەوە بۆ زیاتر(٣٠) لەهەزارا لەساڵی ٢٠٠٩ هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن بۆ (٣ ) لەهەزارا لەهەمان ساڵدا ، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

٢: حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا بەردەوام بو لەهەوڵدان بۆ بوژانەوەی لادێکان ودابینکردنی خزمەتگوزاریەکان، بەتایبەت لەبواری ڕێگاوبان، پەروەردە ،تەندروستی ، کارەبا... هەروەها پیادەکردنی بەرنامەی قەرزی کشتوکاڵی و خانووبەرەو کەلوپەلی کشتوکاڵی هانی زیاتری گوندنشینەکانی دا بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان، بەتایبەتی ئەو جوتیارانەی کە لە وەرگای ئاژەڵی وکشتوکاڵیان هەبووە، ئاشکرایە دەڤەری ڕاپەڕین دەوڵەمەندە بەزەوی بەپیتی کشتوکاڵی وسروشتی بەرزونزمی جیاوازی هەیە وژمارەیەکی بەرچاوی گوندی دەشتایی و شاخاوی لەخۆگرتوە ، لەبەرئەوە بەشێکی بەرچاودیار لەگوندنشینەکان کەلەماوەی قۆناغەکانی ساڵانی ڕابردودا لەژێرهەر هۆکارێک دا کۆچیان کردبوو بۆ شاری ڕانیە گەڕانەوە گوندەکانیان.[١]. وە پێویستە بیرمان نەچێت کەلەساڵانی ڕابردوو بەشێکی زۆر ئاوارە لەشوێنە جیاجیاکانەوە ڕوویان لەشاری ڕانیە کردبوو، بەتایبەت ئاوارەکانی شاری کەرکوک پەیتا پەیتا دەگەڕانەوە بۆ ناوچەو زێدی خۆیان، هەروها ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ کە لە ناوچەکانی سنوری پارێزگای هەولێر لەساڵانی پێشوو ڕوویان لەو شارە کردبوو پاش ئارام بوونەوەی باروذۆخەکە گەڕانەوە شارو شارۆچکەو گوندەکانی خۆیان[٢] بەڵام بەهۆی نەبوونی زانیاری و داتا دەربارەی ژمارەی

---

[١]حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی ڕانیە ،بەشی پلان دانان، ڕانیە، ٢٠٠٩

([٢]) حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە، بەشی کارگێڕی ، ڕانیە، ٢٠٠٩

خێزانەکان لەوماوەیەدا کەگەڕاونەتەوە زێدی خۆیان نەمان توانی ئاماژە بەهیچ ژمارەیەک و داتایەک بکەین ،بەڵام لەلایەکی ترەوە داتاکانی تایبەت بەژمارەی دانیشتوان لەهەردوو ساڵی (٢٠٠٢) و (٢٠٠٩) بەتەواوی ڕووی ڕاستەقینەی داتاکان پیشان نادەن، چونکە هەردووکیان بریتین لە گەمارۆسازی، چونکە لەساڵی(١٩٨٧)تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان سەرژمێریەکی ڕەسمی بەهەمو وردەکاریەکانیەوە ئەنجام نەدراوە،بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبوە لەوەی کەڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە تاڕادەیەک کەم و کورتی تێدا بێت.

٣: لەم قۆناغەدا سەنتەرێکی شارنشینی تازە بەناوی شارۆچکەی سەرکەپکان لەساڵی ٢٠٠٥ دروستبوو،کەبوو بەسەنتەری ناحیەی سەرکەپکان[١]، دروستبوونی ئەم سەنتەرە شارنشینە تازە لەوماوەیەدا کاریگەری کردە سەر کەمبونەوەی پاڵەپەستۆو کۆچی گوندنشینەکانی ناحیە کە بەرەو ڕانیە، چونکە بەشێک لەگوندنشینەکانی ناحیەی سەرکەپکان بۆئاسان گەیشتن و هەروەها لەبەرنزیکی کێڵگەولەوەڕگای ئاژەڵەکانیان لەشارۆچکەی سەرکەپکان ڕوویان کردەشارۆچکەکە ودەستیان بەنیشتەجێ بوون کرد

**قۆناغی شەشەم ٢٠٠٩ــ ٢٠١٦**

ئەم قۆناغەش بەیەکێک لەقۆناغە گرنگەکانی گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دادەنریت ، بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٢) بۆمان دەردەکەوێت شاری ڕانیە لەم قۆناغەدا بەڕێژەی گەشەی ساڵانەزیاتر (٣٪) گەشەی کردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کەدانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم ماوەیەدا بەئاڕاستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە.لەهەمان کاتدا ئەگەر ئەم قۆناغە بەراورد بکەین بەقۆناغی پێشوو بەجیاوازی نزیکەی(١٪)زیادی کردوە، لەهەمان کاتدا ڕێژەی گەشەکردنەکەی زۆر نزیکە لەڕێژەی هەریەک لەقەزای ڕانیەوشارنشینی قەزا .سەبارەت بەگەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەڕێگەی ئەو داتایانەی کە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕانیە بەشێوەی کێوماڵی بەدەستیهێناوە بۆمان دەردەکەوێت شارەکە گەشەی کردوە هەنگاوی، لەڕاستیدا گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ڕەوشی باردودۆخی سیاسی عێراق وهەرێمی کوردستان بەهۆی ڕوبەڕوبونەوەی شەڕی داعش ئەمەش وای کرد کەبەشێک لەدانیشتوانی عەرەب لەپارێزگاکانی ناوەڕاست بەهۆی شەڕی (داعشە )*وە لەو ناوچەیەدا ئاوارەی شاری ڕانیە بن کەژمارەیان (٤٥٤٠)

---

[٣]عەبدوڵلا غەفور، پێکهاتەی ئیداری لەهەرێمی کوردستان دا (١٩٩١-٢٠٠٨) ، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٧ .

کەس بوون کەڕێژەی نزیکەی (٥٪) دانیشتوانی شارەکەیان پێکهیناوە، کەلەپارێزگای (ئەنبار، موصل، دیالە، بەغداد، صلاح الدین ، بابل ، زیقار،کەرکوک) هاتوون. (١)

لەڕاستیدا دووری شوێنی جوگرافی شاری ڕانیە لەشەری داعش ئارامی و ئاسایشی و سەلامەتی ناوچەکە لەڕووی ئەمنیەوە لەهەمان کاتدا پاراستنی ئاوارەکان لەلایەن هێزەکانی ئەمنی شارەکە وهاوکاری کردنیان لەلایەن ئیدارەی ناوچەکە وگونجاوی کرێی نیشتەجێبون لەو شارەدا بەبەراورد بەشارەکانی هەولێروسلێمانی کە دەڤەری ڕاپەڕین بەهۆی فراوانی ناوچەکەو بوونی هەلی کارکردنی زیاتر وای کردوە ئاوارەکان زیاترڕوو ڕانیە بکەن،هەروەها کارکردنیان لەکارگەکانی بلۆک،چەو،لم،کێڵگەی پەلەوەر،ماسی،باخچەو شوێنە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری شار، لەهەمان کاتدا هەست کردنی ئاوارەکان بەدڵنیایی وڕێزگرتنیان لەلایەن خەڵکی شارەکە وەک دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی کەگەلی کورد بەگشتی و ناوچەی بیتوێن پی ناسراوە(٢).

بەهەمان شێوەی قۆناغەکانی پێشوو زیادبونی سروشتی وەک زیادبوونی لەدایکبوون وکەمی مردن وەک یەکێک لەهۆکارەکان کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەکردنی دانیشتوانی شارەکە، چونکە لەساڵی ( ٢٠١٢- ٢٠١٦) تێکڕای لەدایک بوون لەنێوان (٣٣ ــ٥٥) لە هەزارا بوە وە تیکڕای مردن هەر لەوماوەیەدا لەنێوان( ٢ــ ٥)بوە لەهەزارا ،بڕوانەپاشکۆی ژمارە(١) ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەری زیادبوونی سروشتی لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە. لەو ماوەیەدا خەڵکی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە (٢٠٠٩-٢٠١٣) بەخۆشگوزەرانی وئاوەدانی و ئارامیدا تێپەڕبون،چونکە لەو ماوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێدانی پێشینەی هاوسەرگیری وخانوبەرە،کشتوکاڵی،هاوکاریکردنی کەسوکاری شەهیدان وفەرمانبەران وپێدانی پارەبەکۆمپانیاکانی ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێبون ودروستکردنی چەند پڕۆژەیەکی نیشتەجێبونی وەک(کوڵێن سیتی،ڕانیە سیتی،ڕۆژسیتی) لەشارەکەدا ئەنجامدراون کە فەرمانبەران بەهەمو چین و توێژەکانیەوە لێی سودمەندبون. بێگومان ئەم خۆشگوزەرانی و گەشەکردنی ئابوریە کاریگەری کردۆتە سەر جوڵانی بازاڕو زیادکردنی هەلی کارکردن

* **(داعش)** (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)گروپێکی تیرۆرستیە کە پێک هاتووە لە خەڵکی وولاتانی جیهان کاریان کوشتن وئەنجام دانی کاری تیرۆرستیە لەساڵی ٢٠١٤ لە عێراق دروستبوە. بڕوانە: : ئە بوبەکر عەلی ، داعش لە نێوان توندڕەویی ئایینی وشکستی دەوڵەتدا ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، بەبی شوێنی چاپ،٢٠١٥،ل١٣-٢١.ب: عبدالرحمان البکری ، داعش و مستقبل العالم بین الوضع السیاسی و الحدیث النبوی الشریف، دار الغرباء للنشر، کولن المانیا، ٢٠١٤ل

(١)حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ڕاپەڕین، یاریدەدەریەتی ئاسایشی ڕانیە، هۆبەی یەک (ئامار)، ڕانیە،٢٠١٦،(داتای بڵاونەکراوە).

(٢)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز( أیاد صابر محمد ) ئاوارەی عەرەب لە شاری ڕانیە. ٥ / ١ /٢٠١٧

لەشاری ڕانیە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەوەی گوندنشینەکان بەتایبەت ئەوانەی لەبواری کەرتی حکومی و تایبەت دا کاریان دەکرد بێنە شاری ڕانیەو نیشتەجێ ببن ، بەتایبەت ئەو کەسانەی کەتازە خێزانیان پێکهێنابوو فەرمانبەربوون توانای کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریان نەبووە. بەگشتی ئەم هۆکارانە کاریگەریان هەبووە لەسەر ئاڕاستەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە لەم قۆناغەدا[1]یەکێکی ترلەهۆکارەکانی ڕاکێشانی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری شاری ڕانیە بەتایبەت سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین بریتی بوو لەدامەزراندن ودروستکردنی زانکۆی ڕاپەڕین لەساڵی ٢٠١٠ ،وەک ناوەندێکی باڵای ئەکادیمی کە گەشەکردنێکی باشی ئاوەدانی بەشارەکە بەخشی وە هەلی کاری باش بۆ ڕانیە ودەوروبەری ڕەخساند، ئەمەش هاوشانی هۆکارەکانی تر کاریگەری خۆی دروستکرد لەسەر گەشەی دانیشتوانی شارەکە لەو قۆناغەدا[2].

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەودەرئەنجامەی شاری ڕانیە لە ماوەی لێکۆڵینەوە بەڕێژەی نزیکەی(٦٪)گەشەی کردوە،ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی ڕانیەبە ئاڕاستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە، بەڵام ئەم گەشەکردنە بەیەک ئاڕاستە نەبووە،بەڵکو بەگوێرەی تێپەڕبوونی قۆناغەکانی گەشەکردن ولەژێر کاریگەری زیادبونی سروشتی وکۆچ هەروەها ڕوودانی ئەو گۆڕانکاریە سیاسی وئابووریانەی کە لەناوچەکەدا ڕوویانداوە وەک ڕاگواستن،ترس،تۆقا ندن، گەمارۆی ئابووری بونەتە هۆکاری ئەوەی گەشەی دانیشتوان بەرزبوونەوە و نزمبونەوەی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت،بەشێوەیەک بەرزترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوان دەکەوێتە نێوان ( ١٩٧٧- ١٩٨٧) بەڕێژەی زیاتر (١٢٪) و نزمترین ڕێژەی گەشەکردن لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٢- ٢٠٠٩ ) بوو کە نزیکە ی (٣٪) بووە.

(١)حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای ڕانیە، بەشی کارگێری ، ڕانیە، ٢٠١٥

(٢)حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی ، سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین ، بەشی کارگێری ، ڕانیە ، ٢٠١٥

## باسی دووەم

## زیادبوونی سروشتی لەشاری ڕانیە

زیادبوونی سروشتی بەڕەگەزێکی بنچینەیی وسەرەکی دادەنریت کار دەکاتە سەر گەشەی دانیشتوان[١]،کەخۆی لەجیاوازی نێوان لەدایکبوون ومردن[٢]. زیادبوونی سروشتی تەنها کاریگەری ناکاتە سەر قەبارەی دانیشتوان بەڵکو کاریگەری دەکاتە سەر پێکهاتەو تایبەتمەندیە دیموگرافیە جیاوازەکانی دانیشتوان،بەشێوەیەکی گشتی جوڵەی زیادبونی سروشتی زیادبوونە بەدەگمەن کە مبوونەوەیە تەنها لەحاڵەتێکی دەگمەندا نەبێت لەشێوەی شەڕونەخۆشی[٣]وەک ئاشکرایە زیادبونی سروشتی پشت دەبەستێت بەگۆڕانکاریەژیاریەکان کە هەردوو ڕەگەزی لەدایکبون ومردن دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی لەدایکبون ومردن بەدوو دیاردەی بایۆلۆجی جیاوازدادەنرێت، بەڵام چەند فاکتەرێکی تری وەک ئابوری وکۆمەڵایەتی و بایۆلۆژ.... لەنیوان نەتەوەکاندا هەن، کەپەیوەندیان بەتوانای ژنهینان و شوکردنەوە هەیە وکار لەجیاوازی ڕێژەی زیادبوونی سروشتی دەکەن[٤]

لەڕاستیدا لێکۆڵینەوە لەگەشەی دانیشتوان پێویستی بەئاماری ڕاست و دروست هەیە، بەڵام ڕاست ودروستی ئەو زانیاریانەی سەبارەت بەزیادبوونی سروشتی هەمانە، دەوەستێتە سەرئەو داتایانەی لەفەرمانگەکانی تەندروستی شارەکە بەدەستمان هێناوە ئەو سەرژمێریانەش لەبەر ئەوەی هەندێک جار لەدایکبوون و مردووەکانی تێدا تۆمار نەکراوە لەبەرئەوە دوورنین لەکەموکورتی[٥]، بۆڕوونکردنەوەی ئاڕاستەکانی زیادبوونی سروشتی شاری ڕانیە لەم باسەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر هەریەک لەڕەگەزەکانی لەدایکبوون و مردن.

(١)خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين، دراسة في جغرافية السكان، مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية،السليمانية ، ط٢، ٢٠٠٢، ص٩١ .

(٢)احمد على اسماعيل، اسس علم السكان وتطبيقاته الجغرافية ، ط٨، دار الثقافة والنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٧، ص٣٥ .

(٣)صبرى محمد حمد، جغرافية السكان اسس وتطبيقات، الدار العالمية للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٨، ص٤١.

(٤) ابراهيم احمد سعيد، مقدمة في الجغرافية البشرية، للأوائل للنشر والتوزيع والخدمات للطباعة، سوريا، ٢٠٠١، ص٣١ .

(٥)فاضل الأنصارى، مشكلة السكان، نموذج القطر العراقى، منشورات وزارة الثقافة والإرشاد القومى، دمشق، ١٩٨٠، ص٨١ .

**یەکەم: لەدایکبوون لەشاری ڕانیە**

لەدایکبوون توخمێکی سروشتی گەشەی دانیشتوانە،بریتیە لەووەچانەی کەدانیشتوان لەماوەیەکی دیاریکراودا دەیخەنەوە، بۆیە بەرەگەزێکی گرنگ دادەنرێت وکاریگەری دەکاتە سەر گەشەی دانیشتوان ، چونکە بونی جیاوازی لەژمارەی لەدایکبوون هۆکارێکی گرنگە کە دەبێتە هۆی جیاوازی گەشەی دانیشتوان . لەدایکبوون دیاردەیەکی بایەلۆژیە کەپەیوەندی ڕیشەیی بەخواستی مرۆڤەوە هەیە،ئەمە پێچەوانەی مردنە کەبەخواستی مرۆڤ نیە. قەبارەی لەدایکبوون پشت بەچەند هۆکارێکی لەیەکتر جیاوازی وەک کۆمەلایەتی وئابوری وسیاسی دەبەستێ لەبەر ئەمەیە ناتوانرێ لەبارودۆخە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیدار بەدانیشتوان جیابکرێتەوە [١]. لێرەدا بۆزانین وهەلسەنگاندنی ڕۆڵ وگرنگی لەدایکبوون پشت دەبەستین بەبەکار هێنانی هاوکێشەی * (ڕێژەی لەدایکبوون خاو) لەگەڵ ئەوەی داتاکانی لەدایکبوون کەم وکورتیان تێدایە، بەلام ئەمە مانای ئەوە نیە ناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت و لەتوێژینەوەکاندا بەکاربهێنرێت، بەگشتی کەموکورتی داتاکانی لەدایکبوون لەشاری رانیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

١. زۆربەی لەدایکبون لەڕابردودا لەشاری ڕانیە لەدەرەوەی نەخۆشخانە ڕویانداوە [٢].
٢. ئەوئاستەنگانەی کەدێنە ڕێی پرۆسەی تۆمارکردن لەگەل کێشەی زۆر[٣].
٣. بەشێک لەسەنتەرە شارنشینەکانی وەک ناحیەکان نەخۆشخانەی لەدایکبوونیان نیە، بۆیە کۆرپەکانیان لەسەنتەری قەزاکان تۆماردەکەن، ئەمەش جۆرێک لەتێکەلاوی لەداتاکان دروست دەکات هەروەها پشت گوێ خستنی تۆمارکردنی مندالانی ڕەگەز مێینە لەکۆندا بەتایبەت لەسالانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردوو هەروەها

---

(١) سیروان حسێن ئیسماعیل، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ تایبەتمەندیەکانی دانیشتوانی لەقەزای مەخمور (توێژینەوەیەک لەجوگرافیای دانیشتوان)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠١٥ لا٧٧ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ- جاكلين غارينة، جغرافية السكان ترجمة حسن خياط و آخرون، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٨٤، ص١٤٦. ب- فايز محمد العيسوى، اسس جغرافية السكان، دار المعرفة الجامعية، القاهرة، ٢٠٠٦، ص١٨١-١٨٣ . * **ڕێژەی لەدایکبوونی خاو =ژمارەی لەدایکبوانی زیندووی سالێک ÷ ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی سالدا ×١٠٠٠ . بڕوانە** : عطا مطير الشمرى، الجغرافية السكانية، اسس وتطبيقات، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٢، ص١٠٤ .

(٢)عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، لا١٢٩ .

(٣)جەزا تۆفیق تالیب،بایەخی جیۆپۆلەتیکی ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق،سەرچاوەی پێشوو، لا٥٦

نەبوونی یاسایەک بۆ ئەوەی هاوڵاتیان ناچار بکات منداڵەکانیان لەکات وشوێنی خۆی تۆمار بکات[١].

٤. خۆدوورخستنەوەلەسەربازیکردن لەکۆندا وای کردووە ببێتە هۆی تۆمارکردنی منداڵانی نێر بەمێینە ئەمەش ڕووی ڕاستەقینەی داتاکانی شێواندوە[٢].

ئەگەر ئاماژەیەک بەتێکڕای لەدایکبوون بکەین لەشارەکەدا، بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٣) بۆمان دەردەکەوێت کەئاڕاستەی لەدایکبوون لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٧-٢٠١٦) بەیەک ئاڕاستەنەبوە، بەجۆرێک لەساڵی ١٩٨٧ تێکڕای لەدایکبوون نزیکەی (٤١)لەهەزارا بووە بەرزی ڕێژەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە :

١: ڕاگواستنی زۆرە ملێی گوندنشینەکانی قەزاکانی( پشدەر، دوکان، ڕانیە) کەژمارەیان(٢٥) گوندو(١٧٧٩) خێزان و(٩٣١٢)کەس بون، لەوانە( ١١٠٩) خێزان و(٦١٥٧ )کەسیان بۆشاری ڕانیە ڕاگوێزران[٣].وەک ئاشکرایە گوندنشینەکان ئارەزووی منداڵبوونی زۆر دەکەن بۆیە ڕاگواستنیان بۆ ڕانیە کاریگەری خوی هەبووە.

٢: ڕێگەنەگرتن لەمنداڵبوون وزاڵبوونی ئە وداب ونەریتە کۆمەڵایەتیانەی کەهانی خستنەوەی وەچە ی زۆر دەدەن بەدڵنیاییەوە کاریگەریان لەسەر بەرزی ڕێژەی لەدایکبوون هەبوە [٤].

٣: ئەمە جگە لەوەی شاری ڕانیە وەک زۆرێک لەشارەکانی تری هەرێمی کوردستانی عێراق ناوچەیەکی کۆمەڵایەتیە وهەموو دابونەریتەکانی ناوچەکە هانی منداڵبونیان داوە،چونکە بوونی منداڵی زۆر لای ئەوان سەرچاوەی هێزودەسەڵات بووە، لەلایەکی ترەوە هاندەرێکی گرنگی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی بووە بەتایبەت لەبواری کشتوکاڵ کەپێویستی بەدەستی کاری زۆر هەیە.

---

(١)سالم علی الشواورة و محمود عبدالله الحبيس، جغرافية السكان، المدخل إلى علم السكان ، دار صفاء للنشر والتوزيع، ط١، عمان، ٢٠٠١، ص٢٤٠-٢٤٢ .

(٢)شاکیر خەسباک، ئاڕاستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلیمانی، وەرگێرانی: عەتا قەرەداغی، چاپخانەی ڕووناکبیری، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٤ .

(3) : أ -Shorsh, M. Resool, Destruction of Anationopcit, op.cit , pp 109 - 127.

ب- جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لەدابەش بوونی پارێزگای سلێمانیدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦-١٨٨ .

(٤)عەبدوڵلا غەفور، ئەتنۆ دیموگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٢ .

ئەگەر ڕۆشنایی بخەینە سەرساڵی٢٠٠٧بەسەرنج دان لەخشتەی پێشوبۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی لەدایکبوون بەرەو نزم بووەنەوە دەچێت،بەجۆرێک ڕێژەکەی نزم دەبێتەوە بۆ زیاتر ٢٨ لە هەزارا کەنزمترین ڕێژەی لەدایکبوونە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک:

١: گەمارۆی ئابوری سەر عێراق بەگشتی لەساڵی ١٩٩٠ و گەمارۆی حکومەتی ناوەندی لەسەر هەریمی کوردستانی عێراق بەتایبەت لەکۆتایەکانی ساڵی ١٩٩٢ بوو بەهۆی خراپ بوون و تێک چوونی باری ئابوری دانیشتوان[١].بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەم بوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری کەدواجار ڕەنگدانەوەی لەسەر کەم بوونەوەی منداڵ هەبووە.


**خشتەی ژمارە ٣ ڕێژەی لەدایکبوون لە شاری ڕانیە لە ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٦)لەهەزارا**

| ساڵ | ڕێژە |
|---|---|
| ١٩٨٧ | ٤٠,٧٥ |
| ١٩٩٢ | ٣٣,١٢ |
| ١٩٩٧ | ٣٨,٤١ |
| ٢٠٠٢ | ٣٣,٥٦ |
| ٢٠٠٧ | ٢٨,٢٣ |
| ٢٠١٢ | ٥٤,٨٤ |
| ٢٠١٦ | ٣٣,٦٢ |
| ٢٠١٦-١٩٨٧ | ٣٧,٥٠ |

سەرچاوە: بەپشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە (١)

(١) طلعت محمد طاهر البوتانی، الأمن الغذائی العراقی بمنظور الجغرافیة السیاسیة، مطبعة حروف عراقیة ، للطباعة و النشروالتحقیق ، بغداد ، ٢٠١٥، ص١٧٠-١٧٢.

**شێوەی ژمارە ٣ ڕێژەی لەدایکبوون لە شاری ڕانیە لە ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٦) لەهەزارا**




سەرچاوە: بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٣)

٢:- ڕەوشی هەریمی کوردستان لەڕووی ئابوری و سیاسی و تەم و مژی ئایندەی هەرێم بووە بەهۆی کۆچ کردنی خەڵکێکی زۆر بۆ دەرەوەی وڵات کەزۆربەیان لەچینی گەنج و بەرهەم هێن بوون، وەک ئاشکرایە ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری[(١)].

٣: بەردەوام بوونی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری خەڵک بۆ دروست کردنی خیزانی قەبارە بچوک وتۆمارکردنی منداڵەکانیان لەکات و شوینی خۆی[(٢)].

٤: بەردەوامبوونی گەڕانەوەی ئاوارەکانی هەریەک لە پارێزگاکانی هەولێر وکەرکوک لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ کەژمارەیان ٩٥٧٦ کەس بووە[(٣)]، گەڕانەوەی بەشێکی تری ئاوارەکان لەساڵی ٢٠٠٧ کەژمارەیان ٧٦٧٨ کەس بوو ئەمانە گەڕانەوە زێدی خۆیان[(٤)].

---

(١)خەلیل ئیسماعیل محەمەد، کۆچی توانا زانستیەکان لەهەریمی کوردستانی عێراقدا، لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی زانکۆی سەلاحەدین، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (١) ساڵی دەیەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، لا ١٤-١٦ .

(٢) هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لەپاریزگای هەولێر، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئەدەبیات ،زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧ ، لا ٢٧ .

(٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری گشتی شاری ڕانیە لە ٢٠٠٢ ئەنجام دراوە.(زانیاری بڵاونەکراوە)

(٤) حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای ڕانیە، بەشی کارگێڕی ، ڕانیە (٢٠٠٧)، (زانیاری بڵاونەکراوە) .

٥: بەردەوام بوونی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی لادێکان و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و هاوکاری کردنیان پاڵنەرێک بوو بۆ گەڕانەوەی زۆرێک لەو گوندنشینانەی کەپێشتر بەهۆی چەند هۆکارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەشاری ڕانیە نیشتەجێ ببوون،وەک لەقۆناغەکانیگەشەی دانیشتوان ئاماژەمان پێدا،لەڕاستیدا گەڕانەوەی گوندنشینەکان بەرەوگوندەکانیان کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر کەم بوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون.

ئەگەر تیشک بخەینە سەر تێکڕای ڕێژەی لەدایک بوون لەساڵی ٢٠١٢ بۆمان دەردەکەوێت کەڕێژەی لەدایکبوون بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی تۆمار کرد کەبەرزترین ڕێژەی لەدایک بوون بوو بەجۆرێک کەگەیشتە نزیکەی (٥٥) لەهەزارا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک:

١: زۆربونی ژمارەی دانیشتوانی ڕانیە بۆ٨٢١٤٧ کەس لەساڵی ٢٠١٢ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١) چونکە دەگونجێت تا ژمارەی دانیشتوان زیاتر بێت ژمارەی هاوسەرگیرانیش زیاتربێت ئەمەش دەرفەتی منداڵبون زیاتری دەڕەخسێنێت بەراوردبەوناوچانەی دانیشتوانیان بەرەوکەمبونە وەو پوکانەوە دەچێت.

٢: باشتربوونی بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەوماوەیەدا لەشێوەی پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری بەگەنجان، ئەمەش بو بەهۆی هاندانی گەنجان بۆ هاوسەرگیری، هەروەها پێدانی پێشینەی خانووبەرە لەلایەن حکومەت یارمەتی دەر بوو کەگەنجان فشاری کەمتریان بخرێتە سەر لەدروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون[1] ،لەهەمان کاتدا دروست کردنی چەندین پڕۆژە وشوقەی نیشتەجێ بوون لەلایەن حکومەت یارمەتی دەربوون لەکەم کردنەوەی کرێی خانوو وشوقە،لەهەمان کاتدا پێدانی قەرزی کشتوکاڵی لەو بارەیەوە ڕۆڵیان هەبووە هەروەها خاوەن کۆمپانیای نیشتەجێ بوون وبازرگانە جۆراوجۆرەکان بەهۆی گونجاوی بارودۆخی سیاسیو ئابوریو شێوازی قیستیان لەگەڵ هاوڵاتیان پەیڕەو کرد بەتایبەت لەگەڵ خێزانە گەنجەکان ئەمانە بەگشتی هاندەربوون لەهاندانی هاوسەرگیری[2] بەڵگەش بۆئەمە تەنها لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣ ــ ٢٠١٢) ژمارەی ئەوانەی هاوسەرگیریان ئەنجام داوە لەنێوان (٧٢٧ ــ ١٤٧٠) کەس بووە ، کەبەرزترین ڕێژەی

---

(١)حکــومەتی هەرێمــی کوردســـتانی عێــراق، پارێزگــاری ســـلێمانی، قایمقــامیەتی قەزای ڕانیە،بەشـــی کارگێڕی،ڕانیە ٢٠١٢

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وزارەتی شارەوانی و گەشتووگوزار، بەڕێوە بەرایەتی گشتی شارەوانیە کانی ڕاپەڕین ،بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی پڕۆژەکان، ڕانیە، ٢٠١٢.

هاوسەرگیری بووە[1] لەڕاستیدا چەند هۆکارێک لەشاریڕانیە هەیە کە پەیوەندییان بەبەرزی ڕێژەی لەدایکبوونەوە هەیە کەبریتین لەمانەی خوارەوە:

**١- / ژن هێنان و شوکردنی پێش وەخت**

ژن هێنان وشوکردن هەنگاوی یەکەمە بەرەو پرۆسەی خستنەوەی وەچە[2]، هەروەها کۆڵەکەیەکی ئەساسیە کەدەبێتە هۆی دروست کردنی خێزان[3].و یەکێکە لەوهۆکارانەی کە ڕۆڵێکی گرنگ وبەرچاوی هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون، وەک ئاشکرایە دیاردەی زووشوکردن یەکێکە لەسیما دیارەکانی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی[4].بەجۆرێک شوکردن لەتەمەنی ١٨ساڵیدا دوو ئەوەندە منداڵی لێ دەکەوێتەوە وەک شوکردن لەتەمەنی ٢٨ ساڵی[5]. هەر لەم گۆشە نیگایەوە د.شاکر خەسباک پێی وایە تەمەنی نمونەیی بۆ شوکردن لەتێڕوانینی کوردەوە لەنێوان (١٤-١٧) ساڵیە[6].هەرەها ئاماژە بەوە دەکرێت کە ژن هێنان و شوکردن بەشێوەیەک کەکوڕان لە ١٨ ساڵ بەرەو ژوور ژن دەهێنن و کچان لەتەمەنی ١٦ ساڵ بەرەو ژوور شودەکەن،[7] لەڕاستیدا ئەمەش ئامەژەیە بۆئەوەی کە تەمەنی هاوسەریەتی کاریگەری زۆری لەسەرژمارەی منداڵ بوون هەیە لەماوەی چوونە ژیانی هاوسەریەتیەوە، چونکە مێینە هەلی منداڵ بوونی زیاتری بۆ دەرەخسێت ئەم تێکڕایە دابەش دەکات بۆسێ جۆر[8] ١: تێکڕای لەدایکبوون بەرز دەبێ ئەگەر ڕێژەکە(٣٠) لەهەزارا زیاتر بوو.

٢ : تێکڕای لەدایک بوون مام ناوەند دەبێت ئەگەرڕێژەکە (٢٠ــ٣٠) لەهەزار بێ.

٣: تێکڕای لەدایک بوون نزم دەبێت ئەگەر ڕێژەکە (٢٠) لەهەزار کەمتر بوو.

---

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی دادگای تیاهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای ڕانیە، بەشی کارگێڕی، (٢٠٠٠-٢٠١٦ ) ، (داتای بلاونەکراوە).

(٢) محمد عبدالمجید حسین یعقوب، العوامل الإجتماعیة والإقتصادیة المؤثرة علی خصوبة المرأة في مدینة رام الله، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب، دراسات العلیا، جامعة النجاح الوطنیة نابلس، فلسطین، ٢٠٠٤، ص٥٠ .

(٣) نجاة صائم، الزواج المبکر، المجلس الأعلی للمرأة الیمنیة ، اللجنة الوطنیة للمرأة ، صنعاء ،٢٠١٢ ص٩٠ .

(٤)خەلیل ئیسماعیل محەمەد، ڕەوشەکانی پیتی زاوزێ لەپارێزگای سلێمانی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی،ژمارە (٢٧) ، ١٩٩٩، لا١١٨ .

(٥)خلیل اسماعیل محمد، قضاء خانقین، دراسة في جغرافیة السکان، مصدر سابق، ص١٠٠ .

(٦)شاکر خەسباک، ئاڕاستەکانی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلیمانی،سەرچاوەی پێشوو، لا١٤.

(٧)عەبدوڵڵا غەفور، دینامیکی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (١) ساڵی هەشتەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، لا ٧ .

(٨)خلیل اسماعیل محمد، قضاء خانقین، دراسة في جغرافیة السکان، مصدر سابق، ص٩٩ .

دیاردەی ژن هێنان و شوکردنی پێش وەخت لەشاری ڕانیە دیاردەیەکی باوە، بەسەرنج دان لەپاشکۆی ژمارە(٥)بۆمان دەردەکەوێت ئەوانەی کەتەمەنیان لەنێوان (١٨- ٢٥) ساڵیدایە شویان کردوە یان ژنیان هێناوە لەماوەی(٢٠٠٠-٢٠١٦) لەنێوان (٢٦-٥٢ ٪)بوە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە، لێرە دەگەینە ئەو بڕوایەی ئەم دیاردەیە کاریگەری خۆی هەبووە لەبەرزی ڕێژەی لەدایک بوون، چونکە ژنهێنان و شوکردن لەتەمەنێکی بچوک دەبێتە هۆی ئەوەی کەئەو ژن ومێردەزووتر دەست بەپرۆسەی منداڵ بوون بکەن و هەلی منداڵی زیاتریان هەیە بەبەراورد بەو هاوسەرانەی کەدوا دەکەون لەهاوسەرگیری، بەڵام بەگشتی لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری وسەرقاڵی گەنجان بەخوێندن وزۆری کێشەکانی خێزانەکان کە لەمنداڵی دا هاوسەرگیری دەکەن وای کردووە ئەم دیاردەیە کەم ببێتەوە[1].

### ٢- / پیتی (fertilty)

پیتی ڕەگەزێکی بنچینەیی وگرنگ و کارایە بۆ ڕوودانی گۆڕانی دانیشتوان وەکاریگەری سەرەکی دەکاتە سەر زیادبوونی قەبارەی دانیشتوان[2]. وەپیتی لەدیارترین ئەو ئەو بابەتانەیە کەپەیوەندی بەگەشەو زیادبوونی دانیشتوانەوە هەیەلەڕووی جۆرو ڕێژەیان[3] ڕێژەیان[3] لەم ڕوانگەیەوە پیتی ئافرەت بریتیە لەتوانای زاوزێی ئافرەت لەسایەی باروودۆخێکی سروشتیدا، زۆربەی دیمۆگرافیەکان زاراوەی پیتی (fertilty) بۆ گوزارشت کردن لەپرۆسەی ڕاستەقینەی زاوزێ بەکاردەهێنن، لەلایەکی ترەوە پیتی (fecuntity) توانای فسیۆلۆژی ئافرەتە بۆ خستنەوەی وەچە[4] وەک ئاشکرایە بەرزی ڕێژەی مێینە لەتەمەنی منداڵ بووندا بەفاکتەری بەرزبوونەوەی ڕێژەی پیتی دەژمێردرێت، گومانی تیدا نیە لەهەموو کۆمەڵگەکاندا گەنجان زیاتروەچە دەخەنەوە بۆ هەژمارکردنی ڕێژەی پیتی کەماوەی

(1)Lan Thomas, Population Growth, op, cit, pp4 .

(٢) حمادى عباس حمادى، التغيرات السكانية في محافظة القادسية (١٩٧٧-١٩٩٧)، (دراسة في جغرافية السكان)، اطروحة دكتوراة، كلية التربية-ابن رشد، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٥، ص١١٠ .

(٣) دانيال محسن بشار عبدخطاوى، تغير سكان محافظة ديالى (١٩٧٧-١٩٩٧)، رسالة ماجستر، كلية التربية-ابن رشد، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٤، ص١٠٦ .

(٤) رعد مفيد احمد الخزرجي، الخصب السكاني وتحليله المكاني في محافظة ديالى، اطروحه دكتوراة، كلية التربية، التربية، جامعة المستنصرية، بغداد ، ٢٠٠٧، ص٤ . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پیتی بڕوانە: أ-هاشم نعمة فياض، العلاقة بين الخصوبة السكانية والمتغيرات الإجتماعية الإقتصادية، (دراسة حالة العراق)، المركز العربى للأبحاث ودراسات السياسة،بغداد، ٢٠١٢، ص٣١-٧٧.

ب- ريتشارد أيسترلين، الخصوبة والتنمية، السكان والتنمية في ألشرق الأوسط، الأمم المتحدة، اللجنة الإقتصادية لغربي اسيا، صندوق الأمم المتحدة للنشطات السكانية، بغداد، ١٩٨٥، ص(١٢٢-١٣٩)(١٥٩-١٦٥) .

خستنەوەی منداڵ لای ژنان لەنێوان (١٥-٤٩) ساڵ دایە [١]. سەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە بەسەرنج دان لەپاشکۆی ژمارە(٥) بۆمان دەردە کەوێت کەلەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠١٦) تێکڕای ڕێژەی ئەو مێینانەی کەشویان کردووە تەمەنیان لەنێوان (١٨ــ ٢٥) ساڵیدا بووە ڕێژەیان (٤١٥) لەهەزارابوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ بەهێزی پیتی لەشاری ڕانیە بەتایبەت لەهەردووک ساڵی(٢٠٠٨) (٢٠٠٩) کەڕێژەکە زیاتر(٥٠٠) لەهەزارابوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆباروردۆخی کۆمەڵایەتی ناوچە کە لەزوو بەشودان وژنهینان وگرنگی دان بەبواری گەنجان لەشێوەی پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری.

**٣- / هۆکاری ئاینی**

ئارەزووی منداڵ بوون لەخێزاندا کەلەقوڵایی مێژوودا دروست بووە لەلایەن زۆربەی ئاینەکان پشتگیری لێکراوە، وەزۆرێک لەهەڵوێستەکانی ئاینی لەئەنجامی تێپەڕبوونی چەند سەدە بەسەر هەبونیاندا بونەتە بەشێک لەژیانی مرۆڤ، ئەگەرچی ئاینەکان لەدایکبوون بەکاری خودا دەزانن وەدەست لێدانیان پێ دروست نیە، نەوەک هەر پشتیوانی لەزۆربوونی منداڵبوون دەکەن بەڵکو ڕێگرتن و کەم کردنەوەی منداڵیان بەبێ هۆ پێ گوناهی گەورەیە [٢].لەم گۆشە نیگایەوە ئاینی ئیسلام کەئاینی زۆرینەی گەلی کوردستانە کاریگەری‌دیمۆگرافی هەیە،چونکە لەلایەک هانی ژنهێنان ومنداڵبوون دەدات[٣]. وەک لە قورئانی پیرۆزەدا ئاماژەی پیکراوە [٤].لەلایەکی تریشەوە قینی لەتەڵاقە(ابغض الحلال عندالله)ئەمەش تەڵاق کەم دەکاتەوە وسەرئە نجام درێژە بەمانەوەی هاوسەریەتی دەدات، لەهەمان کاتدا لەباربردنی کۆرپە بە کوشتنی نەفس لەقەڵەم دەدات .[٥]

سەبارەت بەشاری ڕانیە بەسەرنج دان لەپاشکۆی ژمارە(٤) ڕێژەی ئەوانەی هاوسەر گیریان کردوە زیاترە لەوانەی کە جیابونەتەوە،بەجۆرێک تێکڕای ڕێژەی هاوسەرگیری لەماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٠ ــ ٢٠١٦) بریتیە لەنزیکەی (١٥) لەهەزاردا، بەڵام ڕێژەی جیابوونەوە بریتیە لە (٤) لەهەزاردا کەواتا ئەم دیاردەیە کاریگەری خۆی هەبوە لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون لەشارەکەدا کە دواجار ڕەنگ دانەوەی هەبوو لەسەر گەشەی دانیشتوانی ڕانیە.

---

(١) موسى عبودة سمحه و فوزى عبد سهاونه، جغرافية السكان، داروائل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٣، ص١٢٨

(٢)عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای دانیشتوان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، لا٤٧-٤٨ .

(٣)جەزا توفیق تالیب،بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق،سەرچاوەی پێشوو،لا٥٦-٦٠

(٤)القرآن الكريم، سورة الإسراء، الاية ٣١ .

(٥)خليل اسماعيل محمد، قضاء خانقين، دراسة في جغرافية السكان، مصدر سابق، ص١٠٠ .

### ٤- / هۆكاری كۆمەڵایەتی

مرۆڤ لەژیانی كۆمەڵایەتی خۆیدا بەچاوێكی تایبەتەوە سەیری زاوزێكردنی كردوە، چونكە بابوباپیرانی لەگەڵ ئەو هەڵوێستە ژیاون ئەو هەڵوێستانەش بەدرێژایی ژیان بوونەتە بەشێك لەژیانی مرۆڤەكان، بۆیە دەست بەرداربوونیان كارێكی هەروا ئاسان نیە[١] ، كوردستانی عێراق و شاری ڕانیە یەكێكە لەو كۆمەڵگایانەی پاڵپشتی بەرزی پێزی چالاك دەكەن هەرچەندە لە ئێستادا ئەمانە تاڕادەیە كاڵ بونەوە،بەڵام كاریگەری خۆیان هەرماوە ،وەك ئاشكرایە بەرزی ئاستی خوێندەواری كاریگەری بەرچاوی لەسەر تێكڕای لەدایكبوون هەیە، چونكە ئافرەتی خوێندەوار بەراورد بەئافرەتی نەخوێندەواری ماڵەوە درەنگتر شوو دەكات ودرەنگتر دەچێتە ژیانی ژن ومێردایەتیەوە،ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كەمنداڵی كەمتری هەبێ، ئەمانەی باسمان كردن لەچوارچێوەی پەیوەندی كۆمەڵایەتیدا لەشاری ڕانیە كاریگەریان هەیە لەسەر بەرزی ڕێژەی لەدایكبوون .

**دووەم : مردن**

مردن ڕەگەزێكە لەڕەگەزەكانی گەشەی دانیشتوان كەپەیوەندیەكی گرنگی بەگۆڕانی ژیانی كۆمەڵایەتی و بارودۆخی كۆمەڵایەتیەوە هەیە [٢]، لەهەمان كاتدا وەك هۆكاری دووەم دەژمێردرێت كەكاریگەری دەكاتە سەر ژمارەی دانیشتوان [٣]. لەم گۆشە نیگایەوە جوگرافیەكان بەشێوەیەكی تایبەت گرنگی بەمردن دەدەن ئەویش لەڕووی دابەشبوونی شوێن و پێوانەكردن وهەموو ئەو هۆكارانەی كاری لێ دەكەن ، مردن پێویستی بەداتاو ئاماری وردو ڕاست هەیە، تاكو دەرئەنجامی ڕاست و دروستمان دەستبكەوێت [٤]،بێگومان لێكۆڵینەوە لەمردن گرنگی خۆی هەیە، چونكە گوزارشتە لەخستنە ڕووی ئاستی تەندروستی گشتی دانیشتوان لەووڵاتدا [٥].

---

(١) بڕوانە: أ-عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای دانیشتوان، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٧ .
ب- خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دابەش بوونی جوگرافی دانیشتوان لەشاری دهۆك، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢) ساڵی یەكەم، هەولێر، ١٩٩٧، لا٥٢ .

(٢) انعام سميرمحي العبادی ، قضاء المدائن دراسة في جغرافية السكان، للمدة (١٩٧٧-١٩٩٧)، رسالة ماجستير، كلية التربية ، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٢، ص٨٠-٨١ .

(٣) معين حسن احمد جاسر، محافظة بيت لحم دراسة فی التركيب السكانی وخصائص المسكن، رسالة ماجستير، كلية الاداب ، الجامعة الإسلامية غزة، فلسطين، ٢٠١١، ص٢٣ .

(٤) محمد رفعت المقداد واخرون، جغرافية السكان، منشورات جامعة دمشق، كلية الاداب العلوم الإنسانية ، جامعة دمشق، سوريا، ٢٠١٤، ص٤٨٠-٤٨٣ .

(٥) جزا توفيق طالب، عطا محمد علاءالدين، نمو سكان قضاء حلبجة، (١٩٧٧-٢٠٠٢)، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، بەشی (ب) ژمارە (٢٦) ،سلێمانی، ٢٠٠٩، ص٥٥ .

لێکۆڵینەوەش لەبابەتی مردن بەهەمان شێوەی لەدایکبوون ڕوبەڕوی چەندین کێشەو گیروگرفت دەبێتەوە. بەهۆی کەمی ئامارو داتای تایبەت بەم توخمە ولاوازی داتاکان لەڕووی زانستیەوە وەسەرەڕای هەموو ئەمانە پۆلێن نەکردنی ژمارەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵەی تەمەن کێشەیەکی تری ئەم بوارەیە، لێرەوە دەتوانین بڵێین کەم و کوڕی داتاکانی مردن لەشاری ڕانیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک (١) :

١- حاڵەتەکانی مردن لەدەرەوەی شارەکان تۆمار دەکریت بەتایبەت لەساڵانی ڕابردوو.

٢- مردنی منداڵان لەتەمەنی بچوکدا زۆرجار وادەکات لە تۆمارەکانی مردندا تۆمار نەکرێت.

٣- کەم تەرخەمی هاوڵاتیان لەتۆمارکردنی مردووەکانیان ، زۆر جار ساڵێک یان زیاتر دوای مردن ئەو کات تۆمار دەکەن، ئەمەش ڕووی ڕاستەقینەی داتاکان دەشێوێنێت.

٤- نەبوونی لێپرسینەوە لەتۆمارنەکردنی مردووەکان.

٥- ئەوپاداشتەی مادیەی کەهەندێ کەس لەپای تۆمارکردنی مردوەکانیان وەریان دەگرت.

٦- .نزمی ئاستی هۆشیاری بەگشتی وەبەتایبەت لەلایەن گوندنشینەکان وەهەست نەکردنیان بەگرنگی تۆمارکردنی ئامارە زیندەگیەکان.

دیمۆگرافیەکان بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ڕێژەی گشتی مردن، ئاماژەیان بەپێوانەیەکی گرنگ داوە، ئەویش ڕێژەی خامی مردنە یان ڕێژەی مردنەکانە بۆ هەر هەزار کەسێک لەکۆی گشتی دانیشتوانی ساڵێک، بەپێی ئەم هاوکێشەیە (**ڕێژەی مردنی خاو = ژمارەی مردوانی ساڵێک ÷ ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا × ١٠٠٠**)(٢). لەڕاستیدا ئەم هاوکێشەیە زانیاری تەواومان دەداتێ لەسەر مردوانی ساڵێک لەشاری ڕانیە بەبەراورد لەگەڵ هەر هەزار کەسێک لەسەرجەم دانیشتوانی شارەکە. ئەگەر ئاماژەیەک بەڕێژەی مردن بکەین لە شاری ڕانیە، بە سەرنج دان لەخشتەی ژمارە(٤) بۆمان دەردەکەوێت کەتێکڕای ڕێژەی مردن لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٦) زیاترلە(٢) لەهەزارا بووە، ڕێژەی مردن بەرزبوونەوە نزم بوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە،بەجۆرێک کەنزمترین ڕێژەی مردن لەساڵی ٢٠٠٢ (٣٥.١) لە هەزارابوە وە بەرزترین ڕێژە لەساڵی ٢٠١٦ بوە کەزیاتر لە (٥) بوە لەهەزارا .

---

(١) بڕوانە: أ- احمد نجم الدين، جغرافية سكان العراق، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٢، ص٦-٧ .

ب- عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای دانیشتوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢ .

(٢) فتحى محمد ابوعيانه، جغرافيه السكان ،دار النهضه العربية للطباعة و النشر، بيروت ، ٢٠٠٠ ص٩٢ .

ئەگەر ئاماژە بەڕێژەی مردن بکەین دەبینین لەساڵی ١٩٨٧ (٢) لەهەزارا بوە ئەمەش ڕێژەیەکی نزمە،لەڕاستیدا نزمی ڕێژەکە دەگەڕێتەوە بۆلاوازی ئاستی هۆشیاری ورۆشنبیری خەڵک وتۆمارنەکردنی مردوەکان لەلایەن کەسوکارەکانیانەوە لەگەڵ هەست نەکردنی دانیشتوان لەساڵانی هەشتاکان کەتۆمارکردنی مردوەکان گرنگ هەیە بۆدانیشتوانی شارەکە وئەولایەنە پەیوەندی دارانەی کەگرنگی بەلێکۆڵینەوەکانی دانیشتوان دەدەن لەلایەکی ترەوە. (١)

ئەگەر ئاماژەیەک بەسالی ١٩٩٢ بکەین دەبینین کەڕێژەکە بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت بۆ زیاتر(٣) لەهەزارا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دووبارە تێکچونی بارودۆخی سیاسی لە ساڵانی (١٩٨٨-١٩٩١) لەنێوان شۆڕشی کورد وحکومەتی عێراق. لەهەمان کاتدا کەمبونەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە پێشر دەبونە ڕێگر لەبەردەم تۆمارکردنی مردوەکان، ئەمە جگە لەوەی کە لەماوەی ساڵانی هەشتاکان چەندین ڕووداوی سیاسی ڕوویانداوە وەک شەری هەشت ساڵەی عێراق-ئێران لەلایەک وبەردەوامبونی شەڕی نێوان شۆڕشی کورد وحکومەتی عێراق لەلایەکی ترەوە، ئەمانە ببوونە هۆی نەبوونی ئارامی و ئاسایش لەشارەکەدا، چونکە لەو ماوەیەدا خەڵکێکی زۆر بەهۆی سیاسەت و پیلانەکانی حکومەتی عێراق لەدڵەڕاوکێ و ترس و لەرزدا دەژیان، کەزۆر کات نەیانتوانیوە بۆ هەمیشە لەشوێنێک نیشتەجێ ببن، وەک لەباسی پێشوو ئاماژەمان پێدان. لەبەر ئەوە ئەم بارودۆخە لە هەندێک کاتدا ڕێگربوون لە تۆمارکردنی مردووەکانیان ئەگینا بەدڵنیاییەوە ڕێژەکە لەوە زیاتر دەبوو.

لەساڵی ( ٢٠٠٢) ڕێژەی مردن نزم دەبێتەوە بۆ زیاتر لە ١ لەهەزارا ئاشکرایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەزۆرێک لەدانیشتوان تابەشە خۆراکی مردووەکانیان وەربگرن ناوی مردووەکانیان تۆمارنەدەکرد بەتایبەت دوای جێبەجێ کردنی بڕیاری ٩٨٦ نەوت بەرامبەر بەخۆراک[٢]، هەروەها گرنگی دانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە بواری تەندروستی وەک دابین کردنی ئامێرو پێداویستی زیاتری پزیشکی بەتایبەت ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی خێرا بۆ گواستنەوەی خێرای نەخۆشە مەترسیدارەکان وەک جەڵدە وسوتاوی.....

---

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی تەندروستی،بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕانیە، بەشی ،تۆماری مردن ، ڕانیە ،٢٠١٦ .

(٢)کرێکار عبداللە حسن، کشتوکاڵ و بڕیاری (٩٨٦) هەڵسەنگاندن، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپخانە ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧-١٠ .

بۆسلێمانی وهەولێر[1] ولەسالی(٢٠٠٧)ڕێژەی مردن جارێکی تر بەئاڕاستەی بەرزبوونەوە دەچێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆتۆمارکردنی مردووەکان بەهۆی زیاتربوونی ئاستی هۆشیاری خەڵک لەوەی کەتۆمارنەکردنی مردووەکانیان گرنگی خۆی هەیە، لەهەمان کاتدا پێدانی بڕێک پارە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەخاوەن مردوو بۆ ڕاپەڕاندنی پرسەی مردووەکە کاریگەری هەبوو بۆراکێشانی خەڵک لە تۆمارکردنی مردووەکانیان، بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن.[2]

**خشتەی ژمارە ٤ ڕێژەی مردن لە شاری ڕانیە لە ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٦) لەهەزارا**

| ساڵ | ڕێژەی مردن |
|---|---|
| ١٩٨٧ | ٢,٠٢ |
| ١٩٩٢ | ٣,١٩ |
| ١٩٩٧ | ١,٣٧ |
| ٢٠٠٢ | ١,٣٥ |
| ٢٠٠٧ | ٣,٢٥ |
| ٢٠١٢ | ٢,٧٨ |
| ٢٠١٦ | ٥,٣٤ |
| ١٩٨٧-٢٠١٦ | ٢,٧٥ |

سەرچاوە: بەپشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە (١) و (٢)

(١)حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕانیە ، نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە ، بەشی ، ئامار، ڕانیە، ٢٠١٢.

(٢)حکومەتی هەرێمی کوردستان ،پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای ڕانیە،بەشی کارگێڕی،ڕانیە،٢٠١٢.

**شێوەی ژمارە ٤  ڕێژەی مردن لە شاری ڕانیە لە ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٦) لەهەزارا**




سەرچاوە: بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٤)

سەبارەت بەساڵی ٢٠١٦ وەک دوا ساڵ و تازەترین ئاماری شاری ڕانیە، ڕێژەی مردن بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە کەبەرزترین ڕێژەی مردنە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧ــ ٢٠١٦)، بێگومان هۆکاری سەرەکی و کاریگەری بەرزی ئەم ڕێژەیە وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی جیهان بەگشتی و عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی بەمەترسیدارترین شەڕلەگەڵ تیرۆرستانی گرووپی بەناودەوڵەتی ئیسلامی کە ناسرابوون بە (داعش) کە لەساڵی ٢٠١٤ وە بەردەوام گەرمەی شەڕی داعش و پێشمەرگە و سوپای عێراق بوو ئەمەش بوو بە هۆی دروست بوونی خراپترین ڕەوشی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و شەهیدبوونی چەندین پێشمەرگە وهاوڵاتیانی ئەم هەرێمە.

شاری ڕانیە هاوشێوەی تەواوی شارەکانی تری هەرێم پشکی شێریان لە شەهیدبونی ڕۆڵەکانیان بەرکەوتووە ،لەهەمان کاتدا کۆچیخەڵکی دەڤەری ڕاپەڕین بەرەو وولاتانی ئەورووپا، بەهۆی ئەو بارودۆخە نەخوازراو و خراپە وای کرد کەچەندین کەس و خێزان لەگەنج و پیاو و ئافرەت لەڕێگەی ئەورووپا گیان لەدەست بدەن و بەمردوویی بیان گەڕێننەوە بۆ شارەکە، لێرەوە لە شاری ڕانیە تیکڕای مردن لە ساڵانی (١٩٨٧ ــ ٢٠١٦) زیاتر لە (٢) بووە لەهەزارا،لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەڕێژەی مردن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە نزمە، هیچ گومانی تێدا نیە کەنزمی ئەم ڕێژەیە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەکەم وکورتیانەی کە

لەڕابردوداو بگرە لەئێستاش دا لە تۆمارکردنی مردووەکاندا هەیــە، ئەمە لەلایەک لــەلایەکی ترەیــشەوە کــەم تــەرخەمی و نــاهۆشــیاری وەک ئاماژەمــان پێدا لەم بــارەیەوە ڕۆڵــی خۆی هەبووە.

زیادبوونی سروشتی پاڵپشتی بەهەردوو ڕەگەزی لەدایکبوون ومردن کاریگەری بەرچاوی کردۆتە سەر ئاراستەکانی گەشەی دانیشتوان لەشاری ڕانیە، بەم شیوەیە بۆمان دەردەکەوێت کەتێکڕای ڕێژەی زیـادبوونی سروشـتی دانیشـتوان لەمـاوەی نێـوان سـالانی (١٩٨٧ ـ ٢٠١٦) زیاتر (٣٥) لەهەزارا بـووە، بەلام ڕێژەی زیادبوونی سروشتی لەو ماوەیەدا کە ٢٩سـاڵی خایانـدوە بەرزونزمـی بەخـۆیەوە بینیـوە، بەجۆرێـک نزمتـرین ڕێـژەی گەشـەی زیــادبونی سروشــتی دانیشــتوان لەســاڵی ٢٠٠٧ بــووە کەنــزیکەی (٢٥) لەهەزارا بــووە، و بەرزترین ڕێژەش لە ساڵی ٢٠١٢ بووە کە (٥٢) لەهەزارابوە، بۆیە دەکرێت بڵێین کەشاری ڕانــیە بەهــۆی ئەوڕێــژە بەرزەی زیــادبوونی سروشــتی ڕۆڵێکــی بەرچــاوی گێــڕاوە لە بەرزبوونەوەی ئاراسـتەی گەشـەی دانیشـتوانی شـارەکە، هەر بۆیە شـاری ڕانیە بەو ڕێـژە بەرزەیەوە دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو ناوچانەی کەڕێژەی گەشەی سروشتی دانیشـتوانیان زیاترە لە(٣٠) لەهەزارا [١]


**خشتەی ژمارە ٥ ڕێژەی زیادبوونی سروشتی دانیشتوان لەشاری ڕانیە لە سالانی (١٩٨٧-٢٠١٦) لەهەزارا**

| ساڵ | ڕێژەی گەشەی زیادبوونی سروشتی |
| --- | --- |
| ١٩٨٧ | ٣٨,٧٣ |
| ١٩٩٢ | ٢٩,٩٣ |
| ١٩٩٧ | ٣٧,٠٤ |
| ٢٠٠٢ | ٣٢,٢١ |
| ٢٠٠٧ | ٢٤,٩٨ |
| ٢٠١٢ | ٥٢,٠٦ |
| ٢٠١٦ | ٢٨,٢٨ |
| ٢٠١٦-١٩٨٧ | ٣٤,٧٤ |

سەرچاوە: بەپشت بەستن بەهەردووک خشتەی ژمارە (٣) و (٤).

(١) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في اقليم كردستان ، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص١٩٥ .

**شێوەی ژمارە ٥ ڕێژەی زیادبوونی سروشتی دانیشتوان لەشاری ڕانیە لە ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٦) لەهەزاردا**




سەرچاوە: بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٥).

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە زیادبوونی سروشتی ڕەگەزێکی گـرنگە لە ڕەگەزەکـانی گەشـەی دانیشـتوان لەشـاری ڕانـیە، بەجۆرێـک بەڕەگەزی یەکەم دادەنرێت کە کاریگەری بەرچاوی کردۆتە سەر ئاڕاستەکانی گەشەی دانیشتوان لەشارەکەدا، چونکە لە ماوەی سـاڵانی (١٩٨٧ -٢٠١٦) زیـادبوونی سروشـتی پاڵپشـتی بەهەردوو ڕەگەزی لەدایـک بـوون و مـردن توانیـویەتی ڕێژەیەکـی بەرزتۆمـار بکـات کەتێکـڕاکەی نزیکـە ی ٣٥ لەهەزارا، لەگەڵ ئەوەی ڕێـژەکە بەرزە ،بەڵام ئاڕاسـتەی زیـادبوونی سروشـتی لەشـارەکەدا بەیەک ئاڕاستە نەبووە بەڵکوبەرزبونەوەونزم بونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، لەهەمان کاتدا تەنها زیادبونی سروشـتی ڕەگەزێکی گرنگی گەشـەی دانێشـتوان نیە بەڵکو کۆچیش وەک دووەم ڕەگەز کاریگەری هەیە لەگەشـەکردنی دانیشـتوانی شـاری ڕانـیە کە لەباسـی دواتـردا تیشـکی دەخەینەسـەر.

## باسی سێیەم

## کۆچ لە شاری ڕانیە

کۆچ ڕەگەزێکی سەرەکیە لەتوێژینەوەکانی دانیشتوان، چونکە سەرچاوەی دووەمی گۆڕانی قەبارەی دانیشتوانە، هەروەها کاریگەری بەرچاو دەکاتە سەر گەشە وگۆڕانی خاسیەتە جیاوازەکانی دانیشتوان[١] هەروەها کۆچ واوەسف دەکرێت دیاردەیەکی جوگرافیە کە بەدرێژایی تێپەڕبوونی سەردەمەکان پەیوەندی بەژیانی مرۆڤەوە هەبووە[٢] ، لەڕاستیدا ناساندنی جیاواز بۆ کۆچ کراوە، بەشێوەیەک نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کۆچ شێوەیەکە لە شێوەکانی جوڵانەوەی دانیشتوان لەنێوان هەرێمە جیاوازەکاندا بەمەبەستی مانەوەی هەمیشەیی، دەکرێت  کۆچ جوڵانەوەی تاکەکان و کۆمەڵەکان بێت لەناوخۆی وولات یان بۆ دەرەوەی وولات[٣]

لە پێناسەیەکی تردا، کۆچ بریتیە لەگواستنەوەی جوگرافی دانیشتوان لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر بەمەبەستی مانەوە جێگیربونی هەمیشەیی، کۆچ تائێستاش لەعێراقدا داهاتێکی بنچینەییە کەشان بەشانی زیادبوونی سروشتی کاریگەری دەکاتە سەر گەشەی دانیشتوانی شاروپێکهاتەی دیمۆگرافی، کۆمەڵایەتی، ئابوری.[٤] یاسای باری شارستانی عێراقی ژمارە (١٨٩) ساڵی ١٩٦٢دەڵێت: کۆچ بریتیە لەگۆڕانی شوێنی نیشتەجێبونی هەمیشەیی کەسەکان لەو شوێنەی کەناوی لەتۆمارەکان تۆمار کراوە بەرەوناوچەیەکی تر کە ناوی لەتۆماری ئەو شوێنەی کەبۆی دەچێت تۆماردەکرێت،لەگەڵ ئەوەی دیدوتێڕوانینی جیاواز لەنێوان جوگرافی ناسان بۆ کۆچ هەیە، بەڵام کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کەکۆچ بریتیـیە ( لەجوڵەی دانیشتوان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بەمەبەستی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی وە ئەگەر جوڵەی شوێنی ( کۆچ ) لەناوخۆی وولات بوو ئەوا کۆچی ناوخۆییە، بەڵام ئەگەر سنوری وولاتی تێپەڕاند ئەوا کۆچی دەرەکیە) [٥]

---

(١) بیان علی حسین، سکان مدینة السلیمانیة، (دراسة جغرافیة)، رسالة ماجستیر، کلیة الأداب، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠١، ص٧٧ .

(٢) رفیق محمد الدیاسطی، الهجرة الخارجیة الوافدة وأثرها علی سکان مدینة أوباری، (دراسة في جغرافیة السکان)، لیبیا، الجمعیة الجغرافیة الکویتیة، عدد ٣٢٤، ٢٠٠٧، ص٣ .

(٣) عبدالرزاق علی الرجیی، السکان والتنمیة البشریة في لیبیا **(١٩٥٤-٢٠٠٤)** بنیة الماضي ، وهیکلة الحاضر ، وآفاق المستقبل ، أطروحة دکتوراه، کلیة علوم الارض والجغرافیة والتهیئة العمرانیة ، جامعة منتوری قسنطینة، الجزائر، ٢٠٠٦، ص٨١-٨٦ .

(٤)خلیل اسماعیل محمد، (دهوک-نینوی)، دراسات في الخصائص الدیموغرافیة للسکان، مرکز کردستان للدراسات الأستراتیجیة، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص٤١ .

(٥) بیان علی حسین، سکان مدینة السلیمانیة، (دراسة جغرافیة)، مصدر سابق، ص٧٧ .

**یەکەم: کۆچی ناوخۆیی**

کۆچی ناوخۆیی بریتیە لەجێگۆڕکێی دانیشتوان لەنێوان بەشەجیاجیاکانی ناوخۆی وولآتدا،ویەکێکە لەڕووخسارە گرنگ ودیارەکانی جوڵانەوەی دانیشتوان لەناوخۆی هەرێمێکدا یان وولآتێکدا ، هەروەها قورسە بتوانرێت ئەم جۆرە کۆچە پێوانە بکرێت ئەگەر ئامارێکی ڕاست ودروست لە بەردەست نەبێت[١]. لەڕاستیدا ئەم جۆرە کۆچکردنە دەکرێت لەنێوان دوو ناوچەی لەیەکتری جیاواز لەڕووی ژمارەی دانیشتوان ڕوودەدات، ناوچەیەک کە دانیشتوانی زۆر بێت هۆکاری وەدەرنانی دانیشتوانە، لەبەرامبەردا ناوچەیەک کە دانیشتوای کەمە شوێنی ڕاکێشانی دانیشتوانە[٢].بەڵام دەکرێت بڵێین ئەمە مەرج نیە لەهەمو کات وشوێنێکدا ڕوودەدات. لێرەوە بۆخستنەڕوی‌کاریگەری کۆچ لەسەر گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە تیشک دەخەینە سەرکۆچکردن لەگوندەوە بۆشارەکە وکۆچکردن لە پارێزگاجیاجیاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە وەبەپێچەوانەوە شەوە:

**١: کۆچ کردن لەگوندەکانەوە بۆ شاری ڕانیە:**

بێگومان کۆچکردن لەگوندەوەبۆ شار دیاردەیەکی تازە نیە، وەهەمیشە شارەکان پشت بەدانیشتوانی گوندەکان دەبەستن، چونکە گوندەکان تەنها پێداویستیو خۆراک بۆ شارەکان دەستەبەر ناکەن بەڵکو هێزی دووەمن لەدابینکردنی دانیشتوان بۆ شارەکان ئەویش لەڕێگەی کۆچی گوندەوە بۆ شار[٣]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوونی ئەم جۆرە کۆچە ئەگەر پلانوبەرنامەی بۆ دانەنرێت ئەوا چەندین دەرئەنجامی خراپی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتیو ئابوری لەهەردوو ژینگەی شار و لادێ دروست دەکات[٤].

ئەگەر ئاماژەیەک بەکۆچی دانیشتوانی گوندەکان بکەین بۆ شاری ڕانیە بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٦) و (٧) بۆمان دەردەکەوێت لەساڵی ٢٠٠٢ ئەوانەی لەگوندەکانەوە کۆچیان کردوە بۆ شاری ڕانیە ڕێژەیان نزیکەی (١٥٪)ی کۆی دانیشتوانی شارەکە بوە، وە لەساڵی (٢٠١٦)کۆچی گوندنشینەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە (١٥٪)لەهەمان کاتدا لەڕێگەی بەراوردکردنی ڕێژەی گەشەی شارنشینی و گوندنشینی قەزای ڕانیەوە دەتوانین کۆچ کردن

---

(١) فتحي محمد ابوعيانە، جغرافية السكان، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، ط٥، بيروت، ٢٠٠٢، ص٢٣٢،٢٧٩ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ناصر عبدالله علی مرعی الكثيری، الهجرة الداخلية لسكان ، المحافظات الشمالية في الجمهورية اليمنية ( ١٩٧٥ -١٩٨٦)، صنعاء، ١٩٩٨، ص٣١-٣٢ .

(٢) واحيد حمه ويس نصرالله، الهجرة الخارجية وأثرها في بناء الأسرة وضائفها، (دراسة ميدانية في مدينة السليمانية)، رسالة ماجستر، كلية الأداب، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٥، ص٩ .

(٣) موسا عبوده سمحه و فوزی عبد سهاونە، جوگرافیای دانیشتوان، و. هیوا ئەمین شوانی، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ص١٨٦-١٨٧ .

(٤) نیس هـ . رونج، علم السكان، ترجمة السيد محمد غلال، دار مصر للطباعة ، القاهرة، ١٩٦٧، ص١٤١ .

لەگوندەوە بۆ شاری ڕانیەمان بۆدەربکەوێت. بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە(٨)بۆمان دەردەکەوێت کەڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندەکان لەسەر ئاستی قەزا لەزۆربەی سالآنی لێکۆڵینەوە بەئاڕاستەی کەمبوونەوەچووە، لەبەرامبەردا ڕێژەی گەشەی شارنشینی بەئاڕاستەی بەرزبوونەوە چووە، بەجۆرێک لەماوەی سالآنی (١٩٥٧ -٢٠١٦) تێکڕای ڕێژەی گەشەی شارنشینی سالآنە نزیکەی(٧٪)بوە لەبەرامبەردا ڕێژەیگەشەی گوندنشینەکان گەیشتۆتە(-٤٪)ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کەکۆچکردن لەگوندەکانەوە بۆ ڕانیە کراوە، بێگومان ئەم کۆچکردنەش بۆشارەکە دەرئەنجامی هۆکارەکانی ئابوری و کۆمەلآیەتی وسیاسی وکارگێڕی بوە لەگەڵ جیاوازی لەدابین کردنی خزمەتگوزاریەکان کە لەدووباسی پێشوودا بەدرێژی ئاماژەمان پێدان ، ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەوئەنجامەی کە شاری ڕانیە لەماوەی ناوبراودا ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوان بووە.

**خشتەی ژمارە ٦ دانیشتوانی شاری ڕانیە لەڕووی شوێنەکانیانەوە بەپێی سالّی ٢٠٠٢ ٪**

| شوێنی نیشتەجێ بوون | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| دانیشتوانی شاری ڕانیە | ١٩٢٨٥ | ٣١,٤ |
| ئەوانەی لەگوندەکانی دەوروبەرەوە هاتون و لە شاری ڕانیە نێشتەجێ بون | ٩٠٦٤ | ١٤,٧ |
| ئەوانەی لەپارێزگای سلێمانیەوە هاتون و لەشاری ڕانیە نێشتەجێ بون | ٢٣٤٠٢ | ٣٨,٢ |
| ئەوانەی لەپارێزگاکانی ترەوە هاتون و لەشاری ڕانیە نێشتەجێ بون | ٩٥٧٦ | ١٥,٧ |
| کۆی گشتی | ٦١٣٢٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری گشتی شاری ڕانیە لە ٢٠٠٢/١٢/٢٥ تا ٢٠٠٣/١/١٠ لا٢٦.

**خشتەی ژمارە ٧ دانیشتوانی شاری ڕانیە لەڕووی شوێنەکانیانەوە بەپێی سالّی ٢٠١٦ ٪**

| شوێنی نیشتەجێ بوون | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| دانیشتوانی شاری ڕانیە | ٦٧٧٤٤ | ٧٤ |
| ئەوانەی لەگوندەکانی دەوروبەرەوە هاتون و لە شاری ڕانیە نیشتەجێ بون | ١٣٧٣٢ | ١٥ |
| ئەوانەی لەپارێزگای سلێمانیەوە هاتون و لەشاری ڕانیە نێشتەجێ بوون | ٤٥٧٠ | ٥ |
| ئەوانەی لەپارێزگاکانی تری(هەرێمەوە)هاتون و لەشاری ڕانیە نیشتەجێ بون | ٩٦١ | ١.٠٥ |
| ئەوانەی لەپارێزگاکانی ناوەڕاست وباشورهاتون ولەشاریڕانیە نێشتەجێ بون | ٤٥٤٠ | ٤,٩٥ |
| کۆی گشتی | ٩١٥٤٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە:١-حکومەتی هەرێمی کوردستان،پارێزگای سلێمانی،قایمقامیەتی قەزای ڕانیە،بەشیکارگێڕی.ڕانیە ،٢٠١٦.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ڕاپەڕین،باریدەدەریەتی ئاسایشی ڕانیە ، هۆبەی (ئامار)، ٢٠١٦.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان،قایمقامیەتی قەزای ڕانیە، ئەنجوومەنی گوندەکانی قەزای ڕانیە، ڕانیە،٢٠١٦.

وه دیاریکردنی ڕادەی شارنشینی و گوندنشینی لەقەزای ڕانیەبەشێوەیەک لە شێوەکانی تر یارمەتیمان دەدات بۆ زانینی جوڵانەوەو هاتووچۆی دانیشتوان لەنێوان گوندەکان و سەنتەرە شارنشینەکانی ناوچەکە، بۆیە بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٩) کە تایبەتەبەڕادەی شار نشینی وگوندنشینی،بەدرێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە ڕێژەی گوندنشینی بەئاڕاستەی کەمبونەوە چووە لەبەرامبەردا لەتەواوی ماوەی لێکۆڵینەوەدا ڕێژەی شارنشینی لەقەزاکەدا بەئاڕاستەی بەرزبوونەوە چووە، بەشێوەیەک تێکڕای ڕێژەی شارنشینی لەماوەی نیوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠١٦) بریتیە لە(٥٤٪) لەبەرامبەردا تێکڕای ڕێژەی گوندنشینی (٩٢،٤٦٪) بووە .

**خشتەی ژمارە ٨ ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧-٢٠١٦)٪**

| ماوە | شارنشینی | گوندنشینی |
|---|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٦٥ | ٥,٨ | ٣ |
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | ٩,٦ | -١,٣ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ١٠,٤ | -٤,٢ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٦,٣ | ١,٨ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٩ | ٤,٢ | -٦,٣ |
| ٢٠٠٩-٢٠١٦ | ٣,٨ | ٢,٧ |
| ١٩٥٧-٢٠١٦ | ٦,٦ | ـــ ٤,٣ |

سەرچاوە: بەپشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە (٢).

ڕێژەی گەشە دەرهێنراوە بەپشت بەستن بەهەمان یاسای خشتەی ژمارە (٢)ی پێشوو.

**خشتەی ژمارە ٩ ڕێژەی دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوانی شارنشین وگوندنشین لەقەزای ڕانیە (١٩٥٧-٢٠١٦) ٪**

| ماوە | شارنشینی | گوندنشینی |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٠,٨٤ | ٨٩,١٦ |
| ١٩٦٥ | ١٣ | ٨٧ |
| ١٩٧٧ | ٣٤,٦٧ | ٦٥,٣٣ |
| ١٩٨٧ | ٦٤,٨٦ | ٣٥,١٤ |
| ٢٠٠٢ | ٧٨ | ٢٢ |
| ٢٠٠٩ | ٨٨,٣١ | ١١,٦٩ |
| ٢٠١٦ | ٨٨,٩٣ | ١١,٠٧ |

سەرچاوە: بەپشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە (٢).

لێرەدا بەگرنگ وە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەکۆچ پێکردنی زۆرەملێی گوندنشینەکان لە قەزا کانی پشدەرو دوکان ورانیە لە ماوەی ساڵانی( ١٩٧٨ـ١٩٩٠) بکەین، چونکە ئەم جۆرە کۆچ پێکردنەی زۆرەملێی گوندنشینەکان کاریگەری کردۆتە سەرگەشەی دانیشتوانی شاری رانیە.

بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (١٠) بۆمان دەردەکەوێت بەدرێژایی ساڵانی (١٩٧٨-١٩٩٠) ، (١٧) گوندو(٢١٨١)خێزان کەژمارەیان (١١٩٦٣) کەس بەرەو شاری رانیە راگوێزراون ، بەدڵنیاییەوە ئەم جۆرە کۆچکردن زۆرە ملێ یەی گوندنشینەکان بەرەو شاری رانیە کاریگەری و رەنگدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر گەشەی دانیشتوانی شاری رانیە.

**خشتەی ژمارە ١٠ راگواستنی زۆرە ملێی گوندو خێزانەکانی قەزای رانیە بۆشاری رانیە**

**(١٩٧٨-١٩٩٠ )**

| ماوە | ژمارەی گوند | ژمارەی خێزان | ژمارەی راگوێزراوان | ئەو گوندو خێزانانەی کەبەرەو شاری رانیە راگوێزاون | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | گوند | خێزان | ژمارە |
| ١٩٧٨-١٩٧٩ | ١٥٢ | ٥٧١٤ | ٣٣٠٨١ | ٩ | ٣٢٠ | ١٦٠٠ |
| ١٩٨٠-١٩٨٧ | | ١٧٧٩ | ٩٣١٢ | ٢ | ١١٠٩ | ٦١٥٧ |
| ١٩٨٧-١٩٩٠ | ١٩٥ | ٨٨٤٨ | ٥١٥٣١ | ٦ | ٧٥٢ | ٤٢٠٦ |
| کۆی گشتی | ٣٤٧ | ١٦٣٤١ | ٩٣٩٢٤ | ١٧ | ٢١٨١ | ١١٩٦٣ |

سەرچاوە:

(1)Shorsh, M. Resool, Destruction of Anationopcit, op.cit , pp 120 - 127.

(٢)جاسم محەمەد محەمەد عەلی،رۆڵی هۆکارە سیاسییەکان لەدابەش بوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا ، سەرچاوەی پێشوو، لا١٨٦-١٨٨ .

لەئەنجامی لێکۆڵینەوەی خشتەکانی(٨،٩،١٠)دەکرێت بڵێین هەردووجۆری کۆچکردنی ئارەزومەندانەی گوندنشینەکان وکۆچ پێکردنیزۆرەملێی گوندنشینەکان بۆشارەکە لەلایەن رژێمی بەعس رۆڵێکی گرنگ وبەرچاوی هەبووە لەسەر گەشەکردنی دانیشتوانی شاری رانیە،بێگومان کۆچکردن وکۆچپێکردنی زۆرەملێی گوندنشینەکان دەرئەنجامی چەندهۆکارێک بوون کە لەچەند خاڵێک دا باسیان دەکەین:

١.خراپی رەوشی سیاسی کوردستانی عێراق،وەک ئاشکرایە شاری رانیە بەهۆی نزیک لە سنوری وولاتی ئێران کاریگەربووە بەرووداو وپێشهاتە سیاسیەکان، بەتایبەت لەماوەی

سالآنی (١٩٨٠- ١٩٨٨) ی شەڕی عێراق - ئێران کەپارێزگای سلێمانی کەوتە بەر پرشکی ئەم جەنگە ، حکومەتی عێراقیش ئەم شەڕەی وەک پاساوێک بۆڕاگواستنی گوند نشینەکان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێ کان بۆ دوو ئامانج بەکارهێنا :

أ:گوندی ناوچە شاخاویەکان باشترین شوێن بوون بۆ لێدانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو لەلایەن شۆڕشی کوردەوە.

ب: لاوازکردنی شۆڕشی کورد ئەویش لەڕێگەی وشک کردنی ئەو هاوکاریانەی کەگوندەکان لەڕووی دیمۆگرافی و ئابوری دەیان گەیاندە هێزەکانی پێشمەرگە[١]، بۆیە لەئەنجامدا (٦٨١) گوند لەپارێزگای سلێمانی ڕاگوێزران[٢]، وەک لەخشتەی ژمارە (١٠)ی پێشوو ڕوونمان کردەوە (٢١٨١) خێزان و (١٠٣٦٣) کەس بۆ شاری ڕانیە ڕاگوێزران.

٢: هەمیشەجۆرێک لەجیاوازی هەیە لەنێوان شارو گوند لەڕووی خزمەتگوزاریو دامەزراوەکان، بەوپێیەی کەشاری ڕانیە شوێنی کۆبوونەوەی دام ودەزگا جۆراوجۆرەکانە. لەکاتێکدا گوندەکان ئەمانەیان تێدا نیە[٣]، بۆیە گوندنشینەکان هەندێک جار بۆ ئاسان گەیشتن بەو خزمەتگوزاریانە ڕوو دەکەنە شاری ڕانیە، بەو پێیەی کەناوچەی لێکۆڵینەوە سەنتەری کارگێڕی قەزای ڕانیەیە لەلایەک وسەنتەری ئیدارەی ڕاپەڕینە لەلایەکی ترەوە کە قەزاکانی پشدەروڕانیە لەخۆدەگرێت ، ئەمە ش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە وەک سەنتەری پارێزگایەکی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەبەر ئەوە ئەم پلە کارگێڕیەی شارەکە بۆتە هۆی کۆبونەوەی دام و دەزگا گرنگەکانی ( زانکۆ، پەیمانگاکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی، پەروەردە، شارەوانیەکان ،ئیدارەی ڕاپەڕین.....)، بێگومان کۆبوونەوەی ئەم دامودەزگا جۆراو جۆرانە لە شارەکەدا کە دانیشتوان ڕۆژانە پێویستیان پێیەتی،کاریگەریان هەبوە لەڕاکێشانی زۆرێک لەگوندنشینەکانی دەڤەرەکەو قەزاکانی پشدەرو دوکان کەهاوسنوری قەزای ڕانیەن بۆ شاری ڕانیە.

٣: جیاوازی چینایەتی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری، لەنێوان شارو گوند و قۆرخ کردنی زەویە کشتوکاڵیەکانی گوندەکانی قەزای ڕانیە ، لەلایەن چەند چین و توێژێکی دیار وبێ بەشبوونی جووتیاران لەبوون بەخاوەنداریەتی زەوی و نەتوانینی جوتیار

---

(١)سلێمان عەبدوڵلا، گۆرانکاری چەندێتی جێنشینی دێهاتەکان لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (١٧)، هەولێر، ٢٠٠٠، لا١٦٧-١٦٨ .

(٢) ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق وسێکوچکەی بەعسیان (تەرحیل، تەعریب، تەبعیس)، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٦ .

(٣) محەمەد شاکەلی، لەلادێوە بۆ شار، لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی کۆچی گوندنشینەکانی کوردستان بەرەو شارەکان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٦، لا١٨ .

لەباشترکردنی بارودۆخی  منداڵەکانیان لەڕووی ئابوری و ڕۆشنبیریوکۆمەڵایەتی ،لەهەمان کاتدا لاوازی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەپشتگیری کردنی گوندنشینەکانی قەزای ڕانیە، بێگومان ئەمانە بەگشتی فشاریان بۆ جووتیارەکان هێناوە کەبەرەو شاری ڕانیە کۆچ بکەن[1]. ئەمەش چەندین دەرئەنجامی خراپی لەهەردوو ژینگەی شارو لادێ دروست کردوە، کەگرنگترینیان چۆڵ بوونی بەشێکی زۆر لەگوندەکانی قەزای ڕانیە وبەجێ هێشتنی زەویە کشتوکاڵیەکانیان ، لەگەڵ دروست بوونی قەرەباڵغی دانیشتوان لەشاری ڕانیە، ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی فشار لەسەر خزمەتگوزاریەکان لە شاری ڕانیە[2].

**٢: کۆچ کردن لەپارێزگاکانەوە بۆ شاری ڕانیە و بەپێچەوانەوە:**

ئەم جۆرەکۆچ کردنە بەجۆرێک لەکۆچی ناوخۆیی دادەنرێت، کەبەهۆی چەند هۆکارێکی لەیەکتری جیاوازەوە لەپارێزگا جۆراوجۆرەکانی عێراق وهەرێمی کوردستانی عێراق بۆ شاری ڕانیە کراوە. بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٦) پێشوو دەردەکەوێت ئەو کەسانەی لەساڵی ٢٠٠٢ لەپارێزگای سلێمانیەوە هاتوون لەشاری ڕانیە نیشتەجێبوون زیاتر (٣٨ ٪ ) ی دانیشتوانی شارەکەیان پێکهێناوە ،هەروەها ئەوانەی لەپارێزگاکانی ترەوە هاتوون وکۆچیانکردوە لە شاری ڕانیە نیشتەجێبون ڕێژەیان نزیکەی(١٦٪) بوە. سەبارەت بەساڵی ٢٠١٦بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە(٧) پێشوو بۆمان دەردەکەوێت ئەوانەی لەپارێزگای سلێمانیەوە ڕوویان لە ڕانیە کردوەو نیشتەجێ بوون ڕێژەی (٥٪) دانیشتوانی شارەکەن،وە ئەوانەی لەپارێزگاکانی ترەوە هاتونە ڕانیە ڕێژەیان زیاترلە(١٪)،بەڵام ئەوانەی لەپارێزگاکانی ناوەڕاست هاتون ڕێژەیان نزیکەی (٥٪) لەڕاستیدا هاتنی دانیشتوانی پارێزگاکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە بۆخراپی ڕەوشی سیاسی پارێزگاکانی عێراق کەبەهۆی شەڕی داعش ئاوارەی شاری ڕانیە بوون.

---

(١) بڕوانە: أ- ئەحمەد محەمەد صالح، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکان لەقەزای شارباژێڕ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٨، لا٢١٣-٢١٥ .
ب- خەلیل ئیسماعیل محەمەد و ئەیوب خەلیل ئیسماعیل ، جوگرافیای دێنشینی (کوردستانی عێراق وەک نمونە) چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢، لا٨٣-٨٦ .

(٢) کاید عثمان ابوصبحە، جغرافیا المدن، دار وائل للطباعة والنشر، عمان، ٢٠٠٣، ص٥٥-٥٦ .

**دووەم: کۆچی نێودەوڵەتی**

کۆچی نێودەوڵەتی یەکێکە لەرووخسارە گرنگەکانی جوڵانەوەی دانیشتوان لەجیهاندا، بەشێوەیەک بۆتە جێگەی سەرنج وگرنگی پێدانی وولاتانی جیهان بەگشتی، چونکە ناتوانرێت کۆچی بەلێشاوی مرۆڤایەتی لەنێوان ناوچەکاندا پشتگوێ بخرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەڕاکێشان یان وەدەرنانی دانیشتوان لەنێوان وولاتە جیاوازەکاندا دەرئەنجامی چەندین هۆکاری بەهێزە [١] لەم گۆشەنیگایەوە کۆچی نێودەوڵەتی بریتیە لە گواستنەوەی دانیشتوان لەشوێنی نیشتەجێبونی ڕەسەنی وولاتەکەی خۆیبەرەو وولاتێکیتر[٢]بەشێوەیەک کەسنوری وولاتی خۆی بەزاندوە و لەوولاتێکی ترنیشتەجێ بوە [٣].شاری ڕانیە یەکێکە لەو شارانەی بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنە جوگرافیەکەی لەنزیک سنوری وولاتی ئێران، بۆیە تاڕادەیەک کاریگەر بوە بەم جۆرە کۆچ کردنە،بەجۆرێک کۆچ بۆڕانیە کراوە لەهەمان کاتیشدا لە شاری ڕانیەشەوە کۆچ بۆ دەرەوە کراوە،بەڵام بەهۆی کەمی داتاکان ناتوانین بەشێوەیەکی وورد دەست نیشانی بکەین، وەک ئاشکرایە لەتەواوی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم جۆرە کۆچە لەشارەکاندا زۆرکەم تۆماردەکرێن. بەڵام لەڕێگەی دەرهێنانی پوختەی کۆچ دەتوانین ئاڕاستەی کۆچ بۆ شاری ڕانیەو بەپێچەوانەوە دیاری بکەین . پوختەی کۆچیش بریتیە لەجیاوازی نێوان ژمارەی هاتـووان بۆ ئەو ناوچەیە لـەگەڵ ژمارەی ڕۆیشتوان لەهەمان ناوچە لەماوەیەکی دیاریکراودا.ئەگەر پوختەی کۆچ پۆزەتیڤ بو ئەوە مانای وایە کەناوچەکە کۆچی بۆ کراوە، بەلام ئەگەر پوختەی کۆچ نێگەتیڤ بوو ئەوە مانای وایە ناوچەکە کۆچی لێوە کراوە[٤]، پوختەی کۆچ لەڕێگەی ئەم هاوکێشەیەی لای خوارەوە دەردەهێنرێت[٥]:

$$\text{پوختەی کۆچ} = \frac{\text{ژمارەی هاتووان} - \text{ژمارەی دەرچووان}}{\text{ژمارە ی دانیشتوانی ناوچەکە}} \times ١٠٠$$

(١) رزگـار سـعيد بشـدری، الهجـرة والتغييـر الـديموغرافی و خطـط التنميـة فـي العـراق اقلـيم كردسـتان نموذجا،مطبعة رنج ،السليمانية ،٢٠٠٩ ، ص٢٤-٢٥ .

(٢) بڕوانە: أ- علی سالم حميدان و محمود الحبيس، جغرافية السكان، المدخل إلی علم السكان ، دار صـفاء للنشـر والتوزيـع، ط١١، عمـان، ٢٠٠١، ص٢٧٠-٢٧٤. ب-عبدالفتاح محمـد وهيبـە، جيوگرافيـای دانيشـتوان ، و.گەرميان محمد احمد، ، چاپخانەی گەنج، سلێمانی،٢٠١٢، ص٣٠ .

(٣) أمـل يوسـف العذبی الصـباح، الأثـار السـلبية للهجـرة الدوليـة فـي مجتمـع المـواطنين، (دراسـة حالـة لـدول مجلس التعاون الخليجی)، الجمعية الجغرافية الكويتية، عدد ١٣٦،الكويت ١٩٩٠، ص٤-١٢ .

(4) Ian Thomas, Population Growth, o,p,cit. pp 20 .

(٥)عبدالله عطـوی، جغرافيـة السـكان، جغرافيـة السكان، دار النهضـة العربيـة للطباعـة والنشـر ط٢، بيـروت، ٢٠٠١ ، ص٢٨٢

لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە و پراکتیک کردنی لەسەر شاری ڕانیە پوختەی کۆچ مان بۆڕوون دەبێتەوە،بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە(١١) بۆمان دەردەکەوێت تێکڕای پوختەی کۆچ لەشاری ڕانیە لەماوەی نێوان ساڵانی(٢٠١٢ــ ٢٠١٦ ) لە(١٪)کەمتربوو واتە پوختەی کۆچ لەناوچەی لێکۆڵینەوە پۆزەتیڤ بوە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەناوچەکە کۆچی بۆ کراوە،بەڵام لەهەردوو ساڵی (٢٠١٥، ٢٠١٦) پوختەی کۆچ، لە (ــ ١٢،٠) ، (ــ ٦٨،٠) بوە، واتە پوختەی کۆچ لەو ماوەیەدا نێگەتیڤ بووە، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەشارەکە کۆچی لێوە کراوە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆخراپی ڕەوشی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ناوچەکە ،چونکە لەو ساڵانەدا هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی خراپترین شەڕبۆوە لەگەڵ گروپی تیرۆرستی داعش .

**خشتەی ژمارە ١١ پوختەی کۆچ لەشاری ڕانیە ( ٢٠١٢ــ٢٠١٦)**

| ساڵ | ژ. دانیشتوان شاری ڕانیە | ژ. هاتووان | ژ. ڕۆیشتوان | پوختەی کۆچ |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٢ | ٨٢١٤٧ | ١٢٢٣ | ٥٣١ | ٠,٨٤ |
| ٢٠١٣ | ٨٥٠٢٢ | ٨٥١ | ٤٣٤ | ٠,٤٩ |
| ٢٠١٤ | ٨٧٩٩٧ | ١١٠٠ | ٩٧٣ | ٠,١٤ |
| ٢٠١٥ | ٩١٥٤٧ | ١٥٢٠ | ١٦٣٢ | ٠,١٢- |
| ٢٠١٦ | ٩٤٧٥١ | ٥٥٠١ | ٢٥٢٠ | ٢,١٨ |
| ٢٠١٢ - ٢٠١٦ | | ١٠١٩٥ | ٤١٠٥ | ٦,٠٩٠ |

سەرچاوە: ١ - حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی، قایمقامیەتی قەزای ڕانیە، بەشی کارگێڕی. ڕانیە،٢٠١٦.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ڕاپەڕین، یاریدەدەریەتی ئاسایشی ڕانیە، هۆبەی یەک (ئامار). ڕانیە،٢٠١٦

**٣-** پاشکۆی ژمارە (١)..

دوای ئەوەی پوختەی کۆچمان لەڕێگەی ژمارەی هاتووان ورۆیشتوان لەشاری ڕانیە خستە ڕوو،وەدەتوانین پوختەی کۆچ لەتێکڕای ماوەی لێکۆڵینەوە لەڕێگەی جیاوازی نێوان گەشەی ساڵانەی شار وگەشەی ساڵانەی قەزاکە وپشت بەستن بە بەکارهێنانی ئەم یاسایە دیاری بکەین: **پوختەی کۆچ = ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شار ــ ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی قەزا** [1] بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیە ڕێژەی پوختەی کۆچ شاری

(١)خلیل اسماعیل محمد، (دهوک-نینوی)،دراسات في الخصائص الدیموغرافیة للسکان، مصدر سابق، ص١١٠ .


ڕانیە لەماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٧- ٢٠١٦ ) گەیشتۆتە لە(٧.٢٪) بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢) پوختەی کۆچ لەماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٧-١٩٦٥ ) کەمتر(١٪) بوە، بەڵام لەماوەی سالآنی (١٩٦٥- ١٩٧٧) بەرز دەبێتەوە بۆنزیکە ی (٧٪) ولەساڵی (١٩٧٧- ١٩٨٧) پوختەی کۆچ لەبەرز بونەوە بەردەوام دەبێت بەشێوەیەک کەبەرزترین ڕێژەی بەخۆیەوە بینیوەکە زیاتر (٨٪) بو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی شاری ڕانیە ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوان بووە، بەڵام لە ماوەی سالآنی ( ١٩٨٧ ٢٠٠٢) و (٢٠٠٢- ٢٠٠٩) پوختەی کۆچ کەم دەکات بۆکەمترلە (١٪)، و لەماوەی نێوان سالآنی(٢٠٠٩ ٢٠١٦) پوختەی کۆچ بەرزدەبێتەوە بۆ (٢،١٨ ٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە خراپی ڕەوشی سیاسی عێراق بەهۆی ڕوودانی شەڕی داعش وئاوارەبونی بەشێک لە دانیشتوانی ناوەڕاستی عێراق بۆشاری ڕانیە ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوان بوە ئەمەش کاریگەری هەبوە لەسەر گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە.

**خشتەی ژمارە ١٢ ڕێژەی پوختەی کۆچ لەشاری ڕانیە (١٩٥٧- ٢٠١٦) ٪**

| ماوە | ڕێژەی گەشەی شار | ڕێژەی گەشەی قەزا | پوختەی کۆچ |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٦٥ | ٣،٦ | ٣،٣ | ٠،٣ |
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | ٧،٨ | ١ | ٦،٨ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ١٢،١ | ٣،٧ | ٨،٤ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٥،٤ | ٥ | ٠،٤ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٩ | ٢،٧ | ٢،٤ | ٠،٣ |
| ٢٠٠٩-٢٠١٦ | ٣،٥ | ٣،٧ | ٠،٢- |
| ١٩٥٧-٢٠١٦ | ٥،٨٥ | ٣،١٨ | ٢،٦٧ |

سەرچاوە: بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (٢)

**شێوەی ژمارە ٦ وختەی کۆچ لەشاری ڕانیە (١٩٥٧-٢٠١٦) ٪**




سەرچاوە: بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (١٢).

دەکرێت بڵێین کە شاری ڕانیە لەڕووی دانیشتوانەوە پاڵپشت بە زیادبوونی سروشتی وکۆچ گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەم گەشەکردنەش کاریگەری کردۆتە سەر گەشەکردنی ڕووبەری هەریەک لەوەزیفەکانی بازرگانی وپیشەسازی.... کەلەبەشی داهاتوودا کاریگەری ئەم گەشەکردنەی دانیشتوان لەسەر هەریەک لەوەزیفەکانی شارەکە بەدرێژی ڕوون دەکە ینەوە.

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەوئەنجامەی کەبڵێین کۆچ وەک ڕەگەزی دووەم لەدوای زیادبوونی سروشتی کاریگەری کردۆتە سەرگەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە، بەجۆرێک هەردووکۆچی ناوخۆیی ودەرەکی لەو بارەیەوە ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە، لەڕاستیدا هۆکارەکانی سیاسی وکۆمەڵایەتی وخزمەتگوزاری کاریگەریان لەسەرکۆچی گوندنشینەکان وکۆچی دەرەکی هەبوە لەشارەکەدا. لەهەمان کاتدا لەڕێگەی بەراوردکردنی گەشەی ساڵانەی شاری ڕانیە و قەزای ڕانیە بۆمان دەرکەوت کە پوختەی کۆچ لەبەرژەوەندی شار بووە، واتە شاری ڕانیە ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوانی گوند نشینەکان بوە، هەروەها لەسەر ئاستی کۆچی دەرەکیش بۆمان دەرکەوت ناوچەی لێکۆڵینەوە شوێنی ڕاکێشانی دانیشتوان بووە لەلایەک و ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوانیش بووە لەلایەکی ترەوە. بێگومان گەشەکردنی دانیشتوانی ڕانیە کاریگەری کردۆتە سەر فراوانبونی ڕووبەری شاری ڕانیە کە لە بەشی دواتردا باسی دەکەین.

# بەشی سێیەم

## ئاڕاستەکانی فراوانبونی شوێنی لە شاری ڕانیە

### باسی یەکەم: فراوانبوونی بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لە شاری ڕانیە

### باسی دووەم: گەشەی دانیشتوان وکاریگەری لەسەرفراوانبونی شاری ڕانیەو ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی وەزیفەکانی

## باسی یەکەم

## فراوانبوونی بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لەشاری ڕانیە

لەم باسـەدا هەوڵ دەدەیـن تیشـک بخەیـنە سـەر فراوانبـوونی بەکارهێنـانی زەوی وەزیفـی لە شـاری ڕانـیە، بەبـێ ئامـاژەدان بە کـاریگەری گەشـەی دانیشـتوان لەسـەر گەشـەکردنی ڕووبەری هەریەک لەوەزیفەکـان. بـۆ ئەم مەبەسـتەش لە باسـی دووەم دا کاریگەری گەشەی دانیشتوان بەگوێرەی قۆناغەکان لەسەر فراوانبوونی شارەکە وڕووبەری هەریەک لە وەزیفەکـانی شـاری ڕانـیە ڕوون دەکەیـنەوە. زەوی ئـەو گۆرەپانەیـە هـەموو چالاکیەکانی مرۆڤی لەسەر ئەنجام دەدرێت وسەرچاوەی هەموو ئەو دەرامەتە داواکراوانەیە کە ئەو چالاکیانە پێویستیانە [1]. گومانی تێدانیە بەڵگە بەهێزی شار بریتیە لـە جۆراوجۆریـەتی بـەکارهێنانی زەوی بۆ وەزیفە جیاوازەکـان لـە شـاردا، چونکـە ئەمـە ئاماژەیـە بۆ وێـناکردنی زیندویەتی شار [2].

بێگومـان لێکۆڵینـەوە لەبـەکارهێنانی زەوی لـەشـاردا بـۆ هەر یەک لەوەزیفەکـانی بازرگانی وگواستنەوە.....گرنگی زۆری هەیە لـەژیانی ئـابووری وکۆمەڵایـەتی دا لەبەرئـەوەی زۆرێک لە وولاتان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ هـەوڵیان داوە بۆ ڕێکخسـتنی ئـەو پەیوەندیانـەی کـە لـە نێوان مـرۆڤ وڕێگاکانی بـەکارهێنانی زەوی هەیە لەشـاردا. لـە هـەمان کاتدا لێکۆڵینەوە لەبەکارهێنانی زەوی بۆوەزیفەکان لە شاردا بنەمایەکی بە هێزە بۆ ئاشنابون بـە هەیکـەلی شـار، چونکـە پێوەرێکی گرنگە بۆ ڕوونکردنـەوەی شـوێنەکانی نیشـتەجێبون و گواسـتنەوە ...هتـد لـە شـاردا [3] لـەڕاسـتیدا بـەکارهێنانی زەوی وەزیفـی لـە شـاری ڕانـیە جیادەکرێتەوە بە داینـامیکی و بـەردەوامی گۆڕانکـاری ڕووبەرەکـەی و جواروجۆریەتیەکـەی، ئـەم خێرایـی و بـەردەوامی گۆڕانکاریـەش لـە بـەکارهێنانی زەوی لـە شـارکەدا پەیوەنـدی بـەسروشـتی کۆمەڵگـەی شـار و شارنشـینی یـەوە هەیە، چونکـە ئـەم شـارە بـەردەوام لـە

---

(١) علي سالم الشواورة،جغرافية المدن دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، عمان، ٢٠١٢،ص٢٣١

(٢) مكي غازي عبداللطيف،استخدام تقنيات الآستشعار عن بعد و نظم المعلومات الجغرافية في التطبيق و التحليل المكاني و استعمالات الارض قضاء الاعظمية، دراسة كارتوكرافية تحليلية، اطروحة دكتوراة، كلية تربية (ابن رشد)جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٦،ص١

(٣) صلاح حميد الجنابي، جغرافية الحضر اسس و تطبيقات، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل،١٩٨٧،ص٦٩.بۆزانیاری زیاتربڕوانە : فلاح مهدي الموسوي استقراء المؤشرات المستقبلية لتخطيط استعمالات الارض على ضوء تأثيرات انظمة النقل و الاتصالات الحديثة، رسالة ماجستير المعهد العالي للتخطيط الحضري و الاقليمي جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٣، ص٢.

گەشەکردن دایە بەهۆی کاریگەری گەشەی دانیشتوانەکەی وگۆڕانی بەردەوامی پێداویستی وداواکاریەکانی دانیشتوانی شارەکە' لێرەوە هەوڵ دەدەین باسی گەشەکردنی ڕووبەری هەریەک لەوەزیفەکانی شاری ڕانیە بکەین:

**١: بەکارهێنانی زەوی بۆوەزیفەی نیشتەجێبون لە شاری ڕانیە:**

شار یەکێکە لە گرنگترین وبەرچاوترین دیاردەکانی جوگرافیای مرۆیی کە ڕووخساری نیشتەجێبوونی پێوەدیارە [(١)] ئەم جۆرە بەکارهێنانە وەزیفیە لە چوارچێوەی شاردا گرنگی پێ دەدرێت، چونکە پەیوەندی بە کۆبوونەوە و گەشەی دانیشتوانەوە هەیە [(٢)]. بەکارهێنانی زەوی بۆوەزیفەی نیشتەجێبون لەو وەزیفە سەرەکیانەیە کە لە زۆربەی شارەکاندا هەیە ، لەبەرئەوە هەرچەندە وەزیفەی جیاواز هەبێت لە شاردا گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەو وەزیفانە پەیوەندیان بە نیشتەجێبونەوە هەیە [(٣)]. تویژینەوە شارنشینەکان لە بڵاوترین توێژینەوەکانی جوگرافیان کە باس لەوەزیفەی نیشتەجێبوون دەکەن ئەمەش لە ئەنجامی پەیوەندی توندوتۆڵی ئەم بەکارهێنانە بەدانیشتوانەوە لەلایەک و گرنگی زۆری ئەم بەکارهێنانە وەزیفە بۆ وەزیفەکانی تر لەلایەکی ترەوە، هەر لەبەرئەمەیە جوگرافی ناسەکان وا سەیری شار دەکەن کە شێوەیەکە لە شێوەکانی نیشتەجیبوون [(٤)].

لەم گۆشە نیگایەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکە ین، شاری ڕانیە بەبێ نیشتەجێبوون هیچ بونێکی نیە، هەرچەندە بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبوون زۆرترین ڕووبەری شارەکە پێک دەهێنێ، بەڵام بەردەوام لەلایەن وەزیفەکانی تر کاریگەری لێ دەکرێت بە تایبەت بازرگانی و پیشەسازی [(٥)]. سەبارەت بەوڕووبەرەی کە نیشتەجێبوون لەشاری ڕانیە پێکیهێناوە بەجۆرێکە هەروەک چۆن لە ناوخۆی شارێک دا لە ژێر کاریگەری گەشەی دانیشتوان و پێشکەوتنی ئابووری وهەمەجۆری وەزیفەکانی شار لەکاتێکەوە بۆکاتێکی

---

(١) خالص حسني الاشعب و صباح محمود محمد، مورفولوجية المدينة،مطبعة جامعة بغداد،بغداد، ١٩٨٣،ص١٣٠.

(٢) صلاح حميد الجنابي، جغرافية الحضر اسس و تطبيقات، مصدر سابق، ص١٣٠.

(٣) صباح خلف جبر الكناني، استعمالات الارض الدينية واثرها في تطور استعمالات الارض الحضرية لمدينة النجف الاشرف، اطروحة دكتوراة، كلية التربية (ابن رشد)،جامعة بغداد،بغداد، ٢٠٠٧ ص١٨٩.

(٤) محمد ازهر سعيد السماك والاخرون، استخدامات الارض بين النظرية والتطبيق، دراسة تطبيقية عن مدينة الموصل الكبري حتى عام ٢٠٠٠، بين عبقرية المكان وتخطيط الاسكان، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٥، ص٥١-٥٢.

(٥) عادل خطاب، جغرافية المدن، مطبعة التعليم العالى بغداد ، بغداد، ١٩٩٠، ص٦٠.

ترجیاوازە [1] بەهەمان شێوە لەشاری ڕانیەش ئەم بەکارهێنانە لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر جیاوازە ، [2] بەڵام ئەگەر ئاماژەیەک بە ڕووبەری نیشتەجێبوون بکەین لە شاری ڕانیە بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە (١٣) بۆمان دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبون لە ساڵی ١٩٥٧ (٣٤,٨٢) هێکتار بوە ،بەڵام ئەو ڕووبەرە زیاد دەکات بۆ (٨٧٠,٩٩) هێکتار لە ساڵی ٢٠١٦، واتا بە جیاوازی (٨٣٦,١٧) هێکتار گەشەی کردووە، هەر بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە (١٣) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووبەری نیشتەجێبون لەشاری ڕانیە لە ساڵی(١٩٥٧) بریتیە لە (٣٤,٨٢) هێکتار بەڕێژەی نزیکەی (٦٢٪) ڕووبەری گشتی شاری پێکهێناوە هەروەها هەر لە دوای ئازادرکردنی کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٩١ و دەست بەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ شارەکان زۆر بە خێرایی فراوان دەبون، ئەم فراوانبونەش کاریگەری دەکاتە سەر فراوانبونی ڕووبەری ئەم وەزیفە . ڕووبەری نیشتەجێبون لەساڵی (٢٠٠٢) گەشەکردنێک و زیادبونێکی بەرچاو بە خۆیەوە دەبینێ، بە جۆرێک ڕووبەرەکەی زیاد دەکات بۆ (٥٥٥,٤٥) هێکتار بە ڕێژەی (٤٩٪) هەروەها شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦) کە دوا نەخشەی بنەڕەتی شارەکەیە ڕووبەری نیشتەجێبوون زیاد دەکات بۆ (٨٧١) هێکتار بەڕێژەی زیاتر لە (٤٥٪).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕووبەری نیشتەجێبوون بە درێژایی ساڵانی ڕابردو تائێستا گەشەکردنی بە خۆیەوە بینیوە بەشێوەیەک ئەم ئەم گەشەکردنە تاڕادەیەک بۆتە هۆی پرکردنەوەی پێداویستیەکانی دانیشتوانی شارەکە لە نیشتەجێبوون.

**٢: بەکارهێنانی زەوی بۆوەزیفەی گواستنەوە لەشاری ڕانیە :**

وەزیفەی گواستنەوە لە شاردا بە یەکێک لە گرنگترین پێکهێنەرەکانی نەخشەی بنەڕەتی شار دادەنرێت [3] ، چونکە بەبێ گواستنەوە شار ناتوانێت گەشە بکات و پێش بکەوێت و کاریگەریان لەسەر یەکتری هەبێت ئەمە وێرای ئەوەی کە بەکارهێنانەکانی تر بەبێ گواستنەوە ناتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.[4]بێگومان بەکارهێنانی زەوی بۆ گواستنەوە و هاتوچۆ یەکێکە لەو بەکارهێنانانەی کەجوگرافیای شار گرنگی پێدەدات، چونکە

---

(١)عبد علی الخفاف والاخرون، المبادیء العامة لجغرافیة المدن، دار الكندی للنشر والتوزیع،الاردن، ٢٠٠٠، ص٤٣.

(٢) بلال بردان علی الحیانی، استعمالات الارض الحضرية في مدينة هيت، دراسة حضرية خرائطية ، رسالة ماجستير، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٥، ص٥٨.

(٣)صلاح حميد الجنابی،التركيب الداخلیلمدينة اربيل،دراسة فی جغرافية المدن، مجلة الجمعية الجغرافية ،العراقية العدد (١١) مطبعة الحوادث، بغداد،١٩٨٠،ص٩٤.

(٤) خالص حسني الاشعب و صباح محمود محمد، مورفولوجية المدينة، مصدر سابق،ص١٣٠.

گواستنەوە بە شێوەیەکی گشتی هۆکارێکی گرنگی زیادبوون  پەیوەندی وکارلێکی شارە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری بەپێچەوانەوە [(1)] بەدرێژایی مێژوو تێپەڕبوونی سەردەمەکان پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و بەهێز هەیە لە نێوان وەزیفەی گواستنەوە وگەشەی شارنشینی هەروەک جوگرافی ناس ( کول) لەساڵی (١٨٤١) ئاماژەی بەپەیوەندی بەهێزی نێوان شاروڕێگاکانی گواستنەوە داوە هەروەها (ڤیداڵ دیلابلاش) دەڵێت: ڕێگاکان شار دروست دەکەن ، لەڕاستیدا بەکارهێنانی زەوی بۆ وەزیفەی گواستنەوە لەڕانیە پەیوەندی بە سەرجەم بەکارهێنانەکانی ترەوە هەیە لەو شارەدا ،چونکە، هەرگۆڕانکاریەک لەبەکارهێنانەکانی تر لەشاری ڕانیە ڕوودات کاریگەری دەکاتەسەر

---

(١)صالح فليج حسن،حركة النقل داخل المدينة،مجلة الجمعية الجغرافية العراقية ،المجلد الثاني عشر، مطبعة العاني، ، بغداد ١٩٨١،ص٩٩.

**خشتەی ژمارە ١٣ فراوانبوونی ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لە شاری ڕانیە لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧ - ٢٠١٦) ٪**

| ژ | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠٠٩ | | ٢٠١٦ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هێکتار | ٪ | هێکتار | ٪ | هێکتار | ٪ | هێکتار | ٪ | هێکتار | ٪ | هێکتار | ٪ |
| ١ | نیشتەجێبوون | ٣٤,٨٢ | ٦١,٨٨ | ٥٢,٧٠ | ٥٥,٢٦ | ١١٠,١٥ | ٥٦,٧٩ | ٥٥٥,٤٥ | ٤٩,٠٥ | ٧٥٩,١٨ | ٤٧,٨٨ | ٨٧٠,٩٩ | ٤٥,٢٨ |
| ٢ | ڕێگاوبان | ١٠,٧٦ | ١٩,١٢ | ١٩,٣٦ | ٢٠,٣٠ | ٣٩,٠٩ | ٢٠,١٥ | ١٨٩,٠١ | ١٦,٧٠ | ٢٨٨,٨٨ | ١٨,٢٢ | ٣٢٣,٥٨ | ١٦,٨٢ |
| ٣ | کارگێڕی | ١,٣٥ | ٢,٤١ | ١,٣٥ | ١,٤٢ | ١,٣٥ | ٠,٦٩ | ١٥,٤٥ | ١,٣٦ | ٥٢,٤٣ | ٣,٣١ | ٥٣,٦٤ | ٢,٧٩ |
| ٤ | تەندروستی | ٠,٧٧ | ١,٣٦ | ١,١٧ | ١,٢٢ | ٢,١٥ | ١,١١ | ٨,٢٢ | ٠,٧٣ | ٨,٤٨ | ٠,٥٤ | ٨,٧٣ | ٠,٤٥ |
| ٥ | بازرگانی | ٢,٧٧ | ٤,٩٣ | ٧,٦٤ | ٨,٠١ | ٨,٦٧ | ٤,٤٧ | ١١,١٥ | ٠,٩٩ | ١٦,٨٨ | ١,٠٦ | ٢٢,٤٩ | ١,١٧ |
| ٦ | پیشەسازی | ٠,٢٠ | ٠,٣٥ | ٠,٦٢ | ٠,٦٥ | ٢,٧٥ | ١,٤٢ | ١٦,٦١ | ١,٤٧ | ١٦,٦١ | ١,٠٤ | ١٦,٦١ | ٠,٨٦ |
| ٧ | پەروەردە | ١,٧٧ | ٣,١٥ | ٢,٩٠ | ٣,٠٤ | ٧,٧٢ | ٣,٩٨ | ٤٤,٢٢ | ٣,٩١ | ٥٤,١٧ | ٣,٤٢ | ٧٧,٤٢ | ٤,٠٣ |
| ٨ | ئایینیی | ٠,٢٧ | ٠,٤٨ | ٠,٤٦ | ٠,٤٨ | ١,٦٤ | ٠,٨٥ | ٩,٦٩ | ٠,٨٦ | ١٠,٥٤ | ٠,٦٦ | ١١,٨٨ | ٠,٦٢ |
| ٩ | سەوزایی | ٢,٩٣ | ٥,٢١ | ٥,٦٣ | ٥,٩١ | ١٠,٩٥ | ٥,٦٥ | ١٤٦,٤٢ | ١٢,٩٤ | ٢٠٢,٦٧ | ١٢,٧٨ | ٢٨٥,٢٧ | ١٤,٨٣ |
| ١١ | خزمەتگوزاری | ٠,٥٤ | ٠,٩٧ | ١,٠٢ | ١,٠٧ | ١,٠٢ | ٠,٥٣ | ٢٣,٧٣ | ٢,١٠ | ٤٥,٢٠ | ٢,٨٥ | ٦٣,٣٠ | ٣,٢٩ |
| ١٢ | ناوچەی بەتاڵ | ٠,٠٨ | ٠,١٤ | ٠,٨٤ | ٠,٨٨ | ٣,٠٥ | ١,٥٨ | ٧٨,٥٨ | ٦,٩٤ | ٨٩,٨٥ | ٥,٦٧ | ١٤١,٠٨ | ٧,٣٣ |
| | بەکارهێنانی تر | --- | -- | ١,٦٨ | ١,٧٦ | ٥,٤٠ | ٢,٧٨ | ٣٣,٤١ | ٢,٩٥ | ٤٠,٧٤ | ٢,٥٧ | ٤٨,٦٥ | ٢,٥٣ |
| | کۆی گشتی | ٥٦,٢٧ | ١٠٠ | ٩٥,٣٦ | ١٠٠ | ١٩٣,٩٤ | ١٠٠ | ١١٣١,٩٤ | ١٠٠ | ١٥٨٥,٦٣ | ١٠٠ | ١٩٢٣,٦٤ | ١٠٠ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەست بە نەخشەکانی ژمارە(١٦,١٤,١٢,١٠) بە بەکارهێنانی بەرنامەی Gis: 10.5.**

شـێوازی ڕێگاکـانی گواسـتنەوە لـە وشـارەدا [1] کەواتـە ناتوانرێـت هـیچ تێکـەڵاوبوون و تەواوکاریـەک لـە نێـوان وەزیـفە جیاوازەکـانی نـاوخۆی شـاری ڕانـیە ڕووبـدات بـە بـێ لەبەرچاوگرتنی بەکارهێنانی گواستنەوە [2] وەک ئاشکرایە گواستنەوە پاڵپشتیەکی بەهێز و شادەماری چالاکیە ئابووریەکانە لە شارەکەدا وەڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە پەرەپێدانی ئابووری کۆمەڵایەتی دیمۆگرافیەکانی شاری ڕانیە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری ،لەبەرئەوە تاکو ڕێگاکانی گواستنەوە لە سەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی شارڕووبەری پێویستیان بۆ تەرخان بکرێت و پێشکەوتوبن ئەواپەیوەندی هەرێمایەتی شارلەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری فراوانتردەبێت. [3] ئەگەر ئاماژەیەک بە ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ وەزیفەی گواستنەوە بکەین لە شاری ڕانیە بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە (١٣) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووبەری گواسـتنەوە لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوەدا شـان بـە شـانی فراوانبـون و گـۆڕانی مۆرفۆلۆجی شارەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ، بەجۆرێک بە ئاڕاستەی زیادبوون و گەشەکردن هەنگاوی ناوە بەشێوەیەک ڕووبەری گواستنەوە لەساڵی (١٩٥٧) بریتی بووە لە (١٠,٧٦) هێکتار بووە، بەڵام ئەم ڕووبەرە زیاد دەکات بۆ (٣٢٣,٥٨) هێکتار لە ساڵی (٢٠١٦) واتە بەجیاوازی ( ٣١٢،٨٢) هێکتار ڕووبەرەکە زیادی کردووە.

ڕووبەری گواستنەوە بە درێژایی ساڵانی (١٩٥٧- ٢٠١٦) گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە بەجۆرێک لە ساڵی ١٩٥٧ ڕووبەرەکەی (١٠,٧٦) هێکتار بووە کەڕێژەی لە (١٩٪) ڕووبەری شارەکەی پێکهێناوە، بەڵام لەگەڵ خێرایی فراوانبوونی شاری ڕانیە ڕوودانی گۆڕانکاری لـەمۆرفۆلۆجی شـارەکەدا، هاوکـات لەگـەڵ ئـەم فراوانبوونـە شـەقام و ڕێگاوبانـەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا هات، بەجۆرێک بوو بەهۆی دەرکەوتنی ڕێگاوبانی (٢٠ ) مەتری ( ٤٠) مەتری کە لە ساڵانی پێشـووتر بونیـان نـەبووە هـەروەها فراوانکردن زۆرێک لە شـەقام وڕێگاکان کە پێشووتر بەشێوازی تەسک وپێچاوپێچ دروستکرابوون[4] بەم شێوەیە ڕووبەری

(١) احمد سعيد عبدة، جغرافية النقل الحضري، مفهومها ، ميدانها، مناهجها ، الجمعية الجغرافية الكويتية، العدد (٣٢١ )، ٢٠٠٧ ، ص ٥، ٢٦-٢٩ بۆ زانیاري زیاتر بڕوانە: أ: محمد خميس الزؤكة ، جغرافية نقل وتجارة دار المعرفة الجامعية، القاهرة، ٢٠٠٦،ص ٢١.

(٢) خالص حسني الاشعب و صباح محمود محمد، مورفولوجية المدينة، مصدر سابق،ص٢٠١.

(٣) احمد صباح مرضى عقل الجنابي، اثر طرق النقل البري علي نمو المستوطنات البشرية في محافظة بابل، دراسة في جغرافية النقل، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد،٢٠٠٣،ص ١٦٩.

(٤)حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین، بەشی نەخشەسازی، ڕانیە ، ٢٠١٥.

زەوی بـۆ گواسـتنەوە لـە سـاڵی (٢٠٠٢) گەشـەکردنی بەخۆیـەوە بینیـوە، بەشـێوەیەک ڕووبەرەکەی گەیشـتە(١٨٩) هێکتـار بـەڕێژەی زیـاتر لـە (١٦٪)ی ڕووبەری شـارەکە. لەڕاستیدا شـاری ڕانیە بـەردەوام دەبێت لـە فراوانبـوون لەگـەڵ ئـەم فراوانبونـەش ڕێگاکـان گەشـە دەکـەن ئەمـەش وایکرد لەسـاڵانی ٢٠١٠-٢٠١٦ بـەهۆی دەرکـەوتنی ڕێگـای (٦٠)م بـە چـوار دەوری شـاردا وە دەرکـەوتنی چەنـد ڕێگـا و شـەقامێکی تـازەی (٤٠) مەتـری، لـە شارەکەدا هەروەها دروستکردنی چەند ڕێگایەکی دوو سااید لـەناوخۆی ڕانیە لەگەڵ گرنگی دان بە فـراوان کردنـی ئەوڕێگایـانەی کەشـاری ڕانـیە دەبەسـتێتەوە بە هەریەک لە شـارۆچکەکانی( حـاجی ئـاوا،چوارقوڕنە ،شـکارتە، سـەرکەپکان لەنـاوخۆی قەزای ڕانـیە و شـارەکانی قەڵادزێ، دوکـان، کـۆیە، شـەقڵاوە، ڕوانـدز، سـۆران) وگوندەکانی دەوروبەری ، بێگومـان ئەمـانە کاریگـەری کـردە سـەر زیـادبوونی ڕووبەری بـەکارهێنـانی زەوی بـۆ گواستنەوە لەناوچەی لێکۆڵینەوە [١]، بەم جۆرە ڕووبـەری بەکارهێنانی زەوی بۆ وەزیفەی گواسـتنەوە شـان بەشـانی فراوانبـوونی شـاری ڕانـیە لـە سـاڵی (٢٠١٦) کـە دوا نەخشـەی شارەکەیە ڕووبەرەکەی زیاد دەکات بۆ (٣٢٣,٥٨) هێکتار کە ڕێژەی نزیکەی لە (١٧٪) ی ڕووبەری شار پێکدێنێ .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ وەزیفەی گواستنەوە وەک یـەکێک لـە بەکارهێنانـە گرنگـەکانی زەوی لـە شـارەکەدا بـەدرێژایی سـاڵانی (١٩٥٧ - ٢٠١٦) گەشەکردنی بەخۆیەوە بینیوە.

**٣: بەکارهێنانی زەوی بۆوەزیفەی بازرگانی لەشاری ڕانیە :**

وەزیفەی بازرگانی لەو بەکارهێنانـە سـەرەکیانەیە کـە شـار هـەر لـە گەشـەکردنیەوە تاوەکو ئێستا بگرە لەداهاتووشدا پشـتی پێدە بەسـتێت [٢]، و یەکێکـە لـەو ڕەگـەزە بنچینـەیی و سـەرەکیانەی بەشداریەکی گرنگ دەکات لە سەرهەڵدانی شـار لـە ناوچەرگـەی شارسـتانیەتدا [٣]. لـەڕاسـتیدا بـەکارهێنانی زەوی بۆ وەزیفە ی بازرگـانی لـە گرنگترین ئـەو چالاکیانەیـە کـە شـار پێشکەشـی دانیشـتوانەکەی خـۆی وناوچـەکانی دەوروبەری و دوورلەخـۆی دەکـات [٤].

(١)حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان،وەزارەتی شـارەوانی و گەشـتوگوزار، بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین، بەشی نەخشەسازی، ڕانیە ، ٢٠١٥.

(٢) طه مصحب حسين الخزرجي ، التوزيع المكاني لاستعمالات الارض الحضرية لمركز قضاء الدجيل، رسالة ماجستير، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد، بغداد ، ٢٠٠٦ ، ص٦٨.

(٣) نشوان شكرى هرورى، التركيب التجارى لمدينة دهوك، دراسة في جغرافية المدن، مصدر سابق، ص١٥.

(٤) بلال بردان على الحياني، استعمالات الارض الحضرية في مدينة هيت، دراسة حضرية خرائطية، مصدر سابق، ص٥٨.

گومانی تێدا نیە کە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان قەبارەی شار و چالاکی بازرگانی دا، بەشێوەیەک لەگەڵ زیادبوونی ڕووبەری شاری ڕانیە خزمەتگوزاری بازرگانیش ڕووبەرەکەی زیادیکردووە [١]. بەکارهێنانی زەوی بۆ وەزیفەی بازرگانی لەشاری ڕانیە یەکێکە لەو بەکارهێنانە سەرەکیانەی کە لە پێگەی شارەکەدا باشترین و کاریگەرترین شوێن لە شاردا داگیر دەکات بەشێوەیەک کە بەکارهێنانی بازرگانی(CBD) دەکەوێتە دڵی شار ،هەروە ها وەزیفە بازرگانی دریژدەبێتەوە بەدرێژایی ئەو ڕێگا سەرەکیانەی کە لەناوچەی بازرگانی سەنتەری ڕانیە وە دەردەچن لە گە ڵ درێژبوونی وەزیفەی بازرگانی لەلێواری شارەکە لەشێوەی کۆگاکانی خەزن کردنی کەلوپە ل [٢]. کەواتا دەکرێت بوترێت وەزیفەی بازرگانی شاری ڕانیە بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەو شوێنی هەڵکەوتنەکەی یەکێک لە فەرمانە گرنگ و سەرەکیەکانی دانیشتوانی شاری ڕانیەو ناوچەکانی دەوروبەری لە شمەک و کاڵا دابین دەکات [٣].

ئەگەر ڕۆشنایی بخەینە سەر ڕووبەرو ڕێژەی بەکارهێنانی زەوی بۆوەزیفەی بازرگانی لەشاری ڕانیە، بەتێبینی کردن لە خشتەی ژمارە (١٣) بۆمان دەردەکەوێت ئەم بەکارهێنانەش هاوشێوەی هەریەک لەبەکارهینانەکانی تر لەشارەکەدا گۆرانی بەسەرداهاتووە، بەجۆریک بە دریژای ماوەی سالانی (١٩٥٧-٢٠١٦) ڕووبەرەکەی بەئاڕاستەی زیادبوون و هەنگاوی ناوە، بەجۆرێک ئەم ڕووبەرە لە (٢,٧٧) هێکتار لە ساڵی (١٩٥٧) زیاد یکردوە بۆ (٢٢,٤٩) هێکتار لەساڵی ٢٠١٦، واتە بەجیاوازی (١٩,٧٢) هێکتار ڕووبەری بازرگانی ناوچەی لێکۆڵینەوە زیادی کردووە،

ئەگەر تیشک بخەینەسەر ڕوبەری بەکارهێنانی زەوی بۆوەزیفەی بازرگانی لەماوەی لێکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لەساڵی(١٩٥٧)ڕووبەری بازرگانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕێژەی (٥٪) کۆی ڕووبەری شارەکە پێکهێنانەوە ، بێگومان شان بەشانی فراوانبوونی ڕووبەری شارڕووبەری ئەم وەزیفەش زیادی کردوە ،چونکە دوکان و بینا بازرگانیەکان ونوسینگەکانی کڕین وفرۆشتن وکاری بازرگانی وکۆگاکانی خەزنکردنی کەلوپەل وکاڵابازرگانیەکان بەدرێژایی ڕێگاو شەقامەکانی ناوخۆی شارەکە وئەو ڕێگایانەی

---

(١) احمد مصطفى النحاس، الاستخدامات التجارية بمدينة خميس مشيط بالمملكة العربية السعودية، دراسة فى استخدامات الارض الحضرية، الجمعية الجغرافية الكويتية، العدد ٢٢١، اوكتوبر ١٩٩٨، ص١١.

(٢) صباح خلف جبر الكناني، استعمالات الارض الدينية واثرها في تطور استعمالات الارض الحضرية لمدينة النجف الاشرف، مصدر سابق، ص١٦٨.

(٣) هاشم خضر الجنابي، مدينة دهوك، دراسة في جغرافية المدن، مطبعة الموصل،الموصل، ١٩٨٥، ص٥١.

که لەشارەکەوە بەرەو دەرەوە دەردەچن درێژ بوونەوە ئەمەش کاریگەری کردە سەر کشانی ناوچەی بازرگانی بەدرێژایی شەقام ورێگا سەرەکیەکان و کشانی ناوچەی (CBD) ، بەرەو ناوچەکانی دەوروبەری [1] ئەمەش بوو بەهۆی گەشەکردنی ڕووبەری وەزیفەی بازرگانی لەسالّی (٢٠٠٢)ڕووبەری (١١,١٥) هێکتاری پێکهێناوە بەڕێژەی (١٪) هەروەها ڕووبەری بازرگانی شان بەشانی فراوانبوون وگۆرانی مۆرفۆلۆجی شارەکەوگەشەکردنی شەقام وڕێگاکانی گواستنەوە وهاتوچۆ لەسالانی داهاتوش دا بەردەوام لە زیادبون دابووە ، بەجۆرێک ڕووبەری وەزیفەی بازرگانی لە سالّی (٢٠١٦) گەیشتە (٢٢,٤٩) هێکتار بەڕێژەی زیاترلە(١٪)دوای خستنەڕووی داتاکان بۆمان دەردەکەوێت ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆوەزیفەی بازرگانی لەگەڵ فراوانبونی شار ڕووبەرەکەی گەشەکردن و زیادبوونی بەخۆیەوە دەبینی.

### ٤: بەکارهێنانی زەوی بۆوەزیفەی پیشەسازی لەشاری ڕانیە

وەزیفەی پیشەسازی یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی شار، بەشێوەیەک کاریگەری دەکاتە سەر جولانەوەکانی دانیشتوان لەناوخۆی شاردا [2] پیشەسازی چالاکیەکی شارستانیە و زۆرێک لەتوێژەران پێیان وایە پیشەسازی وەک فاکتەریکی کاریگەر بەشداری دەکات لە گەشەکردنی وەزیفەی شار وپەیوەندیەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری [3] بیگومان بەکارهێنانی زەوی بۆ وەزیفەی پیشەسازی گرنگی خۆی هەیە، ئەمەش بەئامانجی زانینی قەبارەی بەکارهێنان و ئاستی کاریگەریەکەی لەسەر کۆی گشتی چالاکیە مرۆیی و ئابووریەکانی شار [4]. لەڕاستیدا گەشەکردنی ئابووری لەشاری ڕانیە بەشێکی لەسەر وەزیفەی پیشەسازی وەستاوە،چونکە پیشەسازی داینەمۆی پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری شارەکەیە وبەشێکی داهاتی نیشتیمانی دەخرێتە خزمەتیەوە ، ئەمەش بەئامانجی پێکهێنانی هەیکەلێکی بەهێزی ئابووری. [5]

---

(١) سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچە بازرگانیەکانی شاری ڕانیە، لەبەرواری ٢ / ٣ / ٢٠١٧.

(٢) هاشم خضر الجنابي، مدينة اربيل دراسة في جغرافية الحضر،دارالكتب للطباعة والنشر،جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٧، ص١٢٩.

(٣) بروانە: أ: ابراهيم شريف، جغرافية الصناعة، دار الرسالة للطباعة، بغداد، ١٩٧٦، ص١٣. ب. احمد حسين رسول، جغرافية الصناعة، دار النهضة العربية، بيروت، بدون سنة طبع، ص١٣.

(٤) هاشم خضر الجنابي، مدينة اربيل ، دراسة في جغرافية الحضر، مصدر سابق، ص٢٩.

(٥) سەلاحەددين حەفيد، ئابوری کوردستان ١٩٧٧-١٩٩١، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥٩.

سەبارەت بەڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ پیشەسازی لەشاری ڕانیە بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (١٣) بۆمان دەردەکەوێت پیشەسازی هاوشانی هەریەک لەوەزیفەکانی تر لەناوچەی لێکۆڵینەوە گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە، بەشیوەیەک بەدرێژایی ماوەی نێوان سالآنی (١٩٥٧-٢٠١٦) ڕووبەرەکەی زیادی کردوە، بەجۆرێک لە ساڵی (١٩٥٧) تەنها (٠,٢٠) هێکتاربوە، بەڵام ئەم ڕووبەرە زیاد دەکات بۆ (١٦,٦١) هێکتار لەساڵی (٢٠١٦) ، واتە بە جیاوازی (١٦,٤١) هێکتار گەشەی کردووە.

ئەگەر تیشک بخەینە سەر ڕووبەری بەکارهینانی زەوی پیشەسازی دەبینین لەساڵی (١٩٥٧) ڕوبەرکەی (٠,٢٠) هیکتارە،بەڕێژەی کەمتر لە (١٪ )،بێگومان لەگەل فراوانبونی ڕوبەری شاری ڕانیە ناوچەی پیشەسازی فراوانبوونی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە کردنەوەی دامەزراوەی پیشەسازی لەشێوەی پیشەسازیە سادەکان وەک کارگەی دروستکردنی تەلی چواردەوری باخچەکان و کارگەی خشتی بیناسازی و دیاریکردنی ناوچەی پیشەسازی بەمەبەستی دروست کردنی کەلو پەلی ئاسنی بواری بیناسازی کارگەی دروستکردنی کاشی بەرد لەگەڵ دیاریکردنی ناوچەی پیشەسازی چاکردنەوەی ئۆتۆمبێل هەروەها چەند ناوچەیەکی تر پیشەسازی لە بەشە جیاجیاکانی شارەکەدا بۆئەم وەزیفەیە تەرخانکراوە[1]،بەم جۆرە ڕووبەری پیشەسازی لە ساڵی (٢٠٠٢) زیادیکرد بۆ (١٦,٦١) هێکتار بەڕێژەی زیاتر لە (١٪) ، هەروەها ڕووبەری وەزیفەی پیشەسازی لەساڵی( ٢٠١٦) ڕووبەرەکەی وەک خۆی دەمێنێتەوە کە (١٦,٦١) هێکتارە بەڕێژەی نزیکەی (١٪) ئەمەش بەهۆی تەرخان نەکردنی زەوی بۆ وەزیفەی پیشە سازی.

**٥ : بەکارهێنانی زەوی بۆ وەزیفەکانی (پەروەردە ، تەندروستی ، کارگێری ،ئاینیی )**

پلان دانانی شارنشینی هاوچەرخ گرنگی دەدات بە دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکان ، بەشێوەیەک تا لەڕووی دابەشبوونیان شیوازێکی ڕێکو پێک وگونجاویان هەبێت [2] ئەمەش بەئامانجی هێنانەدی چاکسازی و پەرەپێدان وە گەیاندنی سودی گشتی بە دانیشتوانی سەنتەرە شارنشینیەکان، دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان وەک پێداویستیە گرنگەکانی هەرشارێک. [3] بێگومان بەکارهێنانی زەوی بۆ خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان لە شاری ڕانیە

(١)سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچە پیشەسازیەکان لەبەرواری ٨ / ٣ / ٢٠١٧.

(٢)هیواصادق سلیم،التحلیل والتقیم المکانیلمراکز اطفاء الحریق في مدینة اربیل،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٢)، ڕانیە، ٢٠١٤، لا٢٦٨ .

(٣) محمد وتمان محمد ، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوون و هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری لەشاری ڕانیە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی سێیەم، ژمارە (٨)، ٢٠١٦ڕانیە ، ل ٢٦٨.

هاوشێوەی بەکارهێنانەکانی ترلە شارەکە دا گرنگی خۆیان هەیە، گرنگی ئەم بەکارهێنانەش لە دوای فراوانبوون و گەشەکردنی شارو زیادبوونی گەشەی دانیشتوانەکەی و جۆراوجۆری پیشەکانی شارەکە دەردەکەوێت [١] لەڕاستیدا خزمەتگوزاریەکان یەکێکن لەو ڕەگەزە گرنگانەی کەیارمەتی دەربوون بۆ ئەوەی هەموو وەزیفە جیاوازەکانی تر لە شارەکەدا گەشە بکەن، بۆئەم مەبەستەش باسی گەشەکردنی ڕووبەری ئەوخزمەتگوزاریانە دەکەین لەشاری ڕانیە [٢]

### ١- بەکارهێنانی زەوی بۆخزمەتگوزاری وەزیفەی فێرکاری:

بەکارهێنانی زەوی بۆ خزمەت گوزاری وەزیفە ی فێرکاری لە شاری ڕانیە وەک یەکێک لە وەزیفە گرنگ وپێویستەکانی شارەکە ، بە سەرنج دان لەخشتە ی ژمارە ( ١٣) دەردەکەوێت ئەم وەزیفە یە بەدرێژایی ماوەی (١٩٥٧-٢٠١٦)گەشەکردنی بەخۆیەوە بینیوە،بەجۆرێک لەساڵی (١٩٥٧) ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی وەزیفەی فێرکاری (١,٧٧) هێکتاربووە ،بەڵام لەساڵی (٢٠١٦)ڕووبەرەکەی گەشەی کرد گەیشتە ٧٧,٤٢ ئەگەر تیشک بخەینە سەربەکارهێنانی زەوی بۆوەزیفەی پەروەردەیی دەبینین لە ساڵی ١٩٥٧ ڕووبەرەکەی (١.٧٧) هێکتار بوە بەڕێژەی زیاتر لە( ٣٪) ،بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٢) لەگەڵ گەشەکردنی ڕووبەری شارەکە ڕووبەری وەزیفەی پەروەردەیی زیاد دەکات، چونکە بە هۆی زیاد بوونی پێداویستی دانیشتوان بۆئەم وەزیفەیە ژمارەی دامەزراوە پەروەردەیەکان زیاد دەکەن ئەمە ش کاریگەری دەکاتە سەر زیاد بونی ڕووبەری وەزیفەی پەروەردەیی لە ڕانیە، بەجۆرێک ڕووبەرەکەی زیاد دەکات بۆ (٤٤,٢٢) هێکتار بەڕێژەی نزیکەی (٤٪)، هەروەها ڕووبەری ئەم خزمەتگوزاریە لەگەڵ فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە زیاد دەکات ،بەجۆرێک لەساڵی (٢٠١٦) ڕووبەرەکەی دەگاتە (٧٧,٤٢) هێکتار بەڕێژەی زیاتر لە(٤٪)ی ڕووبەری شاری ڕانیە،ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشەکردنی ڕووبەری ئەم خزمەتگوزاریە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

---

(١)بشير ابراهيم الطيف الديني، التوزيع المكاني لاستعمالات الارض الحضرية لمركز قضاء الدجيل،مصدر سابق،ص١١٢.

(٢) بلال بردان على الحياني، استعمالات الارض الحضرية في مدينة هيت، دراسة حضرية خرائطية، مصدر سابق، ص٧٦.

### ٢- بەکارهێنانی زەوی بۆخزمەتگوزاری وەزیفەی تەندروستی:

سـەبارەت بـەڕووبەری بـەکارهێنانی زەوی بـۆ خزمـەتگوزاری تەندروسـتی هاوشێوەی خزمەتگوزاریەکانی تر یەکێکە لە خزمەتگوزاریە گرنگ و کاریگەرەکانی شارەکە، بە سـەرنج دان لە خشـتە ی ژمـارە (١٣ ) بۆمـان دەردەکە وێـت ئەم وەزیـفەش لـەڕووی ڕووبەرەوە گەشـەکردنی بەخـۆیە وە بینیـوە، بەشـێوەیەک لەسـاڵی (١٩٥٧) ڕووبەرەکـەی (٠,٧٧) هێکتار بووە، بەڵام ڕووبەرەکەی زیاد دەکات بۆ (٨,٧٣ ) هێکتار لەساڵی ٢٠١٦ واتا بە جیـاوازی (٧,٩٦) هێکتـار زیـادی کـردوە ئەگەر تیشـک بخەیـنە سـەربەکارهێنانی زەوی بـۆ وەزیـفەی تەندروسـتی دەبیـنین لە سـاڵی ١٩٥٧ ڕووبەرەکەی (٠,٧٧) هێکتـار بـووە بەڕێـژەی زیـاتر لە( ١٪)، بـەڵام وەزیـفەی تەندروسـتی بەهـۆی زیـادبوونی نەخۆشـخانە وبـنکە تەندروسـتیەکان بـووبە هـۆی زیـادبوونی ڕووبەری وەزیـفەی تەندروسـتی بەجۆرێـک لـە ساڵی(٢٠٠٢)  شـان بەشـانی گەشـەکردنی شـارەکە ڕووبەرەکـەی زیـاد دەکـات بـۆ( ٨.٢٢ ) بەڕێـژەی کەمتـرلە (١٪) وە ڕووبەری ئـەم خزمەتگوزاریـە لەگـەل فراوانبـوونی ڕووبەری شـارەکە زیـاد دەکـات ، چـونکە بەردەوام دروسـتکردنی نەخۆشـخانە وبـنکەودامەزراوە تەندروسـتیەکان ونۆرینگەکـان بـونە هۆکـاری زیـادبوون گەشـەکردنی ڕووبەری وەزیـفەی تەندروستی، بەجۆرێک لەساڵی (٢٠١٦) ڕووبەرەکەی دەگاتە (٨.٧٣) هێکتـار بـەڕێژەی کەمتر لـە (١٪) ی ڕووبەری شـاری ڕانـیە ، ئەمـەش خـۆی لـەخۆی دا ئاماژەیـە بـۆ گەشـەکردنی ڕووبەری ئەم خزمەتگوزاریە لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا

### ٣- بەکارهێنانی زەوی بۆخزمەتگوزاری وەزیفەی کارگێڕی:

ئەگـەر تیشـک بخەینـە سـەر خزمـەتگوزاری وەزیـفەی کـارگێڕی وەک یەکێـک لە خـزمەت گـوزاریە گرنگەکـانی شـاری ڕانـیە ، ئـەم خزمەتگوزاریـەش لـەڕووی ڕووبەرەوە گەشەکردنی بەخۆیەوە بینیوە بەجۆرێک لەساڵی (١٩٥٧) ڕووبەرەکەی (١,٣٥) هێکتـار بووە ، بەڵام  لەساڵی (٢٠١٦) ڕووبەرەکەی زیادیکردوە بۆ (٥٣.٦٤) هێکتار واتا بە جیاوازی (٥٢,٢٩ ) هێکتـار گەشـەی کردوە سـەبارەت بەگەشـەکردنی ڕووبەری وەزیفەی کـارگێڕی بەسـەرنج دان لە خشتەی پێشوو دەردەکەوێت وەزیفەی کارگێری لەساڵی (١٩٥٧) ڕوبەرەکـەی ڕێژەی لـە (٢٪) ڕووبەری نـاوچەی لێکـۆڵینەوە بـووە ،بـەڵام لەبەر ئەوەی شـاری ڕانـیە سـەنتەری کـارگێری قەزای ڕانیەیە بۆیە بەردەوام دامەزراوەو فەرمـانگە و بەڕیوەبەرایەتی تـازەی لـێ کراوەتەوە  ئەمەش کاریگەری کردە سەر فراوانبونی ڕوبەری وەزیفەی کـارگێڕی بەجۆریک لەسـاڵی (٢٠٠٢) ڕووبەرەکـەی زیـاد دەکـات بۆ (١٥.٤٥) هێکتاربـەڕێژەی زیـاتر(١٪) هـەروەها دوای ئەوەی کە شـاری ڕانـیە پـلەی کـارگێڕیەکەی بەرزدەبێـتە وە بـۆ سـەنتەری کـارگێڕی

ئیدارەی ڕاپەڕین چەند دامەزراوەیەکی تری کارگێری تازە لە شارەکەدا دروست دەکرین وەک بە ڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان و بینای ئیدارەی ڕاپەڕین فەرمانگەی ژینگە وگواستنەوە ئەم خزمەتگوزاریەش وەک یەکێک لە خزمەتگوزاریە گرنگەکان بەهۆی بەردەوام کردنەوەی فەرمانگەو دامەزراوەی کارگێری تازەکان لە شارەکە دا ڕووبەرەکەی لەزیادبون دا بوە ،بەشێوەیەک لەساڵی (٢٠١٦)ڕووبەرەکەی دەگاتە بۆ (٥٣.٦٤) هێکتار بەڕێژەی لە (٣٪) ی ڕووبەری شار،بڕوانە خشتەی ژمارە( ١٣)پێشوو.

**٤- بەکارهێنانی زەوی بۆخزمەتگوزاری وەزیفەی ئایینی:**

وەزیفەی ئاینی وەک یەکێک لە خزمەتگوزاریە گرنگ و پێویستەکان لەشاری ڕانیە تەماشا دەکرێت ، بۆیە ئەم خزمەتگوزاریەش شان بەشانی ئەو خزمەتگوزاریە گرنگانەی کە ئاماژەمان پێدان گرنگی وبایەخی خۆی هەبووە، ڕووبەری ئەم وەزیفەیە بەدرێژایی ماوەی سالآنی لێکۆڵینەوە ڕووبەرەکەی لە گەشەکردن دابوە ،بەشێوەیەک لە ساڵی (١٩٥٧)ڕوبەرەکە ی (٠,٢٧) هێکتاربووە ، بەلآم لە ساڵی ٢٠١٦ ڕووبەرەکەی زیاد دەکات بۆ (١١.٨٨ ) هێکتار واتا بە جیاوازی ( ١١.٦١ ) هێکتار ڕووبەرەکەی زیادی کردووە ، بەسەرنج دان لە خشتە ی ژمارە (١٣)پێشوو، بۆمان دەردەکەوێت وەزیفەی ئاینی لەساڵی (١٩٥٧) ڕووبەرەکەی (٠,٢٧) هێکتار بووە بەڕێژەی کەمترلە (١٪) ،بەلآم بەهۆی زیاد بوونی مزگەوتەکان کاریگەری کرۆتەسەر زیاد بوونی ڕووبەری وەزیفەی ئایینی،بەجۆریک لەساڵی (٢٠٠٢)ڕووبەرەکەی زیاد دەکات بۆ (٩.٦٩) هێکتار بەڕێژەی نزیکەیی (١٪) هەروەها ئەم خزمەتگوزاریەش وەک یەکێک لە خزمەتگوزاریە پێویستەکانی شارەکە بەهۆی بەردەوام کردنەوەی مزگەوتی تازە لە شارەکە دا ڕووبەرەکەی لەزیادبوون دا بوە، بەشێوەیەک لەساڵی (٢٠١٦) ڕووبەرەکەی بەرز دەبێتەوە بۆ (١١.٨٨) هێکتار بەڕێژەی لە (١٪) ی ڕووبەری شار.

**(٦)بەکارهێنانی زەوی بۆ سەوزایی:**

مرۆڤ هەر لەکۆنەوە بەدرێژایی مێژووی شارستانیەتە کۆنەکان گرنگیان بەسەوزایی و ناوچە سەوزایەکانیناوخۆی شارەکان داوە، چونکە جوانی شار بەشێکی گەورە لەبوونی ڕووبەری سەوزایی لەشاردا خۆی دەبینێتەوە [1]. لەڕاستیدا پەیوەندییەکی توندو تۆڵ لەنێوان شارو ژینگەکەی دا هەیە بەجۆرێک شار پێویستی بەناوچەی سەوزایی هەیە، چونکە بەسەرچاوەی پاککردنەوەی ژینگەی شاردادەنرێت، لەبەر ئەوەیە پلان داڕێژەرانی شار گرنگی بەناوچەی سەوزایی شار دەدەن وهیچ لێبوردنێکیان نیە کاتێک

---

(١) صالح الشعراني، المساحات الخضراء بمدينة مكة المكرمة، الجمعية الجغرافية الكويتية، العدد ١١٩، نوفمبر ١٩٨٨، ص٦.

دەبینین بەکارهێنانەکانی تر لەشار لەسەرحیسابی ناوچەی سەوزایی فراوان دەبێت [1].
وەک ئاشکرایە ناوچە سەوزایی لەشاری ڕانیە یەکێکە لەو داواکاریە سەرەکیانەی کە دانیشتوانی شارەکان داخوازیان لەسەرەو گرنگی پێدەدەن، بێگومان گرنگی دان بەناوچە سەوزاییەکان گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەو ناوچانە ڕۆڵی سەرەکی دەبینین لە باشترکردنی باری ئاسودەی و دەروونی و خۆشگوزەرانی دانیشتوانی شارەکە.

سەبارەت بەڕووبەری ناوچە سەوزاییەکان لەشاری ڕانیە، بەسەرنج دان لە خشتەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووبەری سەوزایی هاوشێوەی بەکارهێنانەکانی تر لەشارەکەدا بەدرێژایی تێپەربوونی ماوەی سالآنی (١٩٥٧-٢٠١٦) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەک ڕووبەرەکەی لەساڵی (١٩٥٧) بریتیە (٢,٩٣) هێکتار، بەڵام ئەم ڕووبەر زیاد دەکات بۆ (٢٨٥,٢٧) هێکتار لە ساڵی (٢٠١٦)، واتە بەجیاوازی (٢٨٢,٣٤) هێکتار زیادی کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕووبەری سەوزایی بەئاراستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە، بەشێوەیەک ڕێژەی ناوچەی سەوزای لەسالآنی١٩٥٧-٢٠٠٢ بەرزبۆتەوە لە( ٥ ٪ ) بۆ( ١٢٪ ) ، لەهەمان کاتدا ساڵی ٢٠١٦ کە دوا نەخشەی بنەرەتی شاری ڕانیە یە ڕووبەری بەکارهێنانی سەوزایی زیاد دەکات بۆ (٢٨٥,٢٧) هێکتار بەڕێژەی نزیکەی (١٥٪) لەکۆی ڕووبەری شار، بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت بەدرێژایی گۆڕانی مۆرفۆلۆجی شارەکە ڕووبەری سەوزایش لە گەڵ فراوانبوونی ڕووبەری وەزیفەکانی تری شاری ڕانیە بەئاراستەی گەشەکردن و زیادبونی ڕووبەرەکەی هەنگاوی ناوە.

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین بەکارهێنانی زەوی بۆ هەریەک لەوەزیفە جیاوازەکانی شاری ڕانیە لە سالآنی (١٩٥٧-٢٠١٦) لەڕووی ڕووبەرەوە گەشکردنیان بەخۆیانەوە بینیوە ،بەڵام هەموو وەزیفەکان لە ڕووی گەشەکردنەوە بەیەک ئاست نە بوون بەڵکو جیاوازبون، بەجۆریک بەکارهێنانی زەوی بۆ نیشتەجێبوون بەپلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی (٤٥٪) لەسەرجەم ڕووبەری شارلەخۆدەگرێت وبەپلەی دووەم وەزیفەی گواستنەوەیە بەڕێژەی نزیکەی( ١٧٪)وکەمترین ڕێژە بریتیە لەوەزیفەکانی تەندروستی،پیشەسازی هەردووکیان ڕێژەی کەمترلە (١٪) ڕووبەری شار پێک دەهێنن.
لێرەوە هەوڵ دەدەین کاریگەری گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەسەر فراوانبوون وگۆڕانی مۆرفۆلۆجی شارەکە وگەشەکردنی ڕووبەری وەزیفە کانی ڕانیە ڕوون بکەینەوە.

(١) محمد وتمان محمد، نواندنی کارتۆگرافی بۆ ناوچە سەوزایەکانی شاری قەلادزێ بەبەکارهێنانی GIS، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ساڵی سێیەم، ژمارە (٨)، تشرینی یەکەم، ڕانیە، ٢٠١٦، ل٣٣٩.

## باسی دووەم

## گەشەی دانیشتوان وکاریگەری لەسەرفراوانبوونی شاریڕانیە وڕووبەری بەکارهێنانی زەوی وەزیفەکانی

هەموو شارێک لەڕووی ئاوەدانی وپلان دانانەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندیەش دەبیتە هۆی پێدانی ناسنامەومۆرفۆلۆجی تایبەت بە شارەکە.[1] لەم گۆشە نیگایەوە یەکێک لە خاسیەت وتایبەتمەندیەکانی شار دیاردەی گەشەی دانیشتوان وفراوانبوونی شار وڕووبەری وەزیفەکانیەتی کە لەدیارترین دیاردە کانی شارەکانن [2] ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی توێژەرانی بواری جوگرافیاوپلان داڕێژەران....، هەوڵ بدەن تا لەڕێگەی لێکۆڵینەوەکانیان بگەنە داڕشتنی شێوازێکی نمونەیی لەشار کە تیایدا بەشێوەیەکی باش سود لەبنەما سروشتی ومرۆییەکان وەربگیرێت وە لەدیاریکردنی ڕووبەری شارەکان پشتیان پی ببەسترێت، هەرچەندە لێکۆڵینەوەکان دەرئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبوو بەهۆی جیاوازی بنەماکانی دروست بوونیان، بەلاّم فراوانبوونی شاروڕووبەری وەزیفەکانی شار بەهۆی کاریگەری گەشەی دانیشتوان تایبەتمەندیەکە کە هەموو شارەکان تییدا هاوبەشن.[3]

شایەنی باسە بە درێژایی قۆناغەکانی مۆرفۆلۆجی شاری ڕانیە، گەشەی دانیشتوان و فراوانبونی شارەکە شان بەشانی یەکتری زیادیانکردوە، بەشێوەیەک ئەم دوو دیاردەیە کارلێک دەکەن، لەبەرئەوە پەیوەندی نێوان گەشەی دانیشتوان و فراوانبوونی شارەکە و ڕووبەری وەزیفەکانی پەیوەندیەکی تونـدوتۆل وڕیشەییان بەیەکەوە هەیە ، بەجۆرێک فراوانبوونی شاری ڕانیە وڕووبەری وەزیفەکانی لەئەنجامی کاریگەری گەشەی دانیشتوانەکە یەوە ڕووی داوە . لێرەوە هەوڵدەدەین کاریگەری گەشەی دانیشتوان کە لە بەشی دووم

---

(١) هەورامان کەمال میرزا، فراوانبوونی رووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەریە ژینگەییەکانی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولیر، ٢٠١٣، ل٤٢.

(٢) کامران طاهر سعید، توسع مدینة السلیمانیة بتأثیر الاسر الحضری، اطروحة دکتوراة، کلیة العلوم الانسانیة، جامعة السلیمانیة، السلیمانیه ، ٢٠١،ص٥٩.بۆزیانیاری زیاتر دەربارەی کاریگەری گەشەی دانیشتوان لەسەر فراوانبوونی شارو ڕووبەری وەزیفەکانی بڕوانە: .أ: اياد مخلف عدوان الخلفاوی، النمو السکانی وأثره علی التوسع العمرانی لمدینة الفلوجة لمدة من (١٩٧٧-٢٠٠٧)، رسالة ماجستیر کلیة التربیة العلوم الانسانیة، جامعة الانبار، ٢٠٠٩، ص١٦-١٧،٥٢. ب: یونس هندی علیوی الدلیمی، التغیر السکانی وأثره في التوسع العمرانی لمدینة الرمادی للمدة مابین سنة (١٩٧٧-٢٠٠١) ،رسالة ماجستیر کلیة تربیة ابن رشد، جامعة موصل، الموصل ٢٠٠٢، ص٧٨-٧٩.

(٣) صلاح حمید الجنابي، جغرافیة الحضر اسس و تطبیقات ، المصدر السابق ، ص٣٣٣.

ئاماژەمـان پێدا لەسـەر فراوانبـوونی شـارەکە و ڕووبەری وەزیفەکـانی شـارەکەش ڕوون بکەینەوە.

**قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەم پێش ساڵی ١٩٥٧**

شاری ڕانیە یەکێکە لەو شارانەی مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵگەش بۆ کۆنی مێژووی ئەو شارە ئەوەیە کەچەندین شوێنەواری مێژووی کۆن لەناو شاری ڕانیەو دەوروبەرەکەی هەیە، (عبدول رقیب) شوێنەوارناس دەربارەی ڕانیە دەڵێت: گوندی هەنجیرە و تیتۆکە، کە ئێستا دوو گەڕەکی شاری ڕانیەن تا دەگاتە دەربەرندی ڕانیە بەدرێژی چیای کێوەرەش شوێنەواری کۆنن، (سەیداوا) کە گەرەکی ڕزگاری یە لەکۆندا شارێکی گەورە بووەو مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زاین، قەڵات کە ئێستا کۆنترین گەڕەکی شاری ڕانیەیە بەناوی گەرەکی (قەڵات) کە بنەمای دروست بوونی شارەکە بووە، شاری ڕانیە لەقەڵاتەوە دروست بووەو گەشەی کردووە. (١)

بێگومان بوونی ئەو شوێنەوارانە بەڵگەن لەسەر کۆنی مێژووی شارەکە، لەم گۆشە نیگایەوە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراق لەڕێگەی پشکنینەکانیان بۆیان دەرکەوتووە کە مێژووی ئەو شارە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی شەشەمی پێش زاین، کە لەڕووی مێژووی سیاسیەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی (سۆمەری ،ئەکەدی ، ئاشوری ، خوری ، میدیایەکان)، وە ئاماژەیان بەوە کردوە کە هەندێک شوێنی ئەم شارە زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو (بەرلەپەیدابوونی نوسین)هەروەها سەرچاوە مێژوویەکان ئاماژە بەوە دەکەن ڕانیە لەسەردەمی ئەیوبیەکان بە (الرانە) ناوی هاتووە، بێگومان شاری ڕانیە وەک ناوچەکانی عێراق بەدرێژایی مێژوو ململانێ، ناوچەکە کەوتۆتە ژێر قەڵەمرەوی فەرمان ڕەوای جۆراوجۆری وەک عوسمانی و سەفەویەکان و ئینگلیزەکان(٢)

سەبارەت بەو گۆرانکاریە کارگێریانەی کەلەناوچەکەدا ڕوویان داوا، دەبینین لەساڵی (١٨٦٤) دەوڵەتی عوسمانی لەسەر شێوەی یاسای(فرنسی– عوسمانی) یاسای کارگێری تازەی دەرکرد مەدحەت پاشا لە (١٨٦٩-١٨٧٢) والی بەغداد بوو لەساڵی ١٨٧٠ عیراقی دابەشکرد بۆ دوو ئیالات بە(بەغداد و موصل)، سنجەقی شارەزو کە کەرکوک مەڵبەندەکەی

---

(١) بڕوانە: **أ.** بە بێ ناوی نووسە ر ، مێژوو نوسی گەورەی کورد هەگبەی زانیاریەکانی لەبارەی ڕانیەوە دەکاتەوە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (٢١)، هاوینی ٢٠٠٧، لا٤-٥.: **ب**: قحطان رشيد صالح، الكشاف الاثرى في العراق، مديرية الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل ، ١٩٨٧، ص٧٦-٧٨.

(٢) . مؤلف مجهول، تأريخ دول الاكراد والاتراک تأريخ دولة الاكراد، دراسة تحقيق (موسى مصطفى العسيانى) من منشورات جامعة دهوک، دهوک، ٢٠٠٩، ص٥٢٩.

بوو، خرایە سەر ئیالەتی موصل لەم گۆڕانکاریە کارگێریە تازەدا ڕانیە وەک شارۆچکە ناوی هاتووە، هەروەها لە ساڵی (١٨٩٠) ڕانیە لە ساڵنامەی عوسمانیەکان دا لەسەر ویلایەتی موسل وەک شارۆچکە ناوی هاتووە، لەساڵی (١٨٩٣) ڕانیە لە رووی کارگێرییەوە بچوک کرایەوە بۆ شارەدێ و خرایە سەر کۆیە، بەڵام لەساڵی (١٨٩٤) جارێکی تر ڕانیە کراوەتە شارۆچکە، هەروەها لەدوای هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و هاتنی ئینگلیزەکان بۆناوچە کوردیەکان بەپێی راپۆرتی کارگێری بەریتانیەکان لەساڵی (١٩١٩) ڕانیە وەک شارۆچکە سەر بەسلێمانی بووە، بەڵام لە هەمانساڵدا لەکاتی دامەزراندنی حوکمی ئیداری شێخ محمود لەسلێمانی، ڕانیە چۆتە ناو ئەو ناوچە کارگێریەی کەشیخ محمود بەهاوکاری ئینگلیزەکان دایمەزراندن، لەدوای دامەزراندنی حکومەتی نیشتیمانی عێراقیساڵی (١٩٢١) بوو بە سیستەمی پاشایەتی، و لەساڵی (١٩٢٢) گۆرانکاری لەدۆخی عیراقدا ڕووی دا، ڕانیە خرایە سەر لیوای هەولێر تا ساڵی (١٩٤٧) بەڵام لە (١٩٥٦/٧/٢٢) بەپێی نوسراوی ژمارە (٦١٠) ئیدارەی پاشایەتی عێراق، قەزای ڕانیە لەسەر لیوای هەولێر لابراو گوازرایەوە سەر لیوای سلێمانی. [(١)]

بێگومان لەدروست بون و گەشەکردنی پەیوەندیە جۆراوجۆرەکان و کاریگەری شاری ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری و گەیاندنی بۆ ناوچە دورەکان تایبەتمەندیە جوگرافیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەیە، ئەگەر ئاماژەیەک بەڕۆڵی کاریگەری بنەماجوگرافیەکانی ناوچەکە بکەین لە ژێر ڕۆشنایی ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە وەک لە بەشی یەکەمی ناساندنی شاری ڕانیە ئاماژەمان پێدا ،بۆمان دەردەکەوێت جوگرافیای ناوچەکە چەندین تایبەتمەندی گرنگی هەیە کە زۆربەی مەرجەکانی مەڵبەندی شارستانی تێدایە کەئەم تایبەتمەندی و کاریگەریانەش لەچەند خاڵێکدا ڕوون دەکەینەوە:

١. بوونی دەشتێکی پان و بەرین بەناوی دەشتی بیتوێن بە ڕووبەری (٨٨٤) کم٢، کەشارەکەی لەسەر بنیاتنراوە، یارمەتی دەر بووە لە لەگەشەکردنی شاری ڕانیە وپەیوەندیەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری..
٢. بوونی چەندین زنجیرە شاخ و چیای بەرز کە دەشتی بیتوێنیان لە ئامێزگرتووە وەک چیاکانی کێوەرەش و ئاسۆس و حاجیلەو قەندیل.

---

(١) هانا علی حمە، ڕانیە (١٩٥٨-١٩٩١)، توێژینەوەیەکی مێژوویی لەبارودۆخی (سیاسی، کارگێری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، ئابووری)، نامەی ماستەر، ، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی راپەرین، ڕانیە، ٢٠١٦، لا٢٤-٢٧. (بلاونەکراوە)

٣. گونجاوی بارودۆخی ئاووهەوای ناوچەکەو دەولەمەندی شارەکە بە سەرچاوەکانی ئاوی وەک باران و ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی، بەجۆرێک ساڵانە تێکرای بارانی شارەکە زیاترە لە (٥٠٠) ملم، و لەگەل بارینی بەفرێکی زۆر لەناوچەکە ونزیکی ئاوی ژێر زەوی ناوچەکەو تێپەڕبوونی زێی بچوک لەڕۆژهەڵاتی شارەکە، ئەمانەش یارمەتی دەربوون بۆ دروست بوون و گەشەکردنی شارەکە لەو ناوچەیەدا.

٤. دەوڵەمەندی ناوچەکە لەڕووی ئابووریەو یارمەتی دەربووە لەگەشەکردنی شارەکە، چونکە ئەم ناوچەیە شوێنی کۆبونەوەی بەرهەمی شاخاویەکان لەلایەک ودەشتاییەکان و ڕووبەرە ئاوی زێی بچوک بوە لەلایەکی تر،کەدەکرێت بڵێین بازارێک بوە بۆ ساغکر دنەوەی بەرهەم وکاڵا جۆراوجۆرەکانی ئەم ژینگە جیاوازانە ،بێگومان ئەمەش ڕۆڵی هەبوە گەشەکردنی پەیوەندیەکان وکاریگەری شاری ڕانیە لە سەرناوچەکانی دەوروبەری.

٥. هەڵکەوتەی جوگرافی شاری ڕانیە لەسەر ئەم دەشتە بەرینەوە نزیکی لەووڵاتی ئێران بواری ڕەخساندووە کە پەیوەندییەکی بەرفراوانی هەبێت لەگەل ناوچەکانی دەوروبەری وەک قەزاکانی (پشدەر،دوکان ، کۆیە، شەقڵاوە، سۆران ، ڕەواندوز و هەریەک لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی) ئەمە لەسەر ئاستی ناوخۆیی، هەروەها نزیکی لەسنوری ووڵاتی ئێران وای کردوە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی دەرەوەش چەندین پەیوەندی جۆربەجۆری دیمۆگرافی، ئابووری.... لەگەڵ ووڵاتی ئێران هەبێت، ئەمە یارمەتی دەربووە لەگەشەکردنی شارەکە.

٦. دەورەدانی شاری ڕانیە بەچەندین گوندی ناوچەی شاخاوی یارمەتی دەربوون لەگەشەکردنی شارەکە، چونکە ئەو گوندانە هەمیشە وەک سفرەیەکی ڕازاوە وابوون کەلەڕووی ئابووری و دیمۆگرافی پشتگیری شاری ڕانیەیان کرووە، وایان کردووە کە شارەکە بە ئاڕاستەی گەشەکردنی دیمۆگرافی و بیناسازی و ئاوەدانی هەنگاو بنێت ئەمە ش جۆرێکە لەو کاریگەری و خزمەتگوزاریانەی کە دەوروبەری پێشکەشی شاری ڕانیەی کردووە. لێرەوە بۆمان دەرکەوت کە بنەما جوگرافیەکان شان بەشانی ڕووداوو سەردەمە مێژوویەکان هەر لەکۆنەوە تاکو ئێستا یارمەتی دەربوون و وەڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریا هەبووە لەدروست بوون و گەشەکردنی شاری ڕانیە وەک ناوەندێکی گرنگی شارستانی.

سەرەتای دروست بونی شاری ڕانیە و پرۆسەی نیشتەجێبوون و ئاوەدانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەڵا کۆنەی کە دەکەوێتە ناوەراستی شارەوە، هەروەها نزیکی سەرچاوەکانی ئاوی وەک (مەلاسلێمان، قولە، کوێرەکانی) لەو قەڵایەو سەرچاوە ئاویەکانی دەوروبەری قەڵاکە، هۆکاری ڕاکێشان و گردبوونەوەی دانیشتوان بوون لەو ناوچەدا. لەسەرەتای دروست بوونیدا شاری ڕانیە چەندماڵێک بوون بە چواردەوری قەڵاتەوە، بەڵام وورده وورده ئەم ماڵانە زیادیان کرد تا ساڵی چلەکان گەیشتە نزیکەی سەد ماڵێک لەچواردەوری گەڕەکی قەڵات کە لەڕووی شێوەو ڕوخساریەوە وەک لادێیەک وابوە. ڕانیە وەک زۆرێک لەشارەکانی تری هەرێمی کوردستانی عیراق، لەڕووی دیمۆگرافی، ئاوەدانی، بیناسازیەوە دەستی کردوە بە گەشەکردن، بەشێوەیەک تا لەساڵی ١٩٥٧ دانیشتوانی شارەکە گەیشتە (٢٦٦١) کەس، هاوکات لەگەڵ ئەم گەشەکردنەی دانیشتوانی شارەکە ڕووبەری شارەکەش فراوانبوو کە پێکهاتبوو لە (٣) گەڕەک بەناوەکانی (قەڵات،قولە، سەرا)، بڕوانەی خشتەی ژمارە(١٤) بەم شێویە نەخشەی بنەڕەتی شاردروست بو، لێرەوە شاری ڕانیە زیاتر سیفەتی شاری وەرگرت چەندین و فەرمانگەی جۆراوجۆری وەک قائیمقامیەت، شارەوانی، پۆلیس کشتوکاڵ ، کارەبا ) لەشارەکە دا بونیان هەبووە، [1] لەڕووی دیمۆگرافییەوە شاری ڕانیە بەڕێژەی (٤٪) گەشەی کردووە، ئەم گەشەکردنە کاریگەری کردە سەرفراوانبوونی ڕووبەری شاری ڕا نیە، بەشێوەیەک لەچەند ماڵێکەوە دەوری قەلات بوو بەهۆی دروستبونی ئەوسێ گەڕەکەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ دان، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٧). بەم جۆرە تێکرای ڕووبەری شارەکە لەم قۆناغەدا گەیشتە (٥٦,٢٧) هێکتار، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤)

---

(١) هانا علی حمە، ڕانیە (١٩٥٨-١٩٩١)، توێژینەوەیەکی مێژووییە لەبارودۆخی (سیاسی، کارگێری، کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری، ئابووری)، سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٤-٢٧.

## خشتەی ژمارە ١٤ گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان ساڵی ١٩٥٧


| ژ | گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ژمارەی دانیشتوانی گەڕەک | ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەک ٪ | چری دانیشتوان کەس / هێکتار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەرا | ٢٥,٦٦ | ٤٥,٦١ | ٩٨٧ | ٣٧,١ | ٣٨,٤٦ |
| ٢ | قولە | ٢٣,٣٥ | ٤١,٤٩ | ١٠٨٥ | ٤٠,٧٧ | ٤٦,٤٦ |
| ٣ | قەڵات | ٧,٢٦ | ١٢,٩ | ٥٨٩ | ٢٢,١٣ | ٨١,١٢ |
| کۆی گشتی | | ٥٦,٢٧ | ١٠٠ | ٢٦٦١ | ١٠٠ | ٤٧,٢٨ |

**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:**

١. ڕووبەری گەڕەکەکان دەرهێنراوە بەبەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5 پشت بەست بە نەخشەی ژمارە (٧)

٢. قەبارەی دانیشتوان پشت بەست بە : وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ لوائی السليمانية و كركوک، مطبعة العانی، بغداد، جدول رقم (٨)، ص ٢٦-٢٨، و جدول رقم (٤)، ص٩.

## نەخشەی ژمارە ٧ گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لە ساڵی ١٩٥٧




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5پشت بەست بە:**

١. حکــومەتی هەرێمــی کوردســـتان، وەزارەتـــی شـــارەوانی و گەشـــتوگوزار، بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی شارەوانیەکانی راپەڕین،بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی ، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، ساڵی ١٩٥٧ ،بەپێوەری ١:١٠٠٠ .

٢. حکــومەتی هەرێمــی کوردســـتان، وەزارەتـــی شـــارەوانی و گەشـــتوگوزار، بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین،بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، ساڵی ٢٠١٦ بەپێوەری ، ١: ٤٠٠٠ .

له ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەڕەکی (قولە) بەجەنجاڵترین گەڕەک دادەنرێت کەڕێژەی زیاتر لە (٤٠٪) ی سەرجەم دانیشتوانی شار پێک دەهێنێت وبچوکترین گەڕەکیش گەڕەکی قەڵاتە بەڕێژەی لە (٢٢٪). سەبارەت بە ڕووبەری هەریەک لە گەڕەکەکان، دەبینین گەڕەکی (سەرا) بەفراوانترین گەڕەک دادەنریت کە ڕێژەی زیاتر لە (٤٥٪) ی کۆڕووبەری شار پێک دەهێنێت وبچوکترین گەڕەکیش گەڕەکی (قەڵاتە) بەڕێژەی نزیکەی (١٣٪).


بێگومان گەشەکردنی شاری ڕانیە وەک ناوەندێکی شارستانی وسەنتەری قەزای ڕانیە بو بەهۆ دەرکەوتنی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی بۆ هەر یەک لە وەزیفە جیاوازەکانی وەک بازرگانی و گواستنەوە.. لەشارەکەدا کەیەکێکە لەڕوخسارە گرنگانەی شارەکەی پێدەناسرێت، بێگومان هەموو وەزیفە جیاوازەکان لەژێر کاریگەری گەشەی دانیشتوان پێویستیان بەوە بوو کەڕووبەری تایبەت بەخۆیان هەبێت تاوەکو پێداویستی و داواکاریەکانی دانیشتوانی شارەکە دابین بکەنە.

هەربۆیە بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارەی(١٣) دەردەکەوێت کە نیشتەجێبوون بەپلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی نزیکی(٦٢٪) ی سەرجەم ڕووبەری شار پێک دەهێنێت، وە بەپلەی دووەم گواستنەوە کە ڕێژەی زیاتر لە (١٩٪)وە دواتر هەریەک لەبەکارهێنانەکانی تر دێن هەروەها بەکارهێنانی زەوی بۆ بواری بازرگانیش ڕێژەی نزیکەی (٥٪) ی ڕووبەری شار پێک دەهێنێت، وپیشەسازی بەڕێژەی کەمتر لە(١٪) بەشداری دەکات لەڕووبەری شاروخزمەتگوزاریەکان وەک پەروەردە بە ڕێژەی زیاتر لە (٣٪) و ئاینی بەڕێژەی کەمتر لە (١٪ ) وکارگێری بەڕێژەی کەمتر لە (١٪) بەشداری لەڕووبەری گشتی شار دەکات، هەروەها بەکارهێنانەکانی تریش هەریە کە بەڕێژەی جیاواز بەشێک لە ڕووبەری شار پێکدەهێنن.

**قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم لەماوەی ساڵانی ( ١٩٥٧ – ١٩٧٧)**

ئەم قۆناغەش بەیەکێک لە قۆناغە ماوە درێژەکان دادەنرێت کە (٢٠) ساڵی خایاندوە، لەڕاستیدا زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە، لە (٢٦٦١) کەسەوە لە ساڵی (١٩٥٧) بۆ (٨٧٨٦) کەس لە ساڵی (١٩٧٧) بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی زیاتر لە (٦٪) کاریگەری کردە سەر فراوانبونی ڕووبەری گشتی شار وڕووبەری هەریەک لە وەزیفەکان لە شارەکەدا، بەشێوەیەک لە ئەنجامی زیادبوون و گەشەکردنی دانیشتوان سێ گەڕەک بەناوەکانی (ڕەشەمێرگ و گڵنجان و قەڵاتی دوو) دروست بوو، بەم شێوەیە کۆی گشتی ژمارەی گەڕەکەکانی شار لەم قۆناغەدا زیادی کرد بۆ (٦) گەڕەک،بڕوانە نەخشەی ژمارە (٨)، بەم جۆرە لەئەنجامی کاریگەری گەشەی دانیشتوان ڕووبەری زیادبووی شار لەم قۆناغە مۆرفۆلۆجیەدا بریتیە لە زیاتر لە(٣٩) هێکتار،و تێکرای ڕێژەی ڕووبەری زیادبوو زیاتر لە (٦٩٪) زیادیکردوە بەراوورد بەقۆناغی پێشوو.

## نەخشەی ژمارە ٨ گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لە ساڵی ١٩٧٧




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5 پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی راپەڕین،بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی ،نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، ساڵی ١٩٧٧ ، بەپێوەری ، ١:٢٠٠٠ .

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی راپەڕین،بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە ، ساڵی ٢٠١٦ ،بەپێوەری١: ٤٠٠٠ .

بەم شێوەیە لە ئەنجامی کاریگەری گەشەی دانیشتوان تێکرای ڕووبەری شاری ڕانیە لەو ماوەیە دا گەیشتە زیاتر لە (٩٥) هێکتار وە ژمارەی خانووبیناکانی گەیشتە ١٠١٩بینا ، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٥).

ئەگەر تیشک بخەینە سەر ئاڕاستەکانی فراوانبونی ڕووبەری شاری ڕانیە لەم قۆناغەدا بەسەرنج دان لە نەخشەی ژمارە (٨)، بۆمان دەردەکەوێت کە شارەکە لەژێر کاریگەری گەشەی دانیشتوانەکەی دا بەچەند ئاڕاستەیەکی جیاواز فراوان بوە،وەک فراوانبونی بەئاڕاستەی باکورو باکوری خۆرئاوا بە ڕووبەری (٢٥,٦٥) هێکتار کەدەکاتە نزیکەی (٢٢٪) ی ڕووبەی گشتی شار و ڕێژەی زیاتر لە (٦٥٪) ی ڕووبەری زیادبووی شار ئەمەش لەئەنجامی دروستبونی هەردوو گەڕەکی (گڵنجان و ڕەشەمێرگ) و فراوانبونی شار بەئاڕاستەی باشور لە ئەنجامی دروستبونی گەڕەکی قەلآتی دوو کەڕێژەی زیاتر لە (٤٧%) ڕووبەری زیادبونی شار پێکدەهێنێ، بڕوانە هەمان خشتەی ژمارە (١٥).

بێگومان هۆکاری فراوانبوونی شار بەو ئاڕاستە جیاوازانە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەناوجەرگەی دڵی دەشتێکی بەرینی وەکو دەشتی بیتوێن وەک لەبەشی یەکەم باسی ئەو دەشتەمان کرد، وە ئاسان جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان بەتایبەت ئاوەڕۆی شارەکەوئاسانی گەیاندنی بە کۆتایی شار،هەروەها نەبونی هیچ بەربەستێکی سروشتی ومرۆیی کە ببێتە ڕێگر لەفراوانبوونی شار بەئاڕاستەی جیاواز.لەڕاستیدا فراوانبوونی شار بەو ئاڕاستە جیاوازانە بەراورد بە قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێشو،کاریگەری کردە سەر گۆڕانی مۆرفۆلۆجی شاری ڕانیە بۆ شێوەیەکی ناڕێک و تاڕادەیەک سەدیمی، بڕوانە نەخشەی پێشوو، وەک ئاشکرایە شارەکان لەکاتی فراوانبوونیان بەچەندین شێوازی جیاواز فراوان دەبن، شاری ڕانیە لەم قۆناغەدا بەچەند شێوازێکی لەیەکتری جیاواز فراوان بووە وەک شێوازی (هەرەمەکی)(*) بەبێ پلان کە لەهەردوو گەرەکی (ڕەشەمێرگ، گڵنجان) بەدی دەکرێت، بەجۆرێک کوچەو کۆڵانی تەسک وپێچاوپێچ وناڕێک وداخراو بەدی دەکرێت، کە لەڕووی پلاندانانی شارستانیەوە لاوازن.

(*) شێوازی فراوانبوونی (هەرەمەکی) ، بریتییە لەو فراوانبوون و درێژبوون و ئاوەدانی و تەلارسازیەی کە شان بەشانی فراوانبوون و کشانی ڕووبەری شار ڕوودەدات، بەبێ بوونی هیچ پلانێکی پێش وەخت، ئەم شێوازە زیاتر لەو کاتەدا دروست دەبێت کە یاساو ڕێنماییەکان نەبوون یان لاواز بوون، بەشێوەیەک خانوو لەسەر موڵکی دەوڵەت یان ئەو زەویە کشتوکاڵیانەی کە ناکرێت بکرێت بەبینای نیشتەجێبوون بەبێ ڕەزامەندی و پێدانی مۆڵەتی دەوڵەت دروست دەکرێت، ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی کوچەو کۆڵانی پێچاوپێچ و داخراو، کە قورسە خزمەتگوزاریەکان بگەیەنرێتە بەشە جیاوازەکانی شار، بڕوانە:
أ. كامران طاهر سعيد، توسع مدينة السليمانية بتأثير الاسر الحضرى، مصدر سابق، ص٦١.
ب. على فاعور، افاق التحضر العربي، دار النهضة العربية، بيروت ٢٠٠٤، ٦١.

**خشتەی ژمارە ١٥ گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان لەساڵی ١٩٧٧**

| ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک | ژمارەی دانیشتوانی گەڕەک | ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەک ٪ | چڕی دانیشتوان کەس / هێکتار | ژمارەی خێزانی گەڕەک | ڕێژەی خێزانی گەڕەک ٪ | ژمارەی بینای گەڕەک | ڕێژەی بینای گەڕەک ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەرا | ٢٥,٦٦ | ٢٦,٩١ | --- | --- | ١٨٦٠ | ٢١,٢ | ٧٢,٤٨ | ٣٣٥ | ٢٠,٧٠ | ٢٢٦ | ٢٢,١٧ |
| ٢ | قولە | ٢٣,٣٤ | ٢٤,٤٨ | --- | --- | ١٩٤٣ | ٢٢,١ | ٨٣,٢١ | ٣٣٢ | ٢٠,٥٢ | ٢٢٦ | ٢٢,١٧ |
| ٣ | قەڵاتی دوو | ١٨,٤٤ | ١٩,٣٤ | ١٨,٤٤ | ٣٢,٧٧ | ١٧٨٩ | ٢٠,٣٦ | ٩٧,٠١ | ٣٢٧ | ٢٠,٢٢ | ٢٢٤ | ٢١,٩٨ |
| ٤ | ڕەشەمێرگ | ١٢,٩١ | ١٣,٥٤ | ١٢,٩١ | ٢٢,٩٤ | ١٨٠٣ | ٢٠,٥٢ | ١٣٩,٦٥ | ٣٥٦ | ٢٢ | ١٩١ | ١٨,٧٤ |
| ٥ | گڵنجان | ٧,٧٤ | ٨,١٢ | ٧,٧٤ | ١٣,٧٥ | ١٣٩١ | ١٥,٨٢ | ٩٢,٧٣ | ٢٦٨ | ١٦,٥٦ | ١٥٢ | ١٤,٩٤ |
| ٦ | قەڵاتی یەک* | ٧,٢٦ | ٧,٦١ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | کۆی گشتی | ٩٥,٣٦ | ١٠٠ | ٣٩.١ | ٦٩,٤٩** | ٨٧٨٦ | ١٠٠ | ٩٢,١٣ | ١٦١٨ | --- | ١٠١٩ | --- |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. ڕووبەری گەڕەکەکان دەرهێنراوە بەبەرنامەی **ArcGis ArcMap 10.5** پشت بەست بە نەخشەی ژمارە (٨)

٢. قەبارەی دانیشتوان پشت بەست بە : وزارة التخطيط الجهاز المركزي للأحصاء، هيئة التعداد العام للاحصاء والدراسات السكانية، نتائج وترقيم المباني وحصر السكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظة السليمانية، تشرين الاول ١٩٧٧.

* ژمارەی دانیشتوان و خێزان و بینای گەڕەکی (قەڵاتی یەک و گڵنجان) پێکەوە هەژمار کراوە.

** ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک دەرهێنراوە پشت بەست بەم هاوکێشەیە : أ ÷ ب × ١٠٠ لەکاتێکدا: أ= ڕووبەری زیادبووی گەرەک لەقۆناغی ئێستادا ب= ڕووبەری گشتی شار لە قۆناغی پێشوو. بروانە: شيرزاد عبدالعزيز عبد الرحيم، التوسع المساحي لمدينة دهوك ، (دراسة في جغرافية المدن)، رسالة ماجستير،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين،أربيل،١٩٩٩،ص٧٤.

هەروەها شێوازی فراوانبوونی گەشەکردنی *(کەڵەکەبووی) لەسەریەکتری دەبینرێت، ئەم جۆرە شێوازی فراوانبوونە خۆی دەنوێنێت لە کاتی فراوانبوونی شار لەسەر شێوەی کشان و درێژبوونەوەی شار بەرەو ناوچەکانی دەوروبەری، بەشێوەیەکی سروشتی و هێواش کە شار پێیدا تێپەڕدەبێت ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گەشەکردن و پاڵ پێوەنانە شەپۆلیەوە ڕوودەدات کەلەناو شارەوە دروست دەبێت، بەجۆرێ کە شار ناچار دەبێت بەهۆی ئەو کەڵەکەبوونەی کە لەناوخۆی دا ڕوودەدات بەرەو زەویە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری فراوان بێت، نمونەی ئەو جۆرە شێوازە فراوانبوونە لەشاری ڕانیە لە گەڕەکەکانی(گڵنجان، ڕەشەمێرگ، قەڵات) دەبینرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو فشارو کەڵەکە بوونەوەی لە ناوەوەی شارەوە بەرەو دەرەوەو لێوارەکانی شارەکە دروست بووە، ئەمەش سەر ئەنجام بو بەهۆی دروستبوونی ئەو گەڕەکانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ دان بەڕووبەری زیاتر لە (٣٩) هێکتار بەچواردەوری شارەکە،

شاری ڕانیە لە ساڵی (١٩٧٧) پێکهاتوە لە (٦) گەڕەک، لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەڕەکی قولە بە گەورەترین گەڕەک و بەپلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی زیاتر لە (٢٢٪) ی دانیشتوانی شار پێک دەهێنن وبچوکترین گەڕەکیش لەڕووی ژمارەی دانیشتوان گەڕەکی گڵنجانە کەڕێژەی لە(١٥,٨٪)ی دانیشتوانی شار پێکدەهێنێت،سەبارەت بەڕووبەری گەڕەکەکان، گەڕەکی سەرا بەپلەی یەکەم دێت ،کە ڕێژەی نزیکەی (٢٧٪) ی ڕووبەری شار لەخۆدەگرێت، وبچوکترین گەڕەکیش بریتیە لە گەڕەکی قەڵاتی یەک بە ڕێژەی (٧,٦٪) بڕوانە خشتەیی ژمارە (١٥) .

لەڕووی ژمارەی بیناکان هەردوو گەڕەکی سەراو قولە بە پلەی یەکەم دێن کە ڕێژەی زیاتر لە (٢٢٪)سەرجەم بیناکانی شاریان پێکهێناوە، و بچوکترین گە ڕەکیش لەڕووی ژمارەی بیناو خانوەکانی، بریتیە لە گەڕەکی گڵنجان، کە ڕێژەی نزیکەی (١٥٪) ی سەرجەم بیناکانی شار پێکدەهێنن، بێگومان زیادبوون و گەشەکردنی دانیشتوان شاری ڕانیە بە

---

*شێوازی فراوانبوونی( کەڵەکەبوو): بریتیە لەو شێوازە فراوانبوونەی کەلەسەنتەر و ناوەی شار بەرەو ناوچەکانی چواردەورو لێوارەکانی شار ڕوودەدات ئەمەش بەهۆی ئەو فشار و پاڵەپەستۆیەی کە ناوەوەو شار دەیخاتە سەر لێوارەکانی، وەک برجس لە ساڵی (١٩٢٣-١٩٢٥) پەنجەی بۆ ئەم جۆرە بابەتە درێژ کردوەو ناوی ناوە پاڵپێوەنانی شەپۆلی (motive ware)، بڕوانە: أ. فتحی محمد ابو عيانة، جغرافية العمران، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٦، ٢٠١-٢٠٣. ب. شيرزاد عبدالعزيز عبدالرحيم، التوسع المساحي لمدينة دهوك، دراسة في جغرافية المدن،مصدر سابق ص١٢.

ڕێژەی زیاتر لە (٦٪) کاریگەری هەبووە لە دابینکردنی ڕووبەری پێویست بۆ هەریەک لە وەزیفەجۆراوجۆرەکان لە شارەکەدا ،چونکە وەک ئاشکرایە لەگەل زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە پێداویستی دانیشتوانی شاری ڕانیە بۆ نیشتەجێبوون و ڕێگاو بان زیایکردوە، هەر لەژێر کاریگەری ئەم گەشەکردنەی دانیشتوان ڕووبەری نیشتەجێبوون بەراوورد بە قۆناغی پێشوو زیادی کرووە بۆ (٥٢,٧٠) هێکتار بەڕێژەی لە (٥٥٪) وڕێگاوبان ڕووبەری زیادی کرد بۆ(١٩,٣٦)هێکتار بەڕێژەی لە (٢٠٪)، لەهەمان کاتدا بازرگانی بەرزبووە بۆ (٧,٦٤) هێکتار بەڕێژەی (٨٪) لەهەمان کاتدا بەهۆی کاریگەری گەشەی دانیشتوان ڕووبەری بەکارهێنانەکانی تریش گۆرانیان بەسەردا هات و زیادیان کرد بەجۆرێک پیشەسازی بەرزبۆوە بۆ (٠,٦٢) هێکتار بە ڕێژەی نزیکەی (١٪)، وە خزمەتگوزاریەکانی وەک (پەروەردەو کارگێری) هەریەکەیان ڕووبەریان زیادی کرد بۆ(٢,٩٠ و(١,٣٥) هێکتار هەریەک بە ڕێژەی زیاتر لە(٣٪ )و ( ١٪)،وە خزمەتگوزاری ئاینی ڕووبەرەکەی زیادی کرد بۆ (٠.٤٦)هێکتار بەڕێژەی کەمتر لە(١٪)،هەروەها بەکارهێنانەکانی تریش ڕووبەریان زیادیکرد، بڕوانە خشتەی ژمارە(١٣)پیشوو،بەم شێویە لەم قۆناغەدا بۆمان دەرکەوێت گەشەی دانیشتوان کاریگەری کردۆتە سەر گۆرانی مۆڕفۆلۆجی شارەکە وفراوانبونی ڕووبەری وەزیفە کان و دابە شبوونیان بەسەر بەشەجیاجیاکانی شارەکە دا .


**قۆناغی مۆڕفۆلۆجی سێیەم لەماوەی سالآنی (١٩٧٧-١٩٨٧) :**

شاری ڕانیە لەماوەی ئەم قۆناغەدا بەهۆی گەشەی دانیشتوانەکە یەوە کاریگەری کردە سەر فراوانبوونی ڕووبەری شارو گەشەکردنی ڕووبەری هەریەک لە وەزیفەکانی شارەکە بەشێوەیەک لەم ماوەیەدا ژمارەی دانیشتوانەکەی لە(٨٧٨٦) کەسەوە لەسالّی (١٩٧٧) زیادیکرد بۆ(٢٧٧٠٠) کەس لەسالّی ١٩٨٧بەڕێژەی گەشەی زیاترلە (١٢٪)سالآنە،گەشەکردنی دانیشتوانی شارەکە لەو ماوەیەدا بەوڕێژە بەرزە کە بەرزترین ڕێژەی گەشەکردنە لەتەواوی لێکۆڵینەوەکەدا ، کاریگەری کردە سەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری ڕانیە وروبەری وەزیفەکان لەشارەکەدا، بەشێوەیەک لەئەنجامی ئەم گەشەکردنە چەند گەڕەکێک بۆ سەر نەخشەی بنەڕەتی شارەکە زیادیان کرد وەک (ڕاپەڕین،ئازادی یەک،شەهیدان)، بەم جۆر ژمارەی گەڕەکەکان لەم قۆناغەدا گەیشتە (٩) گەرەک، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٩) .

بەم شێویە تێکڕای ڕێژەی ڕووبەری زیادبوو لەم قۆناغەدا (٪١٠٤) بەراورد بەڕووبەری شارەکە لە ١٩٧٧ وبەڕێژەی زیادبوونی(٪١٠) هێکتار سالآنە، بەم جۆرە لەئەنجامی کاریگەری گەشەی دانیشتوان تێکرای ڕووبەری شارەکە لەم قۆناغە مۆرفۆلۆجیەدا گەیشتە (١٩٤)هێکتار واتا بەجیاوازی (٩٨) هێکتار بەراورد بە قۆناغی پێشوزیادیکرد، بڕوانە خشتەی (١٦).

سەبارەت بە ئاڕاستەکانی فراوانبوونی ڕووبەری شاری ڕانیە بەسەرنج دان لەهەمان نەخشەی ناوبراو،بۆمان دەردەکەوێت کەشارەکە بەچەند ئاراستەیەکی جیاواز فراوان بووە وەک فراوانبوونی بەئاڕاستەی باکور بە ڕووبەری (٢٣,٥٧) هێکتار لە ئەنجامی دەرکەوتنی گەڕەکی شەهیدان، هەروەها فراوانبوون بەئاڕاستەی ڕۆژئاوا بە ڕووبەری زیاتر لە(٢٦) هێکتار.

## نەخشەی ژمارە (٩) گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لە ساڵی (١٩٨٧)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5پشت بەست بە:

١. حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوگوزار، بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی شـارەوانیەکانی ڕاپەڕین،بەڕێوەبەرایەتی شـارەوانی ڕانیە، بەشـی نەخشەسـازی، نەخشـەی بنەڕەتـی شـاری ڕانیە، ساڵی ١٩٨٧ ،بەپێوەری ١:٢٠٠٠.

٢. حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوگوزار، بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی شـارەوانیەکانی ڕاپەڕین،بەڕێوەبەرایەتی شـارەوانی ڕانیە، بەشـی نەخشەسـازی، نەخشـەی بنەڕەتـی شـاری ڕانیە، ساڵی ٢٠١٦ ،بەپێوەری ١: ٤٠٠٠

لەئـەنجامی دروسـتبونی گەڕەکـی ئـازادی ١، هەروەهـا شـارەکە توانیویـەتی بەئاڕاسـتەی باشـوریش فـراوان بێت بـە ڕووبەری نزیکـەی (٤٩) هێکتـار لەئەنجامی دەرکـەوتنی گەڕەکی ڕاپەڕین، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٦).

لەڕاستیدا فراوانبوونی شار بەو ئاڕاستە جیاوازانە دەگەڕێتەوە بۆچەندهۆکارێک [1]

١- کاریگەری ڕێگا گشتیەکانی (ڕانیە_ سلێمانی )،(ڕانیە _قەڵادزێ)، (ڕانیە _سـەرکەپکان) وەک ئاشـکرایە هەمیشـە ڕێگاکـان نیشـتەجێبوون وئـاوەدانی بـۆلای خۆیـان ڕادەکێشـن هــەروەها تێچــوونی ئــابوریش لــە گەیانــدن و دابــین کردنــی خزمەتگوزاریــەکان کــەم دەکەنەوە.

٢- نەبوونی هیچ بەربەستێکی سروشتی و مرۆیی لە م قۆناغەدا تا ڕێگربێت لـە فراوانبونی شارەکە، لە گەڵ بونی زەویەکی دەشت و پان و بەرین کە شیاوە بۆ فراوان بوون.

٣- هۆکــاری سیاســی ڕۆڵــی هــەبوە لــەفراوانبــونی شــار بــە ئاڕاســتەی باشــور،چونکە دروســتکردنی ئۆردوگــای ڕاپەڕیــن (گەڕەکــی ڕاپەڕیــن) لەســەر ڕێگــای گشــتی (ڕانیە_سـلێمانی ) لـە باشـوری شـارەکەدا بـۆ ڕاگـوێزراوانی گوندنشـینەکانی قـەزاکانی (ڕانیە _پشدەر) دروستکرا. فراوانبونی شـاری ڕانیە بـەو ئاڕاسـتە جیاوازانـە کاریگـەری کردە سـەر گۆڕانی مۆڕفۆلـۆجی شـارەکە، بـەجۆرێک بـوو بـەهـۆی ئـەوەی کـە شـێوەی تۆڕی وەربگرێت .

ئەگەر ئاماژەیەک بە شێوازەکانی فراوانبونی شاری ڕانیە بکەین بە سـەرنج دان لە نەخشەی ژمارە (٩) بۆمـان دەردەکـەوێت ناوچـەی لێکۆڵینـەوە لـەم قۆناغـەدا بـە دوو شـێواز فراوانبـوە، شـێوازی شـریتی [*](هێڵـی) ئـەویش لەبەشـی بـاکوری شـارەکە بـەدی دەکرێت بـەجۆرێک گەڕەکی شـەهیدان بـەدرێژایی ڕێگـای ڕانیە _قـەڵادزێ درێژبۆتـەوە، هەروەها بەشی ڕۆژئاوای شارەکە هەروەها بەشێک لە گەڕەکی ئازادی یـەک دەکەوێتـە سەر ڕێگای ڕانیە_سەرکەپکان.

---

(١) حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق، وەزارەتـی شـارەوانی، بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی شـارەوانیەکانی ڕاپەرین، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، ڕانیە، بەشی نەخشەسازی.

* شـێوازی فراوانبـوون هێڵـی (شـریتی) : ئـەم شـێوازە شـێوەیەکی هێڵـی وەردەگرێـت کـە درێژدەبێتـەوە لـە سەنتەر شارەوە بەرەو لێوارەکانی شـار بـە جۆرێک ئـەم شـێوازە هێڵیە دروسـت دەبێت لەسـەر شـێوەی شریتێک یان هێڵێک بە لێواری شەقامێک یان شاخێک یان ڕووبارێک بڕوانە:

أ- مسلم کاظم حمید الشمیري، التحلیل المکاني للتوسع و الآمتداد الحضري للمراکز الحضریة الرئیسة فی محافظة دیالی ،اطروحة دکتوراة، کلیة التربیة،ابن رشد، جامعة بغداد، بغداد،٢٠٠٦،ص٢.

ب_کامران طاهر سعید،توسع مدینة السلیمانیة بتأثیر الاسر الحضري (دراسة في جغرافیة المدن) مصدر سابق، ص ٦٤.

**خشتەی ژمارە ١٦ گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان لەساڵی ١٩٨٧**

| ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک | ژمارەی دانیشتوانی گەڕەک | ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەک ٪ | چڕی دانیشتوان کەس / هێکتار | ژمارەی خێزانی گەڕەک | ڕێژەی خێزانی گەڕەک ٪ | ژمارەی بینای گەڕەک | ڕێژەی بینای گەڕەک ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕاپەڕین | ٤٨,٦٧ | ٢٥,١٠ | ٤٨,٦٧ | ٥١,٠٣ | ٤٥٠١ | ١٦,٣ | ٩٢,٤٧ | ٧٧١ | ١٧,٠١ | ٧٤٩ | ١٦,٣٥ |
| ٢ | ئازادی یەک | ٢٦,٣٣ | ١٣,٥٨ | ٢٦,٣٣ | ٢٧,٦١ | ٥٨٢٠ | ٢١ | ٢٢١,٠٤ | ٩٤٠ | ٢٠,٧٤ | ٧٤٠ | ١٦,١٦ |
| ٣ | سەرا | ٢٥,٦٦ | ١٣,٢٣ | --- | --- | ٣٧٦٧ | ١٣,٦ | ١٤٦,٨ | ٦١٩ | ١٣,٦٦ | ٥٨٥ | ١٢,٧٧ |
| ٤ | شەهیدان | ٢٣,٥٧ | ١٢,١٦ | --- | --- | ٥٣٤٢ | ١٩,٣ | ٢٢٦,٦٤ | ٨١٩ | ١٨,٠٦ | ٧٧٨ | ١٧ |
| ٥ | قولە | ٢٣,٣٥ | ١٢,٠٤ | ٢٣,٣٥ | ٢٤,٤٨ | ١٠٤٠ | ٣,٨ | ٤٤,٥٣ | ١٧٦ | ٣,٩ | ٣٦٥ | ٧,٩٨ |
| ٦ | قەڵاتی دوو | ١٨,٤٤ | ٩,٥١ | --- | --- | ٢٣٨٣ | ٨,٦ | ١٢٩,٢٢ | ٣٧٣ | ٨,٢٥ | ٥١٨ | ١١,٣٢ |
| ٧ | ڕەشەمێرگ | ١٢,٩١ | ٦,٦٢ | --- | --- | ٣١٤٤ | ١١,٤ | ٢٤٣,٥٣ | ٥٢٧ | ١١,٦٣ | ٤٥٠ | ٩,٨٢ |
| ٨ | گڵنجان | ٧,٧٥ | ٤,٠٢ | ٠,٥ | ٠,٥٢ | ١٧٠٣ | ٦ | ١١٣ | ٣٠٦ | ٦,٧٥ | ٣٩٤ | ٨,٦٠ |
| ٩ | قەڵاتی یەک* | ٧,٢٦ | ٣,٧٤ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | کۆی گشتی | ١٩٣,٩٤ | ١٠٠ | ٩٨,٨٥ | ١٠٣,٦٤** | ٢٧٧٠٠ | ١٠٠ | ١٤٢,٨ | ٤٥٣١ | ١٠٠ | ٤٥٧٩ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. ڕووبەری گەرەکەکان دەرهێنراوە بەبەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5 پشت بەست بە نەخشەی ژمارە (٩) ٢. قەبارەی دانیشتوان پشت بەست بە : وزارة التخطيط الجهاز المركزي للأحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظة السليمانية، جدول ت/ س/ ١ /ج، ص٣١

* ژمارەی دانیشتوانی گەرەکی (قەڵاتی یەک) لەگەڵ (قەڵاتی دوو) هەژمار کراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەو چڕی دانیشتوانیان پێکەوە هەژمار بکرێت.

** ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەرەک دەرهێنراوە بەهەمان یاسای خشتەی ژمارە (١٥) ی قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم.

وە لەبەشی باشوری شارەکە بەشێک لە گەڕەکی ڕاپەڕین کەوتۆتە سەر ڕێگای گشتی ڕانیە سلێمانی- هەولێر، کە یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکانی شاری ڕانیە، چونکە شادەماری شاری ڕانیەیە و زۆربەی پەیوەندیەکانی شارەکە لەو ڕێگەیەوە ئەنجام دەدرێ وخاڵی دروستبونی شارەکە بوە ، وە شێوازی فراوانبونی(بەپلان)* وەک یەکێک لەشێوازە تازەکان لەم قۆناغەدا دەرکەوت ئەویش لە گەڕەکی ڕاپەڕین کە لەسەر شێوازێکی تەواو ئەندازەی و بەپلان نەخشەی بۆ دانراوە خانوو ڕێگاوبان و شەقام و خزمەتگوزاریەکان ڕووبەری خۆیان بۆ دیاریکراوە گەڕەکی ئازادی١ بەهەمان شێوە شێوازی شەقام و ڕێگاوبان خانوەکانی بە پلان دروستکراون ، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٩).

به سەرنج دان لە خشتەی ژمارە (١٦) بۆمان دەردەکەوێت کە شاری ڕانیە لە ساڵی ١٩٨٧ پێک هاتووە لە (٩) گەڕەک لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەڕەکی ( ئازادی یەک) بە گەورەترین گەڕەک دەژمێردرێت و بەپلەی یەکەم دێت کە لە ٢١٪ ی کۆی دانیشتوانی شارەکەی پێکهێناوە و بچوکترین گەڕەکیش لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە بریتیە لە گەڕەکی (قولە) کە ڕێژەی نزیکەی (٤٪) ی کۆی دانیشتوانی شار لە خۆدەگرێت.

سەبارەت بە ڕووبەری هەریەک لە گەڕەکەکانی شاری ڕانیە گەڕەکی( ڕاپەڕین) فراوانترین ڕووبەری هەیە کە ڕێژەی زیاتر ٢٥٪ ی ڕووبەری گشتی شار پێک دەهێنێ و بچوکترین گەڕەکیش بریتیە لە گەڕەکی( قەلاتی یەک) کە ڕێژەی نزیکەی (٤٪) ی ڕووبەری شار لە خۆ دەگرێت. هەروەها سەبارەت بە ژمارەی بیناکان گەڕەکی (شەهیدان ) بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی ١٧٪ی سەرجەم بیناکانی شار پێک دەهێنێ و بچوکترین گەڕەکیش بریتیە لەگەڕەکی (قولە) کە ڕێژەی نزیکەی لە (٨٪) ی بیناکانی

*شێوازی فراوانبونی(پلان بۆ دارێژراو): ئەم شێوازە بە تازەترین شێوازی فراوانبونی ڕووبەری شار دەژمێردێت کە دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداری دەکات لە ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی کردنی بیناسازی و شارەستانی و فراوانبونی ڕووبەری شارەکان وە بەگشتی هەڵدەستێت بە ئامادەکردن و ڕێکخستنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە شاردا، ئەمەش بە ئامانجی کەمکردنەوە و ڕێگریکردن لە دروستبوونی نشینگەی پەرت بوو هەڵوەشاوە و شاری هێلانەیی . بڕوانە

أ:محسن عبدالصاحب المظفر و عمر الهاشمي يونس، جغرافية المدن، ،دار الصفاء للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٠،ص ٢٢٠


ب: علي سالم الشواورة، التخطيط في العمران الريف و الحضري، دار المسيرة للنشر و التوزيع والطباعة، عمان،٢٠١٢،ص١٩٦.

شـاری لـه خۆگرتـووه. هەروەهـا سـەبارەت بـەژمـاری خێزانـەکانی گەڕەکـی ئـازادی جـەنجاڵترین گەڕەکە و بەپلـەی یەکـەم دێـت بـەڕێـژەی نزیکـەی لـە(٢١٪) سـەرجەم خێزانەکان و بچوکترینیش گەڕەکی قولەیە کە ڕێژەی نزیکەی (٤٪)ی خێزانـەکانی شـار تێدا دەژی،بەم جۆرە لەم قۆناغە دا لەئەنجامی کاریگەری زۆربوون وگەشەی دانیشتوان ڕووبەری شارەکە فراوانبوو هەروەها ژمارەی بیناکانی نیشـتە جێبوون و بازرگانی ..... زیادیانکرد بۆ ٤٥٧٩ بینا.

بێگومـان لەگـەڵ زیـادبونی ژمـارە و گەشـە کردنـی دانیشـتوانی شـاری ڕانـیە ڕووبەری هەریـەک لـە وەزیفەکانی شـاریش زیادیـان کـردوە ، چونکە بـۆ پرکردنـەوەی پێداویستی و داواکاریەکانی ئەو ژمارەی لە دانیشتوان کە زیـادیکردوە دەبێت ڕووبەری پێویسـتیان بـۆ دابین بکرێت بۆیـە بـە گەرانـەوە و سـەرنج دان لـە خشـتەی ژمـارە (١٣) بۆمـان دەردەکـەوێت کـە ڕووبەری وەزیفەی نیشـتەجێبون زیـادی کـردوە بـۆ (١١٠,١٥) هێکتـار بـە ڕێـژەی زیـاتر لـە (٥٦٪) وە ڕووبەری گواسـتنەوە بەرزبۆتـەوە بـۆ (٣٩,٠٩) هێکتـار بـە ڕێژەی زیـاتر لـە (٢٠٪) لـە هـەمان کاتـدا ڕووبەری وەزیفەکـانی بازرگـانی و پیشەسـازی زیادیـان کـردوە بـۆ (٨,٦٧ و٢,٧٥) هێکتـار هەریەکـە وبـەڕێژەی لـە (٤٪) و(١٪).هـەروەها گەشـەی دانیشـتوانی شـاری ڕانیە کاریگـەری کردۆتـە سـەر زیـادبوونی ڕووبەری خزمەتگوزاریـــەکانیش لـــە شـــاردا وەک زیـــادبوونی ڕووبەری وەزیـــفەی پەروەردە بۆ (٧,٧٢) هێکتار بەڕێژەی نزیکەی (٤٪) وە سەرجەم بەکارهێنانـەکانی تـریش ڕووبەریان زیادیکردوە بـەکارهێنانی ئـایینیش ڕووبەرەکـەی زیـادیکرد بـۆ (١,٦٤) هێکتـار بـەڕێژەی نزیکـەی (١٪) هەروەهـا بەکارهێنانـەکانی تـریش بـە ئاڕاسـتەی گەشـەکردن هەنگاویان نا. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١٠).

لێـرەوە بۆمـان دەردەکـەوێت کـە زیـادبونی ژمـارەی دانیشـتوان و بـەرزی گەشـەی دانیشـــتوانی شـــاری ڕانــیە لە ( ١٩٧٧- ١٩٨٧ ) کاریگـــەری کردۆتـــە ســـەر گـــۆڕانی مۆرفۆلـۆجی و ڕووبەری شـاروە ڕووبەروڕێـژەی هـەر یـەک لەوەزیـفە جیاجیاکـانی شارەکە.

## نەخشەی ژمارە ١٠ بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لە شاری ڕانیە لەساڵی (١٩٨٧)





سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGis ArcMap 10.5 ) پشت بەست بە:
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین،بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، ساڵی ١٩٨٧ ، بەپێوەری١:٢٠٠٠

**قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەم لەماوەی ساڵانی ١٩٨٧_٢٠٠٢**

شاری ڕانیە لەو ماوەیەدا بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی لە (٢٧٧٠٠) کەسەوە لەساڵی (١٩٨٧) بۆ( ٦١٣٢٧ ) کەس لە ساڵی ٢٠٠٢ بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی زیاتر لە ٥٪ زیادیکردوەکاریگەری کردۆتە سەر فراوانبونی شارو ڕووبەری هەریەک لە وەزیفە جۆراوجۆرەکان لە شارەکەدا، بەم شێوەیە لە ئەنجامی کاریگەری گەشەی دانیشتوان (١١) گەڕەکی تر لەم قۆناغە مۆرفۆلۆجیەدا بۆسەر نەخشەی بنەڕەتی شارەکە زیاد یانکرد، بەم جۆرە تێکرای گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لەم قۆناغەدا گەیشتن بە (٢٠) گەڕەک وەک لە نەخشەی ژمارە (١١) دیارە. ئەمەش کاریگەری بەرچاوی کردە سەر فراوانبونی ڕووبەری شاری ڕانیە، بەشێوەیەک تێکرای ڕووبەری گشتی شارەکە لەم قۆناغەدا گەیشتە (١١٣٢) هێکتار، تێکرای ڕووبەری زیادبوو بۆ سەر نەخشەی بنەڕەتی شارەکە لەو ماوەیەدا (٩٩٤) هێکتار بوو، بەڕێژەی زیادبوونی نزیکەی (٣٩٪) هێکتار ساڵانە.

ئەگەر ئاماژەیەک بە ئاڕاستەکانی فراوانبونی شاری ڕانیە بکەین بۆمان دەردەکەوێت شارەکە بەهەرچوار ئاڕاستەکەی دا فراوانبوە، بەشێوەیەک کە شێوەی مۆرفۆلۆجی شارەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە فراوانبونی شارەکە بە ئاڕاستەی باکور بە درێژایی ڕێگای دوو سایدی کێوەڕەش بە ڕووبەریَ ١١٩,٢٦ هێکتار کە دەکاتە ڕێژەی لە ١٠٪ی ڕووبەری گشتی شار ئەم فراوانبونە بوو بەهۆی دەرکەوتنی هەریەک لە گەڕەکەکانی (مامۆستایان،بنار،کێوەڕەش،هەوار،فەرمانبەران). فراوانبونی شار بەئاڕاستەی باشور بە درێژایی ڕێگای ڕانیە – سلێمانی بە ڕووبەری نزیکەی (٢٤) هێکتار کە دەکاتە لە (٢٪) ی ڕووبەری شار ، ئەم زیادبونە بە ئاڕاستەی باشور بوو بەهۆی دروستبوونی گەڕەکی پێشەوا، لە هەمان کاتدا ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی بەئاڕاستەی ڕۆژهەڵات فراوان بێت بەدرێژایی ڕێگای ڕانیە – سەرکەپکان، بەڕووبەری زیاتر لە ٦٥ هێکتار بڕوا نەخشەی ژمارە (١١) کە دەکاتە ڕێژەی زیاتر لە (٥٪) ی ڕووبەری شار ،ئەم فراوانبوونە بەرەو ڕۆژهەڵات بووە هۆی دروستبوونی گەرەکە کانی (ڕزگاری ١ و ڕزگاری ٢، وە فراوانبوونی گەرەکی قەڵات)، هەروەها فراوانبوونی شار بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا بەڕووبەری (٦٥) هێکتاربەڕێژەی لە (٦٪) ی ڕووبەری شار، ئەم فراوانبوونە بوو بەهۆی دەرکەوتنی گەڕەکەکانی ( ئازادی دوو،کارۆخ ،کۆدۆ) فراوانبونی شار بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات بو بەهۆکاریسەرهەڵدانی بەدیلکردنی شارستانی ئەمەش لە ئەنجامی لە خۆگرتنی گوندی (سەیدە فەقیرە) ،

## نەخشەی ژمارە ١١ گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لەساڵی ٢٠٠٢




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین،بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە ، ساڵی ٢٠٠٢ ، بەپێوەری ١:٥٠٠٠

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، ساڵی٢٠١٦ بەپێوەری ، ١: ٤٠٠٠

## خشتەی ژمارە ١٧ گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان لەساڵی ٢٠٠٢

| ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک | ژمارەی دانیشتوانی گەڕەک | ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەک ٪ | چڕی دانیشتوان کەس / هێکتار | ژمارەی خێزانی گەڕەک | ڕێژەی خێزانی گەڕەک ٪ | ژمارەی بینای گەڕەک | ڕێژەی بینای گەڕەک ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕاپەڕین | ٤٨,٦٧ | ٤,٣٠ | --- | --- | ٦٨٣٠ | ١١,١٣ | ١٤٠,٣٣ | ١٤٣٦ | ١٣,١٤ | ١٣٠٠ | ١٤.١٢ |
| ٢ | کێوەڕەش | ٣٥,٢٣ | ٣,١١ | ٣٥,٢٣ | ١٨,١٥ | ٥٩١٢ | ٩,٦٤ | ١٦٧,١٨ | ٢٥٨٢ | ٢٣,٦٣ | ٢٣٨٢ | ٢٥,٩ |
| ٣ | ڕزگاری دوو | ٣١,٤٠ | ٢,٧٧ | ٣١,٤٠ | ١٦,١٨ | ٢٦٠٦ | ٤,٢٤ | ٨٣ | --- | --- | --- | --- |
| ٤ | هەوار | ٣١,١١ | ٢,٧٥ | ٣١,١١ | ١٦,٠٣ | ٨٤ | ٠,١٣ | ٢,٧ | --- | --- | --- | --- |
| ٥ | ئازادی یەک | ٢٦,٣٣ | ٢,٣٣ | --- | --- | ٦٥٧٦ | ١٠,٧٢ | ٢٤٩,٧٥ | ١٠٧٢ | ٩,٨١ | ٨٧٠ | ٩,٤٥ |
| ٦ | سەرا | ٢٥,٦٦ | ٢,٢٧ | --- | --- | ٥٤٤٠ | ٨,٩٠ | ٢١٢ | ١٧٣٦ | ١٥,٨٨ | ١٣٣٦ | ١٤,٥١ |
| ٧ | فەرمانبەران | ٢٤,٠٦ | ٢,١٣ | ٢٤,٠٦ | ١٢,٤٠ | ٢٥٠٨ | ٤,٠٨ | ١٠٤,٢٣ | --- | --- | --- | --- |
| ٨ | قەڵاتی یەک | ٢٤,٠١ | ٢,١٢ | ١٦,٧٥ | ٨,٦٣ | ٢٨٢٥ | ٤,٦٠ | ١١٧,٦٥ | ٧٤٠ | ٦,٧٥ | ٥٨٢ | ٦,٣٢ |
| ٩ | پێشەوا | ٢٣,٧٦ | ٢,١٠ | ٢٤,٧٦ | ١٢,٢٤ | ٢١٨٩ | ٣,٥٦ | ٩٢,١٢ | --- | --- | --- | --- |
| ١٠ | شەهیدان | ٢٣,٥٧ | ٢,٠٨ | --- | --- | ٦٣٤٧ | ١٠,٣٤ | ٢٦٩,٢٨ | --- | --- | --- | --- |
| ١١ | ئازادی دوو | ٢٣,٥٥ | ٢,٠٨ | ٢٣,٥٥ | ١٢,١٣ | ٤٢٦٦ | ٧ | ١٨١,١٤ | ٨٠٠ | ٧,٣٥ | ٦٩٥ | ٧,٥٤ |
| ١٢ | قولە | ٢٣,٣٥ | ٢,٠٦ | --- | --- | ٢٦٧٦ | ٤,٣٦ | ١١٤,٦ | ٨٠٣ | ٧,٣٤ | ٦١٢ | ٦١ |
| ١٣ | کارۆخ | ٢١,٤٧ | ١,٩٠ | ٢٤,٤٧ | ١١,٠٦ | ٤٢ | ٠,٠٨ | ١,٩٥ | --- | --- | --- | --- |
| ١٤ | کۆدۆ | ٢٠,٧١ | ١,٨٣ | ٢٠,٧١ | ١٠,٦٧ | ١٦٥٥ | ٢,٧٠ | ٧٩,٩١ | --- | --- | --- | --- |
| ١٥ | قەڵاتی دوو | ١٨,٤٤ | ١,٦٣ | --- | ٩,٥٠ | ٢٧٠٥ | ٤,٤١ | ١٤٦,٦٩ | --- | --- | --- | --- |

| ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک | ژمارەی دانیشتوانی گەڕەک | ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەک ٪ | چڕی دانیشتوان کەس / هێکتار | ژمارەی خێزانی گەڕەک | ڕێژەی خێزانی گەڕەک ٪ | ژمارەی بینای گەڕەک | ڕێژەی بینای گەڕەک ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | بنار | ١٨,٢٢ | ١,٦١ | ١٨,٢٢ | ٩,٣٩ | ٧٥٤ | ١,٢٢ | ٤١,٣٨ | --- | --- | --- | -- |
| ١٧ | ڕزگاری یەک | ١٧,١٣ | ١,٥١ | ١٧,١٣ | ٨,٨٢ | ١٢١٦ | ١,٩٨ | ٧٠,٩٨ | ٧٠٢ | ٦,٤٢ | ٥٧١ | ٦,٢٠ |
| ١٨ | ڕەشەمێرگ * | ١٢,٨٥ | ١,١٣ | --- | --- | --- | --- | --- | ٦٠٥ | ٥,٥٣ | ٤٤٣ | ٤,٨١ |
| ١٩ | مامۆستایان | ١٠,٦٤ | ٠,٩٤ | ١٠,٦٤ | ٥,٤٨ | ١٦٥٠ | ٢,٦٩ | ١٥٥,٧ | --- | --- | --- | --- |
| ٢٠ | گڵنجان | ٧,٨٢ | ٠,٧٠ | --- | --- | ٥٠٤٦ | ٨,٢٢ | ٢٤٣,٥٣ | ٤٥٠ | ٤,١١ | ٤١٥ | ٤,٥٠ |
| ٢١ | ناوچەی بەتاڵ | ٦٦٣,٩٧ | ٥٨,٦٥ | ٧١٥,٩٣ | ٢٤٢,٩٧ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | کۆی گشتی | ١١٣١,٩٤ | ١٠٠ | ٩٩٣,٩٦ | ** ٣٩٣,٦٥ | ٦١٣٢٧ | ١٠٠ | ٥٤,١٧ | ١٠٩٢٦ | ١٠٠ | ٩٢٠٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. ڕووبەری گەڕەکەکان دەرهێنراوە بەبەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5 **پشت** بەست بە نەخشەی ژمارە (١١)

٢. قەبارەی دانیشتوان پشت بەست بە : مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنية الخدمية الارتكاذية للإقليم كوردستان العراق، لسنة ٢٠٠٢، ص٩.

٣. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری گشتی شاری ڕانیە، لە ٢٠٠٢/١٢/٢٥ – ٢٠٠٣/١/١٠ ئەنجام دراوە، لا١٢.

* ژمارەی دانیشتوانی گەرەکی ڕەشەمێرگ لەگەڵ گەرەکی گلنجان هەژمار کراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەو چری دانیشتوانیشیان پێکەوە هەژمار بکرێت.

** ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەرەک دەرهێنراوە بەهەمان یاسای خشتەی ژمارە (١٥) ی قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم، ئەو گەرەکانەی کەژمارەی خێزان و بیناکانیان دیاری نەکراوە لەگەڵ گەڕەکەکانی تر کە هاوسنورن هەژمار کراوە.

که هەردوو گەڕەکی (ڕزگاری یەک ،ڕزگاری دوو) دەگرێتەوە. ئەم فراوان بوونەی شار بەهەر چوار ئاراستەکەی دا کاریگەری کردە سەر گۆڕانی مۆرفۆلۆجی شاری ڕانیە لەم قۆناغەدا بۆ شێوەیەکی نیمچە بازنەیی، لێرەوە دەکرێت بڵێین شارەکە بە چوار ئاڕاستەکەی دا فراوان بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک [1]

١. فراوانبوونی شار بە ئاڕاستەی باکور دەگەڕێتەوە بۆ باری تۆبۆگرافی ناوچەکە، چونکە ناوچەیەکی بەرزە دەکەوێتە دامێنی چیای کێوەڕەش، ئەمەش یارمەتی دەربوو لە پاراستنی شارەکە لەمەترسیەکانی لافاو، چونکە بواری کۆبوونەوەی ئاوی کەمترە وژینگەی ناوچەکە خاوێن ترە دورە لە جەنجاڵی و فشاری هاتوچۆ هەروەها بەشی باکور سروشتێکی جوانی هەیە بەهۆی نزیکی لەچیای کێوەڕەش لەهەمان کاتدا خاکی ئەو ناوچەیە بەتایبەت دامێنی چیاکە بۆ کشتوکاڵ دەست نادات بۆیە بەهۆی پتەوی خاکەکەی زۆر گونجاوترە بۆبواری بیناسازی بەراورد بەبەشەکانی تری شارەکە.
٢. فراوانبونی شار بەئاڕاستەی باشور دەگەڕێتەوە بۆ پلانی حکومەت، ئەویش لەڕێگەی دابین کردنی زەوی بەئامانجی گواستنەوەی بینا کارگێریەکان لەبەشەکانی ناوەوەی شار بەرەو لێوارەکانی شار، وەک بیناکانی خانەی داد ،شارەوانی ،ڕێگاوبان ، گواستنەوە، قائیمقامیەت، باج ، تۆماری خانوبەرەی ڕانیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ، هاتوچۆو.. هەموو ئەم فەرمانگانە گواستراونەتەوە بۆ ڕێگای گشتی ڕانیە – سلێمانی لە باشوری شار، بێگومان گواستنەوەی ئەم فەرمانگانە لەلایەن شارەوانی کاریگەری کردە سەر ڕا کێشانی دانیشتوان بۆ بەشی باشووری شارەکە.
٣. فراوانبوونی شار بەهەردوو ئاڕاستەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات جۆرێک بوو لەپلانی شارەوانی بەمەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە فراوانبوونی شارەکەدا هەروەها خڕکردنەوەی شار بوولەو بێ سەرووبەریەی کە لە ساڵانی هەشتاکاندا شارەکە بەخۆیەوە بینیوە، وپلانی شارەوانی هاوکار بوو بۆ کەمکردنەوەی تێچوونی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان
٤. دەشتایی فراوانی بیتوێن نەبوونی بەربەستە سروشتی و مرۆییەکان وهەڵکەوتەی شار لە ناوەراستی ئەو دەشتە دا هەلی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و شارەوانی ڕەخساند بۆ

(١) بڕوانە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی ڕاپەرین، بەڕیوەبەرایەتی شارەوانی رانیە، بەشی نەخشەسازی (زانیاری ) دەربارەی هۆکارەکانی فراوانبوونی شار .

ئەوەی کە بتوانن شار بەهەر ئاڕاستەیەک دا کەخۆیان بیانەوێت وەترسی ژینگەیی کەمتربێت فراوان بکەن.

ئەگەر ئاماژەیەک بە شێوەکانی فراوانبوونی شار بکەین بۆمان دەردەکەوێت شارەکە بەچەند شێوازێکی لەیەکتری جیاواز فراوانبون وەک شێوازی فراوانبوونی بە(پلان)، ئەم شێوازە بەتەواوی شارەکە بەدی دەکرێت، چونکە سەرجەم ئەو گەڕەکە تازانەی کەلەم قۆناغە مۆرفۆلۆجیەدا دروست بوون لەلایەن ئەندازیاران و پسپۆرانی شارەوانی لەبەشی نەخشەسازی و هونەری بەپلان و بەرنامە دروستکراون.

شاری ڕانیە بە شێوازی هێڵی (شریتی) فراوانبوە، ئەویش بەدرێژایی ڕێگای دوسایدی کێوەرەش بەدرێژایی زنجیرە چیای کێوەڕەش کە هەردوو گەڕەکی کێوەرەش و هەوار بەهۆی کاریگەری ڕێگاکەو زنجیرە چیاکە بەشێویەکی شریتی درێژیان وەرگرتوە، لەهەمان کاتدا بەدرێژایی ئەم ڕێگایە هەردوو گەڕەکی ڕزگاری ۱ و ڕزگاری۲ بەشێوازی هێڵی بەدرێژایی دووسایدی کێوەرەش دروستبوون، هەر لەم قۆناغەدا ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوازی مەرکەزی فراوانبوە، بەسەرنج دان لە نەخشەی ژمارە(۱۱) پێشو دەردەکەوێت بەهۆی ئەو پاڵە پەستۆیەی لەبەشەکانی ناوەوەی شاری ڕانیە بەرەو لێوارەکانی ڕوویدا، ئەمەش دەرئەنجام بووبە هۆی دروستبوونی چەند گەڕەکێک لەلێوارەکانی چواردەوری شارەکە وەک گەڕەکەکانی (پێشەوا) لەباشورو (فەرمانبەران ، بنار) لەباکور، وەهەریەک لەگەڕەکەکانی (ئازادی ۲ و کۆدۆ ، کارۆخ) لەبەشی ڕۆژئاوا هەروەها فراوانبوونی گەڕەکی (قەڵات) لەبەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە،


بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی (۲۰۰۲) شاری ڕانیە پێکهاتووە لە (۲۰) گەڕەک، لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەڕەکی ڕاپەڕین بە پلەی یەکەم دادەنرێت کە ڕێژەی لە (۱۱٪) ی کۆی گشتی دانیشتوانی شار پێکدەهێنێت، و بچوکترین گەڕەکیش گەڕەکی کارۆخە، کە ڕێژەی کەمتر لە (۱٪) ی دانیشتوانی شار لەخۆدەگرێت، سەبارەت بە ڕووبەری گەڕەکەکانی شار وەک لە خشتەی (۱۷) ڕوونکراوەتەوە، گەڕەکی ڕاپەڕین زۆرترین ڕووبەری شار پێکدەهێنێت بەڕێژەی لە (٤٪)وە بەپلەی یەکەم دێت هەروەها بچوکترین گەڕەکیش بریتیە لە گەڕەکی گڵنجان کە ڕێژەی کەمتر لە(۱٪)ی ڕوبەری شار پێکدەهێنێت. ئەگەر تیشک بخەینە سەر ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون دەبینین لەم قۆناغەدا ژمارەی بیناکان تەواو زیادیان کردوە بەجۆرێک گەیشتۆتە ( ۹۲۰٦) بینا ، گەڕەکی (کێوەڕەش ) پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی نزیکەی ( ۲٦٪) ی سەرجەم بیناکانی شار لەخۆدەگەرێت وبچوکترین گەڕەکیش بریتییە لە گەڕەکی (گڵنجان) بەڕێژەی( ٤٪) . سەبارەت بە ژمارەی خێزانەکان لەشاردا گەڕەکی (

کێوەڕەش) بەپلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی ( ٢٣٪) سەرجەم خێزانەکانی شار لەخۆ دەگرێت و بچوکترین گەڕەکیش لە ڕووی لە خۆگرتنی خێزانەکان بریتییە لەگەرەکی (گڵنجان) بە ڕێژەی زیاتر (٤٪).

بێگومان زیاد بوونی ژمارەو گەشەکردنی دانیشتوانی شاری ڕانیە هاوشانی ئەوەی کە کاریگەری کردۆتە سەر فراوانبوونی شارەکە لەهەمان کاتیشدا کاریگەری کردۆتە سەر فراوانبوونی ڕووبەری هەریەک لە وەزیفەکانی شارەکە، بەم شێوەیە بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (١٣) پێشوو بۆمان دەردەکەوێت ڕووبەری نیشتەجێبوون زیادیکرد بۆ (٥٥٥,٤٥) هێکتار بەڕێژەی (٤٩٪)و ڕووبەری تەرخانکراوبۆگواستنەوە بەرزدەبێتەوە بۆ(١٨٩,٠١) هێکتار بەڕێژەی لە (١٦٪) لەهەمان کاتدا بەکارهێنانەکانی تری وەک (بازرگانی و پیشەسازی) یەک لەدوای یەک ڕووبەریان زیادیکرد بۆ (١١,٥، ١٦,٦١) هێکتار بەڕێژەی زیاتر لە (١٪)، بێگومان ئەم گەشەکردنە لەژمارەی دانیشتوان کاریگەری کردۆتە سەر فراوانبوونی ڕووبەری وەزیفەی پەروەردە بۆ (٤٤,٢٢) هێکتار بەڕێژەی (٤٪) و وەزیفەی تەندروستی بۆ(٨,٢٢) هێکتار بە ڕێژەی نزیکەی(١٪) وبەکارهێنانەکانی تریش بەئاڕاستەی زیادبونی ڕوبەرەکانیان هەنگاویان نا. بڕوانە نەخشەی ژمارە( ١٢)

بەم شێوەیە لەم قۆناغە مۆرفۆلۆجیە بۆمان دەرکەوت بەهۆی کاریگەری زیادبوون و گەشەی دانیشتوان ڕووبەری شاری ڕانیە گۆڕانی بەسەرداهات بەشێوەیەک تەواوفراوا نبوو، هەروەها لەگەڵ گەشەکردنەی دانیشتوانی شارەکەدا ڕووبەری هەریەک لەوەزیفەکان لەشاری ڕانیە بە ئاڕاستەی زیادبوون هەنگاوی ناوە .

## نەخشەی ژمارە ١٢ بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لە شاری ڕانیە لەساڵی (٢٠٠٢)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی **ArcGis ArcMap 10.5** **پشت** بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین،بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە ،ساڵی ٢٠٠٢ ، بەپێوەری١:٥٠٠٠


**قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێنجەم لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٩)**

ئەم قۆناغە بە یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی مۆرفۆلۆجی شاری ڕانیە دادەنرێت، چونکە گۆڕانکاری تەواو بەسەر ڕووبەری ڕانیە ومۆرفۆلۆجیەکەی دا هاتوە، شاری ڕانیە لەم قۆناغەدا لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە زیادیکردوە، بەجۆرێک ژمارەی دانیشتوانەکەی لە (٦١٣٢٧) کەسەوە لەساڵی ٢٠٠٢ زیادیکرد بۆ (٧٤٠٩٣)کەس، لە ساڵی(٢٠٠٩) بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی (٣٪) زیادبونی ژمارەی دانیشتوان بەوڕێژەیە کاریگەری کردە سەر فراوانبونی ڕوبەری ڕانیە ورووبەری بەکارهێنانی وەزیفەکان لەشارەکەدا، چونکە ئەم ژمارە دانیشتوانەی کە زیادیکروە پێویستیان بەڕووبەری زیاترە بۆهەریەک لە بەکارهێنانەکانی نیشتەجێبون ،ڕێگاوبان، بازرگانی، پیشەسازی ، سەوزای ،کارگێڕی ئەمەش بە ئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستی وداواکاریەکان و کەمکردنەوەی کێشەکان لەم قۆناغەی شارەکەدا.

گەشەی دانیشتوان کاریگەری کردەسەر فراوانبووی ڕووبەری شارەکە بەجۆرێک ، بووبەهۆی زیادبوونی چەند گەڕەکێکی تازە کە ژمارەیان (٢٢) گەڕەک بوو بۆ سەر نەخشەی بنەرەتی شاری ڕانیە. بەم شێوەیە ژمارەی گەڕکەکان لەم قۆناغە مۆرفۆلۆجیەدا گەیشتە (٤٦) گەڕەک، بروانە نەخشەی ژمارە (١٣)، بەم جۆرە ڕووبەری زیادبوو لەوماوەیەدا بریتیە لە (١١١١) هێکتار تێکڕای ڕێژەی ڕووبەری زیادبوو لە (٩٨٪) هێکتارە بە ڕێژەی زیادبوونی (١٤٪) هێکتار ساڵانە، بەم جۆرە لەئەنجامی کاریگەری گەشەی دانیشتوان تێکرای ڕووبەری گشتی شاری ڕانیە لەم قۆناغەدا کەماوەی (٧)ساڵی خایاندوە گەیشتە زیاتر لە (١٥٨٥) هێکتار ،بروانە خشتەی ژمارە (١٨).

ئەگەر ئاماژە بە ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شارەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت شارەکە بە ئاڕاستەی باکور فراوانبووە بەڕووبەری زیاتر لە (١٤٢) هێکتار بەڕێژەی (٩٪) ی ڕووبەری شارو(١٢٪) ی ڕووبەری زیادبووی شار.فراوانبوونی بەرەو باکور بوو هۆی دروست بوونی گەڕەکەکانی (هەوارە بەرزە، دابان) ولەخۆگرتنی هەردوو گوندی (تیتۆکە و هەنجیرە) کە ئێستا ئەم گوندانە لەگەڕەکەکانی شارەکەن. ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ئاڕاستەی باشوریش فراوانبووە  بەڕووبەری زیاتر لە (١٥٢) هێکتارفراوانبونی شار بەئاڕاستەی باشور بوە بەهۆی دروستبوونی هەریەک لە گەڕەکەکانی(زانکۆ،کوێستان، ئەندازیاران،سەردەم، دەروازە) لەگەڵ بونی ڕووبەرێک لەبەتاڵایی لەبەشی باشوری شاردا، وەک لە نەخشەی ژمارەی (١٣) دیارە.

## نەخشەی ژمارە ١٣ گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠٠٩)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە ،ساڵی ٢٠٠٢ بەپێوەری ١:٥٠٠٠

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، ساڵی ٢٠١٥ ،بەپێوەری ١: ٤٠٠٠ .

**خشتەی ژمارە ١٨ گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان لەساڵی ٢٠٠٩**

| ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک | ژمارەی دانیشتوانی گەڕەک | ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەک ٪ | چڕی دانیشتوان کەس / هێکتار | ژمارەی خێزانی گەڕەک | ڕێژەی خێزانی گەڕەک ٪ | ژمارەی بینای گەڕەک | ڕێژەی بینای گەڕەک ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕۆژ سیتی* | ١١٨,٣٧ | ٧,٤٧ | ١١٨,٣٧ | ١٠,٤٥ | --- | --- | --- | --- | --- | ٢٦٥ | ١,٦٠ |
| ٢ | ناوچەی بەتاڵ | ٦٨,٦٣ | ٤,٣٣ | ٦٨,٦٣ | ٦,٠٦ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٣ | تیتۆکە | ٥٥,٠٣ | ٣,٤٧ | ٥٥,٠٣ | ٤,٨٨ | ٨٨٧ | ١,١٩ | ١١،١٦ | ١٩٩ | ١,٤٦ | ٢٨٦ | ١,٧٣ |
| ٤ | ڕانیە سیتی | ٥٢,٣١ | ٣,٣٠ | ٥٢,٣١ | ٤,٦٢ | ٣ | ٠,٠٤ | ٠,٠٥ | ١ | ٠,٠٠٧ | ١٠٨ | ٠,٦٥ |
| ٥ | هەنجیرە | ٤٨,٨١ | ٣,٠٨ | ٤٨,٨١ | ٤,٣١ | ٨٤٥ | ١,١٤ | ٣١،١٧ | ١٦٩ | ١,٢٤ | ٢٠٣ | ١,٢٣ |
| ٦ | ڕاپەڕین | ٤٨,٦٧ | ٣,٠٧ | --- | --- | ٦٧٨٤ | ٩,١٥ | ١٣٨,٦٤ | ١٣٠٤ | ٩,٦٢ | ١٤٧٠ | ٩ |
| ٧ | بیتوێن | ٤٦,٦٣ | ٢,٩٤ | ٤٦,٦٣ | ٤,١١ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٨ | پیشەسازی دوو | ٣٨,٨٧ | ٢,٤٥ | ٣٨,٨٧ | ٣,٤٣ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٩ | نەورۆز | ٣٥,٢٩ | ٢,٢٣ | ٣٥,٢٩ | ٣,١١ | ٢٧٩٠ | ٣,٨٠ | ٠٥،٧٩ | ٥٣٠ | ٣,٩١ | ٥٢١ | ٣,١٦ |
| ١٠ | کێوەڕەش | ٣٥,٢٣ | ٢,٢٢ | --- | --- | ٥٥٥٥ | ٧,٤٩ | ١٥٧,٦٧ | ١٠٩٥ | ٨,٠٨ | ١٠٠٧ | ٦,١٠ |
| ١١ | ڕزگاری دوو | ٣١,٤٠ | ١,٩٨ | --- | --- | ١٦٠٤ | ٢,١٦ | ٥١,٠٨ | ٣٤٨ | ٢,٥٦ | ٣٠٢ | ١,٨٣ |
| ١٢ | هەوار | ٣١,١١ | ١,٩٦ | --- | --- | ١٧٤٥ | ٢,٣٥ | ٥٦,٠٩ | ٣٠٤ | ٢,٢٤ | ٣٣٩ | ٢,٠٥ |

| ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک | ژمارەی دانیشتوانی گەڕەک | ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەک ٪ | چڕی دانیشتوان کەس / هێکتار | ژمارەی خێزانی گەڕەک | ڕێژەی خێزانی گەڕەک ٪ | ژمارەی بینای گەڕەک | ڕێژەی بینای گەڕەک ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | سەردەم | ٣٠,٩٢ | ١,٩٥ | ٣٠,٩٢ | ٢,٧٣ | ٤٩٩ | ٠,٦٧ | ١٦,١٣ | ٩٣ | ٠,٦٨ | ١٣٣ | ٠,٨٠ |
| ١٤ | ئەندازیاران | ٢٧,٤٨ | ١,٧٣ | ٢٧,٤٨ | ٢,٤٢ | ٦٥٣ | ٠,٨٨ | ٢٣,٧٦ | ١٢٥ | ٠,٩٢ | ١٩١ | ١,١٥ |
| ١٥ | ماردین | ٢٧,٢١ | ١,٧٢ | ٢٧,٢١ | ٢,٤ | ١٦٢ | ٠,٢١ | ٥,٩٥ | ٣٣ | ٠,٢٤ | ٦٥ | ٥,٣٩ |
| ١٦ | ئازادی یەک | ٢٦,٣٣ | ١,٦٦ | --- | --- | ٤٦٤٢ | ٦,٢٦ | ١٧٦,٣ | ٨٩٤ | ٦,٥٩ | ٩٦٣ | ٥,٨٤ |
| ١٧ | سەرا | ٢٥,٦٦ | ١,٦٢ | --- | --- | ٣٦٨٣ | ٤,٩٧ | ١٤٣,٥٣ | ٧١٤ | ٥,٥٧ | ٩٤١ | ٥,٧٠ |
| ١٨ | پیشەسازی | ٢٤,٧٦ | ١,٥٦ | ٢٤,٧٦ | ٢,١٨ | ١٤٣ | ٠,١٩ | ٥,٧٧ | ٢٦ | ٠,١٩ | ٥٠٢ | ٣,٠٤ |
| ١٩ | هاوکاری | ٢٤,٤١ | ١,٥٤ | ٢٤,٤١ | ٢,١٥ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٢٠ | دابان | ٢٤,٣٦ | ١,٥٤ | ٢٤,٣٦ | ٢,١٥ | ٣٠١٢ | ٤,٠٦ | ٦٤،١٢٣ | ١١٦ | ٠,٨٥ | ١٥٠ | ٠,٩١ |
| ٢١ | شارەوانی | ٢٤,٢٣ | ١,٥٣ | ٢٤,٢٣ | ٢,١٤ | ٧١١ | ٠,٩٨ | ٢٩,٣٤ | ١٤١ | ١,٠٤ | ١٨٦ | ١,١٢ |
| ٢٢ | فەرمانبەران | ٢٤,٠٦ | ١,٥٢ | --- | --- | ٢٥٦٧ | ٣,٤٦ | ١٠٦,٦٩ | ٥٠٨ | ٣,٧٤ | ٤٩٤ | ٣ |
| ٢٣ | قەڵاتی یەک | ٢٤,٠١ | ١,٥١ | --- | --- | ٢٨٩٥ | ٤ | ١٢٠,٥٧ | ٥٤٣ | ٤ | ٩٨٣ | ٦ |
| ٢٤ | پێشەوا | ٢٣,٧٦ | ١,٥٠ | --- | --- | ١٨٦١ | ٢,٥١ | ٧٨,٣٢ | ٣٧٥ | ٢,٧٦ | ٤٠٢ | ٢,٤٣ |
| ٢٥ | شەهیدان | ٢٣,٥٧ | ١,٤٩ | --- | --- | ٥٣١٦ | ٧,١٧ | ٢٢٥,٥٤ | ١٠٠٨ | ٧,٤٤ | ٨٣٠ | ٥,٠٣ |
| ٢٦ | ئازادی دوو | ٢٣,٥٥ | ١,٤٨ | --- | --- | ٤٢١٢ | ٥,٦٨ | ١٧٨,٨٥ | ٨٠٥ | ٥,٩٤ | ٧٨٤ | ٤,٧٥ |

| ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک | ژمارەی دانیشتوانی گەڕەک | ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەک ٪ | چڕی دانیشتوان کەس / هێکتار | ژمارەی خێزانی گەڕەک | ڕێژەی خێزانی گەڕەک ٪ | ژمارەی بینای گەڕەک | ڕێژەی بینای گەڕەک ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | قوله | ٢٣,٣٥ | ١,٤٧ | --- | --- | ٢٨٦٨ | ٣,٨٧ | ١٢٢,٨٢ | ٥٣٧ | ٣,٩٦ | ٥٨٤ | ٣,٥٤ |
| ٢٨ | داستان | ٢٣,١٤ | ١,٤٦ | ٢٣,١٤ | ٢,٠٤ | ٤٣ | ٠,٠٥ | ١,٨٥ | ٨ | ٠,٥٩ | ١٤ | ٠,٠٨ |
| ٢٩ | ئاشتی | ٢٢,٧٩ | ١,٤٤ | ٢٢,٧٩ | ٢,٠١ | ٩٨١ | ١,٣٢ | ٤٣,٠٤ | ١٨٠ | ١,٣٢ | ٣٢٩ | ٢ |
| ٣٠ | کارۆخ | ٢١,٤٧ | ١,٣٥ | --- | --- | ١٥٥٨ | ٢,١٠ | ٧٢,٥٦ | ٣١٠ | ٢,٢٨ | ٣٠٨ | ١,٨٦ |
| ٣١ | زانکۆ | ٢١,٤٧ | ١,٣٥ | ٢١,٤٧ | ١,٨٩ | ١٠٢٦ | ١,٣٨ | ٤٧٧٨ | ٢٠٦ | ١,٥٢ | ٢١٧ | ١,٣١ |
| ٣٢ | کۆدۆ | ٢٠,٧١ | ١,٣١ | --- | --- | ٢٣٥١ | ٣,١٧ | ١١٣,٥٢ | ٤٣٧ | ٣,٢٢ | ٤٨٦ | ٢,٩٤ |
| ٣٣ | **ناوچەی سەوزایی** | ١٩,٢٣ | ١,٢١ | ١٩,٢٣ | ١,٦٩ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | -- |
| ٣٤ | بنار | ١٨,٤٧ | ١,١٧ | ٠,٢٥ | ٠,٠٢ | ١٤٤٢ | ١,٩٤ | ٧٨,٧ | ٢٤٢ | ١,٧٨ | ٢٦٤ | ١,٦٠ |
| ٣٥ | قەڵاتی دوو | ١٨,٤٤ | ١,١٦ | --- | --- | ٢٦٢٧ | ٣,٥٤ | ٤٦،١٤٦ | ٤٩٩ | ٣,٦٨ | ٨٣٣ | ٥,٠٥ |
| ٣٦ | دەروازە | ١٧,٨٣ | ١,١٢ | ١٧,٨٣ | ١,٥٧ | ٣٣٤ | ٠,٤٥ | ١٨,٧٣ | ٤٦ | ٠,٣٣ | ١ | ٠,٠٦ |
| ٣٧ | ڕوناکی | ١٧,٦٠ | ١,١١ | ١٧,٦ | ١,٥٥ | ١٠٧ | ٠,١٤ | ٦,٠٧ | ١٨ | ٠,١٣ | ١٠٧ | ٠,٦٤ |
| ٣٨ | ڕزگاری یەک | ١٧,١٣ | ١,٠٨ | --- | --- | ٣٥٧١ | ٤,٨١ | ٤٦،٢٠٨ | ٤٩٦ | ٣,٦٦ | ٥٢٥ | ٣,١٨ |
| ٣٩ | هەوارە بەرزە | ١٥,١٠ | ٠,٩٥ | ١٥,١ | ١,٣٣ | ١٠٦٣ | ١,٤٣ | ٧٠,٣٩ | ٢٠٥ | ١,٥١ | ٢٥١ | ١,٥٢ |
| ٤٠ | ڕەشەمێرگ | ١٢,٨٥ | ٠,٨١ | --- | --- | ٣٥٩١ | ٤,٨ | ٢٧٨,١٥ | ٦٦٤ | ٤,٩٠ | ١٠٦٣ | ٦,٤٤ |

| ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک | ژمارەی دانیشتوانی گەڕەک | ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەک ٪ | چڕی دانیشتوان / کەس / هێکتار | ژمارەی خێزانی گەڕەک | ڕێژەی خێزانی گەڕەک ٪ | ژمارەی بینای گەڕەک | ڕێژەی بینای گەڕەک ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤١ | ماکۆک | ١١,٨٩ | ٠,٧٥ | ١١,٨٩ | ١,٠٥ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | -- |
| ٤٢ | مامۆستایان | ١٠,٦٤ | ٠,٦٧ | --- | --- | ١٦٨٠ | ٢,٢٦ | ١٥٧,٨٩ | ٣٢٥ | ٢,٣٩ | ٣٠١ | ١,٨٢ |
| ٤٣ | کوێستان | ٨,٤٧ | ٠,٥٣ | ٨,٤٧ | ٠,٧٤ | ٢٨٢ | ٠,٣٨ | ٣٣,٢٩ | ٤٤ | ٠,٣٢ | ٧٥ | ٠,٤٥ |
| ٤٤ | گڵنجان | ٧,٨١ | ٠,٤٩ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٤٥ | سەوزایی | ٦,١٥ | ٠,٣٩ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ٤٦ | ناوچەی بەتاڵ | ٣٠٦,٤٠ | ١٩,٣٢ | ٣٠٦,٤ | ٢٧,٠٦ | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| کۆی گشتی | | ١٥٨٥,٦٣ | ١٠٠ | ١١١١,٤٨ | ٩٨,١ | ٧٤٠٩٣ | ١٠٠ | ٤٦,٧٢ | ١٣٥٤٨ | ١٠٠ | ١٦٤٨٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. ڕووبەری گەڕەکەکان دەرهێنراوە بەبەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5پشت بەست بە نەخشەی ژمارە (١٣)

٢. قەبارەی دانیشتوان پشت بەست بە : وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی (حصر وترقيم)، سەرژمێری دانیشتوانی نشینگەکانی ساڵی ٢٠٠٩.

* ڕۆژ سیتی: پرۆژەیەکی تازەی نیشتەجێبوون بووە، تازە تەواو کراوە، هیچ خێزانێکی تێدا نیشتەجێ نەبووە.

** ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک دەرهێنراوە بەهەمان یاسای خشتەی ژمارە (١٥) ی قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم، ئەو گەڕەکانەی کەژمارەی خێزان و بیناکانیان دیاری نەکراوە لەگەڵ گەڕەکەکانی تر کە هاوسنوریان هەژمار کراوە.

*** ئەو گەڕەکانەی کە ژمارەی دانیشتوان و خێزا و بیناکانیان دیاری نەکراوە، خراونەتە سەر گەڕەکەکانی هاوسنوریان، بەڵام دیاری نەکراوە کەلەگەڵ کام گەڕەک هەژمار کراون.

شاری ڕانیە بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا فراوانبوە بەڕووبەری (٥٢٣) هێکتار کەدەکاتە ڕێژەی نزیکەی (٣٣٪)ڕوبەری شار ئەمەش بووبەهۆی زیادبوونی چەند گەڕەکێکی تازە بۆنەخشەی بنەرەتی شارەکە وەک (ئاشتی، شارەوانی، ماردین، داستان، ڕوناکی، نەورۆز، ماکۆک، ڕانیە سیتی، ڕۆژسیتی)، لەگەڵ بوونی ناوچەی بەتاڵایی لە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە، لەهەمان کات دا ئەم شارە توانیویەتی بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتیش فراوان بێت بەڕووبەری زیاتر لە (٢٦٥) هێکتار کە ڕێژەی لە (١٦٪) ی ڕووبەری شار پێکدەهێنێت ، لەئەنجامی ئەم فراوانبونە دا بوو بەهۆی دروستبوونی چەند گەڕەکێکی وەک (پیشەسازی یەک، پیشەسازی دوو، هاوکاری، لەگەڵ بوونی ڕووبەرێکی بەتاڵایی لەبەشی ڕۆژهەڵات هەروەها فراوانبوونی شار بەئاڕاستەی ڕۆژهەڵات بوو بەهۆی پرکردنەوەی ڕووبەرە بەتاڵاییەکانی قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێشوو.

ئەگەر ئاماژە بەهۆکارەکانی فراوانبونی شار بکەین بەم ئاڕاستە جیاوازانە دەبینین چەند هۆکارێک لەوبارەیەوە ڕۆڵیان هەبووە وەک [1]

١. فراوانبوونی شاری ڕانیە بەهەردووئاڕاستەی( باکور،ڕۆژئاوا) دەگەڕێتەوە بۆئەو پلانەی شارەوانی ڕانیە گرتبویە بەر بۆئەوەی ئەو گوندانەی کەوتبونە باکوری شارو لەگەڵ شاری ڕانیە تێکەڵاوببوون بیان خەنە سەر نەخشەی بنەڕەتی شارەکە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دروستکردن وبنیات نانی پڕۆژەی نیشتەجێبونی هاوچەرخ لەڕۆژئاوای شارەکە بەمە بەستی کەمکرنەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر شارو لەهەمان کاتدا کەمکردنەوەی زیادەڕۆیی دانیشتوان بەشێوەی نایاسایی بۆسەر ئەوزەویانەی موڵکی دەوڵەتن، لەهەمان کاتدا ئەمە هەوڵێک بوو بۆنزیکردنەوەی سنووری شاری ڕانیە لە سنووری شارۆچکەی سەرکەپکان بۆ ئەوەی ئەگەر بکرێت لەئایندەدا ئەم شارۆچکە بچوکە بخرێتە سەر شاری ڕانیە.

٢. فراوانبونی شاربەهەردووئاڕاستەی (باشور، ڕۆژهەلات)هەوڵدانێک بوبۆڕاگرتنی هاوسەنگی گەورەبونی شار لەهەموو لایەکانیەوە،هەروەها ئامانجیان کەمکردنەوەی تێچووی ئابووری پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان بوو بەتایبەت لەدوای دروستکردنی ڕێگای (٦٠) مەتری بە هەر چواردەوری شارەکە دا وەگواستنەوەی چەند دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری جۆراوجۆری حکومی وناحکومی زیاتر بوار ڕەخساند کە دانیشتوان ڕوو لەو ناوچانە بکەن وە یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکەن.

---

(١) حکومەتی هەرێمی کورستان، بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی راپەرین، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی ئیفرازی زەوی زانیاری سەبارەت بە فراوانبوونی ڕووبەری شار.

سەبارەت بەشێوازەکانی فراوانبونی شاری ڕانیە بەسەرنج دان لە نەخشەی ژمارە (١٣) پێشوو، بۆمان دەردەکەوێت شارەکە بەشێوازی (بازدان)* فراوان بوو، ئەم شێوازە لەبەشی ڕۆژئاوای بەدی دەکرێت، چونکە هەردوو پرۆژەی ( ڕانیە سیتی ، ڕۆژسیتی ) لە سەر لێواری ڕانیە لەدەرئەنجامی بەربەستی سروشتی و مرۆیی نەبوون، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ کەمکرنەوەی پاڵەپەستۆ لە سەر شارودروستکردنی شاری بچوکی هاوچەرخ، هەروەها شێوازی فراوانبوونی هێڵی لەبەشی باشوور بەدرێژایی ڕێگای گشتی ڕانیە–سلێمانی بەهەردوو لای ڕێگاکە دروستبون، لەهەمان کاتدا دروستبونی ڕێگای(٦٠)م، بەهەر چوار دەوری شارەکەدا یارمەتی دەربو بۆ دەرکەوتنی شێوازی فراوانبونی هێڵی لەبەشی ڕۆژئاوای شارەکە لەگەڕەکە کانی (ماردین، ئاشتی، شارەوانی، ئاینده، داهێن، داستان، ڕوناکی )، هەمو ئەم گەڕەکانە وەک زنجیرەیەک لەدوای یەک لەبەشی ڕۆژئاوا بەدرێژایی ئەوڕێگایە دروست بوون، هەروەها شێوازی هێڵی لەبەشی باشور بەدرێژایی ڕێگای (٦٠) مەتری دەبینرێ لەهەریەک لەگەرەکەکانی بیتوێن و سەردەم لەسەر ئەم ڕێگایە، لەهەمان کاتدا شار توانیویەتی بەشێوازی فراوانبوونی سەنتەری یش فراوان بێت، بێگومان ئەو پاڵ پێوەنانە شەپۆلیەی کەلەناوەوەی شارەوە ڕویداوە توانیویەتی فشار بخاتە سەر دەوروبەرەکەی ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کەشار سنورەکەی بگاتە گوندەکانی دەوروبەری وبیان کاتە بەشێک لەخۆی، لەبەشی باکور گوندەکانی (هەنجیرە، تیتۆکە ، کونەسێ) بونە بەشێک لە شاری ڕانیە وە دروستبوونی گەڕەکەکانی (پیشەسازی ١ ، پیشەسازی ٢،هاوکاری) لەلێواری بەشی ڕۆژهەڵات.

بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (١٨) دا بۆمان دەردەکەوێت شاری ڕانیە بەگویرەی سەرژمێری ساڵی (٢٠٠٩) پێکهاتبوو لە (٤٦) گەڕەک، لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە گەڕەکی ڕاپەرین بە پلەی یەکەم دێت وڕێژەی زیاتر لە (٩٪) ی دانیشتوانی شار پێکدەهێنێت،

---

*شێوازی فراوانبوونی (بازدان): ئەم شیوازە بریتیە لە فراوانبوونی ڕووبەری شار لەڕێگەی بازدان لەپشت ئەو بەربەستە سروشتی و مرۆییانەی کەدەبنە بەربەست لەبەردەم فراوانبوونی شاردا، وەک شاخ و دۆڵ و دارستان و گۆرستان و قەڵا و هەندێک جار بنکەو دامەزراوە سەربازیەکان، ئەم فراوانبوون و گەشە کردنە لەسەر شێوەی بازدان بەشێوەی پەرت و بڵاو لێرەو لەوێ کەڕوودەدات، هەندێک جار دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگەی شارستانی سەربەخۆ کە بۆشایی دەکەوێتە نێوان شاری دایک و کۆمەڵگە تازە دروست بووەکە. بڕوانە: ا. صلاح حميد حبش الجنابي، التغير في استعمالات الارض (حول المدينة العراقية)، اطروحة دكتوراة، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٧، ص٢٢.

ب. كامران طاهر سعيد، توسع مدينة السليمانية بتأثير الاسر الحضرى، دراسة في جغرافية المدن، مصدر السابق٦٤.

وبچوکترین گەڕەکیش لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە بریتیە لە گەڕەکی (داستان) کەڕێژەی کەمترلە (١٪) ی دانیشتوانی شار پێکدەهێنن، هەروەها لەڕووی ڕووبەرەوە گەڕەکی ڕۆژسیتی بە پلەی یەکەم دادەنریت کە ڕیژەی لە (٧٪) ی سەرجەم رووبەری شار پێک دەهێنێت، و بچوکترین گەڕەکیش لەڕووی ڕووبەرەوە بریتیە لە گەرەکی (گڵنجان) کە ڕێژەی کەمتر لە (١٪) بەشداری ڕووبەری شار دەکات.


ئەگەر ئاماژەیەک بە ژمارەی خێزانەکان بکەین دەبینین کە گەڕەکی ڕاپەڕین بەپلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی (٩٪) سەرجەم خێزانەکانی شار پێک دەهێنێت، وبچوکترین گەرەکیش لە ڕووی لەخۆگرتنی خێزان ناسراوە بە گەرەکی ڕانیە سیتی بە رێژەی کەمتر لە (١٪). لەڕووی ژمارەی بیناکانەوە گەڕەکی ڕاپەڕین بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەی زیاتر لە (٩٪) بیناکانی شاری ڕانیە پێک دەهێنن، و بچوکترین گەڕەکیش لە ڕووی لەخۆگرتنی بیناکانی شار بریتیە لە گەڕەکی دەروازە بە ڕێژەی لە (١٪) لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت گەشەی دانیشتوان کاریگەری کردۆتە سەر فراوان بوونی شارو زیادبوونی ژمارەی بیناکان لەشارەکەدا بۆ(١٦٤٨٣ ) بینا.

لەڕاستیدا زیادبوون و گەشەکردنی دانیشتوانی شاری ڕانیە کاریگەری کردە سەر فراوانبونی ڕووبەری هەریەک لە وەزیفە جۆراوجۆرەکان لەشارەکەدا، چونکە وەک ئاشکرایە کاتیک ژمارەی دانیشتوان زیاد دەکات ئەوا پیویستی داواکاری ڕووبەری زەوی بۆ نیشتەجێ بوون ورێگاوبان وبازرگانی.....،زیاد دەکات لەم قۆناغەشدا ڕووبەری سەرجەم وەزیفەکان لەشارەکە لەژێر کاریگەری ئاڕاستەی گەشەی دانیشتوانی شارکە زیادیان کردووە، بە سەرنج دان لەخشتەی ژمارە(١٣)پێشو،بۆمان دەردەکەوێت ڕووبەری تەرخانکراوبۆ نیشتەجێبون زیادی کرد بۆ(٧٥٩,١٨) هێکتار بەڕێژی(٤٨٪) ی سەرجەم بەکارهێنانەکانی زەوی لەشار، وە ڕووبەری وەزیفەی گواستنەوە گەیشتە (٢٨٨,٨٨) هێکتار بەرێژەی (١٨٪) هەروەها وەزیفەکانی بازرگانی ڕووبەری زیادیکرد بۆ (١٦,٨٨) هێکتار بە ڕێژەی زیاتر لە (١٪)پیک هێناوە .

بێگومان زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان کاریگەری کردە سەر فراوانبوونی ڕووبەری وەزیفەی پەروەردە بۆ (٥٤,١٧) هێکتار بەرێژەی زیاتر لە (٣٪) هەروەها ڕووبەری وەزیفەی تەندروستی گەیشتە (٨,٤٨) هێکتار بەرێژەی لە (١٪) ، و ئایینی ڕووبەرەکەی گەیشتە (١٠,٥٤) هێکتار، بە ڕێژەی کەمتر (١%) هەروەها وەزیفەی کارگێریش ڕووبەرەکەی بوو( ٥٢,٤٣ ) بەڕێژەی (٣٪) بڕوانە نەخشەی ژمارە (١٤ ).

لەکۆتایی ئەم قۆناغەدا بۆمان دەرکەوت گەشەی دانیشتوانی شارەکە بەو ڕێژە بەرزە بوو بەهۆکاری فراوانبوونی ڕووبەری ڕانیەوزیادبوونی ڕووبەری وەزیفەکانی شاری ڕانیە.

## نەخشەی ژمارە ١٤ بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لە شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠٠٩)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی **ArcGis ArcMap 10.5پشت** بەست بە:


حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین،بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە ، ساڵی ٢٠٠٩ ،بەپێوەری ١:٥٠٠٠

### ٦) قۆناغی مۆرفۆلۆجی شەشەم لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٦)

شاری ڕانیە بەردەوام بوە لە گەشەکردن لەڕووی دیمۆگرافی وئاوەدانی وبیناسازی و فراوانبــونی ڕوبەرەکــەی. نــاوچەی لێکــۆڵینەوە لــەم قۆناغــە مۆرفۆلۆجیــەدا ژمــارەی دانیشتوانەکەی لە (٧٤٠٩٣) کەس لەساڵی ٢٠٠٩، زیادی کرد گەیشتە (٩١٥٤٧) کەس لەساڵی ٢٠١٦ بـە ڕێژەی گەشـەی سـاڵانەی (٦٪). زیـادبونی ژمـارەی دانیشـتوان بـەم ڕێـژە بـەرزە کاریگـەری کـردە سـەر فراوانبـوونی شـاری ڕانـیەو گەشـەکردنی ڕووبـەری وەزیفەکـان لەشارەکەدا ، چونکە ئەم ژمارەیە لە دانیشتوانەکە زیاد دەکات، بەدڵنیاییەوە پێویستیان بە ڕووبەری زیاترە بۆ نیشتەجێبوون و ڕێگاوبان بازرگانی ،پیشەسازی.... ، تاکو پێداویستی و داواکاریان پڕبکانەوە.گەشەی دانیشتوان کاریگەری کردە سەرفراوانبونی شارەکە بەجۆرێک لەئـەنجامی کاریگـەری گەشـەی دانیشـتوان (١٣)گـەڕەکـی تـازە بۆسـەر نەخشـەی بنـەرەتی شارەکە زیادیان کرد،بەم شێوەیە تێکرای ژمارەی گەڕەکەکانی شاری ڕانیە گەیشتە (٥٩) گەرەک، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١٥).

بێگومان زیـادبوونی ئـەم گـەڕەکانـە لەئـەنجامی کاریگـەری گەشـەی دانیشـتوان بـوو بـەهۆی فراوانبـوونی ڕوبـەی شـاری ڕانـیە، بـەجۆرێک لـەم قۆناغـەدا (٦٤٦,٦٣) هێکتـار بـۆ نەخشەی شارەکە زیادیکرد، کە ڕێژەی زیاتر لە (٣٣ ٪ ) ی ڕووبەری شار پێک دەهێنێت. لەئەنجامی ئەو فراوانبوونەی کەبەسـەر ڕووبەری شـاری ڕانیەدا هـاتوە، بو بەهـۆی ئـەوەی شـارەکە بەچـەندین ئاڕاسـتەی جیـاواز فـراوان بێت بەسـەرنج دان لـە نەخشـەی ژمـارە (١٥) بۆمـان دەردەکـەوێت کـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە بەئاڕاسـتەی بـاکور فـراوان بـووە، بەرووبـەری (٤١,٢٤) هێکتار، کەدەکاتە ڕێژەی زیاتر لە (٦٪) ی ڕووبـەری شـار، فراوانبـوون بەئاراسـتەی باکور بوو بەهۆی دروست بوونی گـەڕەکـەکانی (چیا ، مەشـخەڵان). هـەروەها شـاری ڕانیە توانیویەتی بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا فراوان بێت بەڕووبەری (٢١٣,٦١) هێکتار کە دەکاتە ڕێژەی نزیکـەی (٣٣٪) ی ڕووبەری شـار، بێگومـان فراوانبـونی شـا ربەرەوڕۆژئـاوا بـو بـەهۆی دروسـتبونی گـەڕەکەکـانی وەک (میـدیا، شـادی، چـوارچرا، بـوێران، ڕابـوون، کـەمپی زانکـۆ، ئاینده، داهێن). لەهەمان کاتدا شاری ڕانیە توانیویـەتی بـە ئاڕاسـتەی ڕۆژهـەڵات فـراوان بێت، بـەڕووبەری (١٣٠,١٥) هێکتـار بـەڕێژەی زیاترلـە (٢٠٪) ڕووبەری شـار ئەمەش بـوو بـەهۆی دروسـتبونی گـەڕەکـی گزنـگ ونـاوچەی خزمەتگـوزاری و سـەوزای لەبەشـی ڕۆژهـەڵاتی شـارەکە. ناوچـەی لێکۆڵینـەوە توانیویـەتی بـە ئاڕاسـتەی باشـوری فـراوان بێت، بەڕووبەری (١٢٠,٢٦) هێکتـار کـە ڕێـژەی لـە (١٨٪) سـەرجەم ڕووبەری شـار پێـک دەهێنێـت ، ئـــەم فـراوانبـــونە بەرەو باشـــور بـــوو بەهـــۆی دروستبـــونـی گـەڕەکـی (دایک)،لەهەمان کاتدا.

## نەخشەی ژمارە ١٥ گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لە ساڵی ٢٠١٦




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە،ساڵی ٢٠١٥ ،بەپێوەری ١: ٤٠٠٠ .

شار توانیویەتی بەئاڕاستەی باشوری ڕۆژئاوا فراوان بێت بەڕووبەری (٨٨,٦) هێکتار، بەڕێژەی لە (١٣٪) وشار بەئاڕاستەی باشوری ڕۆژهەڵات فراوان بووە، بەڕووبەری (٥٣,٥٥) هێکتاربەڕێژەی زیاتر لە (٨٪) سەرجەم ڕووربەری شار. لەڕاستیدا فراوانبونی ڕووبەری شاری ڕانیە بەو ئاڕاستە جیاوازانە دەگەرێتەوە بۆ چەند خاڵێک[1]

١. کەمترین فراوانبوون بەئاڕاستەی باکووری شاربوە ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری بەربەستی سروشتی وەک بوونی چیای بەرزی کێوەرەش بە درێژای باکوری شاری ڕانیە، ئەم بەربەستە سروشتیەش بۆتە ڕێگر لەبەردەم شارەکە، کە چیتر ناتوانێت بەئاراستەی باکوور فراوان بێت، وبۆ ئایندەش چیای کێوەڕەش ڕێگرە لەبەردەم فراوان بوون بەرەو باکور.

٢. بەردەوام بوونی دروستکردنی بیناو دامەزراوەی کارگێری لەسەر ڕێگای گشتی ڕانیە – سلێمانی، لەچوارچێوەی پلانی شارەوانی ڕانیە لە شێوەی دامەزراوەکانی وەک زانکۆی ڕاپەڕین ،پەروەردەی ڕانیە،خانەنشین، شوقەی نیشتەجێبوون ،پەیمانگای ئەهلی کۆمپیوتەرو چەند بینایەکی تری ئەهلی لە شێوەی مۆڵ وکافتریاو...، کاریگەری کردە سەر ڕاکێشانی دانیشتوان وئاوەدانی بەرەو باشووری شارەکە، لەهەمان کات دا ئامانجێکی تری شارەوانی دروستکردنی ڕوخسارێکی جوان بو لەبەشی باشوری شار،چونکە دەروازەی سەرەکی هاتنە ژورەوەی شارەکەیە لە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی وهەولێر،

بێگومان ئێستا بەشی باشوری شارەکە، یەکێکە لە جوانترین دەروازەکانی شار، ئەمە جگە لەوەی کە شارەوانی مەبەستی بو بەیەکجاری ئاڕاستەی باشور تا بناری چیای کۆڵین فراوان بکات هاوشێوەی ئاڕاستەی باکور، بەمەبەستی پاراستنی زەویە بەپیتەکانی بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری ڕانیە،ئەمە جگەلەوەی فراوانبون بەرەوباشور یارمەتی دەربووە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی گەورەبونی شاروکەمکردنەوەی تێچوونی ئابوری پرۆژەکان بەهۆی بوونی ڕێگای گشتی ڕانیە –سلێمانی.فراوانبونی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەئاڕاستەی ڕۆژهەڵات زۆر کەم ڕوویداوە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بونی بەربەستی سروشتی وەک دارستانی سنەوبەری کە تا سەر زێی بچوک درێژدەبێتەوە، ئاوێزەبوونی زێی بچوک و ئەو دارستانە بۆتە ناوچەیەکی گەشتیاری جوان بۆ شارەکە، وە ڕێگریش بووە لە فراوانبوونی شارەکە بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات،

(١) حکومەتی هەرێمی کورستان، بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی راپەرین، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی ئیفرازی زەوی، زانیاری سەبارەت بە فراوانبوونی ڕووبەری شار،٢٠١٥.

شاری ڕانیە زۆرترین فراوانبوونی بەئاڕاستەی ڕۆژئاوا بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شارەوانی ڕانیە هەوڵی دا بۆ پڕکردنەوەی ئەو ڕووبەرە بەتاڵاییەی کە لە نێوان شارەکەو سەرکەپکان دا هە یە ،کەبوو بەهۆکاری تێکەڵاوبوونی سنوری شاری ڕانیەو شارۆچکەی سەرکەپکان ، ئەمەش وایکرد ڕانیە بۆ ئایندەش نەتوانێت بەئاراستەی ڕۆژئاوا فراوانبێت، هەروەها لێک نزیکبوونەوەی زنجیرە چیای کێوەڕەش وزنجیرە چیای کۆلێن لە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە بۆتە هۆی دروست بوونی ڕێرەوێک، کەبواری نیشتەجێبوون وفراوانبوون نادات. بۆیە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەهەر چوار لایەوە بەبەربەستە سروشتی و مرۆییەکان گەمارۆدراوە، تەنها ئاڕاستەیەک بتوانرێت سودی لێوەربگرێت بریتیە لەناوچەیەکی دەشتایی پان وبەرین وبەپیتی زەوی کشتوکاڵی لەبەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی ڕانیە کە تا سەر زێی بچوک درێژ دەبێتەوە،هەرچەندە فراوانبونی شاربەئاڕاستەی باشوری ڕۆژهەڵاتی لەئایندەدا ڕوبەڕووی شارۆچکەی بۆسکێن دەبێتەوە، بەڵام دەکرێت بلێین ئەمە (٢٠-٣٠) ساڵی تر دەخایەنێت[١].

سەبارەت بە شێوازی فراوانبوونی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە ، بەسەرنج دان لە نەخشەی ژمارە (١٥) بۆمان دەردەکەوێت کە شاری ڕانیە بەشێوەی (پلان بۆ دانراو) فراوان بووە، ئەم شێوازە لە تەواوی گەڕەکەکانی شارەکە بەدی دەکرێت، چونکە شارەوانی هەولی داوە لە هەموو لایەنەکانی شارەکە فراوانبوونی گونجاو دروست بکات. هەروەها وەک دەردەکەوێت، ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوازی (سەنتەری) یش فراوان بووە، وەک ئاشکرایە ئەم شێوازە فراوانبوونە لەزۆربەی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکانی شارەکەدا بوونی هەیە، ئەویش لەژێر کاریگەری ئەو پاڵ پێوەنانە شەپۆلەیەی کە بەهۆی کاریگەری گەشەی دانیشتوانی لەناوەوەی شاری ڕانیە بەرەو لێوارەکانی دروست دەبێت و دەبێتە هۆی دروست بوونی شێوازی فراوانبوونی سەنتەری و دەرکەوتنی گەڕەک لەچواردەورەی شارەکە. لەڕاستیدا فراوانبونی شار بەو ئاڕاستە جیاوازانە کاریگەری کردۆتە سەر گۆڕانی مۆرفۆلۆجی شاری ڕانیە بۆ شێوەیەکی تارادەیەک بازنەیی، ئەگەر .ئاماژەیەک بەڕووبەری هەریەک لەگەرەکەکانی شاری ڕانیە بکەین بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە (١٩) بۆمان دەردەکەوێت کە گەڕەکی (ڕۆژسیتی) بەپلەی یەکەم وبەفراوانترین گەڕەک دادەنرێت کە ڕێژەی زیاتر(٦٪) ی سەرجەم ڕووبەر شاری ڕانیە پێک دەهێنێت. بچوکترین گەڕەک لەڕووی ڕووبە رەوە گەڕەکی گڵنجانە بەڕێژەی کەمتر (١٪).

(١)حکومەتی هەرێمی کورستان، بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی راپەرین، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی ئیفرازی زەوی زانیاری سەبارەت بە فراوانبوونی ڕووبەری شار،ڕانیە، ٢٠١٦.

### خشتەی ژمارە ١٩ گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون لەشاری ڕانیە بەگوێرەی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوان لەساڵی ٢٠١٦

| ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک | ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕۆژ سیتی | ١١٨,٣٧ | ٦,١٥ | —— | —— | ١٣ | پیشەسازی دوو | ٣٨,٨٧ | ٢,٠٢ | —— | —— |
| ٢ | کەمی زانکۆ | ٨٠,٦٦ | ٤,٦٠ | ٨٨,٦٠ | ٥,٥٨ | ١٤ | ناوچەی بەتاڵ | ٣٦,٨٥ | ١,٩١ | ٣٦,٨٥ | ٢,٣٢ |
| ٣ | ناوچەی بەتاڵ | ٨٠,١٩ | ٤,١٦ | ٨٠,١٩ | ٥,٠٥ | ١٥ | ڕزگاری دوو | ٣٥,٤٥ | ١,٨٤ | ٤,٠٥ | ٠,٢٥ |
| ٤ | ناوچەی بەتاڵ | ٦٨,٦٣ | ٣,٥٨ | —— | —— | ١٦ | ناوچەی سەوزایی | ٣٥,٣٢ | ١,٨٣ | ٣٥,٣٢ | ٢,٢٢ |
| ٥ | تیتۆکە | ٥٥,٠٣ | ٢,٨٦ | —— | —— | ١٧ | نەورۆز | ٣٥,٢٩ | ١,٨٣ | —— | —— |
| ٦ | گزنگ | ٥٣,٥٥ | ٢,٧٨ | ٥٣,٥٥ | ٣,٣٧ | ١٨ | کێوەڕەش | ٣٥,٢٣ | ١,٨٣ | —— | —— |
| ٧ | ڕانیە سیتی | ٥٢,٣١ | ٢,٧١ | —— | —— | ١٩ | هەوار | ٣١,١١ | ١,٦١ | —— | —— |
| ٨ | هەنجیرە | ٤٨,٨١ | ٢,٥٢٣ | —— | —— | ٢٠ | سەردەم | ٣٠,٩٢ | ١,٦٠ | —— | —— |
| ٩ | ڕاپەڕین | ٤٨,٦٧ | ٢,٥٣ | —— | —— | ٢١ | میدیا | ٢٧,٧٨ | ١,٤٤ | ٢٧ | ١,٧٥ |
| ١٠ | دایک | ٤٨,٠٩ | ٢,٥٠ | ٤٨,٠٩ | ٣,٠٣ | ٢٢ | ئەندازیاران | ٢٧,٤٨ | ١,٤٢ | —— | —— |
| ١١ | بیتوێن | ٤٦,٦٣ | ٢,٤٢ | —— | —— | ٢٣ | ماردین | ٢٧,٢١ | ١,٤١ | —— | —— |
| ١٢ | سەوزایی | ٥٨,٥١ | ٣٥,٣ | ٤٧,٧٧ | ٣,٠١ | ٢٤ | ئازادی یەک | ٢٦,٣٣ | ١,٣٦ | —— | —— |

| ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک | ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | چوارچرا | ٣٨,٩٣ | ٢,٠٢ | ٣٨,٩٣ | ٢,٤٥ | ٤١ | سەرا | ٢٥,٦٦ | ١,٣٣ | —— | —— |
| ٢٦ | پیشەسازی یەک | ٢٤,٧٦ | ١,٢٨ | —— | —— | —— | —— | —— | —— | —— | —— |
| ٢٧ | هاوکاری | ٢٤,٤١ | ١,٢٦ | —— | —— | —— | —— | —— | —— | —— | —— |
| ٢٨ | شادی | ٢٤,٣٦ | ١,٢٦ | ٢٤,٣٦ | ١,٥٣ | ٤٢ | مەشخەڵان | ١٩,٧٤ | ١,٠٢ | ١٩,٧٤ | ١,٢٤ |
| ٢٩ | دابان | ٢٤,٣٦ | ١,٢٧ | —— | —— | ٤٣ | ناوچەی سەوزایی | ١٩,٢٣ | ١ | —— | —— |
| ٣٠ | شارەوانی | ٢٤,٢٣ | ١,٢٧ | —— | —— | ٤٤ | بنار | ١٨,٤٧ | ٠,٩٦ | —— | —— |
| ٣١ | فەرمانبەران | ٢٤,٠٦ | ١,٢٥ | —— | —— | ٤٥ | قەڵاتی دوو | ١٨,٤٤ | ٠,٩٥ | —— | —— |
| ٣٢ | قەڵاتی یەک | ٢٤,٠١ | ١,٢٥ | —— | —— | ٤٦ | ڕابوون | ١٩,٩٨ | ٠,٩٣ | ١٧,٩٨ | ١,١٣ |
| ٣٣ | پێشەوا | ٢٣,٧٦ | ١,٢٥ | —— | —— | ٤٧ | دەروازە | ١٧,٨٣ | ٠,٩٢ | —— | —— |
| ٣٤ | شەهیدان | ٢٣,٥٧ | ١,٢٢ | —— | —— | ٤٨ | ڕووناکی | ١٧,٦٠ | ٠,٩٢ | —— | —— |
| ٣٥ | ئازادی دوو | ٢٣,٥٥ | ١,٢٢ | —— | —— | ٤٩ | چیا | ١٧,٤٥ | ٠,٩١ | ١٧,٤٥ | ١,١ |
| ٣٦ | قولە | ٢٣,٣٥ | ١,٢١ | —— | —— | ٥٠ | ڕزگاری یەک | ١٧,١٣ | ٠,٨٩ | —— | —— |
| ٣٧ | خزمەتگوزاری | ٢٣,٢٠ | ١,٢٠ | ٢٣,٢٠ | ١,٤٦ | ٥١ | بەهار | ١٦,٧٥ | ٠,٨٧ | ١٦,٧٥ | ١,٠٥ |
| ٣٨ | دابان | ٢٣,١٤ | ١,٢٠ | —— | —— | ٥٢ | هەوارەبەرزە | ١٥,١٠ | ٠,٧٨ | —— | —— |
| ٣٩ | ئاشتی | ٢٢,٧٩ | ١,١٨ | —— | —— | ٥٣ | بوێران | ١٤,٩٩ | ٠,٧٧ | ١٤,٩٩ | ٠,٩٤ |

| ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک | ژ | ناوی گەڕەک | ڕووبەری گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری گەڕەک ٪ | ڕووبەری زیادبووی گەڕەک / هێکتار | ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠ | ئاینده | ٢١,٥٢ | ١,١٢ | ٢١,٥٢ | ١,٣٥ | ٥٤ | ڕەشەمێرگ | ١٢,٩٥ | ٠,٦٦ | ـــــ | ـــــ |
| ٥٥ | کارۆخ | ٢١,٤٧ | ١,١٢ | ـــــ | ـــــ | ٦٣ | ناوچەی بەتاڵ | ١٢,٠٠ | ٠,٦٢ | ١٢ | ٠,٧٥ |
| ٥٦ | زانکۆ | ٢١,٤٧ | ١,١١ | ـــــ | ـــــ | ٦٤ | ماکۆک | ١١,٨٩ | ٠,٦١ | ـــــ | ـــــ |
| ٥٧ | کۆدۆ | ٢٠,٧١ | ١,٠٧ | ـــــ | ـــــ | ٦٥ | مامۆستایان | ١٠,٦٤ | ٠,٥٥ | ـــــ | ـــــ |
| ٥٨ | ناوچەی سەوزایی | ١٠,٠١ | ٠,٥٢ | ١٠,٠١ | ٠,٦٣ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ |
| ٥٩ | کوێستان | ٨,٤٧ | ٠,٤٤ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ |
| ٦٠ | داهێن | ٨,٢٨ | ٠,٤٣ | ٨,٢٨ | ٠,٥٢ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ |
| ٦١ | گڵنجان | ٧,٨١ | ٠,٤٠ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ |
| ٦٢ | سەوزایی | ٦,١٥ | ٠,٣١ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | | ـــــ |
| کۆی گشتی | | ١٩٢٣,٦٤ | ١٠٠ | ٦٤٦,٦٣ | ٧٣,٤٠ | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ١٠٠ | ـــــ | ٤٠,٧٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١- ڕووبەری گەڕەکەکان دەرهێنراوە بەبەرنامەی **ArcGIS ArcMap 10.5** پشت بەست بە نەخشەی ژمارە (١٥)

٢- قەبارەی دانیشتوان پشت بەست بە : وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاماری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕانیە، بەشی دانیشتوان.

* ڕێژەی ڕووبەری زیادبووی گەڕەک دەرهێنراوە بەهەمان یاسای خشتەی ژمارە (١٥) ی قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم، ئەو گەڕەکانەی کەژمارەی خێزان و بیناکانیان دیاری نەکراوە لەگەڵ گەڕەکەکانی تر کە هاوسنوریان هەژمار کراوە.

** بەهۆی نەبوونی داتا لەسەر ژمارەی دانیشتوان و خێزان و بینا، نەمانتوانی ئاماژەیان پێ بکەین.


سەبارەت بەژمارەی دانیشتوان وخێزان وبیناکان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری ڕانیە بەهۆی نەبونی داتاوزانیاری وە ئەنجام نەدانی هیچ سەرژمێرییەک لەو بارەیەوە نەمانتوانی ئاماژەی پێ بدەین.

بێگومان گەشەکردنی دانیشتوانی شاری ڕانیە کاریگەری کردە سەرزیادبوونی ڕووبەری هەریەک لەوەزیفەجیاوازەکان لەشارەکەدا بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (١٣) پێشوبۆمان دەردەکەوێت ڕووبەری وەزیفەی نیشتەجێبون لەساڵی ٢٠١٦ بەهۆی زیادبونی ژمارەی دانیشتوان گەیشتە (٨٧١) هێکتاربەڕێژەی زیاتر لە(٤٥٪) ی بەکارهێنانەکانی وەزیفەکان لەشارەکەدا، هەروەها وەزیفەی گواستنەوە ڕووبەرەکەی گەیشتە (٣٢٣,٦) هێکتار بەڕێژەی نزیکەی (١٧٪)وبەکارهێنانی زەوی بازرگانی زیادی کرد بۆ ( ٢٢,٥) هێکتار بەڕێژەی (١٪) لەهەمانکاتدا وەزیفەی پیشەسازی ڕوبەرەکەی بەرزبۆوە بۆ (١٦,٦١) هێکتار بەڕێژەی نزیکەی (١٪).

گەشەی دانیشتوان کاریگەری کردە سەرفراوانبونی ڕوبەری بەکارهێنانەکانی تری وەک وەزیفەی پەروەردە بەڕێژەی زیاتر لە (٤٪) و وەزیفەی تەندروستی بەڕێژەی کەمتر لە (١٪) لەهەمان کاتدا وەزیفەی کارگێڕی ڕووبەرەکەی بەڕێژەی (٢,٧٩ ٪) وەبەکارهێنانی تریش ڕووبەریان گەشەی کرد، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١٦ ).

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەودەرەنجامەی بلێین شاری ڕانیە لەژێر کاریگەری گەشەی دانیشتوانەکەی بەدرێژایی ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧- ٢٠١٦) فراوانبوە، بەڵام ئەم فراوانبوونە بەیەک ئاست نەبوە، بەڵکو ڕێژەو ئاستی فراوانبونەکەی لەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی تر جیاوازبوە،بەجۆرێک زۆرترین ڕێژەی فراوانبونی ڕووبەری شاری ڕانیە لەقۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەم بووە لە نێوان ساڵانی(١٩٨٧-٢٠٠٢)بەڕێژەی زیاترلە (١٥٠٪)ی ڕووبەری زیادبوی شار لەم قۆناغەدا، وە کەمترین فراوان بوونیش لەقۆناغی مۆرفۆلۆجی (شەشەم) بوە لە ساڵانی( ٢٠٠٩- ٢٠١٦) بەڕێژەی زیاتر لە (٤٠٪) ی ڕووبەری زیادبونی شار هەروەها فراوانبونی شارەکە بەدرێژایی تێپەڕبوونی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکان بەیەک ئاڕاستە نەبوەبەڵکو لەهەرقۆناغێکدا بەچەند ئاڕاستەیەکی جیاواز فراوانبوە کەبەربەستە سروشتی ومرۆییەکان و حکومەت ولایەنە پەیوەندی دارەکان لەو بارەیەوەڕۆڵی خۆیان هەبوە لەهەمانکاتدا گەشەی دانیشتوان کاریگەریکردۆتە فراوانبونی ڕووبەری وەزیفەکان لەشارەکەدا بەجۆرێک بەدرێژایی

## نەخشەی ژمارە ١٦ بەکارهێنانی زەوی وەزیفی لە شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی **ArcGis ArcMap 10.5**پشت بەست بە:

١. حکــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان، وەزارەتـــی شـــارەوانی و گەشـــتوگوزار، بەڕێـــوەبەرایەتی گشـــتی شارەوانیەکانی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە،بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، ساڵی ٢٠١٦ ، بەپێوەری ١:٤٠٠٠

مــاوەیی لێکــۆڵینەوە ســـەرجەم وەزیفەکــان لەشــاری ڕانــیە وەک وەزیفەکــانی گواســتنەوە وبازرگانی وکارگێڕی گەشـەیان کـردوە ،بەجۆریک ڕوبەری سـەرجەوەزیفەکان لەشـارەکەدا زیادیـانکرد وە ڕێژەکـانیش گۆڕانکاریـان بەسـەرداهاتوە هەروەهـا ئەم گەشـەکردنەی کە لە بەکارهێنــانی ڕووبەری وەزیفەکــانی شــارەکەدا ڕووی داوە کــاریگەری هەبــوە لەســـەر گەشکردنی هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە کە لەبەشی دواتردا باسی دەکەین.

# بەشی چوارەم

## کاریگەری وپەیوەندی هەرێمی شاری ڕانیە بەگوێرەی وەزیفەکانی

باسی یەکەم: چوارچێوەی تێوری هەرێمی شار

باسی دووەم: دیاریکردنی سنوورو کاریگەری هەرێمی شاری ڕانیە

## باسی یەکەم

## چوار چێوەی تێوری هەرێمی شار

لەم باسەدا هەوڵ دەدرێ بە شێوەیەکی تێوری، تیشک بخرێتە سەر باسکردنی هەرێمی شاروچۆنیەتی دیاریکردنی لەگەڵ خستنە ڕووی ئەو ڕێگایانەی تویژەران بۆدیاریکردنی سنووری هەرێمی وەزیفەکان لە شاردا بەکاری دەهێنن ، چونکە ،زیاتر لەڕێگایەک هەیە کە تویژەران لە دیاریکردنی سنووری هەرێمی شاردا بەکاری دەهێنن ،لەهەمان کاتدا تویژەران ئازادن چ ڕێگایەک بەکاردەهێنن بۆدیاریکردنی سنووری هەرێمی شارەکە و باسکردنی پەیوەندیە جیاوازەکانی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری. لێرەدا هەوڵ دەدەین لە دیاریکردنی سنووری هەرێمی وەزیفە جیاوازەکانی شاری ڕانیە ئەو ڕێگایانەی کە لای زۆربەی تویژەران پەسندە بەکاربهێنین.

**١ : هەرێمی شارو ڕێگاکانی دیاریکردنی:**

لێکۆڵینەوە ی هەرێمی شار لە جوگرافیای شاردا گرنگی خۆی هەیە، چونکە هەرێمی شار لەسەر بنەمای پە یوەندیەکان و تێکەڵاوبوون لەنێوان شارو ئەو لادێ وشارۆچکانەی دەوری شارەکەیان داوە دادەمەزرێت، بێگومان ئەو پەیوەندیەش لەچەندین بواری جیاوازدا ڕەنگ دەداتەوە. هەموو شارێک قەبارەکەی هەر چەندێک بێت، چەندین پەیوەندی جۆراوجۆری لەگەڵ ئەو ناوچانەی دەوریان داوە هەیە، ئەو پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنەی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دا ناودەبرێت بەهەرێمی شار[١](جفرسون)[٢]. دەڵێت : جەوهەری شار خزمەتکردنە بە ناوچەکانی دەوروبەری ویەکێک لە فەرمانە سەرەکیەکانی شار ڕەگەزی هەرێمیە بۆیە ناتوانین بە تەواوەتی لەشار تێ بگەین تاوەکو لێکۆڵینەوە نەکەین سەبارەت بە پەیوەندی شار لەگەڵ گوندو ناوچەکانی دەوروبەرەکەی .

بەشێوەیەکی گشتی وەزیفەکانی شار دابەش دەبیت بۆ(وەزیفەی ناوخۆیی، وەزیفەی هەرێمی) سەبارەت بە (وەزیفەی ناوخۆی) مەبەست ئەوخزمەتانەیە کەشار پیشکەشی دانیشتوانی ناوخۆی شاری دەکات ،بەڵام (وەزیفەی هەرێمی) پیشکەش کردنی خزمەتگوزاریە بۆدانیشتوانی دەرەوەی شار، وەک دەزانرێت شار خزمەت پیشکەشی ناوچەکانی دەوروبەری ودوورلەخۆی دەکات وپشتیش بەناوچەکانی دەوروبەری

---

[١] بێستون احمد حسێن، دیاریکردنی هەرێمی شاری قەڵادزی بە گوێرەی بیردۆزی خاڵی پچران، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین ، ژمارە( ١٢ ) ساڵی ٢٠١٧، لا ٢٥٠.

[٢] محمد وتمان محمد، دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بە پێی بیردۆزی خاڵی پچراندن ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم ، ژمارە (١٠) ئاداری ٢٠١٧، لا٣٥٤-٣٥٥.

دەبەستێ،چونکە شارەکان ناتوانن تەنها بە دەرامەتی خۆیان بژین لەبەرئەوە هیچ کات پەیوەندی نێوان شاروهەرێمەکەی ناپچڕێت هەروەها ناکرێت تەنها پەرە بەشاربدرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی پەرەپێدانی هەرێمەکەی[1].

سەبارەت بە جۆرەکانی هەرێمی شار دووجۆری جیاوازی هەیە:

**یەکەم:** ئەو هەرێمەیە کە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە چواردەوری شارەکە ونزیکەی ٨٠% ی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری بۆدەست کەوتنی کەلوپەلەکانیان وپڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان ڕۆژانە ڕوولەشارەکە دەکەن کە ناسراوە بەهەرێمی پێوەلکاو.

**دووەم** :بریتیە لەو هەرێمەی کە دراوسێی شارەکە نیە وڕاستەوخۆ بەشارەکەوە نەلکاوە، بۆیە ژمارەیەکی کەمتر لەدانیشتوان بەبەراوردکردن بەهەرێمی یەکەم بۆپڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان ڕوولەشارەکە دەکەن پێ دەگوترێت هەرێمی فراوان.

بەڵام لەچوارچێوەی هەرێمی بازرگانی دا : دیکنسۆن پێی وایە پەیوەندیە هەرێمیە بازرگانیەکانی شار لەچوارچێوەی هەرێمی شاردا بەسێ شێوە دەردەکەون ، بەجۆرێک ئەم پەیوەندیە هەرێمیە بازرگانیە لەلێوارەکانی شارەکەوە دەستپێدەکات بەرەوناوچەکانی دەرەوەی شارەکە بەم شێوەی لای خوارەوە:

پشتێنەی یەکەم : ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە زۆرنزیکە لەشاروڕاستەوخۆ بەسنووری شارەکەوە نووساوە ،ناودەبرێت بە ناوچەی گواستراوە لە نێوان شارەکە ولادێ نزیکەکانی دەوروبەری.

پشتێنەی دووەم :ئەوناوچەیە دەگرێتەوە بە دووری ٢٥- ٣٠کم لە شارەوە دوورە وناوچەیەکە گواستنەوە وهاتووچۆکردن تیایدا زۆرترە وکۆگاکانی هەڵگرتنی کاڵاکان لەخۆدەگرێت.

پشتێنەی سێیەم : ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە ٣٠کم دوورە لە شارەکەوە ئەو ناوچەیە واناسراوە کە شارەکە لەڕووی بازرگانیەوە هەڵدەستێ بەکێبڕکێ کردنی بازرگانی لەگەڵ ئەو شارانەی کە لەڕووی قەبارەی دانیشتوانەوە نزیکن لە خۆی[2].

سەبارەت بەو ڕێگایانەی کە لەدیاریکردنی هەرێمی شار بەکاردەهێنرێت وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدان ڕێگاکان جیاوازن، چونکە دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار کارێکی ئاڵۆزەو هەروا ئاسان نیە، هەربۆیە لە دیاریکردنی سنورەکەی دا چەند پێوەرێک بەکاردەهێنرێت، بێگومان ئەو پێوەرانەش بنیات دەنرێن لەسەر بنەمای ئەو پیشە بنچینەیانەی

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٣٥٤-٣٥٥.

(٢)صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن، جغرافیة المدن ، المصدر السابق ، ص٣٦١-٣٦٢.

که شارەکەیان پێ وەسف دەکرێت. وەک ئاشکرایە شار ناوەندێکی گرنگە بۆ کارکردن، خاڵێکە کە بەرهەمەشتوکاڵی و ئاژەڵداریەکانی گوندەکانی دەوروبەری تێدا کۆدەبێتەوە بەواتایەکی تر بازارێکە بۆ کۆبوونەوەو ساغ کردنەوەی کالاجۆراو جۆرەکانی ناوچەکانی دەوروبەری شار،هەروەها شار ناوەندێکە بۆ دابەشکردن وگەیاندنی کەلوپەل بۆ ناوچەکانی دەوروبەری ، بەجۆرێک ناوەندێکە بۆدابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی فێرکاری، تەندروستی، رۆشنبیری، بازرگانی، کۆمەلایەتی ، خۆشگوزەرانی ... هەربۆیە هەریەک لەو خزمەتگوزاریانە هەرێمێکی تایبەتی هەیە.

دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار پێویستی بەئامرازی پێوانەکردنی وورد هەیە هەربۆیە لەزۆر روانگەوە چەندین رێگاو شێوازی بیرکاریو هاوکێشەی جیا نێوان توێژەراندا بەکاردێت بۆ دیاریکردنی هەرێمی شار، توێژەران لەنێوان خۆیاندا بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەو رێگاو شێوازانەی کە بەکاردێن بۆ دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار. بێگومان جیاوازی بیرو بۆچوونی توێژەران لەسەر دیاریکردنی سنوری هەرێمی شارلەلایەک بۆ جیاوازی ئەو قۆناغانەی شارەکە لە رووی گەشە کردنەوە پێی دا تێپەڕ دەبێت دەگەڕێتەوە، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بە جیاوازی ئاستی تەکنەلۆجیاو فراوانبونی شارنشینیەوە هەیە ، لە هەمان کاتدا بەدەست هێنانی کەلو پەل وخزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان کە پەیوەندی بە ئاستی گوزەران ورۆشنبیریەوە هەیە. ئەمە جگە لەوەی کە هەڵبژاردنی رێگایەک یان زیاتر بۆ دیاریکردنی هەرێمی شارەکە وەستاوە لەسەر توێژەران خۆیان چ رێگایەک بەکاردەهێنن بۆ دیاریکردنی هەرێمەکە لەگەڵ ئەوداوایانەی کە توێژینەوەکە پێویستیەتی وداوای دەکات[1].

ئەو رێگایانەی کە بەکاردێن لە دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار بریتین لە :

**آ : دیاریکردنی هەرێمی شار بەرێگای لێکۆڵینەوەی کێوماڵی (مەیدانی)**

ئەم رێگایە یەکێکە لەو رێگایانەی لە دیاریکردنی هەرێمی شاردا بەکاردەهێنرێت ، ودەتوانرێت راستەوخۆ زانیاریەکان بەدەست بهێنرێت ئەمەش لەرێگەی پرسیارکردنی راستەوخۆ لەدانیشتوانی ئەو شارۆچکەوگوندانە دەوری شارەکەیان داوە، ئایا خزمەتگوزاریەکانی ئەو شارە دەگاتە ئێوە ؟ ئایا ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دەگاتە ئێوەچین ؟ پەروەردەین ، تەندروستین رۆشنبیرین ....... ئەو خزمەتگوزاریانە لەچ ئاستێک دان؟ هەروەها پرسیارکردن دەربارەی کەلو پەلەکانی ئەو شارە دەگاتە ئێوە ؟ ناراستەوخۆ ئەویش

---

[1] صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن ، المصدرالسابق ، ص٣٦٢-٣٦٣.

لەرێــگەی پرســـیارکردن لە لێپرســـراوانی بازاڕەکـــان یـــان لێپرســـراوانی حانووتەکـــان و لێپرسراوانی فەرمانگە جۆراو جۆرەکانی دەوڵەت وەک تەندروستی و پەروەردەو کارەبا..... و بینینـــی تۆمارەکـــان و دیکۆمێنـــت و بەڵـــگەو داتاکـــانی فەرمـــانگە جۆراوجۆرەکـــان هەروەهاپرسیارەکان بە شێوەیەک کەلوپەلەکانی ئێوە لەچ شوێنێکەوە بۆتـان دێت و دەتوانن تـا دووری چەنـد و تاچەنـد شـوێن بیـان گـوازنەوە و بیـان گەیەنە دانیشـتوانی ناوچەکـانی دەوروبەری شار.[١]

**ب: دیاریکردنی هەرێمی شاربەرێگای بیرکاریەکان**

دەتوانرێـت سـنوری هەرێمـی شـار بە پشـت بەسـتن و بەبەکارهێنـانی ڕێگـای سـەرژمێری بیرکـاری و وە بەپشـت بەسـتن بە هاوکێشـەی بیرکـاری کە لە تـوێژینەوەکەدا بەکارهێنراوە دیاری بکرێت کە زۆرێک لە توێژەران لە دیاریکردنی سنوری هەرێمی شـاردا پشـتی پـێ دەبەسـتن لەو ڕێگایـانەش کە بەکاردەهێنرێـت بـریتیە لە چەنـد بیردۆزیـک وەک ئەمانەی لای خوارەوە:

١- بیردۆزی فیتر fitter theory

٢- بیردۆزی ئاوێتە بوون inter action theory

٣-بیردۆزی ڕاکێشانی (کێشکردنی ) بازرگانی تاک law of retail trade gravition

٤-بیردۆزی خاڵی پچڕان. Break point theory.

ئەمانەی ئاماژەمان پێ دان چەند یاساو بیردۆزو ڕێگای بیرکارین لە دیاریکردنی هەرێمی شار بەکاردێن ، لەم توێژینەوەیەدا ڕێگای بیرکاری بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە ئەویش بە پشت بەستن بە بیردۆزی خاڵی پچڕان ،ئامانج لە دیاریکردنی خاڵی پچـڕان بـریتیە لەوەی ئەو خـاڵەی دیـاری دەکەیـن شـوێنی جیـاکردنەوەی هەرێمـی ئەو دووشـارەیە کە لەڕووی قەبـارەی دانیشـتوانەوە جیاوازیـان هەیە، واتـا کاتێـک ئێمە ئەو دوو خاڵەمان دیاریکرد زۆر بە ئاسانی دەتوانین سنوری کۆتـایی هـاتنی هەرێمی شـارێک دەست نیشان بکەین وە سنوری دەست پێکردنی هەرێمی شـارەکەی تریش دەست نیشـان بکەین ، بەواتـایەکی تـر دیـاری کردنـی ئەو خاڵەی کە دەکەوێتە نێوان دووشـارەکە بریتیە لەکۆتـایی هاتنی سنوری هەرێمی شارێک ودەست پێکردنی سنوری هەرێمی شارێکی تر[٢].

جێ بەجێ کردنی بیردۆزی خاڵی پچڕان بۆ دیاریکردنی خاڵی پچڕان، کە بەکاردێت لە دیاریکردنی سنوری هەرێمی هەردوو شارەکە بە گوێرەی ئەو یاسایەی لای خوارەوە[٣].

---

([١])عبدالرزاق عباس حسين، جغرافية المدن ، المصدر السابق ، ص ٣٥٤-٣٦١.

([٢])محسن عبدالصاحب المظفر، عمر الهاشمي يوسف، جغرافية المدن ،مبادئ و أسس و منهج ونظريات وتحليلات مكانية، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ، ٢٠١٠، ص٢٧٢-٢٨٤.

([٣])كايد عثمان ابو صبحة ،جغرافية المدن ،دار وائل للطباعة ،الاردن، عمان،٢٠٠٣،ص١٨٠-١٨١.

دووری نێوان دووشارەکە ( کم )

دووری خاڵی پچڕان لەشارە بچوکەکە = دووری نێوان دووشارەکە ( کم ) ÷ ( ١+ √( ژمارەی دانیشتوانی شارە گەورەکە ÷ ژمارەی دانیشتوانی شارە بچووکەکە ) )

نموونە:[١]


دووری خاڵەکە لە شارە بچووکەکە = ١٠٠ (کم) ÷ ( ١+ √( ٣٠٠٠٠ ÷ ١٠٠٠٠ ) )

دووری نێوان دوو شارەکە = ١٠٠کم

ژمارەی دانیشتوانی شارە گەورەکە ٣٠٠٠٠کەس

ژمارەی دانیشتوانی شارە بچووکە ١٠٠٠٠ کەس

بەم شێوەیە سنوری هەردوو شار أ ، ب دەخاتە ڕوو




[١] محسن عبدالصاحب المظفر، عمر الهاشمي يوسف، جغرافية المدن،، المصدر السابق، ص١٨٠-١٨١، ص٢٧٧-٢٧٨.

له سەیرکردنی یاساکەی سەرەوە دەردەکەوێت لەدیاریکردنی سنووری هەرێمی شاردا پێویستت بە ژمارەی دانیشتوان ودووری نێوان ناوچەی لێکۆڵینەوەو شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری دەبێت، پاش ئەوەی کە داتاکان لە ڕێگەی ئەم بیردۆزەو پراکتیک دەکەیت ولەڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی ( Gis ) دەتوانیت سنووری هەرێمی ئەو ناوچەیە وئاستی کاریگەریەکەی لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری دیاری بکەیت کە دەتەوێت توێژینەوەی لەسەر بکەیت.

**٢: پەیوەندی نێوان شارو هەرێمەکەی**

کاتێک باس لەپەیوەندیە هەرێمیەکانی شارێک دەکەین بۆمان دەر دەکەوێت کەوا چەندین جۆر پەیوەندی هەرێمی وەزیفی لەنێوان شارو ئەوناوچانەی کەدەورەی شارەکەیان داوە هەیە.

**ا: پەیوەندی ئابووری**: ئەم پەیوەندیە دابەش دەبێت بۆ سێ جۆری بازرگانی ، پیشەسازی ، کشتوکاڵی

١- پەیوەندی بازرگانی : بازرگانی دادەنرێت بەگرنگترین ڕووخسارەکانی پەیوەندیە وەزیفەکانی نێوان شارو هەرێمەکەی ،بەشێوەیەک شارەکە وەک ناوەندێک وایە بۆئەنجام دانی پەیوەندیەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی هەرێمێک لەگەڵ هەرێمێکی تر و لەگەڵ هەموو ئەو گوندوشارۆچکە بچووکانەی دەکەونە سنووری هەرێمی شارەکەوە. بەواتایەکی تر هەموو ئەو گوندو شارۆچکە بچووکانەی کە هەرێمی شارەکە لەخۆیان دەگرێت. بێگومان پەیوەندی بازرگانی شار لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی پڕکردنەوەو دابین کردنی پێداویستیەکانی دانیشتوانی گوندنشینەکان.لەڕاستیدا گوندنشینەکان وزۆرێک لە دانیشتوانی شارۆچکە بچووکەکان ڕۆژانە ماوەیەکی دیاریکراو دەبڕن بۆگەیشتن بەشارەکە لەپێناوی کڕینی پێداویستیەکان و ئەنجام دانی بازرگانی کردنی بەتاک و بەکۆ.[١]، ڕۆڵی بازرگانی لەشاردا یەکێکە لە ئامرازەکانی تەواوکاری هەرێمی و لادێنشینی. لەڕاستیدا کۆکردنەوەو دابەشکردنی کە لوپەکان لەسنووری هەرێمی شاردا ، بە یەکێک لەڕووخسارە گرنگەکانی چالاکی هەرێمی دەژمێردرێت . دانیشتوانی گوندنشینەکان دێنە شار بۆبەدەست هێنان وکڕینی پێداویستیە ناوخۆیی و بیانیەکان کە ڕۆژانە پێویستیان پێیەتی ، وەزۆرێک لە بازرگانە گەورەکان کڕیارەکانیان بریتین لە گوندنشینەکان

---

(١)بێستون احمد حسێن،دیاریکردنی هەرێمی شاری قەڵادزێ بەگوێرەی بیردوزی خاڵی پچران،سەرچاوەی پیشو،ل٢٥٣.

و دانیشتوانی شارۆچکە بچووکەکانی هەرێمی شارەکە، بێگومان ڕۆڵی شاربەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا لەبازرگانی کردنی بەکۆمەڵ دەردەکەوێت کە شاری ڕانیەش لەم بوارەدا ڕۆڵی هەبوە.[1]

٢- پەیوەندی پیشەسازی : پەیوەندیەکی ڕیشەیی هەیە لەنێوان شارو هەرێمەکەی لەڕوانگەی پیشەسازیەوە، چونکە پیشەسازی لەشاردا هەمیشە پێویستی بە کەرەستەی جۆراوجۆرهەیە، کە هەندێکیان لە هەرێمی شاردان وەک کەرەستە کشتوکاڵیەکان خۆراکی ولۆکەو بەربوومی شیرو گۆشت ....، لەهەمان کاتدا ئەم ناوچانە هێزی کار بەهەردووجۆری شارەزاو نەشارەزا بۆ چالاکی پیشەسازی دابین دەکات . پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە پەیوەندیەکان لە زۆرێک لە وولاتاندا بەشێوەیەکن کە پیشەسازیەکان لەناوچە گوندنشینەکان دادەمەزران ئەمەش بەئامانجی سوودی زیاتر بە شوێنەکە و کەمکردنەوەی نرخی تێچونی زەوی وباج، هەروەها ڕێگەگرتن لە پیسبوونی ژینگەی شار وزۆرێک لەکێشە جۆراوجۆرەکانی ترکە بەهۆی کارگە پیشەسازیەکانەوە لەشاردا دروست دەبن.[2] لەڕاستیدا شۆڕشی پیشەسازی بو بەهۆی کۆبونەوەی دانیشتوان لە شارەکاندا ، بەشێوەیەک شارەکان بوونە سەنتەرێک بۆ کارکردن. بێگومان لەگەڵ گەشەکردنی پیشەسازی و زیادبوونی ژمارەی کارگەکان لەشارەکاندا وە زیادبوونی هێزی کار بەهۆی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شار بەتایبەت لە قۆناغی یەکەمدا ئەمەش بوو بەهۆی زیادبوونی دانیشتوانی شار لەسەر حسابی دانیشتوانی گوندەکان وگەشەکردنی پیشەسازی و بەرفراوانبوونی پەیوەندیە هەرێمەکانی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری[3].

٣- پەیوەندی کشتوکاڵی

لەچوارچێوەی هەرێمی شاردا جگە لەو پەیوەندیانەی کە پێشترباسمانکرد پەیوەندی کشتوکاڵیش لەنێوان شاروهەرێمەکەی دا یەکێکی ترە لە پەیوەندیەکان ،بێگومان گەشەکردنی شار پەیوەندی بەبونی بڕی بەرهەمی خۆراکی زیادەوە هەیە ، لەهەمان کاتدا لادێکانیش هەمیشە وەک سفرەی پڕخۆراکی شارەکان دادەنرێن، بەجۆرێک لادێکانیش بەرپرسی سەرەکی و یەکەمین لەدابینکردنی کەرەستەی خۆراکیی و کشتوکاڵی وبەرهەمی

---

(1) عرب دعكور،تاريخ المجتمع الريفىو المدنى ،دار المواسم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٤،ص١٧٧.

(2) بروانە: أ: عبدالحكيم ناصر العشاوى، جغرافية المدن، المكتب الجامعى الحديث، اليمن ،تعز، ٢٠٠٨، ص١٥١- ١٥٢ ب:بيان على حسين، تحديد اقليم مدينة السليمانية،(حسب نظرية نقطة قطع)مجلةجامعة السليمانية،العدد،٢٣ ، السليمانية ، ٢٠١٥، ص٢٣٠ .

(3) عبدالله عطوى، جغرافية المدن الجزء الآول، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠٠١، ص٢٥.

ئـاژەڵی شـارەکان [1]هەروەهـا شـارەکان وەک بـازاڕێکی گەورەی بەکارهێنـانی خـۆراک دەناسرێن لەدابینکردنی پێداویستیەکانی شار لە کەرەستەی خۆراکی بەڕێژەی زۆر ئەمەش پەیوەندیەکی بە هێز دروست دەکات لەنێوان بەرهەمی هەرێمەکە و پێداویستیەکانی بازاڕی شار[2]، بێگومان ئەمەش دەبێتە پاڵپشتێکی باشی کشتوکاڵی بۆ گەشەکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای سەردەمی بەتایبەت لەو زەویانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەوری شارەکەیان داوە وتەرخانکراون بۆ کشتوکاڵ و سەوزاو میوەو بەرهەمهێنانی بەرهەمە ئاژەڵیەکان وەک گۆشت ،سپایی، شیر ، کە ڕۆژانە دانیشتوانی شار پێویستیان پێیەتی،[3] ئەمەش جۆرێکە لەپەیوەندی نێوان شاروناوچەکانی دەوروبەری، لەم چوارچێوەیەشدا شاری ڕانیە بەهۆی دەوڵەمەندی لەبواری کشتوکاڵ توانیویەتی کاریگەری لەسەر دەوروبەرەکەی دروست بکات.

**ب / پەیوەندی دانیشتوان**

سەبارەت بە پەیوەندی هەرێمی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەووروبەری لەڕوانگەی پەیوەندیەکانی دانیشتوان، هەمیشە شار لەناو چوارچێوەی هەرێمەکەی خۆیدا وەک جەمسەرێکی ڕاکێشان کاردەکات، بەشێوەیەک بەردەوام شار سەنتەرێک بووە بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان ئەو گوندانەی دەوری شارەکەیان داوە ،لەڕاستیدا ئەو پەیوەندیەی کە شار لە ڕوانگەی دانیشتوانەوە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دا هەیانە دابەش دەبێت بۆ دووجۆر :

١- کۆچکردن لەلادێ کانەوە بەرەو شارەکان :

بەنسبەت کۆچکردن دیاردەیەکی جیهانیە وکۆنەو هەمیشە شارەکان بۆگەشەکردنیان پشتیان بەدانیشتوانی گوندنشینەکان بەستووە[4]، لە ڕاستیدا کۆچکردنی دانیشتوان زادەی ئەمرۆ دوێنێ نیە بەڵکو دیاردەیەکی دێرینە ولەوەتەی مرۆڤ پەیدابووە ئەم دیاردەیە هەر هەبووە[5]. لەم ڕوانگەیەوە جوڵانەوەی مرۆڤ بەتایبەت کۆچکردن لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان، یەکێکە لەو هۆکارە تایبەتیانەی کە ئاڕاستەی گەشەکرنی

(١)عبداللة عطوى، جغرافية المدن ، ص٢٥.

(٢)بروانە: أ: عرب دعكور، تأريخ المجتمع الريفي والمدني، المصدر السابق، ص١٧١-١٧٣.

ب: محمد وەتمان محمد، دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بە پێی بیردوزی خاڵی پچران،سەرچاوەی پیشوو،لا٣٥٥.

(٣)عبداللة عطوى، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص٢٥.

(٤)عبدعلى الخفاف ومحمد صالح المرسومى، المبادئ العامة لجغرافية المدن،المصدر السابق ، ص١٦٥.

(٥)خليل اسماعيل محمد، كۆچی توانا زانستیەکان لە هە رێمیکوردستانی عیراقدا،لیکۆلینەوەیەک دەربارەی زانکۆی سلێمانی،گۆڤاری سەنتەری لیکۆلینەوەیستراتیجی، سلێمانیژمارە( ٣ )سالیسیانزەهەم ٢٠٠٢. لا٥٦.

دانیشـتوان دیـاری دەکـات[١]، هەروەهـا کـۆچکردن لەگونـدەکانەوە بـۆ شـارەکان دیـاردەیەکی تازەنیە هەمیشە شـارەکان پشـت بە دانیشـتوانی گوندەکان دەبەسـتن، چونکەگوندەکان تەنها پێداویسـتی وخـۆراک بۆشـارەکان دەسـتەبەر نـاکەن، بەڵکـو هێـزی دووەمـن لە دابینکردنـی دانیشتوان بۆ شارەکان ئەمەش لەڕێگەی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان دەکرێت[٢]

بێگومان کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان بەهـۆی چەنـد هۆکـارێکەوەیە وەک دۆزینـەوەو گەڕان بەدوای هەلـی کـارکردن و بەدەسـتهێنانی خزمەتگوزاریەکـان لەئاسـتێکی باشـتردا و بەرجەسـتەکردنی خۆشـگوزەرانی کەلە گونـدەکانیان نـاتوانن بەدەسـتی بهێـنن، لەڕاسـتیدا هۆکـاری سـەرەکی ئەم جـۆرە کـۆچ کـردنە دەگەڕێـتەوە بـۆ هۆکـاری ئـابوری و سیاسی کەزۆرێک لەووڵاتانی جیهـان بەتـایبەت وڵاتـانی تـازە گەشەسـەندوەکان ڕووبەڕووی بونەتەوە[٣]. بێگومان شاری ڕانیەش کاریگەربوە بەکۆچ کردن چ لەسـەر ئاستی ناوخۆیی بێت یان دەرەکی واتا  کۆچی لێوە کراوە لەهەمانکاتدا کۆچیشی لیوە کراوە کە لەبەشەکانی پێشـو ئەمە بابەتە ڕوون کرایەوە.

### ٢- هاتووچۆی ڕۆژانە بەرەو کارکردن لە شاردا:

هاتووچۆکردنی ڕۆژانەی دانیشتوان بەرەو شوێنی کارکردن لەسنوری شاردا وەیان لەنێـوان بەشــە جیاوازەکـانی هەرێمـی شــارەکەدا جـۆرێکە لەجۆرەکـانی پەیوەنـدی نێـوان دانیشـتوانی شـاروهەرێمەکەی، ئەم جـۆرە هـاتوچۆکردنەی ڕۆژانە بەرەو کـارکردن لە نێـوان بەشە جیاوازەکانی شار یان لە گوندەکان و شارە بچووکەکانی چوارچێوەی هەرێمەکەی دا بەرەو شــار ڕوودەدات، ئەمەجـۆرێکە لەپەیوەنـدی نێـوان دانیشـتوانی شــارو هەرێـمەکەی، بێگومــان ئەم جــۆرە هــاتووچۆکردنە هۆکــارەکەی دەگەڕێــتەوە بۆپێشــکەوتنی تۆڕەکــانی هاتووچۆ کە ماوەی نێوان شـوێنی نیشـتەجێ بون وشـوێنی کـاری کرێکاری کەم کردۆتەوە ،لەهەمانکاتـدا نەبـونی شـوێنی نیشــتەجێبوون لە نزیـک شــوێنی کـارکردنەکەی وقەیرانــی نیشتەجێبوون بەهـۆی نەبوونی یەکەی نیشـتەجێ بوونی پێویسـت بـۆ دانیشـتوان، لەبەرئەوە پێویسـتە شـوێنی نیشـتەجێبون بـۆ ئەوکەسـانەی کە لەشـاردا کـاردەکەن دابـین بکرێـت یـان دابینکردنـی ڕێگـای گواسـتنەوەی سـەلامەت وخێرا بە نرخێکی کەم تـاکو بتـوانن  بە ئاسـانی

(١) خەلیل ئیسماعیل محمد، کێشـەیکوردلە نێوان حەقیقە تە مێژووییەکان واقیعی جوگرافیایی ناوچەکەدا، جیۆسـتراتیژی کوردسـتانی عێراق، و: لە عەرەبـیەوە، ماجیـد نـوری، چاپخـانەی ،ڕۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠١١،لا٥١.

(٢) نیس. هـ . رونج، علم السكان، ت. السيد محمد غلاب، دار مصر للطباعة، القاهرة، ١٩٦٧، ص١٤١.

(٣) عبدالحكيم ناصر العشاوى، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٥٢– ١٥٣.

بـگەنە شـوێنی نیشـتەجێبوون وکـارکردنی خۆیـان. لە ڕاسـتیدا هـاتووچۆی ڕۆژانە بەرەو کارکردن دەکرێت بە دوو جۆرە: [1]

آ- کـۆچی دانیشـتوانی شـارە گەورەکـان لە دڵـی شـارەوە بەرەو ناوچەکـانی لێـوار شـار بەمەبەسـتی بەدەسـت هێنـانی ژیـانێکی ئـارام و خـۆش و نیشـتەجێبوون لە خـانوویەکەی نیشتەجێ بوونی شیاو گونجاوبۆ ژیان ئەم جۆرە کۆچکردنە لەدڵی شارەوە بەرەو لێواری شار جۆرێکە لە کۆچی ئارەزوومەندانە

ب- رۆیشتن بەرەو کارکردن لە بەیانی دا و گەڕانەوە لە ئێواراندا.

ئەم جـۆرە هـاتوچۆکردنە لەشـارە گەورە پیشەسـازیەکان زیـاتر بـوونی هەیە ، بەشـێوەیەک ئەم شـارانە هێنـدە گەورەن لەڕووی ڕووبەرو قەبـارەی دانیشـتوانەوە ژیـان تیایانـدا ئـاڵۆزو جەنجـاڵە لەبەرئەوە بەهـۆی جۆراوجـۆری پیشـەکان لەو شـارانەدا رۆژانە هەزاران کرێکـار بەمەبەسـتە جیاجیاکـان لە شـارەوە ڕوو لەشـوێنی کارکردنیـان دەکەون و دەگەڕێنەوە ، بێگومـان ئەم کرێکـارانە ڕوودەکەنە لێوارو کەنـاری شـار کە چەندین کـارگەی جـۆراو جۆریـان تێدایە یـان ڕوودەکەنە ئەو کـارگەو دامەزراوانەی کە بەدرێژایـی ڕێگاکـانی گواستنەوە و هاتووچۆکردن و ڕووباروهێڵەکانی گواستنەوەی شەمەندەفەر درێژبوونەوە.

**پ / پەیوەندی کارگێڕی و رۆشنبیری و خزمەتگوزاری**

شار ناوەندێکی کارگێڕی و بەڕێوەبردنە بۆ دانیشتوانی ئەوشارو لادێیانەی کە دەوری شارەکەیان داوە ئەم پیشەیە کە ناسراوە بە پیشەی کارگێڕی، بێگومان دانیشتوانی لادێکان و ئەو شارۆچکە بچووکانەی کە دەکەونە سنوری هەرێمی شارەکە ڕۆژانە سەردانی فەرمانگەکانی دەوڵەت دەکەن  بەمەبەستی ڕایکردنی مامەڵەکانیان لە هەمانکاتدا پەیوەندی رۆشنبیریش لەنێوان شاروهەرێمەکەیدا هەیە،ئەمەش وەکو زانکۆو پەیمانگاکان لەگەڵ ئەو نووسینگانەی یان دامەزراوە فێرکاریانەی کە دانیشتوانی نشینگە لادێیەکان و ئەو ناوچانەی دەوری شارەکەیان داوە سودیان لێ وەردەگرن، و لە شاردا چەندین یانە، دامەزراوە، خانەی ڕۆشنبیری هەیە کەخزمەتگوزاری وڕۆشنبیری پێشکەش دەکەن بەشێوەیەک کەدانیشتوانی شارو گوندنشینەکان زۆر جار لەسەر دانەکانیان سەردانی ئەو دامەزراوەو بنکە ڕۆشنبیریانە دەکەن و تیادا کۆدەبنەوە ، وەک ئاشکرایە شاری ڕانیە ناوەندی کارگێڕی قەزای ڕانیەو

---

[1]بروانە : أ: خـالص حسـنى الاشـعب ،اقليم المدينـة (بـين التخطيط الاقليمـى و التنميـة الشـاملة ) بيت الحكمـة ،مطابع التعليم العالى ،الموصل،١٩٨٩ ، ص ١٧٦.

ب- عبدالحكيم ناصر العشاوى، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص١٥٢- ١٥٣.

ئیدارەی راپەڕینە ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی سەرجەم کاروبارە کارگێڕیەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین لەڕانیە ئەنجام بدرێن.[1]

شار ناوەندێکە بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارە ناوخۆییەکان کە هۆکارێکن بۆ ڕاکێشانی گوندنشینەکان و دروستکردنی پردی پەیوەندی کردن لەنێوان گوندنشینەکان و شاردا لەگەڵ ئەوەشدا بوونی پەیوەندی هەرێمی نێوان شارو ئەو ناوچانەی دەوریان داوە لەسەر بنەمای ئەو خزمە تگوزاریە جۆراوجۆرانەی شارەکە پێشکەشی ناوچەکانی دەوربەری دەکات دادەمەزرێن لەوخزمەتگوزار یانەش(زانکۆ، تەندروستی، پەروەردەی، کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانی ....،) بەشێوەیەک هەریەک لەو خزمەتگوزاریانە گرنگی وکاریگەری خۆیان هەیە وێنای پەیوەندیەکانی شارلەگەڵ هەرێمەکەی دەکێشن واتا هەریەک لەو خزمەتگوزاریانە کاریگەریان تاکو چەند ناوچەوگوندوشارۆچکە درێژبێتەوە وپێداویستیەکانی دانیشتوانیان بۆ دابین بکات و پڕ بکاتەوە کاریگەری تا ئەوشوێنە دەڕوات وسنورەکەی لەو شوێنە کۆتایی دێت، [2].

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەبڵێین بۆ دیاریکردنی سنوری هەرێمی شار چەند ڕێگایەکی لەیەکتر جیاواز هەیەکە توێژەران بەکاری دەهێنن، وەک ڕێگای کێومالّی وڕێگای بیرکاری، وە بۆمان دەرکەوت توێژەران ئازادن لەدیاریکردنی سنوری هەرێمی شاردا چ ڕێگاوشێوازێک بەکاردەهێنن، هەروەها بۆمان ڕوون بۆوە شار ناتوانێت دوور لەناوچەکانی دەوروبەری بژی، بەڵکو شار چەندین پەیوەندی دیمۆگرافی ، بازرگانی، کارگێڕی ،ڕۆشنبیری ، پیشەسازی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەرو دوورلە خۆی هەیە کەبونەتە هۆکاری گەشەکردنی شار وبەپێچەوانەوە ، شاریش بۆتە ناوەندێک بۆ خزمەتکردنی گوند و شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری.

[1]صبری فارس الهیتی و صالح فلیح حسن، جغرافیة المدن، المصدر السابق، ص٣٧٨-٣٧٩.

[2]بروانە: أ: مصدر نفسه، ص٣٧٧.

ب: جمال حمدان ،جغرافیة ،المدن، عالم الکتب، الطبعة الثانیة، القاهرة ، ١٩٧٧ ،٣٢٧-٣٢٩.

## باسی دووەم

## دیاریکردنی سنووروکاریگەری هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە

لێرەدا هەوڵـدەدرێ هەمـوو وەزیـفە جیاوازەکـانی شـاری ڕانـیە وەک (کـارگێڕی، تەندروستی ،گواستنەوە، پەروەردە ، خوێندنی باڵا ، بیردۆزی خاڵی پچڕان ، بازرگانی بە هەردوو جۆری بازرگانی تاکوبەکۆ) سنووروشێوە و ئاستی کاریگەری هەرێمە وەزیفیەکەی شـاری ڕانـیە لەسـەر شاروشـارۆچکە وگونـدەکانی دەوروبەری دوور لە شـارەکە دیـاری بکرێت:

**آ: هەرێمی وەزیفەی کارگێڕی شاری ڕانیە:**

ڕۆڵـی وەزیـفەی کـارگێڕی بەیەکێک لەکۆنترین ڕۆڵەکـانی شـاردادەنرێت ویەکێکە لەوەزیـفە گرنـگ وپێویسـتییەکان لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆی شـارو هەرێـمەکەی،(١) لەبەرئەوە وولاتان بوونی وەزیفەی کارگێڕی لەشاردا بەیەکێک لەبنەماکانی ناساندنی شار ناودەبەن(٢). شار خزمەتگوزاری کارگێڕی پێشکەش بەهەرێمەکەی دەکات، لەڕووی کارگێڕیەوە شارەکان پلەبەندیان جیاوازە ،بەجۆرێک سەنتەری پارێزگاکان پلەی کارگێڕیان بەرزترە لەسەنتەری قەزاکان دواتر سەنتەری ناحیەکان دێن،لەبەرئەوە دامەزراوەکارگێڕیەکان بەگوێرەی بەرزی پـلەی کارگێڕییـان دابەش دەبـن، بەشـێوەیەک زۆربەی دامەزراوە گـرنگە کـان دەکەونە سـەنتەری پارێزگاوقەزاکـان، لەبەرئەوە تاشـار پـلەی کـارگێڕی بەرزتـر بێـت کاریـگەرو قورسـایی لەسـەر ناوچەکـانی دەوروبەری زیـاتروفراوانتر دەبێت ، واتە پەیوەنـدی هەرێمـی بەرفراوانتردەبێت وبەپـێچەوانەوە تـاپلەی کـارگێڕی شـار بچـوکتر بێـت کـاریگەری لەسـەر ناوچەکانی دەوروبەری کەمتر دەبێت(٣).

وەزیفەی کارگێڕی لەشاری ڕانیە لەدیارترینی ئەووەزیفانەیە شارەکە پێشکەشـی دانیشـتوان وهەرێـمەکەی دەکـات، بەتـایبەتی لەوکـاتەوەی پـلەی کـارگێڕیەکەی بەرزبـۆوە بۆسـەنتەری کـارگێڕی ئیدارەی ڕاپەڕیـن لەسـاڵی ٢٠١١، سـەبارەت بەکـاریگەری وەزیـفەی کـارگێڕی ڕانـیە لەسـەر ناوچەکـانی دەوروبەری ودوور، لەبەرئەوەی نـاوچەی لێکـۆڵینەوە لەلایەک سەنتەری کارگێڕی قەزای ڕانیەیە لەلایەکی تریشەوە سەنتەری کارگێڕی ئیدارەی ڕاپەڕیـنە (٤) ئەمەش بـۆتە هۆکـاری ئەوەی شـاری ڕانـیە ببێـتە ناوەنـدێک بۆکۆبـونەوەی بەڕێوەبەرایەتیە کارگێڕیەکانی ( تـەندروستی ، پەروەردە، شارەوانی ،کارەبا ، ئاو ،ژینگە ، گەشتوگوزار، خوێندنی باڵا)، بێگومان ئەم فەرمانگە کارگێڕیانە لەشاری ڕانیە وەک ناوەندی کارگێڕی ئیداری ڕاپەڕین گرنگی خۆیان هەیە، گرنگییە کەش لە چەند خاڵێک دایە :

---

(١) فتحى محمد أبوعيانه، جغرافية العمران، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، ١٩٩٦، ص٢٧٥ .

(٢) عبدالله عطوى، جغرافية المدن، المصدر السابق ، ص١٥ .

(٣) محسن عبدالصاحب المظفر و عمر الهاشمى يوسف، جغرافية المدن، المصدر السابق، ص٢٦٣ .

(٤) پاشکۆی ژمارە ( ٦).

١- بەهـۆی بـوونی ئەو دامەزراوە کـارگێڕیە گرنگـانەی پێشـتر ئاماژەمـان پێـدان بـۆتە کارئاسـانیەک بـۆپڕکردنەوەی پێداویسـتیوداواکاریەکانی دانیشـتوانی ئیـدارەی ڕاپەڕیـن کە هەردوو قەزای ڕانیە وپشدەرلە خۆدەگرێت کەژمارەی دانیشتوانەکەی (٣٤٦٧٤١) [1] کەسە لەساڵی٢٠١٦ .

٢- گرنگیەکی تری ئەوەیەکەشاری ڕانیە لەڕووی کارگێڕیەوە توانیویەتی خزمەتگوزاری کارگێڕی پێشکەشی سنووڕێکی فراوان بکات کە پێکدێت لەهەردوو قەزاکانی ڕانیەو پشدەر وەک دوو گەورەترین قەزا لەسنووری پارێزگای سلێمانی کە یانزە ناحیە لەخۆ دەگرێت.


٣- لەڕووی کاروبارەکارگێڕیەکـانەوە بـۆتە کارئاسـانیەک بـۆکەمکردنەوەی پاڵەپەسـتۆ لەسەرشاری سلێمانی. لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسمان کرد دەکریت بڵێین پەیوەندی هەرێمی وەزیفەیکـارگێڕی لەنێـوان شـاری ڕانـیەو هەرێـمە کـارگێڕیەکەدا واوەسـف بکرێـت کە پەیوەندیەکی گرنگ وپێویستە. بەمەبەستی خستنەڕووی کاریگەری وەزیفەی کارگێڕی شاری ڕانـیە لەسـەر ناوچەکـانی دەوروبە ر ودوور لەخـۆی، لەم چوارچێـوەیەدا هەسـتاین بە تەماشاکردنی تۆماری سەرەکی نوسراوەکان کە لەیەکەکارگێڕیە جیاجیاکانی سەر بەئیدارەی ڕاپەڕیـنەوە ئاڕاسـتەی ڕانـیە کـراوە هەروەهـا لەلایەن شـاری ڕانیەشـەوە ئاڕاسـتەی ئەنجـوومەنی وەزیـران ووەزارەتـی نـاوخۆکراوە بـریتیە لە(١٣٩٩) نوسـراو، بەپـێچەوانەوە (٢٢٨٧) نوسـراویش لەئەنجـوومەنی وەزیـران ووەزارەتـی نـاوخۆ ئاڕاسـتەی شـاری ڕانیەکراوە[2]،هەمووئەو نوسراوانە بەمەبەستی پڕکردنەوەو جێبەجێ کردنی داواکاریەکانی دانیشـتوانی هەرێـمە کـارگێڕیەکەی شـاری ڕانـیەن، وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێدا کەهەردوو قەزای ڕانیەو پشدەر بەسەرجەم ناحیەکانیانەوە لەخۆ دەگرێت.

ئەگەر ئاماژەیەک بەسنوری درێژبوونەوەی هەرێمی کارگێڕی شاری ڕانیە بکەین بەسـەرنج دان لەنەخشـەی ژمـارە(١٧) بۆمـان دەردەکەوێـت سـنوورو کـاریگەری وەزیـفەی کـارگێڕی شـارەکە، هەریەک لە ناحیەکـانی (سـەنتەر، سـەرکەپکان ، چوارقـوڕنە، حاجیـاوا، بیتـواتە) لەسـنوری قەزای ڕانـیە لەگەڵ ناحیەکـانی (قەڵادزێ ، سەنگەسـەر، ژاراوە، هەڵشـۆ، هێـرۆ، ئیسـێوە) لەقەزای پشـدەرلەخۆ دەگرێـت ئەمەش ،ئامـاژەیە بـۆئەوەی کە نـاوچەی لێکـۆڵینەوە توانیـویەتی خزمەتگـوزاریە کـارگێڕیەکەی درێـژبێتەوە وبگـاتە هەریەک لـەشـاروشـارۆچکـەکانـی(ڕانیـە، سەرکەپکان، چوارقوڕنە، حاجیاوا، بێتواتە) لەقەزای ڕانیە،

(١)حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،دەستی ئاماری هەرێم بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری ڕانیە،بەشی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین ، ساڵی ٢٠١٦، (داتای بڵاونەکراوە).

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی ناوخۆ، ئیدارەی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦.(داتای بڵاونەکراوە).

## نەخشەی ژمارە ١٧ هەرێمی وەزیفی کارگێڕی شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦)




سەرچاوە:کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلان دانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەڕێوەبەرا یەتی زانیاری ونەخشەسازی سلێمانی ،نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، ساڵی ٢٠١٦.

٢-پاشکۆی ژمارە( ٦ )

لەگەڵ (قەڵادزێ، سەنگەسەر، ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆ ، ئیسیوە) لەقەزای پشدەر،ئەمەش ئەوە دەردەخات کەشاری ڕانیە لەڕووی وەزیفەی کارگێڕیەوە توانیویەتی سنورێکی هەرێمی کارگێڕی بۆ خۆی دروست بکات .سنوری ئەوهەرێمە کارگێڕیە لەباکورەوە درێژ دەبێتەوە تاسنوری پارێزگای هەولێر، لەڕۆژئاواشەوە درێژ دەبێتەوە تاسنوری قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر، هەوەها لەڕۆژهەڵاتیش سنوری هەرێمی کارگێڕی ڕانیە دەگاتە سنوری وولاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دراوسێ ،لەبەشی باشوریشەوە تادەریاچەی دوکان لە سنوری قەزای دوکان درێژدەبێتەوە لەپارێزگای سلێمانی، لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کەبلێین شاری ڕانیە لەڕووی وەزیفەی کارگێڕیەوە توانیویەتی کاریگەری بکاتە سەرشاروشارۆچکەوگوندەکانی دەوروبەری وخزمەتگوزاری کارگێڕیان بۆدابین بکات هەروەها سنورێکی کارگێڕی تایبەت بەخۆی دروست بکات، کە ئەم سنوورە کارگێڕیە بۆتە بنەمایەک و نەخشە ڕێگایەک بۆئەنجامدانی کاری پلان دانان و پەرەپێدان لەناوچەکەدا.

**ب: هەرێمی وەزیفی تەندروستی شاری ڕانیە:-**

**١: هەرێمی وەزیفی تەندروستی بەگوێرەی (نەخۆشخانەی گشتیڕانیە،کێوەڕەش،منداڵبوون و نۆرینگەکانی پزیشکی)**

خزمەتگوزاری تەندروستی بەیەکێک لەپێداویستیەگرنگەکانی کۆمەڵگە دەژمێردرێت، لەبەرئەوە وولاتان گرنگی بەو جۆرە خزمەتگوزاریە دەدەن.[١] خزمەتگوزاری تەندروستی لە دیارترین ئەو خزمەتگوزاریانە یە کەشار پێشکەشی دانیشتوان و هەرێمەکەی دەکات، و پێوەرێکی گرنگە بۆ ژیانی شارو هەرێمەکەی، چونکە پەیوەندی تەواوی بە ژیانی دانیشتوانەوە هەیە بەتایبەت لەوساڵانەی دوایدا ئەمەش بەهۆی خێرایی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان وبلاوبونەوەوسەرهەڵدانی نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان کاریگەری کردۆتە سەر تواناکانی ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە لەشارەکاندا[٢] ئەگەر ئاماژەیەک بەکاریگەری خزمەتگوزای تەندروستی شاری ڕانیە بکەین لەسەر شاروشارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری دوورلە خۆی،دەبینین ڕانیە پاڵپشت بەدامەزراوە تەندروستییە کانی وەک نەخۆشخانەکانی (گشتی ڕانیە، منداڵبوون، کێوەڕەش، لەگەڵ نۆرینگەکانی پزیشکی)

(١) فاطمة قادر مصطفى، الخدمات الصحية في محافظة أربيل بإقليم كردستان العراق (دراسة في جغرافية الخدمات)، اطروحه دكتوراة، كلية الاداب، جامعة القاهرة، ٢٠١٥، ص٣-٤ .

(٢) على لفته سعيد، إيمان عبدالحسين شعلان، تقيم كفاءة الخدمات التعليمية والصحية في مدينة الحيدرية (دراسة في جغرافية المدن)، مجلة البحوث الجغرافية، العدد (١٩) بدون سنة الطبع، ص٣١٩ . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محسن عبد على، رياض كاظم الجميلي، خدمات المدن (دراسة في الجغرافية التنموية)، المؤسسة الحديثة للكتاب، لبنان، ط١، ٢٠٠٩، ص١٢٥-١٣٤.

کەژمارەیـان (٥٧) نـۆرینگەیە وبەسـەر بەشـە جیاجیاکـانی شـارەکە دابەشـبون، نـاوچەی لێکـۆڵینەوە توانیـویەتی خزمەتگـوزاری تەندروسـتی پێشکەشـی دانیشـتوانی شـاری ڕانـیەو ناوچەکانی دەوروبەری بکات،

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دامەزراوە تەندروستیەکانی شاریڕانیە بەهەموجۆرەکانیەوە ڕۆڵیـان هەیـە لـەدرێژبونەوەی سنوری هەرێمی خزمەتگوزاری تەندروسـتی شـاری ڕانیە تـاڕوو بەرێکـی بەرفـراوان ودوور لە شـارەکە [١].لێـرەدا هەوڵ دەدەیـن پاڵپشـت بەژمـارەی ئەونەخۆشانەی لەشاروشارۆچکەو گوندو ناوچە جیاجیاکانەوە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەخزمەتگوزاری تەندروستی سەردانی دامەزراوە تەندروستیە جۆراوجۆرەکانی شارەکە یان کـردووە،بەهەردوو جـۆری حکـومی و ئەهلـی، دەتـوانین سـنوری هەرێمـی خزمەتگـوزاری وەزیـفەی تەندروسـتی لەشـاری ڕانیە دیـاری بکەیـن، کە تـا چ شـارو شـارۆچکەیەک درێـژ دەبێتەوە و لەکوێدا کۆتایی دێت؟

شـــاری ڕانـــیە لەڕێـــگەی خزمەتگـــوزاریە تەندروســـتیە جۆراوجۆرەکـــانی وەک (چارەســـەرکردن ، نەشـــتەرگەری جۆراوجـۆ وپێـدانی دەرمـان وتیشـک ، سۆنەر،پشـکنین شکاندنی بەردی گورچیلەو شوشتنەوەی گورچیلە، ئیکۆی دڵ ..) کە لەڕێگەی ئەو دامەزراوە تەندروسـتیانەی کە لە سـەرەوە ئاماژەمـان پێـدان و بەگـوێرەی شـوێنی نیشـتەجێ بـوونی نەخۆشـەکان (سـەردان کەران)، ئەتـوانین ئەوە بخەینە ڕوو کەوا خزمەتگوزاری تەندروسـتی شـاری ڕانـیە کـاریگەری تەواوی بەسـەر شـارو شـارۆچکەکانی دەوروبەرو دوورلەخـۆی دروست کردووە[٢].

بەسـەرنج دان لەنەخشـەی ژمـارە (١٨) بۆمـان دەردەکەوێـت سـنوری کـاریگەری هەرێمی خزمەتگوزاری تەندروستی ڕانیە پاڵپشت بەژمارەی ئەونەخۆشانەی لەساڵی( ٢٠١٦) سەردانی  نەخۆشخانەکانی(گشتی ڕانیە، منداڵبوون، کێوەڕەش، نۆرینگەکانی پزیشکی) یان لەشاری ڕانیە کردووە، بۆمان دەردەکەوێت کە سنوری کاریگەری هەرێمی خزمەتگوزاری تەندروستی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە قەزای ڕانیە بەهەموو ناحیەکانیەوە وەک ناحیەکانی (ســەنتەر، ســەرکەپکان ، چوارقـوڕنە، حاجیـاوا، بێتـواتە)،هەروەهـا ئاسـتی کـاریگەری ئەم

---

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، بەشی ئامار، ساڵی ٢٠١٦ ،( داتای بڵاونەکراوە).

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، بەشی ئامار، ساڵی ٢٠١٦.،(داتای بڵاونەکراوە).

خزمەتگــوزاریە لەشــاری ڕانــیە دەگــاتە قەزای پشــدەریش بەســەرجەم ناحیەكــانیەوە وەك(ســەنتەر، سەنگەســەر، ژاراوە، هەڵشــۆ، هێــرۆ، ئیســێوە) لەهەمــان كاتــدا كــاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی ڕانیە درێژدەبێتەوە بەئاڕاستەی قەزای دوكان،بەڵام تەنها هەردوو ناحیەكانی بنگرد وخدران دەگرێتەوە.بێگومان ئاستی كاریگەری شاری ڕانیە لەناوچەیەكەوە بۆناوچەیەكی ترجیاوازە،ئەگەر ئاماژەیەك بەئاستی كاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە بكەین،بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە(٢٠( أ ) ) بۆمان دەردەكەوێت كەشاری ڕانیە لەسەر ئاستی نەخۆشخانەكانی گشتی ڕانیە و كێوەڕەش ومنداڵبوون توانیویەتی بەپلەیەكەم زۆرترین خزمەتگوزاری پێشكەشی دانیشتوانی ناحیەكانی سەر بەقەزای ڕانیە بكات بەسەرجەم گوندو شارۆچكەكانیەوە بەجۆرێك نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بەڕێژەی زیاترلە ٦٥٪ومنداڵبوون بەڕێژەی ٦٨٪ هەروەها نەخۆشخانەی كێوەڕەش بەڕێژەی ٧٦٪، هەروەها بەپلەی دووەم شاری ڕانیە توانیویەتی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشكەشی ناحیەیسەنتەربكات لەقەزای پشدەر، بەشێوەیەك نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بەڕێژەی ٩٪ بووە،نەخۆشخانەی منداڵبوون بەڕێژەی زیاترلە١٠٪ هەروەها نەخۆشخانەی كێوەڕەش ٥٪،وكەمترین كاریگەری شاری ڕانیە لەڕووی ئەم خزمەتگوزاریەوە پێشكەشی دانیشتوانی ناحیەكانی (هەڵشۆ، هێرۆ، ئیسێوە) كراوە لە قەزای پشدەر لەسەر ئاستی نەخۆشخانەی گشتی وكێوەڕەش بەڕێژەی زیاتر لە٢٪، بەڵام لەسەر ئاستی نۆرینگەكان وەكو لە خشتەی **ژمارە (٢٠ (ب ) )** بۆمان دەردەكەوێت ڕێژەكان دەگۆڕێن ،بەجۆریك لەسەرئاستی گشت نۆرینگەكـان زۆرتـرین خزمەتگـوزاری پێشكەشـی دانیشـتوانی قەزای ڕانیەكراوە،بەجۆرێـك نۆرینگەی هەناوی بەڕێژەی٦١٪و منداڵان ٧٤٪ ، ئافرەتان ٥٧٪ پێست٦٨٪ ددان١٠٠٪ گورچیلە لە ٥٨ ٪ و كەمتــرین خزمەتگــوزاری ، تەندروســتی لەلایەن نۆرینگەكــانی شــاری ڕانــیە گەیەنـراوەتە ناحیەكـانی(هەڵشۆ،هێرۆ،ئیسـێوە)لەقەزای پشـدەر بەشـێوەیەك لەسـەر ئاسـتی سەرجەم نۆرینگەكان لەهەرسێ ناحیەی ناوبراو ڕێژەكەی لەنێوان (٢٪ - ٣٪) یە، لەڕاستیدا هۆكارەكانی كاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە لەسەر هەریەك لە قەزاكانی (ڕانیە، پشدەر، دوكان ) دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك كەبریتین لەمانەی خوارەوە[1]:

(١) أ-حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، بەشی كارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦ ،(داتای بڵاونەكراوە)..
ب- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەیمنداڵبوون ، بەشی ئاماروپلان، ساڵی ٢٠١٦ ،(داتای بڵاونەكراوە).

١- شــاری ڕانــیه لەڕووی شــوێنی جــوگرافیەوە وەک ناوەنــدێک وایە بۆشاروشــارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری، بەواتـایەکی تـر شـوێنی شـارەکە لاپەڕنیە، بڕوانە نەخشـەی ژمـارە (١٨).


٢- دابین کردنی فریاکەوتنی خێرایی وەک ئۆتۆمۆبێلی فریاکەوتن بۆ حاڵەتی کتوپڕ لەلایەن نەخۆشـخانەی گشـتی ڕانـیەو منـداڵبوون کەدەتوانرێـت بگـاتە سـەرجەم شـارو شـارۆچکەو گوندەکانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین لەهەردوو قەزای ڕانیەو پشدەر.

٣- بوونی دکتۆری پسپۆڕ لەزۆرێک لەبوارەکاندا بەتایبەت نەشتەرگەری وهەناوی.

٤- بوونی هۆڵی نەشتەرگەری گونجاو لەنەخۆشخانەی گشتی ڕانیەو منداڵبوون.

٥- گەیانــدنی نەخۆشـــە کتوپڕەکـــانی دەوروبەری ڕانـــیە بەکـــاتێکی گونجـــاولەڕێگەی نە خۆشخانەکانی گشتی ومنداڵبونی ڕانیە بەرەوشاری سلێمانی، کاتێک نەتوانرا لە نەخۆشەکانی ڕانیە چارەسەر بکرێن.

**نەخشەی ژمارە ١٨ هەرێمی وەزیفی تەندروستی شاری ڕانیە بەگوێرەی نەخۆشخانە حکومیەکان لە ساڵی (٢٠١٦)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، ساڵی ٢٠١٦ ، بەپێوەری، ١: ١٨٥٠٠٠

٢- خشتەی ژمارە(٢٠ ( أ و ب ) )

## خشتەی ژمارە (٢٠) أ شوێنی نیشتەجێبوون وژمارەی نەخۆش کەوتوان لە نەخۆشخانە حکومیەکانی شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦)

| قەزا | ناحیە | نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە | | نەخۆشخانەی کێوەڕەش | | نەخۆشخانەی منداڵبوون | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| ڕانیە | ڕانیە | ٧٠٥٩ | ٤١.٩ | ١٠٨٦ | ٥٠.١ | ٦٨٢٢ | ٤٥,٢ |
| | حاجیاوا | ١٣٤٦ | ٨.٠ | ١٧٣ | ٨.٠ | ١١١٥ | ٧,٤ |
| | چوارقورنە | ١١٧٧ | ٧.٠ | ١٥١ | ٧.٠ | ٩٥٦ | ٦,٤ |
| | سەرکە پکان | ٨٤١ | ٥.٠ | ١٣٥ | ٦ | ٧٣٩ | ٤,٩ |
| | بیتواتە | ٦٠٤ | ٣.٦ | ١٠٨ | ٥.٠ | ٦٣٧ | ٤,٢ |
| پشدەر | قەلادزێ | ١٥١٤ | ٩.٠ | ١٠٨ | ٥.٠ | ١٥٩٣ | ١٠,٦ |
| | سەنگەسەر | ٧٧٣ | ٤.٦ | ٨٦ | ٤.٠ | ١٠٥٠ | ٧ |
| | ژاراوە | ٥٠٤ | ٣.٠ | ٧٧ | ٣.٦ | ٧٩٦ | ٥,٣ |
| | هەلشۆ | ٣٧٠ | ٢.٢ | ٤٣ | ٢.٠ | ---- | ---- |
| | هێرو | ٤٠٤ | ٢.٤ | ٦٥ | ٣.٠ | ---- | ---- |
| | ئیسێوە | ٣٣٦ | ٢.٠ | ٤٣ | ٢.٠ | ---- | ---- |
| دوکان | بنگرد | ١٤٤٦ | ٨.٦ | ٩٤ | ٤.٣ | ٨٩٢ | ٦ |
| | خدران | ٤٥٤ | ٢.٧ | ---- | ---- | ٤٧٨ | ٣.٠ |
| کۆی گشتی | | ١٦٨٢٨ | ١٠٠ | ٢١٦٩ | ١٠٠ | ١٥٠٧٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە:أ-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی،گشتی ڕانیە، بەشی ئامار، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە)

ب-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی، کێوەرەش ، بەشی ئامار، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە)

ج-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نە خۆشخانەی ژنان ومنداڵبوونی ڕانیە ، بەشی ئامار، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە)

## خشتەی ژمارە ٢٠ ب شوێنی نیشتەجێبوون وژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی نۆرینگەکانی شاری ڕانیەیان کردوە لە ساڵی (٢٠١٦)

| قەزا | ناحیە | نۆرینگەی هەناوی | | نۆرینگەی ددان | | نۆرینگەی پێست | | نۆرینگەی ئافرەتان | | نۆرینگەی منداڵان | | نۆرینگەی گورچیلە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| ڕانیە | ڕانیە | ٢٨٨٥ | ٣٦ | ٣٧٣٨ | ٦٦ | ٤٢٨٧ | ٤٤.٠ | ٢٢٦٥ | ٢١ | ٣٠٦٩ | ٤٢ | ٣٦٦٥ | ٣١ |
| | حاجیاوا | ٨٢٢ | ١٠.٣ | ٧٥١ | ١٣.٢ | ٧٧٩ | ٨ | ١٢٩٤ | ١٢ | ٨٠٣ | ١١ | ١١٨٢ | ١٠ |
| | چوارقونە | ٥٦١ | ٧ | ٥٥٣ | ٩.٨ | ٥٨٤ | ٦ | ١٠٧٨ | ١٠ | ٦٥٧ | ٩ | ٩٤٥ | ٨ |
| | سرکەپکان | ٣٤٧ | ٤.٣ | ٣٣٩ | ٦ | ٤٧٢ | ٤.٨ | ٩٧٧ | ٩ | ٣٣٤ | ٤.٦ | ٥٧٩ | ٤.٩ |
| | بیتواتە | ٣١٩ | ٤ | ٢٨٣ | ٥ | ٥٢٩ | ٥.٤ | ٥٣٩ | ٥ | ٥٨٤ | ٨ | ٥٧٤ | ٤.٩ |
| پشدر | قەلادزێ | ٨٦٠ | ١٠.٧ | ---- | --- | ١٣٦٦ | ١٤ | ٨٧٨ | ٢.٨ | ٣٠٥ | ٤.٢ | ١٥٣٦ | ١٣ |
| | سەنگەر | ٤٥٣ | ٥.٧ | ---- | --- | ٣٤٩ | ٣.٦ | ٦٦٨ | ٦.٢ | ٤١٥ | ٥.٧ | ٦١١ | ٥.٢ |
| | ژاراوە | ٢٤٥ | ٣.١ | ---- | --- | ٣٤٢ | ٣.٥ | ٤٣٢ | ٤ | ٢٩٧ | ٤.١ | ٣٧٠ | ٣ |
| | هەڵشۆ | ٢٢٧ | ٢.٨ | ---- | --- | ---- | ---- | ٣٢٣ | ٣ | ---- | --- | ٤٠٨ | ٣.٤٥ |
| | هیرو | ٢٦٣ | ٣.٣ | ---- | --- | ٢٥٣ | ٢.٦ | ٣٢٢ | ٣ | ---- | --- | ٥٥٠ | ٤.٦٥ |
| | ئیسیوە | ١٦٧ | ٢.١ | ---- | --- | ٢٨٦ | ٢.٩ | ٣٠٧ | ٢.٨ | ---- | --- | ٢٣٦ | ٢ |
| دوکان | بنگرد | ٤٨٠ | ٦ | ---- | --- | ٥٠٢ | ٥.٢ | ٨٤٢ | ٧.٨ | ٥٤٢ | ٧.٤ | ٧٠٩ | ٦ |
| | خدران | ٣٧٥ | ٤.٧ | ---- | --- | ---- | ---- | ٨٦٣ | ٨.٠ | ٢٩٢ | ٤ | ٤٥٨ | ٣.٩ |
| کۆی گشتی | | ٨٠٠٤ | ١٠٠ | ٥٦٦٤ | ١٠٠ | ٩٧٤٤ | ١٠٠ | ١٠٧٨٨ | ١٠٠ | ٧٢٩٨ | ١٠٠ | ١١٨٢٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە:حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، تۆماری نۆرینگەکانی تایبەت بە نوسینی ناوو شوێنی نەخۆشەکان، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە).

٦- گرنگی دان بەکەرتی تەندروستی شاری ڕانیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەشێوەی دابینکردنی ستافی پسپۆڕوئامێر وکە لوپەل و پێداویستی پزیشکی جۆراوجۆر، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە شارەکە لەڕووی دیمۆگرافی و ئاوەدانی و ئابووریەوە بەراوورد بە شارۆچکەکانی دەوروبەری گەشکردنی بەخۆیەوە بینیوە .ئەم گەشەکردن وگرنگی پێدانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شاری ڕانیە سەنتەری کارگێڕی ئیدارەی ڕاپەڕینە کەسنورێکی بەرفراوانی لەخۆ گرتووە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەوەی کە حکومەت زیاتر گرنگی بەبواری تەندروستی بدات لەو شارەدا.[1]

٧- گونجاوی ڕێگاکانی گواستنەوەو کەمی نرخی گواستنەوەی سەرنشینەکان بۆ شاری ڕانیە، چونکە هەموو ئەو ناوچانەی چواردەوری شاری ڕانیەیان داوە،دەتوانن بەکاتێکی کەم کەنزیکترین تادوورترین شوێن لەشاری ڕانیە لەنێوان (٢٠-٤٠) خولەک دایە، و بەنرخێکی گونجاو کە لەنێوان (٣-٧) هەزار دینار بگەنە ڕانیە.

٨- پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەشێوەی ژن و ژنخوازی لەنێوان دانیشتوانی ڕانیەو پشدەرو دوکان، بەشیوەیەک کە تەنانەت لەناو شاری ڕانیە خەڵکی بنگردو مەرگەو دۆڵی جافایەتی و پڵنگان و ئاکۆیەتی و... لەگەڕەکێکدا لەدەوری یەکتری گردبوونەتەوە ئەمە لەلایەک ، لەلایەکی ترەوە دکتۆرەکان و کارمەندەکانی تەندروستی نەخۆشخانەکانی ڕانیە زۆربەیان دانیشتوان و خەڵکی ناوچەکەن و دۆستایەتیان هەیە لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە دەوری شاری ڕانیەیان داوە، ئەمەش تاڕادەیەک وای کردوە دکتۆرەکان کارئاسانی بکەن بۆنەخۆش وکەسوکاری نەخۆشەکان بەتایبەت لەکاتی حاڵەتە کتوپڕەکانی وەک جەڵتە وسوتاوی بەجۆرێک بەهۆی ناسیاویەتی وتوندی پەیوەندی کۆمەڵایەتی گرنگی زیاتر بەنەخۆشەکان دەدرێت ،بەتاییەت لەڕووی سەردا نکردنی نەخۆشەکان ومانەوەی چاودێری زیاتر لەگەڵ نەخۆش،بێگومان ئەمانە لەلای خە ڵکی کۆمەڵایەتی گرنگی خۆی هەیە بەراورد بەهەندێک لەو ناوچانەی تری وەک شارە گەورەکانی سلێمانی و هەولێر کەڕێگەیان پێ نادەن[2].

٩- کەمترین کاریگەری شاری ڕانیە لەڕووی دابین کردنی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە بۆ ناحیەکانی هەڵشۆ،هێرۆ، ئیسێوەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆرێک لەنەخۆشەکانی ئەو ناوچانە بەهۆی نزیکیان لەقەڵادزێ،توانیویانە بەکاتێکی کەم ونرخێکی کەم بگەنە قەڵادزێ.

---

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦ ،(زانیاری بڵاونەکراوە).


(٢) ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کەوێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە( ٧ ) خراوەتەروو.

**٢: هەرێمی خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە بەگوێرەی (نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی وسەنتەرەکانی گورچیلە، تیشک ، سۆنەر)**

ئەگەر ئاماژە بە کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە بکەین کەپاڵپشت بە هەریەک لەنەخۆشخانەکانی (کوردستانی ئەهلی. سەنتەرەکانی گورچیلە،تیشک،سۆنەر)، پێشکەشی دانیشتوانی گوندو شاروشارۆچکە جیاوازەکانی کردوە، بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (١٩) بۆمان دەردەکەوێت ئاستی کاریگەری شاری ڕانیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەجۆرێکە کە تا سنورێکی بەرفراوانتر درێژدەبێتەوە، بەشێوەیەک کە هەریەک لەقەزای ڕانیە بەسەرجەم ناحیە کانی وەک (سەنتەر، سەرکەپکان، چوارقوڕنە، حاجیاوا، بێتواتە) دەگرێتەوە لەگەڵ قەزای پشدەر بەتەواوی ناحیەکانی (سەنتەر،سەنگەسەر، ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆ، ئیسێوە) و ناحیەکانی بنگرد، خدران، خەلەکان لەقەزای دوکان، هەروەها ئاستی کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە درێژدەبێتەوە بەرەو شاری کۆیەوناحیەی تەق تەق وئاشتی لەسنوری قەزای کۆیەوشاری شەقڵاوە وناحیەی هیران ونازەنین وبالیسان لەقەزای شەقڵاوە هەروەها ناحیەی وەرتێ لەقەزای ڕەواندوز وە ناحیەی قەسرێ لە قەزای چۆمان.

بێگومان ئاستی کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە لەناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکی ترجیاوازە. بەجۆرێک ڕانیە توانیویەتی بەپلەی یەکەم زۆرترین خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشی دانیشتوانی ناحیەکانی قەزای ڕانیە بکات، چونکە ژمارەی ئەو کەسانەی (نەخۆش) توانیویانە سوود لەخزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە وەربگرن بەشێوەیەکە، نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی بەڕێژەی (٥٢,٣٪) و سەنتەری گورچیلە (٤٠,٥٪) و سەنتەری تیشک (٤٨,٨٪)، وە بەپلەی دووەم توانیویەتی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشی ناحیەی سەنتەری لە قەزای پشدەر بکات، بەجۆرێک نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی بەڕێژەی (١٠,٩٪)، سەنتەری تیشک (١٦٪)،سەنتەری گورچیلە(١٤٪) وکەمترین سوودمەندبووان لەخزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە بریتین لەدانیشتوانی ناحیەی خەلەکان لەقەزای دوکان بەڕێژەی (١٪) بڕوانەخشتەی ژمارە (٢١) ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نەخۆشەکانی ئەو ناحیەیە ڕوو لەشاری سلێمانی و دوکان دەکەن بەهۆی نزیکیان لەوشارانە.

## نەخشەی ژمارە ١٩ هەرێمی وەزیفی تەندروستی شاری ڕانیەبەگوێرەی نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی وسەنتەرەکانی ( گورچیلە ، تیشک، سۆنەر) لە ساڵی( ٢٠١٦)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە دانان،بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای هەولێر ، بەپێوەری ، ١:١٥٠٠٠٠، ساڵی ٢٠٠٩.

٣- خشتەی ژمارە( ٢١ )

**خشتەی ژمارە ٢١ شوێنی نیشتەجێبوون وژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی وسەنتەرەکانی ( گورچیلە، تیشک ،سۆنەر) لە ساڵی( ٢٠١٦)**

| قەزا | ناحیە | نە خوشخانەی کوردستانی ئەهلی | | سەنتەری گورچیلە | | سەنتەری تیشک وسۆنەر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| ڕانیە | (سەنتەر)رانیە | ٤٠٣ | ٢٥.٩ | ١٤٢٠ | ١٧.١ | ٩٧٢ | ٠٢.٢٦ |
| | حاجیاوا | ١٥٥ | ١٠.٠ | ٦٦٤ | ٨.٠ | ٢٢٤ | ٦.٠ |
| | چوارقورنە | ١٢٤ | ٨.٠ | ٥٨١ | ٧.٠ | ١٨٧ | ٥.٠ |
| | سەرکە پکان | ٦٨ | ٤.٤ | ٤١٥ | ٥.٠ | ١٣٧ | ٣.٧ |
| | بێتواتە | ٦٢ | ٤.٠ | ٢٨٥ | ٣.٤ | ١٣٠ | ٣.٥ |
| پشدەر | قەڵادزی | ١٧٠ | ١٠.٩ | ١١٦٢ | ١٤.٠ | ٥٩٨ | ١٦.٠ |
| | سەنگەسەر | ٥١ | ٣.٣ | ٤٩٨ | ٦.٠ | ١٦١ | ٤.٣ |
| | ژاراوە | ٤٦ | ٣.٠ | ٢٩٥ | ٣.٦ | ١١٢ | ٣.٠ |
| | هەلشۆ | ٣٤ | ٢.٢ | ٢٠٤ | ٢.٥ | ٧٤ | ٢.٠ |
| | هێرۆ | ٢٨ | ١.٨ | ٤٩٨ | ٦.٠ | ٧٤ | ٢.٠ |
| | ئیسێوە | ٢٣ | ١.٥ | ٣٠٢ | ٣.٦ | ٣٧ | ١.٠ |
| دوکان | سەنتەر | ٣١ | ٢.٠ | --- | ---- | --- | ---- |
| | بنگرد | ٨٥ | ٥.٥ | ٥٢٠ | ٦.٣ | ٢٥٤ | ٦.٨ |
| | خدران | ٣٧ | ٢ | ٢٦٣ | ٣.٢ | ١٤٩ | ٤.٠ |
| | خەلەکان | ٢٥ | ١.٦ | ٨٣ | ١.٠ | -- | --- |
| کۆیە | سەنتەر | ٥٦ | ٣.٦ | ٣٣٢ | ٤.٠ | --- | --- |
| | تەق تەق | --- | --- | ١٦٦ | ٢.٠ | --- | |
| | ئاشتی | --- | --- | ٨٣ | ١ | --- | --- |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەواندوز | وەرتێ | ٤٦ | ٣.٠ | ٣٦٢ | ٤.٤ | ١٢٢ | ٣.٣ |
| شەقڵاو | سەنتەر | ٣١ | ٢ | --- | --- | ١٥٧ | ٤ |
| | باليسان | --- | --- | --- | --- | ٩٤ | ٢.٥ |
| | هيران | ٣٦ | ٢.٣ | --- | --- | ١٥٧ | ٤ |
| چۆمان | قسرێ | ٤٦ | ٣.٠ | ٢٣٥ | ٢.٩ | ١٠٢ | ٢.٧ |
| کۆی گشتی | | ١٥٥٧ | ١٠٠ | ٨٢٨٥ | ١٠٠ | ٣٧٤١ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر: بەپشت بەستن بە :

أ-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە).

ب-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری تیشک و سۆنەر، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە).

ج-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری گورچیلەی دەستکرد، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦(داتای بڵاونەکراوە).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەدرێژبوونەوەی کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە تا سنورێکی بەرفراوانتر پاڵپشت بەنەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی و سەنتەری گورچیلەو سەنتەری تیشک و سۆنەر دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک:

١- نەبوونی نەخۆشخانەی ئەهلی سەنتەری گورچیلە لەقەزاکانی پشدەر،دوکان ،کۆیە، شەقڵاوە کەدەوری شاری ڕانیەیان داوە،یەکێکە لەوهۆکارە سەرەکیانەی وایکردوە خەڵکی ئەو قەزایانەی ئاماژەمان پێدان سەردانی نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی وسەنتەرەکانی گورچیلە ، تیشک ،سۆنەر) بکەن لەشاری ڕانیە.

٢- بوونی ستافی پێویست لەنەخۆشخانەکان وسەنتەرەکان ،بەتایبەت لەبواری نەشتەرگەری کەزۆربەی نەشتەرگەریەکان لەو نەخۆشخانەیە لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە ئەنجام دەدرێت.

٣- بوونی ئامێروپێداویستی پزیشکی پێویست لەسەنتەرەکان ونەخۆشخانەی کوردستانی ئاهلی، وەک ئامێری (CT scan ،MRI)و ئامێری شکاندنی بەردی گورچیلەو...).

٤- وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا وەک لە نەخشەی ژمارە(١٩)دیارە نزیکی و سەنتەریەتی شاری ڕانیە لەو شارو شارۆچکانەی کەدەکەونە قەزای پشدەرو دوکان و کۆیەو شەقڵاوە کە دەوری شاری ڕانیەیان داوە، لەو بارەیەوە ڕۆڵیان هەیە[١].

٥- گرنگی دان وچاودێری کردنێکی گونجاو بە نەخۆشەکان لەسەنتەری گورچیلەی ڕانیە بەراورد بەشاری هەولێرو سلێمانی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە شارە گەورەکانی وەک هەولێرو سلێمانی بەهۆی زۆری نەخۆش وقەرەباڵغی دەرفەتی کەمتر هەیە بۆگرنگی دانی زیاتربە نەخۆش، بەڵام وەک نەخۆشەکان ئاماژەیان پێ دا لەسەنتەری گورچیلەی ڕانیە بەهۆی ئەوەی نەخۆشەکان کەمترن، کارمەندانی تەندروستی زیاتر ئاگادارمان دەبن، هەروەها پاک و خاوێنی سەنتەرەکان و بوونی ئامێری پێویست بەهەمان شێوەی شارە گەورەکان هۆکارێکی ترە کەبۆتە هۆی ئەوەی دانیشتوانی ئەو شاروناوچانەی کەدەکەونە نێوان ڕانیەو هەولێر یان ڕانیەو سلێمانی ڕوو لەشاری ڕانیە بکەن[٢]. ئەمە جگە لەوەی کەپەیوەندی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک ڕۆڵی هەبووە ،چونکە دانیشتوانی ناوچەی کۆیە،شەقڵاوە، دوکان، پشدەر ژن وژنخوازی وخزمایەتیان لەگەڵ دانیشتوانی ڕانیە دا هەیە، ئەمەش جۆرێک لەکارئاسانی بۆ نەخۆشەکان کردووە لەڕووی چاودێری کردن و ئاگادار بوون ومانەوەی کاتی زیاتری نەخۆش لەنەخۆشخانەکە ئەمەش یارمەتی دەری نەخۆش بووە لە کەمکردنەوەی خەرجی و تێچوون.

---

(١) بڕوانە: أ-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).

ب-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری تیشک و سۆنەر، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).

ج-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری گورچیلەی دەستکرد، بەشی کارگێڕی، ساڵی، ٢٠١٦ ،(زانیاری بڵاونەکراوە).

(٢) أ-چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئامینە مستەفا حسن)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.

ب- چاوپێکەوتن لەگەڵ (علی محمد حسین)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.

ج-چاوپێکەوتن لەگەڵ (إسماعیل عبدالله حسن)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.

د-چاوپێکەوتن لەگەڵ (ابراهیم مجید محمد)، نەخۆش لەسەنتەری گورچیلە، لە ٢٠١٦/١١/١٥.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کاریگەری خزمەتگوزاری تەندروستی شاری ڕانیە ناگاتە ناحیەکانی پیرەمەگرون ، سورداش، ماوەت و شـاری دوکـان و چەند شارو شارۆچکەیەکی تر،

کەنزیکن لەسنوری شاری هەولێرو سلێمانی، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک[1]:

١- یەکێک لەکاریگەرترین هۆکار لەو بارەیەوە بریتیە لە هۆکاری دووری (مسافە)ی نێوان ئەو شارانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان لەشاری ڕانیە،ئەمەش بۆتە هۆکارێک کەخەڵکی ئەو ناوچانە کاتێکی زۆریان پێویست بێت و ماوەیەکی زۆر ببڕن تابگەنە شاری ڕانیە کە لەنێوان( ٣٦-٦٥ ) کم دایە.

٢- کاریگەری بەرزو نزمی هۆکارێکی ترە،چونکە بوونی زنجیرە شاخەکانی وەک (کۆسرەت، سالارە، چیای پیرەمەگرون، دابان، قەرەسرد، سورداش و...) بۆتە هۆکاری دابڕانی شاری ڕانیە لە شارۆچکەکانی (دوکان وسورداش وماوەت وپیرەمەگرون)وە دروست کردنی جۆرێک لە ئاڵۆزی گیروگرفت لەپەیوەندی کردن لەنێوان شاری ڕانیەو ئەو ناوچانە، بەتایبەت لەوەرزە ساردو بەفراویەکاندا (زۆربەی کات ڕێگاکان دەگیرێن).

٣- لەهۆکارە سەرەکی و کاریگەرەکانی تر کەخەڵکی ئەو شارو شارۆچکانەی کەباسمان کردن سەردانی شاری ڕانیە ناکەن دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیان لەشاری سلێمانی بۆ نمونە شاری دوکان نزیکترە لەسلێمانی تاکو شاری ڕانیە، هەروەها پیرەمەگرون و خەلەکان نزیکن لەسلێمانی ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە دانیشتوانی ئەو شارۆچکانە ئەتوانن خزمەتگوزاری تەندروستی باشترو پێشکەوتووتر لەشاری سلێمانی وهەولێر وەربگرن بەراوورد بە شاری ڕانیە، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی نزیکی سلێمانی لەو شارو شارۆچکانە ئەتوانرێت باشتر چاودێری نەخۆشەکانیان بکەن و تێچوونی ئابووریشیان کەمتر دەوێت لەکاتی هاتوچۆکردن

---

(١) بڕوانە: أ-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، نەخۆشخانەی کوردستانی ئەهلی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦(زانیاری بڵاونەکراوە).

ب-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری گورچیلەی دەستکرد، بەشی کارگێڕی، بەشی ئامارو پلان دانان، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).

ج-حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، سەنتەری تیشک و سۆنەر، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).

بۆ لای نەخۆشەکانیان بەپێچەوانەوە لەشاری ڕانیە کاتی زۆرو تێچوونی زۆرتریان دەوێت بەهۆی دووری ڕانیە لەوشارو شارۆچکانە.

٤- بێگومان پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوبوونی دانیشتوانی دوکان و پیرەمەگرون وخەلەکان و ..... کەدەکەونە نێوان شاری ڕانیەو سلێمانی، پەیوەندیان لەگەڵ دانیشتوانی سلێمانی زیاترە، ئەمەش بێگومان هاوشانی هۆکارەکانی تر تاڕادەیەک کاریگەری هەیە لەوەی کە دانیشتوانی ئەو شاروشارۆچکانە ڕوو لەشاری سلێمانی بکەن.

٥- بەرزی ئەوخزمەتگوزاریە تەندروستیانەی کە شاری سلێمانی پێشکەشی نەخۆشەکانی دەکات بەراوورد بە شاری ڕانیە، بۆنمونە قەستەری دڵ ، نەشتەرگەری دڵ . سوتان ، نەخۆشیە دەروونیەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەڕاکێشانی دانیشتوانی ئەو شارانەی کەدەکەونە نێوان شاری ڕانیەو سلێمانی یان ڕانیەو هەولێر،کەواتە لێرەدا شاری ڕانیە ڕووبەڕووی پێشبڕکێی سلێمانی و هەولێر دەبێتەوە، لەبەر ئەوە ناتوانێت دانیشتوانی ئەو شارو شارۆچکانە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و خزمەتیان بکات، کە لەشاری سلێمانی و هەولێرەوە نزیکن(١)

**پ:هەرێمی وەزیفی گواستنەوەی شاری ڕانیە**

ڕێگاکانی گواستنەوەو هاتووچۆ ڕۆڵێکی وەزیفی گرنگ دەبینن لەناوخۆی شاردا، لەهەمان کاتدا دەورێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە لەبەستنەوەی بەشە جیاجیاکانی هەرێمەکەی بەشارەوە، هەروەها، ڕێگاکانی گواستنەوە گرنگی بەرچاویان لەبەهێزکردنی پەیوەندیەکانی شار لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەردا هەیە و گەشەکردنی چالاکیە جۆراوجۆرەکانی بازرگانی، پیشەسازی..... خزمەتگوزاریەکان لەسەر ئاستی ناوخۆو پەیوەندیە هەرێمیەکەی شاردا(٢).

ئەگەر ئاماژەیەک بەکاریگەری و پەیوەندیەکانی شاری ڕانیە لەگەڵ شارو شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری بکەین، وەک لەناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لەبەشی یەکەم دەرکەوت ،ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕێگەی تۆڕەکانی گواستنەوەو هاتووچۆ بەستراوەتەوە بەچەندین شارو شارۆچکە وگوندەکانی دەوروبەری ودوور لەخۆی، بێگومان بەستنەوە

---

(١)ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە(٧) خراوەتەروو.


(٢) صلاح حميد الجنابي، جغرافية الحضر أسس وتطبيقات، المصدر السابق ، ص٢٥١.

ڕانیه لەڕێگەی ئەم تۆڕە بەرفراوانە لەڕێگاوبانەکان بۆتە هۆکاری دروست کردنی پەیوەندیەکی هەرێمی بەفراوانی شاری ڕانیە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری.

هەرلەم چوارچێوەیەدا سەبارەت بەدیاریکردنی هەرێمی وەزیفەی گواستنەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەتێبینی کردن لەنەخشەی ژمارە(٢٠) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پەیوەندی وکاریگەری شاری ڕانیە لەڕووی دابین کردن وپێشکەش کردنی خزمەتگوزاری گواستنەوەو گەیاندن بە دانیشتوانی شاروشارۆچکەکانی دەوروبەری شارەکە دەگاتە هەریەک لەناحیەکانی (سەرکەپکان،چوارقورنە،حاجیاوا،بێتواتە)لەقەزای ڕانیەوشارۆچکەکانی (قەڵادزێ، سەنگەسەر، ژاراوە) لە قەزای پشدەر، لەگەڵ هەریەکە لە شارۆچکەکانی ( دوکان، بنگرد، خدران، خەلەکان ، سوداش، پیرەمەگرون) لەقەزای دوکان، هەروەها کاریگەری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە شاری کۆیە و ناحیەکانی (هیران ونازەنین حاجی ئۆمەران، بالیسان، وەرتێ ،چۆمان، قسرێ، قوشتەپە ،شۆڕش) لەپارێزگای هەولێر،لەهەمان کاتدا ڕانیە پەیوەندیەکی بەرفراوانی لەگەڵ شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق هەیە وەک شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک) .

بێگومان ڕانیە لەڕێگای گواستنەوەی ووشکانی وپاڵپشت بە گواستنەوەی (تاکسی وپاس) توانیویەتی خزمەتگوزاری گواستنەوەوگەیاندن پێشکەشی دانیشتوانی ئەو شاروشارۆچکانە بکات کەلە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان.

**نەخشەی ژمارە ٢٠ هەرێمی وەزیفی گواستنەوەی شاری ڕانیە بەگوێرەی گواستنەوەی(تاکسی وپاس) لەساڵی(٢٠١٦)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،بەڕێوەبەرایەتی زانیاری ونەخشەسازی سلێمانی(Gis)بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی،بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠،٢٠١٠

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە دانان،بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای هەولێر ، بەپێوەری ، ١:١٥٠٠٠ ، ساڵی ٢٠٠٩.

٣- خشتەی ژمارە( ٢٢ (أوب) )

٤- هاشم یاسین حمدامین حداد وئەوانی تر،ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عیراق،عێراق جیهان،هەولێر، ٢٠٠٩ .

ئەگەر تیشک بخەینە سەر هەرێمی وەزیفەی گواستنەوە شاری ڕانیە، بەسەرنج دان لەنەخشەیژمارە(٢٠) پێشوو بۆمان دەردەکەوێت سنوری هەرێمی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەباکورە وە درێژدەبێتەوە تا شارەکانی (حاجی ئۆمەران، وەرتێ )، بەڵام لەباشورەوە سنوری هەرێمی گواستنەوەی شارەکە دەگاتە شاری سلێمانی، لەڕۆژهەڵاتیشەوە سنوری هەرێمەکە لەشاری قەڵادزێ و وولاتی ئێرانی دراوسێ کۆتایی دێت، لەڕۆژئاواشەوە هەریەک لەشارەکانی هەولێر،کەرکوک دوا خاڵی کاریگەری سنوری هەرێمی گواستنەوەی ڕانیە یە .ئەگەر ئاماژەیەک بەپلەی کاریگەری شاری ڕانیە بکەین لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری، بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٢٢) بۆمان دەردەکەوێت پلەو ئاستی کاریگەرییەکەی لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، بەجۆرێک کاریگەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕوانگەی خزمەتگوزاری گواستنەوە و گەیاندن لەسەر هەندێ ناوچە زۆرە، لەبەرامبەردا لەسەر هەندێک شارو شارۆچکە کەمترە، بۆ نمونە شاری ڕانیە زۆرترین خزمەتگوزاری گواستنەوەی لەبواری گواستنەوەی تاکسی پێشکەشی ناحیەکانی( قەڵادزێ ، سەنگەسەر ، ژاراوە)لەقەزای پشدەربەڕێژەی نزیکەی(٣٣٪)وکەمترین کاریگەریشی گەیشتۆتە شارۆچکەی شەقڵاوە بەڕێژەی نزیکەی (٣٪).

**خشتەی ژمارە ٢٢ هەرێمی وەزیفی گواستنەوەی شاری ڕانیە بەگوێرەی (تاکسی وپاس)*لە ساڵی(٢٠١٦)**

| قەزا | ناحیە | ژمارەی سەرنشین تاکسی | ٪ |
|---|---|---|---|
| پشدەر | قەڵادزی | ٣١٦٨٠ | ١٢.٨ |
| | سەنگەسەر | ٢٥٩٢١ | ١٠.٥ |
| | ژاراوە | ٢٣٠٤٢ | ٩.٣ |
| دوکان | بنگرد | ١٤٤٥٢ | ٥.٩ |
| | ** خدران | ٠ | ٠.٠ |
| | **خەلەکان | ٠ | ٠.٠ |
| | **پیرەمەگرون،سورداش | ٠ | ٠.٠ |
| | **دوکان | ٠ | ٠.٠ |
| کۆیە | شاری کۆیە | ١٧٢٨٠ | ٧.٠ |
| شەقڵاوە | شەقڵاوە | ٧٢٢٠ | ٢.٨ |
| | هیران، بالیسان | ٨٦٤٧ | ٣.٥ |
| ڕەواندوز | وەرتی،قەسرێ | ١٧٢٨٥ | ٧.٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| چۆمان | حاجی ئۆمەران،چۆمان | ٢١٦٢٢ | ٨.٨ |
| هەولێر | شاری هەولیر، قوشتەپە | ٢٨٨٩٢ | ١١.٧ |
| سلێمانی | شاری سلێمانی | ٣٦٥٠٠ | ١٤.٨ |
| کرکوک | کەرکوک | ١٤٤٥١ | ٥.٩ |
| کوی گشتی | | ٢٤٦٩٩٢ | ١٠٠.٠ |

| قەزا | ناحیە | ژمارەی سەرنشین پاس | % |
|---|---|---|---|
| ڕانیە | ***(سەنتەر)رانیە | ٠ | ٠ |
| | حاجیاوا<br>چوارقورنە | ١٦٢٥٢٠ | ٢٧.٧ |
| | سەرکە پکان | ٥٤٣٥٣ | ٩.٣ |
| | بێتواتە | ٧٠٤٣٢ | ١٢.٠ |
| | بوسکێن | ١١٥٧٠ | ٢.٠ |
| پشدەر | قەڵادزی<br>سەنگەسەر<br>ژاراوە | ٨١٥٢٠ | ١٣.٩ |
| هەولێر | شاری هەولێر | ٧٠٢٠٤ | ١٢.٠ |
| سلێمانی | شاری سلێمانی | ١٣٥٢٥٥ | ٢٣.١ |
| کوی گشتی | | ٥٨٥٨٥٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەو گەیاندنی ڕاپەڕین، بەشی ئامار و پلان دانان، ساڵی ٢٠١٦ .

* هەمان ژمارەی سەرنشین کەبەتاکسی وپاس لەڕانیە وەرۆیشتونەتە دەرەوەی شارەکە گەڕاونەتەوە شاری ڕانیە، چونکەبەپێی یاسای گەراجەکان ئەوئوتۆمبێلانەی کەبەیانیان لەگەراجەوەدەردەچن بوشاروشارۆچکەکانی دەوروبەری رانیە دەبێت لەکاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆتائێوارە بگەڕێنەوە ڕانیە.

** ئەم شارۆچکانە لەگەڵ سلێمانی هەژمارکراون،چونکە دەکەونە سەرڕێگای ڕانیە سلێمانی. ***ناحیەی ڕانیە (سەنتەر) وبۆسکێن پێکەوە هەژمارکراوە.

هەروەها بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٢٢) بۆمان دەردەکەوێت شاری ڕانیە پاڵپشت بە گواستنەوەی پاس توانیویەتی زۆرترین خزمەتگوزاری گواستنەوە پێشکەشی دانیشتوانی شار و شارۆچکەکانی قەزای ڕانیە بکات بەڕێژەی (٥١٪) وکەمترین خزمەتگوزاری گواستنەوەی پاسی پێشکەشی دانیشتوانی شاری هەولێر کردوە بەڕێژەی (١٢٪)،ئەمەش بۆتە هۆی دروست کردنی دووجۆر هەرێمی گواستنەوە بۆڕانیە، هەریمی گواستنەوەی چڕ وهەرێمی گواستنەوەی فراوان، هەربۆیە بەتێبینی کردن لەنەخشەی ژمارە(٢٠) پێشوو بۆمان دەردەکەوێت کە هەرێمی چڕ هەریەک لەشارەکانی (حاجیاوا، چوارقوڕنە، سەرکەپکان، قەلادزێ، ژاراوە، سەنگەسەر ،بنگرد)

دەگریتەوە، چونکەپێشتر ئاماژەمان پێدا ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی زۆرترین خزمەتگوزاری گواستنەوەبۆ دانیشتوانی ئەوشارۆچکانە دابین بکات. هەروەها شاری ڕانیە توانیویەتی کاریگەری خزمەتگوزاری گواستنەوە بگەیەنێتە چەندین شارو شارۆچکەو ناوچەی دوورلەخۆی، ئەمەش بۆتەهۆی دروست کردنی هەرێمێکی بەفراوان کەچەندین شارو شارۆچکەی جیاوازلەخۆ دەگرێت کەبریتین لەشارەکانی (سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، کۆیە، ڕەواندز،حاجی ئۆمەران ،سۆران ،هیران و نازەنین ، دوکان، کەسنەزان، قەسرێ، وەرتێ، چۆمان، پیرەمەگرون، سورداش، خدران، خەلەکان، بنگرد). لێرەوە دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بەڕێگاکانی گواستنەوە وهاتوچۆ وەک یەکێک لەوەزیفە گرنگەکانی شارەکە توانیویەتی پەیوەندیەکی بەرفراوانی هەرێمی لەبواری گواستنەوە لەگەڵ ناوچەدورنزیکەکانی دەوروبەری دروست بکات وخزمەتگوزاریگواستنە وەیان بۆدابین بکات.

لەڕاستیدا زۆرترین کاریگەری وپەیوەندی شاری ڕانیە لەگەڵ ئەو شار و شارۆچکانەیە کەڕاستەوخۆدەکەونە چواردەوری شارەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک[1]:

١- دانیشتوانی ئەو شارو شارۆچکەو گوندانەی دەوروبەری ڕانیە بۆ دابین کردن و پڕکردنەوەی پێویستیەکانیان لەکڕین کەلوپەل هەروەها ئەنجام دانی کاروبارەکارگێڕی وبازرگانی وپەیوەندی کۆمەلایەتی وبۆنەکان ڕۆژانە بەردەوام دانیشتوانی ئەوشارۆچکانە

(١)**أ**:حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەو گەیاندنی ڕاپەڕین، بەشی ئامار و پلان دانان، ساڵی ٢٠١٦ ،(داتای بڵاونەکراوە).
ب: ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە(٨) خراوەتەروو.

جارێک یان زیاتر سەردانی شاری ڕانیە دەکەن بۆئەم مەبەستە ڕێگاکانی گواستنەوەی پاس وتاکسی بەکاردەهێنن.

٢- نزیکی ئەوشارو شارۆچکانە لەشاری ڕانیە، بەجۆرێک دووریان لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەنێوان (١-١٧)کم دایە،ئەمە جگە لەوەی کە نرخی گواستنەوە لەنێوان ئەم شارانەو شاری ڕانیە لەنێوان (١-٤) هەزار دینار دایە، ئەمە یارمەتی ئەوەی داوە کە دانیشتوانی ئەو شارو شارۆچکەو گوندە نزیکانە بەکاتێکی کەم و نرخێکی کەم ڕۆژانە بێنە شاری ڕانیە.

٣- پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەک ئامادەبون لە بۆنەکانی وەک ئاهەنگ و پرسە وبۆنە نەتەوەیی و ئاینیەکان ...... لەنێوان شاری ڕانیە ودانیشتوانی شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری ڕانیە کاریگەری هەبووە لەسەر هاتووچۆکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی دەوری شارەکەیان داوە.

٤- تاڕادەیەک ڕێگاکانی گواستنەوە لەنێوان شاری ڕانیە وشارۆچکەکانی دەوروبەری گونجاوە لەڕووی قیرتاوکردن وبەستنەوە یان بەیەکتری ،هەروەها زاڵبوون بەسەر بەربەستی سروشتی زێی بچوک کەتوانراوە ناحیەی بنگرد لەقەزای دوکان بەهۆی پردەوە ببەسترێتەوە بەشاری ڕانیە، ئەمەش یارمەتی دانیشتوانی ناحیەی بنگرد ودۆڵی جافایەتی داوە پەیوەندیەکی بەردەوامیان لەگەڵ شاری ڕانیە هەبێت هەروەها بۆدابینکردنی پێداویستی وڕاپەڕاندنی کاروبارە کانیان ڕوو لەڕانیە بکەن. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بەڕێگاکانی گواستنەوە وهاتووچۆ وەک یەکێک لەوەزیفەگرنگەکانی شارەکە توانیویەتی پەیوەندیەکی بەرفراوانی هەرێمی لەگەڵ ناوچە دوور ونزیکەکانی دەوروبەری دروست بکات و خزمەتگوزاری گواستنەوە یان بۆ دابین بکات. لێرەدا پێویست ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لاوازی پەیوەندی شاری ڕانیە لەگەڵ شارو شارۆچکە دوورەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک [1]:

١- گرنگترین وکاریگەرترین هۆکار بریتیە لەدووری واتە دووری هەریەک لە شارەکانی سلێمانی،هەولێر،کەرکوک،حاجی ئۆمەران لەشاری ڕانیە کەدووریان لەنێوان(٤٠-١٦٥)کم دایە.

٢- بەرزی نرخی گواستنەوەی سەرنشینەکان بۆشارە دورەکانی ،وەک سلێمانی ،هەولێر،کەرکوک کە لەنێوان (١٠-١٥) هەزار دینار دایە، بۆیە دانیشتوان بۆ کارێکی گرنگ نەبێت، ناتوانن سەردانی ئەو شارە دوورانە بکەن.

---

(١) أ-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(داتای بڵاونەکراوە).

ب-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوەو گەیاندنی ڕاپەڕین، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦.،(داتای بڵاونەکراوە).

٣- لەڕووی کارگێڕیەوە شاری ڕانیە سەر بەپارێزگای سلێمانیە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە دانیشتوانی شاری ڕانیە زیاتر پەیوەندیەکانی لەگەڵ شاری سلێمانی هەبێت، بەتایبەت بۆ کاروبارە کارگێڕییەکان، ئەمەش وای کردووە کەمتر پەیوەندیان بەشارەکانی هەولێروکەرکوک... هەبێت.

**ت : هەرێمی وەزیفی فێرکاری شاری ڕانیە**

وەزیفەی فێرکاری یەکێکە لەکۆڵەکە بنچینەیەکان بۆهێنانەدی پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، وگرنگترین هۆکاریشە بۆ بەردەوام بوونی پەرەپێدان، هەروەها ئەم خزمەتگوزاریە کلیلێکە بۆکردنەوەی دەرگاکانی پەرەپێدان لەهەمان کاتدا خزمەتگوزاری پەروەردەیی یەکێکە لە خزمەتگوزاریە گرنگ وکاریگەرەکان لەشاری ڕانیە، چونکە پەیوەندی گرنگی بەژیان و پێشکەوتن وگەشەکردنی کۆمەڵگەی شارەکەوە هەیە، ئەم خزمەتگوزاریەش لەناوچەی لێکۆڵینەوە شان بەشانی خزمەتگوزاریەکانی تر توانیویەتی خزمەتی دانیشتوانی شاری ڕانیەو شارو شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری بکات[1]. سەبارەت بەدامەزراوە فێرکاریەکانی ڕانیە لە (زانکۆ، پەیمانگاکان، ئامادەیی پیشەسازی، خوێندنگەکانی ئامادەیی، بنەڕەتی، باخچەی ساوایان)، پێکدێن ، بێگومان بوونی ئەم دامەزراوە فیرکاریە جۆراوجۆرانە ئاماژەیە بۆگەشەکردنی بواری پەروەردەوخوێندنی باڵا لەشارەکەدا، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی شاری ڕانیە بتوانێ کاریگەری پێ بکاتە سەرناوچە جیاجیاکان وخزمەتی دانیشتوانی ڕانیەوئەوشارۆچکە وگوندانەی پێ بکات کەنزیکن یان دوورن لەناوچەی لێکۆڵینەوە،وەک لەخوارەوە بەگوێرەی جۆری دامەزراوە پەروەردەیەکان هەوڵ دەدەین کاریگەری شاری ڕانیە لە سەرناوچەکانی دەوروبەری ڕوون بکە ینەوە .

سەبارەت بەخوێندنگەکان شاری ڕانیە توانیویەتی تەنها پێداویستی پەروەردەیی بۆ دانیشتوانەکەی خۆی دابین بکات واتا نەیتوانیوە کاریگەری بکاتە سەر ناوچەکانی دەوروبەری، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆدابین کردنی خوێندنگەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بۆ شاروشارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری ڕانیە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئەو گوندانەی کەخوێندنگەی وەک ئامادەیان لێ نیە زیاتر ڕوودەکەنە سەنتەری ناحیەکان بەهۆی نزیکیان لە گوندەکانیان.

---

(١) حسين محمد عيدان، الخدمات التعليمية في (مدينة رانيه) محافظة السليمانية- العراق، دراسة جغرافية، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة المنصورة، القاهرة، ٢٠١٥، ص٢-٣.

**١: هەرێمی وەزیفی فێرکاری شاری ڕانیە بەگوێرەی پەیمانگا(حکومی وئەهلیەکان):**

ئەگەر ئاماژەیەک بەهەرێمی خزمەتگوزاری پەروەردەی شاری ڕانیە بکەین لەڕێگەی ئەو خزمەتگوزاریە پەروەردەیەی کە شارەکە پاڵپشت بەهەریەک لەپەیمانگاکانی (هونەرە جوانەکان، کۆمپیوتەر،وەرزش،خوێندنی ئیسلامی، کۆمپیوتەری‌ڕاپەڕینی ئەهلی، کۆمپیوتەری ڕانیەی ئەهلی ، خوێندنی ئیسلامی ئێواران، ئامادەیی پیشەسازی‌ڕانیە)پێشکەشی شاری ڕانیەو ناوچەکانی دەورو بەری‌دەکات. بۆمان دەردەکەوێت کاریگەری شاری ڕانیە لەڕووی خزمەتگوزاری فێرکاری دەگاتە هەریەک لەشارۆچکەکانی (ڕانیە،حاجیاوا، چوارقوڕنە، سەرکەپکان ،بێتواتە) لەقەزای ڕانیە، هەروەها شارۆچکەکانی (قەڵادزێ، سەنگەسەر، ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆ، ئیسێوە) لەقەزای پشدەر، هەروەها سنوری کاریگەری هەرێمی وەزیفەی پەروەردەی ناوچەی لیکۆڵینەوە درێژدەبێتەوە بەرەو شاروشارۆچکە دوورەکانی ( دوکان ، بنگرد ، خەلەکان، سورداش ، خدران ، پیرەمە گرون ) لەقەزای دوکان لەگەڵ هەریەک لەناحیەکانی (بالیسان، هیران) لەقەزای شەقڵاوە وناحیەی قسری لەقەزای چۆمان لەهەمان کاتدا کاریگەری شاری ڕانیە گەیشتۆتە ناحیەی سکتان لەقەزای کۆیە، چونکە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی ئاماژەمان پێ دان بۆخوێندن سوودیان لەپەیما نگاکانی ڕانیە وەرگرتووە وهاتوونەتە شارەکە بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢١).


لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت شاری ڕانیە بەهۆی گەشەکردنی بواری فێرکاری و بوونی چەند پەیمانگایەکی جۆراوجۆر بەهەردوو جۆری حکومی وناحکومی توانیویەتی خزمەتگوزاری پەروەردەیی وەک یەکێک لەخزمەتگوزاریە پێوویست و گرنگەکان پێشکەشی دانیشتوانی شارو شارۆچکە وگوندەکانی دەوروبەری ودوور لەخۆی بکات، بەواتایەکی تردانیشتوانی شارۆچکە جیاوازەکان توانیویانە بێنە شاری ڕانیەو لەدامەزراوە پەروەردەیە جیاوازەکانی ئەو شارە بخوینن وسوود وەربگرن.

سەبارەت بەپلەوئاستی کاریگەری شاری ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری لە شوێنێکەوە بۆ شوینێکی تر جیاوازە، ئەگەر سەرنج بدەینە خشتەی ژمارە **(٢٣ ( أ ) )** بۆمان دەردەکەوێت شاری ڕانیە توانیویەتی لەسەرئاستی پەیمانگا حکومیەکان بەپلەی یەکەم زۆرترین خزمەتگوزاری پەروەردەیی پێشکەشی دانیشتوانی شاروشارۆچکەوگوندەکانی قەزای ڕانیە بکات،چونکەژمارەی ئەوهاوڵاتیانەی لەقەزای ڕانیەوە هاتوونەتە شاری ڕانیەوسودیان لەو خزمەتگوزاریە وەرگرتووە زۆرترین ڕێژەیان پێک هێناوە، بەجۆرێک پەیمانگای خوێندنی ئیسلامی ڕانیە بەڕێژەی‌زیاتر(٧٣٪ ) وپەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە بەڕێژەی(٧٠٪)هەروەها پەیمانگای وەرزشی ڕانیە بەڕێژەی زیاترلە (٦٠٪)و پەیمانگای

کۆمپیوتەری ڕانیە بەڕێژەی زیاتر لە(٥٧٪)وئامادەیی پیشەسازی ڕانیە بەڕێژەیزیاتر (٨٢٪) پێکهێناوە، وەکەمترین کاریگەری شاری ڕانیە لەڕووی سوودمەندبوون لە خزمەتگوزاری پەروەردەیی ڕانیە لەسەرسەرجەم پەیمانگاکان بریتیە لەناحیەکانی (پیرەمەگرون، بالیسان بەڕێژەی کەمترلە(١٪)،

ئەگەرئاماژە بەکاریگەری شاری ڕانیە بەکەین لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری لەسەر ئاستی گشت پەیمانگا ئەهلیەکانی دەبینین ڕێژەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت ، بەشێوەیەک شاری ڕانیە بەپلەی یەکەم توانیویەتی خزمەتگوزاری پەروەردەیی بۆدانیشتوانی قەزای ڕانیە دابین بکات ، بەجۆرێک پەیمانگای کۆمپیوتەری ئەهلی ڕانیە بەڕێژەی زیاتر لە(٩١٪) وپەیمانگای کۆمپیوتەری ئەهلی ڕاپەڕین بەڕێژەی زیاتر لە (٨١٪) و هەروەها پەیمانگای ئەهلی خوێندنی ئیسلامی بەڕێژەی لە (٧١٪)، هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕوانگەی دابین کردنی خزمەتگوزاری پەروەردەیی پاڵپشت بەگشت پەیمانگا ئەهلییەکان کەمترین کاریگەری کردۆتە سەر ناحیەکانی (هیران، نازەنین، خەلەکان، خدران، هەڵشۆ، هێرۆ) کەسەرجەمیان بەڕێژەی نێوان ( کەمتر لە ١٪ بۆ ١٪ )، بڕوانە خشتەی ژمارە **(٢٣ (ب))**.

## نەخشەی ژمارە ٢١ هەرێمی وەزیفی فێرکاری شاری ڕانیە بەگوێرەی پەیمانگاکان لەساڵی (٢٠١٦)




**سەرچاوە:** کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠ .

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە دانان ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای هەولێر ، بەپێوەری ١:١٥٠٠٠ ، ساڵی ٢٠٠٩.

٣- خشتەی ژمارە(٢٣ (أوب) )

## خشتەی ژمارە ٢٣ أ شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی ئەوفێرکارانەی سەردانی شاری ڕانیە دەکەن بەگوێرەی پەیمانگا حکومیەکان ساڵی ( ٢٠١٦ )

| قەزا | ناحیە | پەیمانگای خوێندنی ئیسلامی | ٪ | پەیمانگای هونەرەجوانەکان | ٪ | پەیمانگای وەرزشی | ٪ | پەیمانگای کۆمپیوتە | ٪ | ئامادەی پیشەسازی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕانیە | سەنتەر | ٤٥ | ٣٩.٥٠ | ٧٣ | ٥٠.٧٠ | ٩٣ | ٤٤.٧١ | ٦٦ | ٢٨.٨٢ | ٤٠ | ٤٠.٨١ |
| | حاجیاوا | ١٣ | ١١.٤٠ | ١١ | ٧.٦٣ | ١٧ | ٨.١٧ | ٢٨ | ١٢.٢٢ | ١٤ | ١٤.٣٠ |
| | چوارقورنە | ١٦ | ١٤.٠٢ | ١٤ | ٩.٧٢ | ١٦ | ٧.٦٩ | ٣٣ | ١٤.٤١ | ٢٧ | ٢٧.٥٥ |
| | سەرکە پکان | ٦ | ٥.٢٧ | ٢ | ١.٣٨ | ----- | ---- | ٢ | ٠.٩٠ | --- | ---- |
| | بیتواتە | ٤ | ٣.٥٠ | ١ | ٠.٧٠ | ----- | ---- | ٢ | ٠.٩٠ | --- | ---- |
| پشدەر | قەلادزی | ١٠ | ٨.٧٧ | ٣٣ | ٢٢.٩٠ | ٤١ | ١٩.٧١ | ٦٦ | ٢٨.٨٢ | ١٥ | ١٥.٣٠ |
| | سەنگەسەر | ١١ | ٩.٦٣ | ٤ | ٢.٧٧ | ٩ | ٤.٣٢ | ١٤ | ٦.١١ | ١ | ١.٠٢ |
| | زاراوە | ٣ | ٢.٦٣ | ٢ | ١.٤٠ | ٧ | ٣.٤٠ | ٥ | ٢.١٨ | --- | ---- |
| | ئیسیوە | ---- | --- | ٢ | ١.٤٠ | ----- | ----- | ----- | ---- | --- | ---- |
| دوکان | بنگرد | ---- | --- | ---- | ----- | ٩ | ٤.٣٢ | ١ | ٠.٤٣ | --- | ----- |
| | خەلەکان | ---- | --- | ١ | ٠.٧٠ | ٨ | ٣.٨٤ | ٣ | ١.٣١ | ١ | ١.٠٢ |
| | پیرە مەگرون | --- | --- | ---- | --- | --- | ---- | ١ | ٠.٤٣ | --- | --- |
| | سورداش | ---- | --- | ---- | ---- | ---- | ---- | ١ | ٠.٤٣ | --- | --- |
| | سەنتەر | --- | --- | ---- | ---- | --- | ---- | ١ | ٠.٤٣ | --- | --- |
| شەقڵاو | بالیسان | --- | --- | --- | ---- | --- | ---- | ٢ | ٠.٨٧ | --- | --- |
| کۆیە | سکتان | ٦ | ٥.٢٧ | ١ | ٠.٧٠ | ٨ | ٣.٨٤ | ٤ | ١.٧٤ | --- | --- |
| کوی گشتی | | ١١٤ | ١٠٠ | ١٤٤ | ١٠٠ | ٢٠٨ | ١٠٠ | ٢٢٩ | ١٠٠ | ٩٨ | ١٠٠ |

**سەرچاوە:**

ا : حکومەتی هەرێمی کوردوستان،وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان، پەیمانگاکانی (خوێندنی ئیسلامی، هونەرەجوانەکان.کۆمپیوتەر، وەرزش) بەشی ئامار،ساڵی ٢٠١٦، داتای بڵانەکراوە.

ب: حکومەتی هەرێمی کوردوستان،وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەیی سلێمانی،بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە، ئامادەیی پیشەسازی ڕانیە،بەشی ئامار،٢٠١٦، داتای بڵانەکراوە.

ج-ب: حکومەتی هەرێمی کوردوستان،وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەیی سلێمانی،بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە، ئامادەیی پیشەسازی ڕانیە،بەشی ئامار،٢٠١٦، داتای بڵانەکراوە.

## خشتەی ژمارە ٢٣ ب شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی ئەوفێرکارانەی سەردانی شاری ڕانیە دەکەن بەگوێرەی پەیمانگا ئەهلیەکان لەساڵی (٢٠١٦)

| قە زا | ناحیە | پەیمانگای کۆمپیوتەری ئەهلی ڕانیە | % | پەیمانگای خوێندنی ئیسلامی ئەهلی ڕانیە | % | پەیمانگای کۆمپیوتەری ڕاپەڕینی ئەهلی | % | خوێندنگەکان | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕانیە | سەنتەر | ١٤٣ | ٦٠.٦ | ٧٢ | ٣١ | ٢٤٣ | ٥٤.٠ | ٢٤٤٧٤ | ١٠٠ |
| | حاجیاوا | ٢٦ | ١١.٠ | ٣٦ | ١٥.٥ | ٧٥ | ١٦.٧ | --- | --- |
| | چوارقورنە | ٤٠ | ١٦.٩ | ٢٤ | ١٠.٣ | ٣١ | ٦.٩ | ---- | --- |
| | سەرکە پکان | ٦ | ٢.٧ | ١٦ | ٦.٩ | ١٠ | ٢.٢ | ---- | ---- |
| | بیتواتە | --- | --- | ١٠ | ٤.٣ | ٧ | ١.٦ | ---- | ---- |
| | سەروچاوە | ---- | --- | ٧ | ٣ | ---- | ---- | ---- | --- |
| پشدە ر | قەلادزی(سەنتەر) | ٥ | ٢.٥ | ٣١ | ١٣.٤ | ٣٢ | ٧ | ---- | --- |
| | سەنگەسەر | ١٣ | ٥.٥ | ١٥ | ٦.٥ | ٨ | ١.٨ | ---- | ---- |
| | زاراوە | ---- | ---- | ٧ | ٣ | ٨ | ١.٨ | ---- | ---- |
| | هیرو | ---- | ---- | ---- | ---- | ٤ | ٠.٩ | ---- | ---- |
| دوکان | بنگرد | ---- | ---- | ١٢ | ٥.٢ | ---- | --- | ---- | ---- |
| | خدران | ---- | ---- | ----- | ---- | ٧ | ١.٦ | ---- | --- |
| | خەلەکان | ---- | ---- | ٢ | ٠.٩ | ---- | | ----- | --- |
| شەقلاوە | سەنتەر | ------ | --- | ---- | ---- | ٦ | ١.٣ | ---- | --- |
| | هیران | ٣ | ٠.٨ | ----- | ---- | ٧ | ١.٦ | ---- | --- |
| چۆمان | سەنتەر | ---- | ---- | ---- | --- | ٦ | ١.٣ | ---- | --- |
| | قسرێ | ---- | -- | ---- | ---- | ٦ | ١.٣ | --- | --- |
| کوی گشتی | | ٢٣٦ | ١٠٠.٠ | ٢٣٢ | ١٠٠.٠ | ٤٥٠ | ١٠٠.٠ | ٢٤٤٧٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە:

ا : حکومەتی هەرێمی کوردوستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان ، پەیمانگاکانی (کۆمپیوتەری ڕاپەڕینی ئەهلی، کۆمپیوتەری ڕانیەی ئەهلی، خوێندنی ئیسلامی ئێواران ) بەشی ئامار،ساڵی ٢٠١٦، داتای بڵانەکراوە.

ب- حکومەتی هەرێمی کوردوستان،وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەیی سلێمانی،بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە ،بەشی ئامار،٢٠١٦، داتای بڵانەکراوە.

لەهەمان كاتدا شاری ڕانیە توانیویەتی كاریگەری بكاتە سەر ناوچە دوورەكان، بەڵام پلەی كاریگەریەكەی كەمترە،چونكە ژمارەی ئەو كەسانەی لەقەزاكانی(دوكان، كۆیە ،شەقڵاوە)بۆ خوێندن لەپەیمانگاكانی شاری ڕانیە هاتوونەتە شارەكە ڕێژەیەكی كەم پێكدەهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە كاریگەری شاری ڕانیە تەنها ناگاتە ناوچە نزیكەكانی دەوروبەری، بەڵكو توانیویەتی كاریگەری بخاتە سەر ناوچە دوورەكانیش. لێرەوە بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٢١)ی پێشووبۆمان دەردەكەوێت شاریڕانیە توانیویەتی دووجۆر هەرێمی پەروەردەیی دروست بكات:

١-هەرێمی وەزیفەی پەروەردەیی چڕی شاری ڕانیە، بریتیە لەو هەرێمە وەزیفەیەی كەزۆرترین دانیشتوانی هەرێمەكە یان ئەوناوچانەی كەدەكەونە چوارچێوەی هەرێمی چڕ توانیویانە سوود لەو خزمەتگوزاریە وەربگرن كەڕێژەیان دەگاتە زیاتر لە(٧٠٪) ی سەرجەم سوودمەندبووان لە خزمەتگوزاری پەروەردەیی ڕانیە ، بەواتایەكی تر شاری ڕانیە توانیویەتی زۆرترین سوود و خزمەت لەبواری فێركردن پێشكەشی دانیشتوانی هەرێمی چڕ بكات كە هەریەك لە ناحیەكانی (سەنتەر،حاجیاوا،چوارقوڕنە ،سەركەپكان ،بێتواتە) كە سەربەقەزای ڕانیەن دەگرێتەوە.

٢- هەرێمی وەزیفەی پەروەردەی فراوان، بریتیە لەو هەرێمە وەزیفیەی كەكەمترین دانیشتوانی ئەو هەرێمە یان شارو شارۆچكانە توانیویانە سوود لەوخزمەتگوزاریە پەروەردەیەی شاری ڕانیە  وەربگرن كەڕێژەی كەمتر لە (٣٠٪) ی سەرجەم سوودمەندبوان لەو خزمەتگوزاریە پێک دەهێنن، ئەم هەرێمەش هەریەک لەقەزای پشدەربەسەرجەم ناحیەكانیەوە وەک(سەنتەر،سەنگەسەر، ژاراوە ،هەڵشۆ، هێرۆ،ئیسێوە) و ناحیەكانی (سەنتەر، بنگرد، خەلەكان، خدران،سورداش،پیرەمەگرون) لەقەزای كۆیەوناحیەكانی(سەنتەر، هیران، بالیسان) لەقەزای شەقڵاوە وناحیەی سكتان لە قەزای دوكان، ئەگەر ئاماژە بەهۆكارەكانی كاریگەری ڕانیە بكەین لەسەرناوچەكانی دەوروبەری لەڕوانگەی پەروەردەوە

دەگــەڕێتەوە بــۆ چەند خاڵێک کەبریتین لەمانەی خوارەوە [1].

١- بوونی پەیمانگای جۆراوجۆری وەک(هونەرەجوانەکان،وەرزش، خوێندنی ئیسلامی، کۆمپیوتەر بە هەردوو جۆری حکومی وناحکومی) یەکێکە لەگرنگترین هۆکارەکانی ڕاکێشانی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەر بەرەوشاری ڕانیە، بێگومان ئەگەر ئەم پەیمانگا جۆراوجۆرانە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی گرنگ لەشارەکەدا نەبوونایە ئەوا شاری ڕانیە نەیدەتوانی کاریگەری بخاتە سەر ناوچە دوورەکان .

٢- گونجاوی شوێنی جوگرافی شاری ڕانیە کە لەهەموو هەرێمە وەزیفەکاندا کاریگەری بەرچاوی هەیە، چونکە شوێنی جوگرافی شارەکە وەک ناوەندێک (سەنتەرێک) وایە بۆ ئەو ناوچانەی کە دەوری ڕانیەیان داوە، چونکە شاری ڕانیە دووریەکی گونجاوی هەیە لەگەڵ هەموو ئەو شارو شارۆچکەو ناوچانەی وەک قەزای کۆیەو شەقلاوەو سۆران و ڕەواندزو پشدەرو دوکان کەدەوری شاری ڕانیەیان داوە، بەجۆرێک دووری شاری ڕانیە لەو شارو شارۆچکانە لەنێوان (٢٠-٥٠) کم دایە، ئەمەش جۆرێک لەسەنتەریەتی شوێنی شاری ڕانیە پیشان دەدات کە لەجوگرافی دا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم سەنتەریەتی ناوچەی لێکۆڵینەوە وای کردووە کە شارەکە بتوانێت زۆرترین پەیوەندی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دروست بکات و دانیشتوانی ئەو ناوچانە بۆخویندن ڕووبکەنە شاری ڕانیە، بێگومان گونجاوی شوینەکە لەڕووی سەنتەریەتەوە یارمەتی کەمکردنەوەی کرێی تێچوونی گواستنەوەوخەرجیەکانی تروکەمکردنەوەیکاتی گەیشتن بەناوەندە پەروەردەیەکانی شاری ڕانیەی وگەڕانەوە یان بۆشوینی نیشتەجێبون خەڵکی ئەوناوچە دوورانە ڕەخساندووە.

(١) أ-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).
ب-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان، پەیمانگای وەرزشی ڕانیە، بەشی (کارگێڕیو تۆمارگا) ، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).
پ-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان، پەیمانگای کۆمپیوتەری ڕانیە، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).
ت-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان، پەیمانگای خوێندنی ئیسلامی ڕانیە، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).
ج-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان، (پەیمانگای کۆمپیوتەری ئەهلی ڕاپەڕین) و (پەیمانگای کۆمپیوتەری ناحکومی ڕانیە)، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).
چ-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان، پەیمانگای خوێندنی ئیسلامی ئەهلی، بەشی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦، لەگەڵ ئامادەکراو بە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە(٩) خراوەتەروو.٢٠١٦،(زانیاری بڵاونەکراوە).

٤- گونجاوی سیستەمی خوێندن لەپەیمانگاکان و بوونی ئامرازەکانی فێرکردن لەشێوەی ئامێرو هۆڵی خوێندن و تاقیگەو گونجاوی پرۆگرامەکان لەهەردوو بواری تیۆری و پراکتیکی لەگەڵ بوونی کادیری پسپۆر کەزۆرێکیان هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو دکتۆران، ئەمەش تا ڕادەیەک کاریگەری هەبووە لەڕاکێشانی فێرخوازان بۆ ڕانیە.

٥- گونجاوی ڕێگاکانی گواستنەوەوهاتووچۆ لەنێوان شاری ڕانیەو ئەو قەزایانەی کە لەخاڵی دووەم دا ئاماژەمان پێ دان، وەک بوونی هێڵەکانی گواستنەوەی قیرتاوکراو ، بەڵام هەندێک لە ڕێگاکان خرپن و سەلامەت نین ویەک سایدن بەتایبەت ڕێگا گشتیەکان کە ڕانیە دەبەستنەوە بە شارەکانی دەوروبەر ودوور لەڕانیە هەروەها لەوەزرە ساردەکاندا بەهۆی دیاردەی بەفربارین گیروگرفت لەبەردەم خوێندکارانی ئەوشارانە دروست دەبێت بۆگەیشتن بەڕانیە وبەپێچەوانەوە ، بەتایبەت ڕێگاکانی نیوان ڕانیە، شەقڵاوە، کۆیە، پشدەر بەهۆی بارینی بەفر لەچیاکانی سەفین، هەیبە سوڵتان ،کێوەڕەش، ئاسۆس.


٦- زۆرترین کاریگەری ڕانیە لەسەر هەردوو قەزای ڕانیەو پشدەرە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەرگرتنی خویندکاران بەشێوەیەکە کە دەبێت ڕێژەی (٥٠٪) ی زیاتری کورسیەکان بۆ خوێندکارانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین تەرخان بکرێت و کورسیەکانی تر بۆناوچەکانی دوور لەڕانیە، هەروەها نزیکی ئەو ناوچانە لەشاری ڕانیە هۆکارێکی تری زۆر کاریگەرە،چونکەدانیشتوانی قەزاکانی ڕانیەوپشدەردەتوانن ڕۆژانە بگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێبونیان، ئەمەجگە لەوەی کە لەڕووی کەمی خەرجی وتێچوی داراییە هەروەها نزیکی ناوچەکە کاریگەری خۆی هەبووە.

**٢: هەرێمی وەزیفی فێرکاری(خوێندنی باڵا) شاری ڕانیە بەگوێرەی زانکۆی ڕاپەڕین:**

یەکێک لەوخزمەتگوزاریە وەزیفیە گرنگانەی ڕانیە توانیویەتی پەیوەندیەکی هەرێمایەتی بەرفراوانی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری پێ دروست بکات، لەهەمان کاتدا کاریگەریەکی بەرچاوی تا سنورێکی بەرفراوان پێ بکاتە سەر ناوچەکانی دورلەخۆی بریتیە لە بواری خوێندنی باڵا،چونکە ئەم بوارە یەکێکە لەوخزمەتگوزاریە زانستیەی ناوچەی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بەزانکۆی ڕاپەڕین کەچەندین کۆلێژو بەشی جیاواز لەخۆ دەگرێت، هەر بۆیە توانیویەتی خزمەتێکی زانستی لەئاستێکی باش دا پێشکەشی شارو شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری و دوور لەڕانیە بکات، بەواتایەکی تر بەهۆی بوونی زانکۆی ڕاپەڕین لەشاری ڕانیەدا دانیشتوان لەچەندین شارو شارۆچکەو گوندی دورونزیکەوە دێنە شارەکە و

لەوزانکۆیە دەخوێنن وسوود لەوخزمەتگوزاریە وەردەگرن. لەم گۆشە نیگایەوە ئەگەر ئاماژە بەسنوری درێژبونەوەی هەرێمی خزمەتگوزاری وەزیفەی خوێندنی بالآی ڕانیە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی خزمەتگوزاری خوێندنی بالآ پێشکە شی دانیشتوانی زۆرێک لەناوچەکانی هەریمی کوردستانی عێراق بکات لە زۆربەی پارێزگاکانی هەرێم.بەجۆرێک ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری لەسنوری پارێزگای سلێمانی درێژدەبێتەوە ودەگاتە هەریەک لەقەزاکانی (ڕانیە، پشدەر، دوکان، ماوەت، چوارتا،پێنجوێن ،قەرەداغ، شارەزوور، شارباژێڕ، سەیدسادق، هەڵەبجە، دەربەندیخان)وە لەهەمان کاتدا کاریگەری ڕانیە لەچوارچێوەی پاریزگای هەولێر دەگاتە قەزاکانی (کۆیە، شەقڵاوە، چۆمان، خەبات ،بنەسلاوە ،سۆران،مێرگەسور، جۆمان، ڕەواندوز)، هەروەها کاریگەری شاری ڕانیە دەگاتە پارێزگای هەڵەبجە، چونکە دانیشتوانی قەزاو ناحیەکانی ئەم پارێزگایە توانیویانە سود لەزانکۆی ڕاپەڕین وەربگرن ، هەروەها لەسنوری ئیدارەی گەرمیانیش کاریگەری ناوچەی لێکۆڵینەوە گەیشتۆتە شاریکەلار، بێگومان پلەی کاریگەری‌شاری ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری و دوور لەخۆی لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢٢).

## نەخشەی ژمارە ٢٢ هەرێمی وەزیفی خوێندنی باڵای شاری ڕانیە بەگوێرەی زانکۆی ڕاپەڕین لەساڵی(٢٠١٦ )




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- خشتەی ژمارە(٢٤)

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠ .

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە دانان ،بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای هەولێر ، بەپێوەری ، ١:١٥٠٠٠٠ ، ساڵی ٢٠٠٩.

سەبارەت بەپلەی کاریگەری شاری ڕانیە لەسەر ناوچەجیاجیاکان دەبینین شارەکە توانیویەتی لەسەر ئاستی گشت کۆلێژەکان بەپلەی یەکەم زۆرترین کاریگەری بکاتە سەر ئیدارەی ڕاپەڕین بەسەرجەم قەزاو ناحیەکانەوە کەهەردووقەزای ڕانیەو پشدەر لەخۆدەگرێت،بەشێوە یەک کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەڕێژەی زیاتر لە(٥٣٪)وکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت (٨٠,٥٪) وکۆلێژی زانست (٧٧٪) وکۆلێژی کشتوکاڵ زیاتر لە(٧٧٪) وکۆلێژی پەرستاری بەڕێژەی (٧١،٨٪) وەکۆلێژی زمان بەڕێژەی (٨٧،٥٪) لەگەڵ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران بەڕێژەی (١٠٠٪). لەهەمان کاتدا شاری ڕانیە توانیویەتی کەمترین کاریگەریش بکاتە سەر ناوچە دوورەکان وەک قەزاکانی (دوکان، شەقڵاوە، ڕەواندز، چۆمان، کۆیە، سۆران) وئیدارەی گەرمیان بەشێوەیەک کە لەسەر ئاستی گشت کۆلێژەکان ڕێژەکە لەنێوان (١-٢٪) دایە بڕوانەخشتەی ژمارە(٢٤). جیاوازی پلەی کاریگەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری دوور لەخۆی بەشێوەیەکە هەتا لەشاری ڕانیە دووربکەوینەوە پلەی کاریگەریەکەی کەم دەبێتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی دووجۆر هەرێمی خزمەتگوزاری لەبواری خوێندنی باڵا، هەرێمی وەزیفەی خوێندنی باڵای چڕوفراوان. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەڕانیە توانیویەتی کاریگەریەکی بەرچاو لەبواری خوێندنی باڵا بکاتە سەر ناوچەکانی دەوروبەر و دوور لەخۆی، ئەمەش ئاماژەیە بۆگەشەکردنی بواری پەروەردەو خوێندنی باڵا لەشارەکە بەراورد بەشارو شارۆچکە کانی دەوروبەری.

## خشتەی ژمارە ٢٤ شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی ئەوفێرکارانەی سەردانی شاری ڕانیە یان کردوە بەگوێرەی زانکۆی ڕاپەڕین لە ساڵی( ٢٠١٦ )

| قەزا | ناحیە | کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان | ٪ | کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | ٪ | کولیژی زانست | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رانیە | سەنتەر | ١٤٧ | ١٣.٦ | ٣٤٦ | ٢٤.٧ | ١٣٦ | ٣٠.٥ |
| | حاجیاوا | ٧٩ | ٧.٥ | ٢٢٠ | ١٥.٧ | ٥١ | ١١.٥ |
| | چوارقورنە | ١٠٠ | ٩.٥ | ١٩٩ | ١٤.٢ | ٦٤ | ١٤.٢ |
| | سەرکە پکان | ٦ | ٠.٦ | ١٨ | ١.٣ | ٧ | ١.٦ |
| | بیتواتە | ١٧ | ١.٦ | ٤١ | ٢.٩ | ٢١ | ٤.٧ |
| | سەروچاوە | ٤ | ٠.٤ | ٢٣ | ١.٦ | ٠ | ٠.٠ |
| | قەلادزی | ١١٨ | ١١.٢ | ١٧٢ | ١٢.٣ | ٤١ | ٩.١ |
| | سەنگەسەر | ٣٦ | ٣.٤ | ٤٤ | ٣.١ | ١٤ | ٣.١ |
| بشدەر | زاراوە | ٢٨ | ٢.٧ | ٥١ | ٣.٦ | ٩ | ٢.٠ |
| | هەلشۆ | ١٧ | ١.٦ | ٧ | ٠.٥ | ٢ | ٠.٤ |
| | هیرو | ٦ | ٠.٦ | ٩ | ٠.٦ | ١ | ٠.٢ |
| | ئیسیوە | ١٢ | ١.١ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.٢ |
| دوکان | دوکان | ١٣ | ١.٢ | ١٧ | ١.٢ | ٢ | ٠.٤ |
| | بنگرد | ١٩ | ١.٨ | ٣٥ | ٢.٥ | ١ | ٠.٢ |
| | خدران | ١٣ | ١.٢ | ٢٤ | ١.٧ | ٠ | ٠.٠ |
| | خەلەکان | ٥ | ٠.٥ | ٢٠ | ١.٤ | ٤ | ٠.٩ |
| | پیرە مە گرون | ١٨ | ١.٧ | ٧ | ٠.٥ | ٠ | ٠.٠ |
| | سورداش | ٥ | ٠.٥ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | چوارتا | ٢ | ٠.٢ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| شەقلاوە | سەنتەر | ٢ | ٠.٢ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | بالیسان | ٣ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | هیران | ٢ | ٠.٢ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠ |
| | هریر | ٠ | ٠.٠ | ٩ | ٠.٦ | ٠ | ٠.٠ |
| ڕەواندوز | سەنتەر | ٢ | ٠.٢ | ١ | ٠.١ | ٣ | ٠.٦ |
| | وەرتی | ١٥ | ١.٤ | ٢ | ٠.٢ | ٠ | ٠.٠ |
| سۆران | سەنتەر | ١٥ | ١.٤ | ١ | ٠.١ | ١ | ٠.٢ |
| | خەلیفان | ١١ | ١.٠ | ١٢ | ٠.٩ | ٠ | ٠.٠ |
| | سیدەکان | ٥ | ٠.٥ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| چۆمان | حاجی ئومەران | ٢ | ٠.٢ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | سەنتەر | ٦ | ٠.٦ | ١ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | قەسری | ٣ | ٠.٣ | ٤ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| میرگەسور | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.١ | ٢ | ٠.٤ |
| کۆیە | سەنتەر | ٢ | ٠.٢ | ٤ | ٠.٣ | ١٦ | ٣.٦ |
| | شورش | ٦ | ٠.٦ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | تەق تەق | ١١ | ١.٠ | ١ | ٠.١ | ٢ | ٠.٤ |
| کەلار | سەنتەر | ٢٠ | ١.٩ | ١١ | ٠.٨ | ٠ | ٠.٠ |
| دەربەندیخان | سەنتەر | ٢٤ | ٢.٣ | ٨ | ٠.٦ | ٢ | ٠.٤ |
| | سیروان | ٥ | ٠.٥ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | خورمال | ٧ | ٠.٧ | ٨ | ٠.٦ | ٢ | ٠.٤ |
| | زەرایەن | ٣ | ٠.٣ | ٢ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ |
| سەیدسادق | سەنتەر | ٢٨ | ٢.٧ | ١١ | ٠.٨ | ٤ | ٠.٩ |
| | عەربەت | ٥ | ٠.٥ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| پێنجوێن | سەنتەر | ١ | ٠.١ | ٣ | ٠.٢ | ١ | ٠.٢ |
| | گوپتەتە | ٠ | ٠.٠ | ١٩ | ١.٤ | ٠ | ٠.٠ |
| چەمچەماڵ | سەنتەر | ٢٣ | ٢.٢ | ٠ | ٠.٠ | ٧ | ١.٦ |
| | ناحیەی تەکیە | ١٠ | ٠.٩ | ٦ | ٠.٤ | ١ | ٠.٢ |
| | ئاغجەلەر | ٤ | ٠.٤ | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٤ |
| هەڵەبجە | سەنتەر | ٣٠ | ٢.٨ | ٨ | ٠.٦ | ٣ | ٠.٧ |
| ماوەت | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٤ |
| خەبات | سەنتەر | ١ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٤ |
| شارەزور | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٤ |
| شارباژێر | سەنتەر | ٧ | ٠.٧ | ٢ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ |
| قەراخ | سەنتەر | ٣ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| هەڵەبجەی شەهید | سەنتەر | ٥ | ٠.٥ | ١٠ | ٠.٧ | ٠ | ٠.٠ |
| سلێمانی | سلیمانی | ١٠٨ | ١٠.٢ | ٢٦ | ١.٩ | ٣٨ | ٨.٤ |
| | بازیان | ١٢ | ١.١ | ١ | ٠.١ | ٣ | ٠.٧ |
| هەولێر | شاری هەولیر | ٣٠ | ٢.٨ | ١٥ | ١.١ | ٣ | ٠.٧ |
| | کۆی گشتی | ١٠٥٦ | ١٠٠ | ١٤٠٠ | ١٠٠ | ٤٥٠ | ١٠٠ |

| قەزا | ناحیە | کۆلێژی کشتوکاڵ | ٪ | کولیژی زمان | ٪ | کۆلێژی پەرستاری | ٪ | کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رانیە | سەنتەر | ٨ | ١٨ | ٢١٩ | ٢٠.٦ | ٥٨ | ١٩ | ١٨٧ | ٣٢.٤ |
| | حاجیاوا | ٥ | ١١.٤ | ١٠٤ | ٩.٨ | ٥٧ | ١٨.٨ | ١٢٧ | ٢٢.٠ |
| | چوارقورنە | ٧ | ١٥.٩ | ١٧٢ | ١٦ | ٣٦ | ١١.٩ | ٧٨ | ١٣.٥ |
| | سەرکە پکان | ٠ | ٠.٠ | ١٢ | ١ | ٢ | ٠.٧ | ١٠ | ١.٧ |
| | بیتواتە | ٠ | ٠.٠ | ١٧ | ١.٦ | ٦ | ٢.٠ | ١٠ | ١.٧ |
| | سەروچاوە | ٠ | ٠.٠ | ٧ | ٠.٧ | ٣ | ١.٠ | ٢٤ | ٤.٢ |
| پشدەر | قەلادزێ | ١٢ | ٢٧.٣ | ٢٥٢ | ٢٣.٨ | ٣١ | ١٠.٢ | ٦٢ | ١٠.٧ |
| | سەنگەسەر | ٢ | ٤.٥ | ٥٥ | ٥.٢ | ١٨ | ٥.٩ | ٣٥ | ٦.١ |
| | زاراوە | ٠ | ٠.٠ | ٥٢ | ٤.٩ | ٧ | ٢.٣ | ٢٠ | ٣.٥ |
| | هەڵشۆ | ٠ | ٠.٠ | ٢٠ | ١.٩ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | هیرو | ٠ | ٠.٠ | ١٣ | ١.٢ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | ئیسیوە | ٠ | ٠.٠ | ٩ | ٠.٨ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| دوکان | دوکان | ١ | ٢.٣ | ٨ | ٠.٨ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | بنگرد | ١ | ٢.٣ | ٥ | ٠.٥ | ٤ | ١.٣ | ١٢ | ٢.١ |
| | خدران | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ | ٥ | ٠.٩ |
| | خەڵەکان | ١ | ٢.٣ | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٧ | ٧ | ١.٢ |
| | پیرە مە گرون | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ٤ | ١.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| | سورداش | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٢ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | چوارتا | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| شەقلاوە | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٢ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | بالیسان | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| سۆران | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٩ | ٠.٨ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | خەلیفان | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| چۆمان | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٢ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| کۆیە | سەنتەر | ١ | ٢.٣ | ٠ | ٠.٠ | ٣ | ١.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | شورش | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٣ | ١.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | تەق تەق | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٢ | ٣ | ١.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| رەواندوز | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | وەرتێ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| کەلار | سەنتەر | ١ | ٢.٣ | ٢ | ٠.٢ | ١ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەربەندیخان | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٤ | ٠.٤ | ٣ | ١.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | سیروان | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| | خورمال | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ١ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| | زەرایەن | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٧ | ٠ | ٠.٠ |
| | تانجە رو | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| سۆران | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٢ | ١ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| سەیسادق | سەنتەر | ٢ | ٤.٥ | ٣ | ٠.٣ | ٨ | ٢.٦ | ٠ | ٠.٠ |
| | عەربەت | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٢ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| پێنجوێن | گویتەتە | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| چەمچەماڵ | سەنتەر | ١ | ٢.٣ | ٩ | ٠.٨ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | تەکیە | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٢ | ٢٤ | ٧.٩ | ٠ | ٠.٠ |
| هەڵەبجە | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٤ | ٠.٤ | ٦ | ٢.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| خەبات | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| ماوەت | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ١ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| شارەزور | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٧ | ٠.٧ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | وارماوا | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.١ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| هەڵەبجەشەهید | سەنتەر | ٠ | ٠.٠ | ٦ | ٠.٦ | ٢ | ٠.٧ | ٠ | ٠.٠ |
| سلێمانی | سلێمانی | ١ | ٢.٣ | ٣٨ | ٣.٦ | ٩ | ٣.٠ | ٠ | ٠.٠ |
| | بازیان | ١ | ٢.٣ | ١ | ٠.١ | ١ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| | بەکرەجۆ | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| هەولێر | هەولێر | ٠ | ٠.٠ | ٧ | ٠.٧ | ١ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| شارەزور | شارەزوور | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ٢ | ٠.٧ | ٠ | ٠.٠ |
| دەشتی هەولێر | بنەسڵاوە | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠.٠ | ١ | ٠.٣ | ٠ | ٠.٠ |
| | کۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠ | ١٠٦١ | ١٠٠ | ٣٠٤ | ١٠٠ | ٥٧٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی، زانکۆی ڕاپەڕین ، تۆمارگای گشتی زانکۆ، ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ (داتای بڵاونەکراوە)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەچەند هۆکارێک ڕۆڵیان هەیەلەوەی کەناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی کاریگەرییەکەی لەبواری وەزیفەی خوێندنی باڵا بگاتە ناوچەیەکی بەرفراوان کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- دامەزراندنی زانکۆی ڕاپەڕین بەفەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەساڵی٢٠١٠ لەکاریگەرترین ئەوهۆکارانە بوو کە شاری ڕانیە توانیویەتی خزمەتگوزاریەکی گرنگ پێشکەشی دانیشتوانی ناوچەیەکی بەرفراوان بکات، بەدڵنیایەوە ئەگەرکردنەوەی زانکۆی ڕاپەڕین نەبوایە ڕانیە نەیدەتوانی لەبواری وەزیفەی خوێندنی باڵا کاریگەریەکەی بگاتە ناوچەیەکی بەرفراوان.

٢- بوونی چەندین کۆلێژی گرنگ کەچەندین بەشی جیاوازیان لەخۆ گرتووە وەک کۆلێژەکانی (زانست، پەرستاری، کشتوکاڵ، ئەندازیاری، زانستە مرۆڤایەتیەکان، پەروەردەی بنەڕەتی و زمان) لەگەڵ بوونی کۆلێژەکانی (زانستە مرۆڤایەتیەکانی ئێواران و پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران)[(١)].

٣- بێگومان بونی ئارەزووی خوێندکار لەکاتی پڕکردنەوەی فۆڕمی زانکۆلاین بۆخوێندن لەڕانیە دەکرێت تاڕادەیەک کاریگەری هەبوبێ لەڕاکێشانی دانیشتوان بۆدرێژەدان بەخوێندن لەو زانکۆیە.

٤- بوونی کەمپی تازەی زانکۆی ڕاپەڕین کەسەرجەم کۆلێژو بەش و دامەزراوە کارگێڕی و بەشە ناوخۆییەکان و میوانخانەی زانکۆ و .. لەخۆگرتووە، بۆتە هۆکارێک بۆ کارئاسانی کردن بۆ خوێندکاران لەڕووی کات و تێچوونی ئابووری، بێگومان ئەمەش کاریگەری هەبووە لەڕاکێشانی خوێندکاران بۆئەو زانکۆیە. ئەمە جگە لەوەی گونجاوی ئامرازەکانی فێرکردن و هۆڵ و تاقیگەو بوونی ستافی تەواو لەزانکۆ کەزۆرێکیان لەچوارچێوەی بەرنامەی تواناسازی و پلانەکانی تری حکومەت توانیویانە لەزانکۆکانی (ئەمریکا، بەریتانیا، ڕوسیا ،مالیزیا، ئێران، میسر، هندستان) ماستەرودکتۆرا تەواوبکەن، لەو بارەیەوە تا ڕادەیەک کاریگەری هەبووە[(٢)].

٥- وەک لەوەزیفەکانی پێشووش ئاماژەمان پێ دا گونجاوی شوینی جوگرافی شاری ڕانیە کەزانکۆکەی تێدایە، چونکە ئەم شارە بەچەندین قەزای گرنگ و گەشەکردوو دەورەدراوە وەک قەزای (پشدەر ، دوکان) لەسنوری پارێزگای سلێمانی، لەگەڵ قەزاکانی (کۆیە، سۆران،

---

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، زانکۆی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦ .(زانیاری بڵاونەکراوە).

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، زانکۆی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی، ساڵی ٢٠١٦ .(زانیاری بڵاونەکراوە).

چۆمان، ڕەواندز ، شەقڵاوە) لەسنوری پارێزگای هەولێر. بێگومان نزیکی ئەم زانکۆیە لەو قەزایانەی ئاماژەمان پێ دان ونەبوونی زانکۆ لەقەزاکانی (پشدەر، دوکان ،شەقڵاوە) و هاوکات لەگەڵ بوونی تێکەڵاوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ئەو قەزایانەو شاری ڕانیە هەندێک جار جۆرێک لەکارئاسانی لەڕوانگەی ئابوریەوە بۆ خویندکارەکان دەستەبەر دەکات، ئەمەش وادەکات هەندێک جار خوێندکاران ئەم حاڵەتە لەبەرچاو بگرن بۆخوێندن بێنە شاری ڕانیە بەتایبەت لەوکۆلێژانەی کەخوێندکار بەئاسانی دەتوانێ لێی وەربگیرێت.

٦- پەیوەندی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ئەو قەزایانەی دەوری ناوچەی لێکۆڵینەوە یان داوە لەگەڵ دانیشتوانی شاری ڕانیە، یەکێکی ترە لەو هۆکارنەی وای کردووە خێزانەکان ئارەزوو بکەن منداڵەکانیان بنێرنە زانکۆی ڕاپەڕین ،چونکە جۆرێک لەکارئاسانی لەڕووی مادی و مەعنەوی بۆ خێزانەکان دەکەن.(١)

### ج: هەرێمی شاری ڕانیە بەگوێرەی بیردۆزی خاڵی پچڕان

بیردۆزیخاڵی پچڕان*(قانون رایلی) یەکێکە لەو بیردۆزانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی هەرێمی شار، ئەم بیردۆزە بۆ دیاریکردنی هەرێمەک ەپشت دەبەستێت بە قەبارەی دانیشتوانی شارەکان ودووری نێوانیان، لەگەڵ بەکارهێنانی هاوکێشە بیرکاریەکان.

ئەگەر ئاماژەیەک بەدیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بکەین، پشت بەست بە بەکارهێنانی یاسای خاڵی پچڕان بەمەبەستی زانینی ئاستی درێژبونەوەی سنوری هەرێمی شاری ڕانیە بەگوێرەی ئەو شارانەی کەدەوری شاری ڕانیەیان داوە. بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٢٣) بۆمان دەردەکەوێت سنوری هەرێمی ڕانیە نزیک دەبێتەوە لە هەموو ئەوشارشارۆچکانەی کەدەکەونە سنووری هەریەک لەقەزاکانی( ڕانیە ، پشدەر، دوکان) هەروەها کاریگەری شاری ڕانیە زۆربەڕونی دەردەکەوێت،چونکە ڕانیە بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانەکەی توانیویەتی زۆرترین ئەوڕووبەروناوچانەی دەکەونە نێوان ڕانیە وشارەکانی بەرامبەری کۆنترۆل بکات دانیشتوانەکەیان بۆلای خۆی ڕابکێشێ ئەمەش وای کردووە کەنەخشەی هەرێمی شاری ڕانیە ناوچەیەکی فراوان داگیربکات. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕانیە بەهۆی گەورەیی قەبارەی دانیشتوانەکەی کاریگەری زیاتری کردۆتە سەر

(١) ا:حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، زانکۆی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگای گشتی، ساڵی ٢٠١٦..(زانیاری بڵاونەکراوە).


ب:ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە( ٩ ) خراوەتەروو.

*(قانون رایلی) لەباسی پێشوودا ئەم یاسایەمان ڕوونکردۆتەوە .

ئەو شارانەی کەژمارەی دانیشتوانیان کەمەو دەوری شارەکەیان داوە، لەهەمان کاتدا سنوری هەرێمی ناوچەی لێکۆڵینەوە زۆر نزیک دەبێتەوە لەشارۆچکەکانی (سەنگەسەر، ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆ، ئیسێوە) هەموو ئەو شارۆچکانە سەنتەری ناحیەن لەقەزای پشدەر، هەروەها سنوری هەرێمی شاری ڕانیە تەواو نزیک دەبێتەوە لە شارۆ چکەکانی (دوکان ، بنگرد ، خدران ، خەلەکان ، سورداش ) لەقەزای دوکان ،بەڵام سەبارەت بەو شارانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە، هەرچەندە شاری ڕانیە کاریگەری کردۆتە سەریان، بەڵام ئاستی کاریگەریەکەی کەمترە،چونکەسنوری هەرێمی ڕانیە لەوشارانە دووردەکەوێتەوە، نمونە وەک شارۆچکەی پیرەمەگرون کەسەنتەری ناحیەی پیرەمەگرونە لەقەزای دوکان ژمارەی دانیشتوانەکەی (٢٣٠٠٦) کەسە، دەبینین کاریگەری ڕانیە لەسەر پیرەمەگرون کەمترە، ئەمەش بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەی پیرەمەگرون زۆری دووری نێوانیان . دەتوانین ئاستی درێژبوونەوەی سنوری هەرێمی شاری ڕانیە لەهەر چوار ئاڕاستەکەیەوە دیاری بکەین، بەشێوەیەک لەباکور نزیک دەبێتەوە لەسەنتەری ناحیەکانی (سەرکەپکان، سەنگەسەر، بێتواتە) لەڕۆژهەڵاتیشەوە نزیک دەبێتەوە لەسەنتەری ناحیەکانی (هەڵشۆ، هێرۆ ،قەڵادزێ)لەڕۆژئاواشەوە دەگاتە سەنتەری ناحیەکانی(حاجیاوا، چوارقوڕنە ،خدران، خەلەکان )و لەباشوریشەوە نزیک دەبێتەوە لەهەریەک لەسەنتەری ناحیەکانی (بنگرد ،سورداش) لە قەزای دوکان وە ناحیەی ئیسێوە لە قەزای پشدەر، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢٣).

لێرەوە دەردەکەوێت سنوری هەرێمی شاری ڕانیە کاریگەریەکەی دەگاتە هەریەک لە قەزاکانی (ڕانیە ، پشدەر، دوکان) بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆگەشە و زۆری ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەبەرامبەر شارەکانی دەوروبەری خشتەی ژمارە(٢٥)ئەمەش دەمانگەیە نێتە ئەو ئەنجامەی کە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەجیاتی ئەوەی کاری لێبکرێت وسنورەکەی بچووک ببێتەوە بەپێچەوانەوە کاریگەری کردۆتە سەر ناوچەکانی دەوروبەری وەزۆرترین ڕووبەری لە دوری نێوان خۆی شارەکانی دەوروبەری خستۆتە ناو هەرێمەکەی خۆیەوە.

## نەخشەی ژمارە ٢٣ هەرێمی شاری ڕانیە بەگوێرەی یاسای خاڵی پچڕان لە ساڵی (٢٠١٦ )




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠ .

٢- خشتەی ژمارە( ٢٥)

**خشتەی ژمارە ٢٥ بیردۆزی خاڵی پچڕان بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بەراورد بەناحیەکانی دەوروبەری لە ساڵی( ٢٠١٦ )**

| قەزا | ناحیە | ژمارەی دانیشتوان | ماوەی نێوان شاری ڕانیەو شارەکانی تر (کم) | جێبەجێ کردنی بیردۆزی خاڵی پچڕان، ماوەی نێوان شاری ڕانیە وسەنتەری قەزاکانی دەوروبەری (کم)( دووری خاڵەکە لە شارە بچوکەکە) |
|---|---|---|---|---|
| ڕانیە | ڕانیە | ٩١٥٤٧ | ٠ | ٠ |
| | چوارقوڕنە | ٤٤٧٠١ | ٦ | ٢,٤٦ |
| | حاجیاوا | ٥٢٧١٩ | ١٠ | ٤,٣١ |
| | بێتواتە | ١٤٣٨٩ | ١٦ | ٤,٥٤ |
| | سەرکەپکان | ٢٧٨٣ | ٦ | ١,٠٤ |
| پشدەر | قەڵادزێ | ٧٢٨٨٣ | ٢٨ | ١٣,٣ |
| | هێرۆ | ٦٦٠ | ٤٦ | ٣,٩٠ |
| | هەڵشۆ | ٢٨٨٠ | ٤٠ | ٦,٠٢ |
| | ژاراوە | ٨٩٠٨ | ٢١ | ٥ |
| | سەنگەسەر | ٩٨٥٣ | ١٤ | ٣,٤٥ |
| | ئیسێوە | ٥٥٠ | ٤٩ | ٣,٥٢ |
| دوکان | دوکان | ١٠٣٢٥ | ٣٦ | ٩,٠٥ |
| | سورداش | ١٢٥٥ | ٥٠ | ٥,٢٤ |
| | پیرەمەگرون | ٢٧٤٧٠ | ٦٥ | ٢٣ |
| | خەلەکان | ٢٩٢٥ | ٢٦ | ٣,٩٤ |
| | خدران | ١٢٢٢ | ١٨ | ١,٨٦ |
| | بنگرد | ١٢٠٧ | ٢٨ | ٢,٨٨ |

سەرچاوە :

(١)حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،دەستی ئاماری هەرێم بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری ڕانیە، بەشی دانیستوان ساڵی ٢٠١٦ ، بۆ دەرهێنانی دووری نێوان شارەکان پشت بەستراوبە بەکارهێنانی بەرنامەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان gis

(٢) پشت بەستن بە قانوونی( ڕایلی )کە ڕێگایەکی ئاماریە وبەکاردەهێنرێت لەدیاریکردنی سنووری هەرێمی شارداوەک لە باسی پێشوودا بەدرێژی باسی یاساکەمان کرد.

ئەگەر ئاماژەیەک بەکاریگەری شاری ڕانیە بکەین لەسەرسەنتەری قەزاکانی دەوروبەری لەهەردوو پارێزگای سلێمانی وهەولێر،کە لەڕووی پلەی کارگێڕیەوە ئەوانیش قەزان .بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٢٦) بۆمان دەردەکەوێت کە شارەکە پاڵپشت بەگەشەو زۆری ژمارەی دانیشتوانەکەی توانیویەتی کێبڕکێ لەگەڵ هەریەک لەو شارانە بکات کەدەوری ڕانیەیان داوە، وەک شارەکانی (قەڵادزێ ، دوکان) لەپارێزگای سلێمانی و شارەکانی (کۆیە، ڕەواندز، سۆران، چۆمان، شەقڵاوە) لەپارێزگای هەولێر.

سەبارەت بەکاریگەری ڕانیە لەسەر سەنتەری ئەو قەزایانەی کە دەوری شـارەکە یان داوە، بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە (٢٦)بۆمان دەردەکەوێت کەسنوری هەرێمی شاری ڕانیە تەواونزیک دەبێتەوە لەوشارانەی کەژمارەی دانیشتوانیان کەمە وەک (دوکـان ، قـەڵادزێ) لەپارێزگای سلێمانی، بۆنمونە بەرامبەر شاری دوکان لەکۆی (٣٥,٦٦)کم ڕانیە توانیویەتی کۆنترۆڵی (٢٣) کم بکات ، هەروەها بەرامبەر شاری قەڵادزێ لەکۆی (٢٣,٣١) کم ڕانیە توانیویەتی زیاتر لە(١٤) کم بخاتە ژێرکاریگەری خۆیەوە، هەروەها بەرامبەر بەشارەکانی (کۆیە، ڕەواندز، سۆران، چۆمان،شەقڵاوە) لەپارێزگای هەولێر، شاری ڕانیە کاریگەری تەواوی کردۆتە سەر ئەو شارانەش، بەجۆرێک لەکۆی (٥٠,١٠)کم دووری نێوان (شەقڵاوە و ڕانیە) شاری ڕانیە توانیویەتی زیاتر لە (٣٣)کم بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و لەکۆی (٥٠,٣٢)کم دووری نێوان (ڕەواندز و ڕانیە) ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی زیاتر لە (٣٧)کم بخاتە ژێر هەژموونی خۆی، لەهەمان کاتدا لەکۆی (٢٧,٧٨)کم دووری نێوان (کۆیە و ڕانیە).ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی (١٧،٥)کم داگیر بکات، هەروەها لە(٤٠,٩٠)کم دووری نێوان (چۆمان - ڕانیە) بەهەمان شێوە شاری ڕانیە توانیویەتیزیاتی لە(٢٤)کم کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ئەگەر ئاماژەیەک بە کاریگەری شاری ڕانیە بکەین لەسەر شاری سۆران لەپارێزگای هەولێر، دەبینین سنوری هەرێمی شاری ڕانیە دوور دەکەوێتەوە لەشاری سۆران،واتە کاریگەریەکەی لەسەر شاری سۆران کەمترە، چونکە لەکۆی (٥٥,٢٦)کم دووری نێوانیان ڕانیە توانیویەتی نزیکەی (٢٨)کم کۆنترۆڵ بکات، هەرچەندە شاری ڕانیە زیاتر لەنیوەی دووری نێوانیانی کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام بەراورد بەشارەکانی تر کە ئاماژەمان پێ دان، شاری ڕانیە کەمترین کاریگەری کردۆتە سەر شاری سۆران، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قورسایی شاری سۆران لەڕووی دانیشتوانەوە کەژمارەی دانیشتوانی زۆرە (٩٧٩٥٨) کەسە، ئەمەش بۆتە هۆکارێک کە شاری سۆران لەبەرامبەر ڕانیە توانیویەتی زیاتر پارێزگاری لەسنورەکەی خۆی بکات.کەواتە شاری ڕانیە توانیویەتی کاریگەری تەواو بکاتە سەر ئەوشارانەی کەسەنتەری قەزان لەهەردووپارێزگای سلێمانیوهەولێرکەدەوری ڕانیەیان داوە ، بەجۆرێک ئەگەرسەرنج بدەینە نەخشەی ژمارە (٢٤) بۆمان دەردەکەوێت ئاستی کاریگەریەکەی

**خشتەی ژمارە ٢٦ یاسای خاڵی پچڕان بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بەراورد بەقەزاکانی دەوروبەری لە ساڵی (٢٠١٦)**


| پارێزگا | قەزا | ژمارەی دانیشتوان | ماوەی نێوان شاری ڕانیە وسەنتەری قەزاکانی دەو روبەری (کم) | جێبەجێ کردنی بیردۆزی خاڵی پچڕان، ماوەی نێوان شاری ڕانیە وسەنتەری قەزاکانی دەوروبەری (کم)( دووری خاڵەکە لە شارە بچوکەکە |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ڕانیە | ٩١٥٤٧ | ٠ | ٠ |
| | پشدەر | ٧٢٨٨٣ | ٢٣,٣١ | ٨,٩٦ |
| | دوکان | ١٠٣٢٥ | ٣٥,٦٦ | ١٢,٢٧ |
| هەولێر | کۆیە | ٥٧٣٠٤ | ٢٧,٧٨ | ١٠,٢٨ |
| | سۆران | ٩٧٩٥٨ | ٥٥,٢٦ | ٢٧,٦ |
| | چۆمان | ٩٩٧٢ | ٤٠,٩٠ | ١٦,١٥ |
| | شەقلاوە | ٢٢٣٦٦ | ٥٠,١٠ | ١٦,٥٧ |
| | ڕەواندز | ١١٧٣٨ | ٥٠,٣٢ | ١٣,٢٧ |

سەرچاوە:

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،دەستەی ئاماری هەرێم بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری ڕانیە،بەشی دانیشتوان ساڵی ٢٠١٦، بۆ دەرهێنانی دووری نێوان شارەکان پشت بەستراوبە بەکارهێنانی بەرنامەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان gis

(٢) پشت بەستن بە قانوونی ڕایلی کە ڕێگایەکی بیرکاریە وبەکاردەهێنرێت لە دیاریکردنی سنووری هەرێمی شاردا وەک لە باسی پێشوودا بەدرێژی باسی یاساکەمان کرد.

**نەخشەی ژمارە ٢٤ یاسای خاڵی پچڕان بۆ دیاریکردنی هەرێمی شاری ڕانیە بەگوێرەی سەرجەم قەزاکانی دەوروبەری لە ساڵی ( ٢٠١٦)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠ .

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە دانان ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای هەولێر ، بەپێوەری ١:١٥٠٠٠٠ ، ساڵی ٢٠٠٩.

٣- خشتەی ژمارە (٢٦).

لەباکوورەوە درێژدەبێتەوە بەرەو قەزاکانی (چۆمان، ڕەواندز،شەقڵاوە)وە لەباشوریشەوە دەگاتە قەزای دوکان ولەبەشی ڕۆژهەڵاتیشەوە سنوری هەرێمی شاری ڕانیە نزیک دەبێتەوە لەشاری قەڵادزێ لەقەزای پشدەر، هەروەها لەڕۆژئاواشەوە هەرێمی ڕانیە نزیک دەبێتەوە لەقەزای کۆیە، بەم شێوەیە سنوری هەرێمی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەچێتە ناو سنوری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سنوری هەرێمی ناوچەی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بەجێبەجێ کردنی بیردۆزی خاڵی پچڕان تەواو نزیک دەبێتەوە لەو شارانەی کەدەوری شاری ڕانیەیان داوە، واتە شاری ڕانیە پاڵپشت بەبەرزی گەشەی دانیشتوانەکەی کاریگەری کردۆتە سەر ئەو شارانەی کە دەوریان داوە لەجیاتی ئەوەی کاریلێ بکرێت، کاریگەریەکەشی لەوەدا دەرکەوتووە کە توانیویەتی زۆرترین ئەو ڕووبەرە داگیر بکات یان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە کە کەوتۆتە نێوان شاری ڕانیە و قەزاکانی دەوروبەری.

**چ: هەرێمی وەزیفەی بازرگانی شاری ڕانیە**

شار ناتوانێت بەتەنهاو بەبێ بوونی پەیوەندی جۆراوجۆر لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری بژیت وبەردەوام بێت لەگەشەکردن وپێشکەوتن،لەهەمان کاتیشدا ناوچەکانی دەوروبەری شاریش ناتوانن بەبێ شار بژین و گەشە بکەن ، هەر بۆیە شار پەیوەندی لەگەڵ ناوچەکانی دەرەوە هەیە ئەو پەیوەندیەش لەچەندین بواری جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە[1]. لەم گۆشە نیگایەوە پەیوەندی ئابوری بەتایبەت پەیوەندی بازرگانی بەگرنگترین پەیوەندیەکانی شاروناوچەکانی دەوروبەری دەژمێردرێت ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی شار لە وەزیفەی بازرگانی دا وەک ناوچەیەکی گرنگ لەچوارچێوەی هەرێمەکەدا دەربکەوێت ورۆڵ ببینێت.لەسەرئەو بنەمایە دیاریکردنی هەرێمی بازرگانی گرنگیەکی بەرچاوی هەیە لەدانانی ماستەر پلان بۆ شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری لەگەڵ هێنانەدی ئامانجەکانی پەرەپێدانی گشتگیر، هەروەها ڕۆڵی گرنگی هەیە لە یەکگرتووی ڕەگەزەکانی هەرێمەکە[2]. لەژێر ڕۆشنایی ئەمەش دەتوانرێ پەرەپێدانی نشینگە مرۆییەکان وەک شارو گوندەکان بەرجەست بکرێت وژیانی دانیشتوانی شارو هەرێمەکەی گەشەی پێ بدرێت، ئەمەجگە لەوەی کەیارمەتی دەرە لەدووبارە داڕشتنەوەی هەیکەلی کارگێڕی هەرێمەکە دا [3]، سەبارەت بەوەزیفەی

(1) Verma, L-N, Urban Geography, Rawat Publication, New Delhi, 2008, P272 .

(٢) جمال حمدان، جغرافية المدن، المصدرالسابق ، ص٣٤٠ .

(٣) خالص حسنى الأشعب، أقليم المدينة – بين التخطيط الأقليمي والتنمية الشاملة، المصدر السابق ، ص٢١.

بازرگانی شاری ڕانیە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر،هەرێمی دامەزراوەی بازرگانی تاک و هەرێمی دامەزراوەی بازرگانی بەکۆ:

**١: هەرێمی دامەزراوەی بازرگانی تاک:**

بێگومان شار لەڕێگەی ئەودامەزراوە بازرگانیەجۆراوجۆرانەی کەلەشارەکەدا بڵاوبونەوە ، کەچەندین کەلوپەلوکاڵای جۆراوجۆریان لەخۆگرتووە دەتوانێت خزمەتی شارەکەو هەرێمەکەی پێبکات،بەڵام ئەودامەزراوە بازرگانیانەی شار کە لەشێوەی بازرگانی تاک دان ڕۆڵ و کاریگەریان بەستراوەتەوە بەچەند هۆکارێک کەبریتین لەمانەی خوارەوە[1]:

أ / ئەو ماوەیە چەندە دوورە کەکڕیاران دەی بڕن بۆ گەیشتن بەبازاڕ؟ هەروەها کاتی پێویست چەندە بۆ بڕینی ئەو ماوەیەی کە بازاڕکەر پێویستیەتی بۆ ئەوەی بگاتە بازاڕ؟

ب/ ڕێژەی تێچوونی ئەو کەسەی دەیەوێت بازاڕ بکات لەگەشتەکەی‌دا چەندە؟ لەگەڵ ڕێژەی ئەو کەل وپەلانەی کە پێویستیەتی یان کڕیویەتی چەندە؟

ج/ توانای بەرگەگرتنی ئەوکەلوپەلانە چەندە لەکاتی گواستنەوەیان بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ بێ ئەوەی ڕووبەڕووی خراپ بوون و لەناوچوون ببنەوە؟

زۆرێک لەوتوێژینەوانەی کە لەسەر شارەکانی وڵاتانی جیهان کراوە ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە نفوزی (ئاستی درێژبوونەوەی) دامەزراوەکانی بازرگانی تاک لەباشترین بارودۆخدا لەماوەی نێوان (١٠-٥٠)کم تێ پەڕ ناکات، لەهەمان کاتدا لەشاری ئوریاک لەفەڕەنسا (١٠-٢٥)کم و لەشاری لیدزی بەریتانیا لەنێوان (٢٠-٣٠)کم و لەشاری سولت لیک ئەمریکی لەنێوان (٥٠)کم دایە[2]. بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٢٧) بۆمان دەردەکەویت شاری ڕانیە وئیدارەی ڕاپەڕین ژمارەیەکی بەرچاو لەدامەزراوەی بازرگانی تاک لەخۆ دەگرێت کەژمارەی ئەو دامەزراوانە (٢٨٠٩) دامەزراوەی بازرگانیە،ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕێگەی ئەودامەزراوە بازرگانیەجۆراوجۆرانە وەک (خۆراک، بیناسازی،سەوزەومیوە، جلوبەرگ..کەبەسەر بەشە جیاجیاکانی ڕانیەدا دابەشبوون وە توانیویەتی خزمەتگوزاری بازرگانی پێشکەشی دانیشتوانی ڕانیەو هەرێمەکەی بکات، سەبارەت بە دابەشبونی دامەزراوە بازرگانیە جۆراوجۆرەکان لەشارەکەدا بەشێوەیەکە لەکۆی ئەو ژمارەیەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا(١٢٨٠) دامەزراوە بازرگانیان دەکەونە ناوچەی بازرگانی سەنتەری (CBD ) ڕانیە لە ناوچەکانی شەقامی ٥ ئازار ،شەقامی سەرەکی ،کۆڵانەکانی بازرگانی سەنتەری

(١)حسن كشاش عبدالجنابی، الإقليم الوظيفي لمدينة الرمادی (دراسة في جغرافية المدن)، المصدر السابق،ص٢٥٦.

(٢)نفس مصدر،ص٢٥٦-٢٥٧.

قەیسەری ورۆخەکانی بازرگانی سەنتەری بڕوانە خشتەی ژمارە(٢٨) سەبارەت بەو دامەزراوە بازرگانیانەی لەشێوەی بازرگانی تاکدان چەندین کە لوپەلی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت کە دانیشتوانی ڕانیەوهەرێمەکەی ڕۆژانە پێویستیان پێیەتی وەک کەرەستەی خۆراک بەهەموو جۆرەکانیەوە شاری ڕانیە لەرێگەی ئەو دامەزراوە بازرگانیانەوە توانیویەتی ڕۆلێکی گرنگ و بەرچاو ببینێت لەدابین کردن وپڕکردنەوەی ئەو پێداویستی و کالایەنەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دان بۆ شارەکەو هەرێمەکەی.

**خشتەی ژمارە ٢٧ دامەزراوەی بازرگانی تاک لەشاری ڕانیە وئیدارەی ڕاپەڕین**

**له سالی( ٢٠١٦ )**

| جۆری کەل و پەل | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| خۆراک | ٦٦ | ٢,٣٤ |
| ئامێری کارەبایی | ٥١ | ١,٩١ |
| سەوزەو میوە | ٣٩ | ١,٣٨ |
| زێڕەنگەر | ١٩٣ | ٦,٨٧ |
| بەرگدروو | ٨٢ | ٢,٩١ |
| گازینۆ و چایخانە | ٣٠ | ١,٠٦ |
| مۆبایل | ٣٢ | ١,١٣ |
| کتێبخانە | ٥٠ | ١,٧٧ |
| پێلاوفرۆش | ٩١ | ٣,٢٣ |
| نوسینگەی خانوو | ٩٠ | ٣,٢٠ |
| نوسینگەی چاپەمەنی | ٢٠ | ٠,٧١ |
| تۆماری دەنگ | ٤٦ | ١,٦٣ |
| سەموونخانە | ٦٢ | ٢,٢٠ |
| ئالوگۆری دراو | ٣٦ | ١,٢٨ |
| دەرمانخانە | ٦٩ | ٢,٤٥ |
| بیناسازی | ٧١ | ٢,٥٢ |
| چێشتخانە | ١٥٩ | ٥,٦٦ |
| ساردەمەنی | ٤١ | ١,٤٥ |
| پێشانگا | ٦٧ | ٢,٣٨ |
| جل و بەرگ | ٤٤ | ١,٥٦ |
| کوتاڵ | ٤١ | ١,٤٥ |
| شوشەچی | ٧٧ | ٢,٧٤ |

| | | |
|---|---|---|
| فەرش فرۆش | ٣٩ | ١,٣٨ |
| كۆمپیوتەر | ٥٩ | ٢,١ |
| جوانكاری | ٣٩ | ١,٣٨ |
| وەرشەی چاككردنەوە | ٩٩ | ٣,٥٢ |
| خواردنەوە كهولیەكان | ٤٢ | ١,٤٩ |
| وێنەگر | ٢٠ | ٠,٧١ |
| سەرتاشخانە | ٢٢ | ٠,٧٨ |
| بریكاری خۆراك | ٤٠ | ١,٤٢ |
| دارتاش | ٥٢ | ١,٨٥ |
| كارگەی ئەلەمنیۆم | ٤٦ | ١,٦٣ |
| كەل و پەلی كارەبایی | ٧٨ | ٢,٧٧ |
| دوكانی تر | ٨١٦ | ٢٩,١٤ |
| كۆی گشتی | ٢٨٠٩ | ١٠٠ |

سەرچاوە: بێستون احمد حسین، دیاریكردنی ناوچەی بازرگانی سەنتەری شاری ڕانیە، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١١)، ڕانیە، ٢٠١٧، ل٢٨٠-٢٨٢

**خشتەی ژمارە ٢٨ دامەزراوە بازرگانیەكانی ناوچەی بازرگانی سەنتەری (CBD)**
**ودەروبەری شاری ڕانیە له ساڵی (٢٠١٦)**

| ژ | جۆری دامەزراوەی بازرگانی | شوێنی دامەزراوەكە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | كەل وپەلی خۆراك، كارەبایی ، نۆرینگە، بەرگدروو، زێڕەنگەر، پەڕاوگە، كتێبخانە،نوسینگەی خانوو، نوسینگەی كۆپی، پێشانگای ماڵ (موبیلیات)، شوشەچی، كۆمپیوتەر، جوانكاری، سەرتاش، ئارایشگا، وێنەگر، دوكانی تر ... | شەقامی ٥ ئازار لەناوچەی CBD | ٢٧٧ | ٢١,٦٤ |
| ٢ | جلوبەرگ (پیاوان،ئافرەتان،منداڵان)، جوانكاری، كوتاڵ، نوسینگەی خانوو، چێشتخانە، خواردنگە، چایخانەو گازینۆ، پێڵاوفرۆش، وێنەگر، گۆشت فرۆش، دوكانی تر ... | شەقامیسەرەكی لەناوچەی CBD | ١١٥ | ٩ |
| ٣ | كەل وپەلی خۆراك، شوشەوات، قاپ و قاچاغ، سەوزەو میوە،، سەرتاش، ئارایشگا، پێڵاوفرۆش پەڕاوگە ،كتێبخانە ،جلوبەرگ ( پیاوان، ئافرەتان، منداڵان)،كۆمپیوتەر، جوانكاری (كمالیات)، بەرگدروو، نوسینگەی كۆپی سیدی، ئامێری كارەبایی، كوتاڵ، كارگەی ئەلەمنیۆم، كاڵای بیناسازی، دوكانی تر ... | كۆڵانەكانی ناوچەی CBD | ٤١٧ | ٣٢,٥٨ |
| ٤ | جوانكاری (كمالیات)، بەرگدروو، كوتاڵ، زێڕەنگەر، پێڵاوفرۆش، | قەیسەریەكانی | ١٨٨ | ١٤,٦٨ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | جلوبەرگ (پیاوان،ئافرەتان،منداڵان)، دوكانی تر ... | ناوچەی CBD | | |
| ٥ | شوشەوات، قاپ وقاچاغ، جلوبەرگ (پیاوان ،ئافرەتان ،منداڵان )، جوانكاری (كمالیات)، پێڵاوفرۆش، نۆرینگە، بەرگدروو، دوكانی تر ... | ڕۆخەكانی ناوچەی CBD | ٢٨٣ | ٢٢,١٠ |
| كۆی گشتی | | | ١٢٨٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: بێستون احمد حسین، دیاریكردنی ناوچەی بازرگانیسەنتەری شاری ڕانیە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١

دوای ئەنجام دانی لێكۆڵینەوەی كێومالّی ولەڕێگەی پرسیاركردن لەوكەسانەی كەڕۆژانە یان هەفتانە سەردانی دامەزراوە بازرگانیەكانی شاری ڕانیە دەكەن وە پاڵپشت بەدابەشكردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر خاوەن دوكان ئەو كەسانەی یان (كڕیارانەی) كە بەمەبەستی بازاڕكردن وكڕینی پێداویستی و كەل وپەلی ڕۆژانە لەشوێنە جیاجیاكانی دەوروبەری شاری ڕانیەوە هاتوونەتە شارەكە، بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٢٩) بۆمان دەردەكەوێت كە ڕێژەی زیاتر (٥٠٪)ی ئەو كەسانەی كەلوپەلوپێداویستی دەكڕن دانیشتوانی شاری ڕانیەن وەباقی ڕێژەكەی تربەسەرشارۆ چكەوگوندەكانی دەوروبەری ڕانیە دابەش دەبێت،بەشێوەیەك گوندەكانی ناحیەی چوارقوڕنە ڕێژەی (٩٪) پێك دەهێنن، هەروەها گوندەكانی ناحیەی حاجیاوا بەڕێژەی نزیكەی(٨٪)، لەهەمان كاتدا دانیشتوانی هەریەك لەگوندەكانی ناحیەی سەركەپكان بەڕێژەی (٥٪) و ناحیەی بێتواتە بەڕێژەی زیاتر لە(٤،٦٪) سەردانی شاری ڕانیە دەكەن بۆ كڕینی كەل وپەل و پێداویستی ڕۆژانە، هەروەها دانیشتوانی گوندەكانی ناحیەی بنگردی سەربە قەزای دوكان بە ڕێژەی (٧٪) سەردانی شاری ڕانیە دەكەن وەدانیشتوانی گوندەكانی ناحیەی خدران بەڕێژەی(٦،٥٪) لەهەمان كاتدا گوندنشینەكانی ناحیەی سەنگەسەر بە ڕێژەی (٥،٥٪) وناحیەی ژاراوە لەقەزای پشدەر بەڕێژەی زیاترلە(٤.٧٪) بەمەبەستی كڕینی كەلوپەلی ڕۆژانە سوود لەشاری ڕانیە وەردەگرن. بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٢٥) دەردەكەوێت  شاری ڕانیە بەپشت بەستن بەوەزیفەی بازرگانی توانیویەتی كاریگەری بكاتە سەر چەند شارو شارۆچكەیەكی جیاواز، وەك تەواوی یەكە كارگێریەكانی قەزای ڕانیە كەپێك دێن لەناحیەكانی (سەنتەر، حاجیاوا، چوارقوڕنە، سەركەپكان ،ژاراوە، بێتواتە) لەگەڵ ناحیەكانی بنگرد،خدران لەقەزای دوكان وناحیەی سەنگەسەر وژاراوە لەقەزای پشدەر، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی ناوچەی لیكۆڵینەوە توانیویەتی پێداویستی جۆراوجۆری ڕۆژانەی دانیشتوانی شاروگوندەكان پڕبكاتەوە، لەم گۆشەنیگایەوە دەكرێت ئاماژە بەوە بكەین شاری ڕانیە پاڵپشت بەو ڕێژانەی لەسەرە وە

ئاماژەمان پێ دان توانیویەتی زۆرترین کاریگەری بکاتە سەردانیشتوانی ناحیەی سەنتەر بەڕێژەی زیاترلە(٥٠٪)وکەمترین کاریگەریشی بۆسەر ناحیەکانی (سەرکەپکان،ژاراوە،بێتواتە) بەڕێژەی نزیکەی (٥٪).

**خشتەی ژمارە ٢٩ ئەو کڕیارانەی بەمەبەستی کڕینی کە ل و پە ل سەردانی شاری ڕانیە یان کردوە بەگوێرەی شوێنی نیشتەجێ بوون لە ساڵی( ٢٠١٦)**


| قەزا | شوێنی نیشتەجێ بوونی کڕیار (ناحیە) | ژمارەی کڕیار (ئەوانەی‌سەردانی شاری ڕانیەیان کردووە) | ڕێژە | ئەو ماوەیەی کەکڕیار بڕیویەتی بۆ گەیشتن بەبازارەکانی شاری ڕانیە لەگەڵ کرێی گواستنەوەی کڕیار بۆ ڕانیە | | جۆری ئەو کەل و پە لانەی کە کڕیارەکان (بازارکەران) کڕیویانە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ماوە (کم) | کرێی گواستنەوە (دینار) | |
| ڕانیە | ڕانیە | ٥٦٣ | ٥٠,٦٢ | - | - | (خۆراک بەهەموو جۆرەکانیەوە، سەوزەو میوە ، گۆشت، جلوبەرگ ، کەرەستەی ماڵ و کارەبایی، بیناسازی، زێر، پزیشک) |
| | حاجیاوا | ٨٥ | ٧,٦٤ | ١٠ | ١٠٠٠ | |
| | چوارقورنە | ١٠٢ | ٩,١٧ | ٦ | ٥٠٠ | |
| | سەرکەپکان | ٥٥ | ٤,٩٤ | ٦ | ٥٠٠ | |
| | بێتواتە | ٥١ | ٤,٦٠ | ١٦ | ٣٠٠٠ | |
| دوکان | بنگرد | ٨١ | ٧,٢٨ | ٢٨ | ٥٠٠٠ | |
| | خدران | ٦٢ | ٥,٥٧ | ١٨ | ٤٠٠٠ | |
| پشدەر | سەنگەسەر | ٦١ | ٥,٤٨ | ١٤ | ٢٠٠٠ | |
| | ژاراوە | ٥٢ | ٤,٧٠ | ١٤ | ٣٠٠٠ | |
| کۆی گشتی | | ١١١٢ | ١٠٠ | | | |

سەرچاوە:

١- لێکۆڵینەوەی کێومالی، لەڕێگەی سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ بازارەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ خاوەن دوکانەکان دەربارەی شوێنی ئەو کەسانەی کە سەردانیان دەکەن و جۆری ئەو کەل و پلانەی کە دەیکڕن.

٢- پاشکۆی ژمارە (١٠ ) فۆرمی ڕاپرسی تایبەت بەدامەزراوەی بازرگانی تاک.

## نەخشەی ژمارە ٢٥ هەرێمی وەزیفەیی بازرگانی تاکی شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠ .

٢- خشتەی ژمارە(٢٩).

هۆكارەكانی كاریگەری شاری ڕانیە لەسەر ناوچەكانی دەوروبەری دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک كە لەئەنجامی دابەشكردنی فۆڕمی ڕاپرسیەوە دەستمان كەوتووە [1]

١- نزیكی ناحیەكانی(حاجیاواو ،چوارقوڕنە)كەڕاستەخۆ هاوسنورن لەگەڵ شاری ڕانیە، بەجۆرێک كە دووری نێوان ڕانیە-چوارقوڕنە تەنها (٦)كم و ڕانیە-حاجیاوا (١٠)كم، هەروەها كەمی نرخی گواستنەوە بەجۆرێک ڕانیە-چوارقوڕنە تەنها (٥٠٠) دینارەوڕانیە-حاجیاوا (١٠٠٠) دینار، بێگومان هۆكاری نزیكی وكەمی نرخ لەهۆكارە هەرە كاریگەرەكانن بۆ ڕاكێشانی دانیشتوانی گوندەكانی دەوروبەری ڕانیە.

٢- بەرزونزمی یەكێكە لەوهۆكارانەی كە ڕۆڵی خۆی هەیە لەڕاكێشانی دانیشتوانی ناحیەی بنگرد لەقەزای دوكان بەئاڕاستەی ڕانیە، چونكە بونی شاخەكانی پیرەمەگرون ودابان بۆتەهۆی دابڕانی بنگردودوكان لەیەكتری، وە مەترسی ڕێگاكان لەوناوچە شاخا ویانەدا بەتایبەت لەوەرزی زستان بەفرێكی زۆر ئەو ناوچەیە دادەپۆشێت و ڕێگاكان دەگیرێن، هەروەها بەستنەوەی ناحیەی بنگرد لەڕێگەی پردەوە لەسەر زێی بچوک بەشاری ڕانیەوە بەكاتێكی كەم كە (٢٥) خولەک تێپەڕ ناكات وبەنرخێكی كەم كە(٣٠٠٠) دینار دانیشتوانی گوندەكانی ناحیەی بنگردی قەزای‌دوكان دەتوانن بۆ كڕینی پێداویستیەكانی ڕۆژانە سەردانی شاری ڕانیە بكەن، ئەمە جگە لەوەی كە شارۆچكەی بنگرد وەک سەنتەری ناحیەی بنگرد شارۆچكەیەكی زۆربچوكە (١٠٠-١٥٠) ماڵێک تێپەڕناكات لەبەرئەوە بازاڕی وای نیەكە بتوانێت زۆرێک لەپێداویستیەكانی ڕۆژانەی دانیشتوانی گوندەكانی ئەوناحیەیە دابین بكات،بۆیە دانیشتوانەكەی ناچارن زیاترڕوولەشاری ڕانیە بكەن.

٣- زۆرێک لەخاوەن دوكان ومارکێتەكان كە كاری بازرگانی دەكەن و كەلو پەل دەفرۆشن، لەپاڵ ئەوەشدا كاری بازرگانی بەكۆش دەكەن چونكە كاڵاكان لەووڵاتی ئێران هاوردە ئەمەش بەهۆی نزیكی ئێران لە ڕانیە كە ناوچەیەكی سنوریە، لەبەرئەوە كاڵاكانیان بەنرخیكی هەرزانتر و بەنرخی كۆ دەدەن بەو كڕیارانەی كە لەشاروشارۆچكەو گوندەكانی دەوروبەری ڕانیەوە ڕوو لە شارەكە دەكەن، تەنانەت بەشێک لە دوكاندارەكان كڕیاری تایبەت بەخۆیان هەیە كە لەگوندەكانەوە دێنە شارەكە وپێداویستی جۆراوجۆری ڕۆژانەیان لێ دەكڕن.

٤-كوالێتی وجۆری كاڵاكانیش كاریگەری خۆی هەیە لەڕاكێشانی كڕیارانی دانیشتوانی گوندەكانی دەوروبەری شاری ڕانیە بەتایبەت لەبواری جلوبەرگ و پۆشاک و خشڵی

---

(١)ئامادەكراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەكانی فۆڕمی ڕاپرسی كەوێنەیەكی لەپاشكۆی ژمارە(١٠) خراوەتەڕوو.

ئافرەتان و پێداویستی ناوماڵ، خاوەن دوکانەکان جۆری کاڵای تایبەت و کوالێتی بەرزو گرانبەها ونمونەیی دێنن کە لەهەندێک کاتدا دانیشتوان وکڕیارانی دەوروبەری گوندەکانی دوورلەڕانیە ناچار دەبن لەشوێنە دوورەکانیشەوە ماوەیەکی زۆرترو کرێی زیاتر بدەن تەنها بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئەو جۆر کاڵایانەی کە باش و تایبەتن لەشارۆچکەکانی تر دەست ناکەوێت.

شاری ڕانیە توانیویەتی کەمترین کاریگەریش بکاتە سەر گوندەکانی ناحیەی بێتواتە و ژاراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دووری نێوان ڕانیە-بێتواتە کە (١٦)کم وبەرزی نرخی کرێی گواستنەوە کە زیاترە لە(٥٠٠٠)دینار ئەمە لەلایەک،لەلایەکی تریشەوە نزیکی شارۆچکەی حاجیاوا لەشارۆچکەی بێتواتە وای کردووە کە زۆرجار دانیشتوانی گوندنشینەکانی بێتواتە بۆ کڕینی کەلو پەلەکانیان سەردانی شارۆچکەی حاجیاوا بکەن وەک یەکێک لەو شارۆچکانەی کەبازاڕی گەورە وبەرفراوانی هەیە و زۆرێک لەکاڵاکانی ڕۆژانەی تێدا دەستەبەر دەبێت.

٥- لەچوارچێوەی دامەزراوەی بازرگانی تاک دا شاری ڕانیە نەیتوانیوە کاریگەریەکەی بگاتە شارۆچکەکانی (قەڵادزێ ، هەڵشۆ، هێرۆ، ئیسێوە) لەسنوری قەزای پشدەر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەوکەرەستەوکاڵایانەی ئاماژەمان پێ دان وەک (کەرەستەی خۆراک، سەوزەو میوە،جلوبەرگ،کەرەستەی بیناسازی و ناوماڵ و پزیشکی و ...) کە ڕۆژانە دانیشتوان پێویستیانە هەموو ئەمانە لەشاری قەڵادزێ دەست دەکەون، بۆیە سەرجەم دانیشتوانی گوندوشارۆچکەکانی قەزای پشدەر ڕوولەشاری قەڵادزێ دەکەن جگە لە بەشێک لە دانیشتوانی ناحیەکانی سەنگەسەر وژاراوەکەدێنە شاری ڕانیە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی هاوسنوری شارۆ چکەکانی ( هەڵشۆ، هێرۆ، ئیسێوە)لەگەڵ شاری قەڵادزێ کەدووریان لەنیوان (٦-١٥)کم دایە وەکەمی نرخی گواستنەوە یان بۆقەڵادزێ لەنێوان(١٠٠٠-٣٠٠٠) دینار دایە، بەپێچەوانەوە دوری ئەوشارۆچکانە لەشاری ڕانیە لەنێوان ( ٢١-٤٩ )کم دایە وبەرزی نرخی گواستنەوەیان بۆشاری ڕانیە کە لەنێوان (٥٠٠٠-١٠٠٠٠) دینار دایە، بۆتە هۆی ئەوەی کە دانیشتوانی ئەو شارۆچکانە ڕوو لەشاری ڕانیە نەکەن.[١]

لەهەمان کاتدا ناوچەی لێکۆڵینەوە نەیتوانیوە کاریگەریەکەی بگاتە هەریەک لەناحیەکانی (خەلەکان ، بالیسان ، هیران ، نازەنین ، قەسرێ ، تەق تەق ) چونکە دانیشتوانی

---

(١)ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی کەوێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە( ١٠)خراوەتەروو.

ئەو ناوچانە ڕوو لەشارەکانی دوکان و شەقڵاوە و کۆیە دەکەن، بەهۆی نزیکیان و کەمی نرخی گواستنەوەیان و بوونی کاڵاکان لەو شارانەی ئاماژەکان پێ دان، واتە لێرە لەبازرگانی تاک دا هۆکاری دووری وە نرخی گواستنەوە بەپلەی یەکەم کاریگەری بەرچاوی هەبووە، دواتر هۆکارەکانی کوالێتی وجۆری کەرەستەوکاڵاکان وە ئارەزووی تاکەکان کە دەیانەوێت بۆ کڕینی کەلوپەل و کاڵاکان سەردانی چ شارێک بکەن، لە ڕاکێشانی کڕیارانی ناوچەکانی دەوروبەر ڕۆڵی خۆیان هەیە.

**٢: هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ:**

بازرگانی بەکۆیەکێکی ترە لەوبازرگانیانەی شاری ڕانیە توانیویەتی خزمەتی دانیشتوانی هەرێمەکەی پێبکات ،سەبارەت بەودامەزراوە بازرگانیانەی کە کاری بازرگانی بەکۆ دەکەن چەند جۆریکی جیاواز لەخۆدەگرن کەخۆی لەمانەدا دەبینێتەوە ( بیناسازی، سەوزەومیوە، جلوبەرگ موبلیات، سامانی ئاژەڵ ، کەرەستەی خۆراک )، بێگومان کاریگەری شاری ڕانیە لە چواچێوەی بازرگانی بەکۆ سنورەکەی لەکەرەستەیەکەوە بۆکەرەستەیەکی تردەگۆڕێت بەجۆرێک لەهەندێک کەرەستەی وەک بیناسازی ،ئاژەڵ سنورێکی بەرفراوانتر داگیردەکات، بەڵام کەرەستە کانی تری وەک جل وبەرگ وموبلیات سنوری کاریگەری ڕانیە بچوک دەبێتەوە،لێرەوە هەوڵدەدەین سنوری هەرێمی وەزیفەی بازرگانی بەکۆ لەشاری ڕانیە بەگوێرەی هەریەک لەو کەرەستانەی ئاماژەمان پێ دان دیاری بکەین و ڕوونی بکەینەوە:-


**آ: کەرەستەی بیناسازی**

شاری ڕانیە یەکێکە لەو شارانەی کە خاوەنی کەرەستەی جۆراوجۆرە لەبواری بیناسازی لەشێوەی (چەو لم و بلۆک، کاشی، ئاسن، چیمەنتۆ) ئەمانە لەو کەرەستە گرنگانەن کە ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی بازرگانی پێ بکات و بینێرێتە ناوچە دوور ونزیکەکانی دەوروبەری، ئەگەر ئاماژە بەو شارۆچکە جیاوازانە بکەین کە ڕانیە توانیویەتی لەشێوەی بازرگانی بەکۆمەڵ کاڵایان بۆ بنێرێت،بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٢٦)بۆمان دەردەکەوێت کە ڕانیە توانیویەتی کەرەستە بیناسازیەکانی وەک چەو لم، بلۆک ، کاشی ، ئاسن ..... بنێرێت بۆ هەریەک لەناحیەی (سەنتەر، سەرکەپکان،حاجیاوا، چوارقورنە،بێتواتە ) لەقەزای ڕانیە لەگەڵ ناحیەکانی (قەڵادزێ ،سەنگەسەر ، ژاراوە) لەقەزای پشدەر، هەروەها کاڵا بیناسازیەکانی ناردووە بۆ ناوچەکانی ناحیەکانی (بنگرد، خدران، خەلەکان،شارۆچکەی دوکان ) لەسنوری قەزای دوکان لەگەڵ شاری سلێمانی، لەهەمان کاتدا کاریگەری شاری ڕانیە تەنها لەسنوری سلێمانی داخۆی نابینێتەوە بەڵکوکاریگەریەکەی دەگاتە شاری کەرکوک

لەگەڵ چەندشارو شارۆچکەوناحیەیەک لەسنوری پارێزگای هەولێر وەک ناردنی کەرەستەی بیناسازی بۆ شاری هەولێر وناحیەکانی (سەنتەر،هیران، بالیسان،باسرمە لە قەزای شەقلاوە بۆ ناحیەکانی،تەق تەق،سکتان لەقەزای کۆیە هەروەها ناحیەی سەنتەر، گۆرەتوو وەرتێ ، لەقەزای ڕەواندوز لەگەڵ ناحیەی سەنتەر لەقەزای سۆران وە ناحیەی حاجی ئۆمەران، ، قسرێ، لەقەزای چۆمان) لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوهۆکارانە بکەین کەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕانیە کەرەستەی بیناسازی بنێرێتە ناوچە دوورونزیکەکانی دەوروبەری،هۆکارەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-دەوڵەمەندی ڕانیە بەکەرەستەکانی بیناسازی، وەک چەوولم وبلۆک، دەگەڕێتەوەبۆ تێپەڕبوونی زێی بچوک بەباشووری خۆرهەڵاتی شاری ڕانیە، کە بۆتەسەرچاوەیەکی گرنگی بە دەستهێنانی کەرەستە کانی چەولم وبلۆک، کەئەمانە لەکەرەستەگرنگ وبنچیەنەیەکانی بواری بیناسازین.

## نەخشەی ژمارە ٢٦ هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەی بیناسازی لە شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری نەخشەسازی سلێمانی(Gis)بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی،بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠،ساڵی ٢٠١٠ .

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە دانان،بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای هەولێر ، بەپێوەری ١:١٥٠٠٠ ، ساڵی ٢٠٠٩.

٣- خشتەی ژمارە(٣٠)

٤- هاشم یاسین حمدامین حداد وئەوانی تر،ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عیراق،عێراق جیهان،هەولێر، ٢٠٠٩.

٢- باشـــی جـــۆری کەرەســـتەکانی چەوولـــم و بلـــۆکی کارگەکـــانی شـــارەکە، بەجۆرێـــک کەرەســـتەکانیان بەهێـــزن لەبـــواری بیناســـازی، ئەمەش بـــۆتە هـــۆی ئەوەی کەلەشـــارە دوورەکانیشـــەوە وەک ســـلێمانی و هەولێروکەرکـــوک و حـــاجی ئـــۆمەران خواســـت لەســـەر کەرەستەکانی ڕانیە زۆر بێت[١].

٣- وەک لەئەنجام دانی ڕاپرسیەکەدا دەرکەوت یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کەوای کردوە شاری ڕانیە کەرەستەکانی بیناسازی بنێرێتە دەرەوەی شارە دوور و گەورەکانی وەک (سلێمانی،هەولێر)دەگەڕێتەوە بۆگەورەیی ئەم دوو شارە لەڕووی بیناسازی وئاوەدانیە وە ،چونکە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر لەڕێگەی کۆمپانیاکانی نیشتەجێ بوون وئاوەدانی و بیناسازی وڕێگاوبانەوە سالآنە زۆرترین کارو پرۆژەی بیناسازی لەو دوو شارە گەورەیەدا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کارگەکانی ئەم دوو شارە گەورەیە نەتوانن پێداویستیەکانی بیناسازی بۆخۆیان دابین بکەن، لەبەر ئەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان پشت بەشاری ڕانیە دەبەستن ئەمە لەلایەک،لەلایەکیتریشەوە وەک ئاماژەمان پێدا دەوڵەمەندی ڕانیە بەکەرەستەکانی بیناسازی هۆکارێکی ترە کەناوچەی لێکۆڵینەوە بتوانێ کالآکان بنێرێتە شاری سلێمانی وهەولێر هەروەها کاریگەری بەرچاوی شاری ڕانیە لەسەر ناوچە نزیکەکانی دەوروبەری وەک ناحیەکانی سەر بەقەزای ڕانیە و پشدەر و هەردوو ناحیەی بنگرد و خەلەکان لەقەزای دوکان و ناحیەی هیران و ،بالیسان لەقەزای شەقلاوەدەگەڕێتەوە بۆنزیکیان لەڕانیە وسەنتەریەتی شوێنی جوگرافی شارەکە بەنسبەت ئەو ناوچانەی دەوریان داوە، لەگەل گونجاوی نرخی گواستنەوەی کالآکان بەجۆرێک دووری ڕانیە لەو شارو شارۆچکانە لەنێوان (٤-٢٠)کم دایە،کرێی گواستنەوەی بارهەڵگرەکان کە توانای هەڵگرتنی (٢٠-٣٠) تەنیان هەیە لەنێوان (٣٠-٦٠) هەزار دینارە بۆ هەر بارهەڵگرێک.

٤- خاوەن کارگەکان خۆیان لەڕێگەی بارهەڵگرە گەورەکانیانەوەکاری گواستنەوەی کەرەستەکان دەکەن بەتایبەت بۆکۆمپانیا گەورەکانی(ئاوەدانی ،بیناساز،ڕێگاوبان)چونکە ئەمە کارێکی بازرگانی گەورەیەخاوەن کارگەکانی ڕانیە لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیناسازی شارە دوورو گەورەکان ئەنجامی دەدەن بەتایبەت سلێمانی هەولێر، بێگومان هەژمارنەکردنی کرێی گواستنەوە لەسەر کۆمپانیاکان هۆکارێکی ترە کەخواست لەسەر کالآکانی شاری ڕانیە زۆر بێت بەم هۆیەوە کاریگەری ڕانیە بگاتە ناوچە دوورەکان.

---

(١)حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، وەزارەتـی نـاوخۆ، قائیمقـامیەتی قەزای ڕانـیە، بەشـی ڕووپێـوی جیۆلۆجی و پشکنینی کانزای ڕانیە، ساڵی ٢٠١٦

٥- خاوەن کارگەکانی بیناسازی پەیڕەوی شێوازی قیستی درێژخایەن دەکەن لەگەڵ کڕیارەکان، تەنانەت هەندێک جار لەکاتی قیستەکەش تێپەڕ دەبێت هێشتا خاوەن کارگەکان یارمەتیان دەدەن، بۆیە ئەمەش وەک هۆکارێک ڕۆڵی هەیە لەبوونی خواست لەسەر کالآکانی شاری ڕانیە.[1]

٦- بەستنەوەی شاری ڕانیە لەڕێگەی تۆڕێکی بەرفراوانی ڕێگاوبان وگواستنەوە لەگەڵ چەندین شاروشارۆچکەکانی دەوروبەری ودوورلەخۆی لەهەردوو پارێزگای سلێمانی وهەولێرهۆکارێکی تری بەرفراوانبونی کاریگەری وپەیوەندیەکانی شارەکەیە لەگەڵ ناوچە جیاوازەکان.

سەبارەت بەئاست وپلەی کاریگەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری بەجۆرێکە لە ناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکی تردەگۆڕێت، بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٣٠) بۆمان دەردەکەوێت ڕانیە بەپلەی یەکەم وبەڕێژەی زیاترلە(٣٨٪)کاریگەری کردۆتە سەرئیدارەی ڕاپەڕین کە هەدوو قەزای ڕانیەوپشدەر دەگرێتەوە، بەدوورکەوتنەوە لەڕانیە پلەی کاریگەریەکەی بەرەو کەمبونەوە دەچێت وکەمترین کاریگەریشی کردۆتە سەرناحیەکانی (باسرمە، گۆرەتو، قسرێ ، سکتان ) ، بەڕێژەی (١٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆبچوکی ئەو ناوچانە کەبواری سەرفکردنی کەل و پەلوکالآیان کەمە.

---

(١)بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١).

**خشتەی ژمارە ٣٠ هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەی بیناسازی لەشاری ڕانیەلە سالّی(٢٠١٦)**

| ز | قەزا | ناحیە | بڕەکەیبە تەن | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیدارەی ڕاپەڕین | ڕانیە | ١٦٢١٦١ | ١٧ |
| | | حاجیاوا | ٣٨١٥١ | ٤ |
| | | چوارقورنە | ٢٨٦١٣ | ٣ |
| | | سەرکە پکان | ١٩٠٧٥ | ٢ |
| | | بیتواتە | ٣٢٤٢٨ | ٣.٤ |
| | | قەلادزێ | ٤١٠١٢ | ٤.٣ |
| | | سەنگەسەر | ٢٢٨٩٠ | ٢.٤ |
| | | ژاراوە | ١٩٠٧٥ | ٢ |
| ٢ | دوکان | بنگرد | ٢٥٧٥٢ | ٢.٧ |
| | | خدران | ٢٠٩٨٣ | ٢.٢ |
| | | دوکان | ٢٦٧٠٦ | ٢.٨ |
| | | خەلەکان | ١٩٠٧٥ | ٢ |
| ٣ | سۆران | سەنتەر | ١٩٠٧٥ | ٢ |
| | | سیدەکان | ١٩٠٧٥ | ٢ |
| | | باسرمە | ٩٥٣٧ | ١ |
| ٤ | سلێمانی | سلێمانی | ٨٥٨٤١ | ٩ |
| ٥ | هەولێر | هەولێر | ٦٦٧٦٥ | ٧ |
| ٦ | کۆیە | کۆیە | ٣٥٢٩٠ | ٣.٧ |
| | | سکتان | ١٤٣٠٦ | ١.٥ |
| | | تەق تەق | ٢١٩٣٧ | ٢.٣ |
| ٧ | شەقلاوە | سەنتەر | ١٩٠٧٥ | ٢ |
| | | هیران | ٢٢٨٩٠ | ٢.٤ |
| | | بالیسان | ١٩٠٧٦ | ٢ |
| ٨ | چۆمان | سەنتەر | ٢٨٦١٣ | ٣ |
| | | حاجی ئۆمەران | ٣٦٢٤٣ | ٣.٨ |
| | | وەرتێ | ١٩٠٧٥ | ٢ |
| | | قەسرێ | ١٤٣٠٦ | ١.٥ |
| ٩ | ڕەواندوز | سەنتەر | ٢٣٨٤٤ | ٢.٥ |
| ١٠ | | گۆرەتوو | ٩٥٣٧ | ١ |
| ١١ | کرکوک | کەرکوک | ٣٣٣٨٢ | ٣.٥ |
| کۆی گشتی | | | ٩٥٣٧٨٨ تەن | ١٠٠ |

سەرچاوە: ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە(١١) خراوەتەروو.

ئەگەر ڕۆشنایی بخەینە سەر سنوری هەرێمی چڕ وفراوانی بازرگانی بیناسازی شاری ڕانیە، بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٢٦) پێشوو بۆمان دەردەکەوێت سنوری هەرێمی چڕی بازرگانی بیناسازی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەریەک لەناحیەکانی (سەنتەر، سەرکەپکان چوارقورنە، حاجیاوا)لەقەزای ڕانیە لەگەڵ ناحیەکانی(سەنگەسەر، ژاراوە، قەلادزێ)لەقەزای پشدەردەگرێتەوە، بەلام هەرێمی فراوانی بازرگانی شاری ڕانیە ناوچەیەکی بەرفراوان لەشارو شارۆچکە دوورەکان دەگرێتەوە کە بریتین ناحیەکانی ( بنگرد ،خدران، خەلەکان ) لەقەزای دوکان لەگەڵ ناحیەکانی (هیران،بالیسان) لەقەزای شەقلاوە شارەکانی(سلێمانی،کەرکوک،هەولێر،کۆیە،تەق تەق،پیرەمەگرون ، حاجی ئۆمەران، سۆران، چۆمان،ڕەواندوز،سیتەکان،گۆرەت، وەرتێ،باسرمە).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت شاری ڕانیە لەبواری بازرگانی بەکۆمەڵ پاڵپشت بە کەرەستەی بیناسازی توانیویەتی سنوروکاریگەریەکەی تا ناوچەیەکی بەرفراوان درێژببێتە وە و بەشدار بێت لەدابین کردن و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان، ئەمەش خۆی لەخۆی دا ئاماژەیە بۆ گرنگی ڕانیە وگەشەکردن ودەوڵەمەندی شارەکە بەکەرەستە جۆراو جۆرەکان کە دواجار ڕەنگ دانەوەی هەبووە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەر و دوور لەخۆی.

**ب: کەرەستەی سەوزەو میوە(کشتوکاڵی)**

وەک لەناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئاماژەمان پێ دا ،شاری ڕانیە یەکێکە لەو شارانەی کە لەسەر دەشتێکی پان وبەرینە بەناوی دەشتی بیتوێن هەڵکەوتووە،ئەم دەشتە پان وبەرینەی کەپێگەی جوگرافی شارەکەی لەسەر بنیات نراوە بەچەندین زنجیرە شاخی سەخت دەورە دراوە، کە چەندین گوندی لەخۆ گرتووە ژمارەیان (١٢١) گوندە[1]. لەڕاستیدا ئەم گوندانە خاوەنی چەندین بەرهەمی خۆماڵی جۆراوجۆرن لە سەوزەو میوە، بێگومان هەڵکەوتەی ئەم گوندانە لەژینگەی بەرزونزمی جیاوازی وەک دەشتایی وشاخ دا لەگەڵ بوونی بڕێکی باشی ئاوی باران کە تێکڕای ساڵانەی زیاتر لە (٧٠٠) ملم دەبێت و دەوڵەمەندی ناوچەکە بەئاوی سەر زەوی بەهۆی تێپەڕ بوونی زێی بچوک بەباشووری خۆرهەلاتی شارەکەدا لەگەڵ چەندین سەرچاوەی ئاوی تری سەر زەوی کە بەسەر بەشە جیاجیاکانی قەزای ڕانیەدا بلاوبونەتەوە، هەروەها دەوڵەمەندی ناوچەکە بەهۆی ئاوی ژێر زەوی بەهۆی بوونی بارانی زۆر لەگەڵ بەپیتی خاکی دەشتی بیتوێن، هەروەها کارکردنی

---

(١) سیروان محمد مهدی، شیکردنەوەیەکی شوێنی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندی پەرەپێدانیان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، ٢٠١٧، لا٣، لا٢١٠.

(١٦٨٤)جووتيار لەقەزای ڕانيە لەبواری كشتوكاڵ كردندا، ئەمانە لەوهۆكارە گرنگانەن بونەتە هۆكاری ئەوەی ئەو گوندانەی دەوری شاری ڕانيەيان داوە ببنە خاوەنی چەندين بەرهەمی جۆراوجۆری خۆماڵی لەشێوەی سەوزەوميوە، بەجۆرێك ئەم گوندانە بوونەتە سفرەيەكی پڕ خۆراك كە توانيويەتی هەمەجۆرە سەوزەوميوەيەكی زستانە وهاوينە بۆ شاری ڕانيە دابين بكەن ،لەهەمانكاتدا ناوچەی لێكۆڵينەوە بۆتە ناوەندێك وبازاڕێك بۆساغكردنەوەوناردنی بەروبومەكانی سەوزەوميوەی گوندەكانی دەوروبەری بۆ ئەو شارو شارۆچكانەی دەوری شاری ڕانيە يان داوە تەنانەت بۆ ئەو شارو شارۆچكانەش كە دوورن لە ڕانيە[1]. لێرەدا پێويستە ئاماژە بەوە بكەين كە شارەكە تەنها نەبۆتە بازاڕێك بۆساغ كردنەوەی كاڵاكانی گوندەكانی قەزای ڕانيە، لەهەمان كاتدا ڕانيە بازاڕێكيشە بۆكۆبونەوەی بەرهەمی سەوزەوميوەی زستانەوهاوينەی زۆرێك لە گوندەكانی ئەو قەزايانەی كە دەوری ڕانيەيان داوە، وەك قەزاكانی (پشدەر ، كۆيە، دوكان، شەقڵاوە، چۆمان، ڕەواندز ،سۆران).

سەبارەت بەسنوروكاريگەری ناوچەی لێكۆڵينەوە لەسەرناوچەكانی دەوروبەری ،بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٢٧) بۆمان دەردەكەوێت شاری ڕانيە پاڵپشت بەو بەرهەمە خۆماڵيانەی لەشێوەی (سەوزەو ميوە) دان و لەگوندەكانی قەزاكانی ڕانيە وپشدەر بۆفرۆشگاكانی ڕانيە دێن، ناوچەی لێكۆڵينەوە توانيويەتی كاريگەريەكی بەرچاوی پێ بكاتە سەر ئەو شارو شارۆچكانەی كە دەوری شاری ڕانيەيان داوە لەگەڵ ئەو ناوچانەش كە دوورن لەڕانيە ،بەجۆرێك سنوری هەرێمی بازرگانی سەوزەو ميوە لەشاری ڕانيە لەسەر شارو شارۆچكە نزيكەكانی دەوروبەری دەگاتە شارۆچكەكانی( حاجياوا، چوارقورنە، سەركەپكان، بێتواتە) لەقەزای ڕانيە كە ناودەبرێن بەهەرێمی بازرگانیچڕ،لەهەمان كاتدا كاريگەری ڕانيە تەنها لەسەرناوچە نزيكەكانی دەوروبەری نەوەستاوە بەڵكوناوچەی لێكۆڵينەوە بەهۆی زۆری وجۆراوجۆريەتی بەرهەمەكانی توانيويەتی سەوزە وميوە لەفرۆشگاكانی ڕانيەوە بەشێوەی بەكۆمەڵ بنێرێتە بازاڕەكانی شارە گەورەكانی دوور لەشاری ڕانيە، ئەمەش ئاماژەيە بۆئەوەی هەرێمی بازرگانی فراوانی ڕانيە ناوچەيەكی

(١)أ- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ، بەڕێوەبەرايەتی كشتوكاڵی ڕاپەڕين، هۆبەی پلان دانان، ساڵی ٢٠١٦ .(زانياری بڵاونەكراوە)


ب-سيروان محمد مهدی، شيكردنەوەيەكی شوێنی نشينگە دێهاتيەكانی قەزای ڕانيە و ڕەهەندی پەرەپێدانيان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.

بەرفراوان لەشار وشارۆچکە دوورەکان دەگرێتەوە ، کە بریتین لە شارەکانی (سلێمانی ، هەولێر ، کۆیە ، دوکان، 

ڕەواندز، چۆمان ، شەقڵاوە) لەگەڵ ناحیەکانی قەڵادزێ، سەنگەسەر، ژاراوە) لەقەزای پشدەر کە ناودەبرێن بەهەرێمی بازرگانی فراوان، ئەمەش ئامادەیە بۆئەوەی شاری ڕانیە کاریگەریەکەی تاناوچەیەکی بەرفراوان درێژدەبێتەوە. سەبارەت بەئاستی کاریگەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری لەناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکی تر جیاوازە، بەجۆرێک ڕانیە توانیویەتی بەپلەی یەکەم وزۆرترین پێداویستی بۆ دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین دابین بکات کە هەردوو قەزای پشدەروڕانیە دەگرێتەوە بەڕێژەی(٥٩,٦٪) دواتر کاریگەریەکەی بۆسەر شاروشارۆچکەکانی دەوروبەری‌بوە،لەهەمان کاتدا تاوەکو لەناوچەی لێکۆڵینەوە دووربکەوینەوە کاریگەریەکەی کەمتر دەبێتەوە بەشێوەیەک کەمترین کاریگەری ڕانیە بۆ سەرسەنتەری قەزای شەقڵاوە بووە بەڕێژەی زیاتر لە (٢٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣١)،بێگومان هۆکارەکانی دووری و بەرزی تێچوونی نرخی گواستنەوەو بوونی سەوزەو میوە لەوشارانە لە هەرە هۆکارە گرنگەکانن کە بۆتە هۆی ئەوەی شاری ڕانیە کاریگەری کەمتر بکاتە سەر شارو شارۆچکەو ناوچە دوورەکان.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕێگەی ئەو بەرهەمە جۆراو جۆرانەی لەشێوەی سەوزەو میوەی هاوینەوزستانەدان لەگوندەکانی قەزای ڕانیە و گوندەکانی قەزاکانی چواردەوری ڕانیەوە دێنە شارەکە، ڕانیە توانیویەتی کاریگەریەکی بەرچاوی پێبکاتە سەرشارو شارۆچکەکانی دەوروبەری لەگەڵ ئەو شارانەی کە دوورن لەڕانیە.

## نەخشەی ژمارە (٢٧) هەرێمی وەزیفەی  بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەی کشتوکاڵی هاوینەو زستانە لە شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠ .

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە دانان،بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای هەولێر ، بەپێوەری ، ١:١٥٠٠٠ ، ساڵی ٢٠٠٩.

٣- خشتەی ژمارە(٣١)

**خشتەی ژمارە ٣١ هەرێمی وەزیفی  بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەی (کشتوکاڵی) سەوزەومیوەی هاوینەو زستانە لە شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦)**

| قەزا | ناحیە | برەکەی (تەن) | ٪ |
|---|---|---|---|
| ئیدارەی ڕاپەڕین (ڕانیە، پشدەر) | (سەنتەر)رانیە | ٣٦٧٧٩ | ٢٧.٩ |
| | حاجیاوا | ٨٧٧١ | ٦.٦ |
| | چوارقورنە | ٧١٢٦ | ٥.٤ |
| | سەرکە پکان | ٣٩٧٥ | ٣.٠ |
| | بیتواتە | ٥٦٥٠ | ٤.٣ |
| | قەلادزی | ٧٩٥١ | ٦.٠ |
| | سەنگەسەر | ٤٩٥٠ | ٣.٧ |
| | زاراوە | ٣٥٧٥ | ٢.٧ |
| سلیمانی | شاری سلیمانی | ١٤٢٥٢ | ١٠.٨ |
| هەولیر | هەولیر | ١١٩٢٦ | ٩.٠ |
| کویە | کویە | ٤٥٢٠ | ٣.٤ |
| دوکان | دوکان | ٤١٥٠ | ٣.١ |
| | خەلەکان | ٤٥٧٥ | ٣.٥ |
| چومان | سەنتەر | ٥٣٠٠ | ٤.٠ |
| ڕەواندوز | سەنتەر | ٥٦٢٦ | ٤.٣ |
| شەقلاوە | سەنتەر | ٢٩٨٤ | ٢.٣ |
| کوی کشتی | | ١٣٢١١٠ | ١٠٠ |


سەرچاوە:ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی راپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی  ژمارە(١٢) خراوەتەروو.

**پ: کەرەستەی جل و بەرگ و موبلیاتی ناوماڵ**

کەرەستەی جلو بەرگ و موبلیاتی ناوماڵ یەکێکی ترن لەو کەرەستانەی کە شاری ڕانیە پاڵپشت بەکۆمپانیاو دامەزراوە بازرگانیەکان توانیویەتی هاوشێوەی کەرەستەکانی تر لەشێوەی بازرگانی بەکۆمەڵ خزمەتی شارو شارۆچکەو ناوچەکانی دەوروبەری و دوور لەخۆی پێ بکات . ئەگەر ئاماژەیەک بەسنوری هەرێمی هەریەک لەکەرەستەکانی (جلو بەرگ وموبلیات) بکەین، بۆمان دەردەکەوێت سنوری هەرێمی وەزیفەی بازرگانی بۆئەودوو جۆرە کەرەستەی ئاماژەمان پێدان بریتیە لەقەزای ڕانیە بەسەرجەم یەکە کارگێڕیە کانیەوە وەک ناحیەکانی (سەنتەر، حاجیاوا، چوارقوڕنە، سەرکەپکان، بێتواتە) لەگەڵ هەریەک لەیەکە کارگێڕیەکانی قەزای پشدەر وەک ناحیەکانی (قەڵادزێ ، سەنگەسەر ، ژاراوە) هەروەها هەردوو ناحیەی (بنگرد ، خدران) لەقەزای دوکان. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢٨)

سەبارەت کاریگەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری بەجۆریکە زۆر دوورناکەوێتەوە بۆشارو شارۆچکە دورەکان بەڵکوکاریگەریەکەی زیاتر لەسەرناوچە نزیکەکانی دەوروبەری‌خۆیەتی کەبریتیە لەقەزای ڕانیە بەسەرجەم ناحیەکانیەوە وەک ناحیەکانی (سەنتەر ،حاجیاوا، چوارقوڕنە، سەرکەپکان ، بێتواتە) کە ناودەبرێت بەهەرێمی بازرگانی چڕ، بێگومان هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی ئەو شارو شارۆچکانەی کە لەڕانیەوە دورن خۆیان هاوشێوەی ڕانیە ڕاستەخۆکاڵاکانی جلوبەرگ وموبلیاتی ناوماڵ لەووڵاتانی دراوسێ وەک تورکیاوئێران یان لەناوخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق لە شارەکانی سلێمانی،هەولێرهاوردە دەکەن ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ئەو شارو شارۆچکە دوورانە زیاتر ڕوو دەکەنە شارە گەورەکانی سلێمانی وهەولێر، بۆیە ئەمانە لەوهۆکارانەن وای کردووە کاریگەری شاری ڕانیە زیاتر لەسەر ناوچە نزیکەکانی دوروبەری ڕەنگ بداتەوە ونەتوانێ کاریگەریەکەی تا سنورێکی بەرفراوان درێژ ببێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کەسروشتی شاروایە سەرەتا هەوڵ دەدات زۆرترین کاریگەری وپێداویستی دانیشتوانەکەی خۆی وناوچەکانی دەوروبەری پڕبکاتەوە دواتر بۆ ناوچە دوورەکان. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە شاری ڕانیە هیچ کاریگەریەکی نەکردۆتە سەر ناوچە دوورەکان، لەهەمانکاتدا ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی کاریگەریەکەی بگاتە ناحیەکانی (قەڵادزێ، سەنگەسەر،ژاراوە) لەقەزای پشدەروناحیەکانی (بنگرد، خدران) لەقەزای دوکان، کەناودەبرێت بەهەرێمی بازرگانی فراوان.ئەگەر ئاماژە بەپلەی کاریگەری شاری ڕانیە بکەین لەسەرناوچەکانی دەوروبەری، بەتێبینی کردن لەخشتەی ژمارە **((٣٢)ا،ب)** بۆمان دەردەکەوێت شاری ڕانیە لە هەردوو بواری موبلیات و جل وبەرگ بەپلەی یەکەم و زۆرترین کاریگەری کردۆتە سەر قەزای ڕانیە بەسەرجەم ناحیەکانیەوە،بەجۆرێک لەبواری کەرەستەی جلوبەرگ بەڕێژەی‌زیاترلە (٦١٪)و لەبواری کەرەستەی موبلیات بەڕێژەی (٧٣,٦٪).

**نەخشەی ژمارە ٢٨ هەرێمی وەزیفی  بازرگانی بەکۆ بۆکەرەستەکانی (جل و بەرگ و موبلیات) لە شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦ )**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠ .

٢- خشتەی ژمارە(٣٢ (أوب)

بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوانی قەزای ڕانیە کە (٢٢٧٣٣٠)[١] کەسە بەراوورد بە دەوروبەرەکەی،بۆیە بۆتەبازاڕێک بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاکان ئەمە جگە لەوەی وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا شاری ڕانیە سەرەتا هەوڵیداوە پێداویستی دانیشتوانەکەی خۆی پڕبکاتەوە دواتربەرەو ناوچەکانی دەوروبەری لە بواری کەرەستەی جل وبەرگ کەمترین کاریگەری کردۆتە سەر ناحیەی خدران بەڕێژەی (٣٪)، لەبواری موبلیات کەمترین کاریگەری کردۆتە ناحیەی ژاراوە لەقەزای پشدەر بەڕێژەی زیاتر(٥٪)،بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بچوکی قەبارەی دانیشتوانی ئەو شارۆچکەیە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی (٨٩٠٨) کەسە، بەراوورد بەشاروشارۆچکەکانی تر کەمترکاری بازرگانی بەکۆی تێدا ئەنجام دەدرێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بەکەرەستەکانی جل وبەرگ و موبلیاتی ناوماڵ هاوشێوەی کەرەستەو کاڵا بازرگانیەکانی تر کە ئاماژەمان پێ دان هەوڵی داوە خزمەتی ناوچەکانی دەوروبەری پێ بکات و بەشێک لە پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات.

**خشتەی ژمارە ٣٢ أ هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ لە شاری ڕانیە بۆ کەرەستەی جل و بەرگ لە ساڵی (٢٠١٦)**

| قەزا | ناحیە | برەکەییەتەن | % |
|---|---|---|---|
| ڕانیە | ناحیەی(سەنتەر)ڕانیە | ١٢٨٠ | ٣٥.١ |
| | ناحیەی حاجیاوا | ٣٦٣ | ٩.٩ |
| | ناحیەی چوارقورنە | ٢٥٩ | ٧.١ |
| | ناحیەی سەرکە پکان | ١٨١ | ٥.٠ |
| | ناحیەی بیتواتە | ١٧١ | ٤.٧ |
| پشدەر | ناحیەی قەلادزێ | ٥٤٥ | ١٤.٩ |
| | ناحیەی سەنگەسەر | ٢٧٨ | ٧.٦ |
| | ناحیەی زاراوە | ٢٧٣ | ٧.٥ |
| دوکان | خدران | ١١١ | ٣.٠ |
| | بنگرد | ١٨٩ | ٥.٢ |
| کوی کشتی | | ٣٦٥٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە:ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە(١٣) خراوەتەروو

(١)حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،دەستی ئاماری هەرێم بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری ڕانیە،بەشی دانیستوان، ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین ، ساڵی ٢٠١٦، (داتای بلاونەکراوە).

**خشتەی ژمارە ٣٢ ب هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ لە شاری ڕانیە بۆکەرەستەی موبلیات لە ساڵی (٢٠١٦)**

| قەزا | ناحیە | برەکەی بەتەن | % |
|---|---|---|---|
| ڕانیە | ناحیەی(سەنتەر)ڕانیە | ٢٥٥٨ | ٣٩.٢ |
| | ناحیەی حاجیاوا | ٨٤٢ | ١٢.٩ |
| | ناحیەی چوارقورنە | ٧١٨ | ١١.٠ |
| | ناحیەی سەرکە پکان | ٤٢٢ | ٦.٥ |
| | ناحیەی بیتواتە | ٢٦٠ | ٤.٠ |
| پشدەر | ناحیەی قەلادزێ | ٩١٣ | ١٤.٠ |
| | ناحیەی سەنگەسەر | ٤٥٢ | ٦.٩ |
| | ناحیەی زاراوە | ٣٥٨ | ٥.٥ |
| کۆی گشتی | | ٦٥٢٣ | ١٠٠.٠ |

سەرچاوە: ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە(١٣) خراوەتەروو.

**ت: سامانی ئاژەڵی (ڕەشەووڵاخ، ماسی ، مریشک)**

شاری ڕانیە یەکێکە لەوشارانەی کە دەوڵەمەندە بەسامانی ئاژەڵی لەشێوەی(ڕەشە ووڵاخ ،ماسی،مریشک)چونکە ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی (٦١٧٢٠) ڕەشەووڵاخ و مەڕو بزنە[1]، لەگەڵ (٥٤) کێڵگەی پەلەوەری مریشک، هەروەها بوونی(٢٥) کێڵگەی بەخێوکردنی ماسی[2].

بێگومان ناوچەی لێکۆڵینەوە بەچەندین گوندی شاخاوی ودەشتایی هەردوو قەزای ڕانیە و پشدەر لەگەڵ گوندەکانی ناحیەکانی بنگردوخدران لەقەزای دوکان دەورەدراوە کە ژمارەیان (٤٣٠) گوندە [3]، بێگومان هەموو ئەم گوندانە کەکەوتونەتە دەوروبەری شارەکە سەرچاوەن بۆدابین کردنی سامانی ئاژەڵی بۆشاری ڕانیە بۆیە ئەو بازرگانانەی کە کاری

(١) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕاپەڕین، هۆبەی ڤێتەنەری، ساڵی ٢٠١٦ .

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕاپەڕین، هۆبەی سامانی ئاژەڵ، ساڵی ٢٠١٦ .

(٣) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕاپەڕین، هۆبەی پلان دانان ، ساڵی ٢٠١٦ .


بازرگانی ئاژەڵ دەکەن توانیویانە لەڕێگەی کڕینی ئاژەڵ لە گوندنشینەکانی قەزاکانی ڕانیە وپشدەر ودوکان لەگەڵ هێنانی ئاژەڵی ڕەشەووڵاخ ومەڕوبزن لەهەریەک لەووڵاتە دراوسێ کانی وەک ( ئێران ، تورکیا ، سوریا) بەتایبەت لە ناوچە کوردیەکان توانیانە پێداویستی شارەکە لە سامانی ئاژەلی دابین بکات، لەهەمانکاتدا ئەمە یارمەتی شاری ڕانیە ی داوە تاکولەڕێگەی ئەوسامانە ئاژەڵیەی لە ڕەشەووڵا خ ومەڕوبزن کە شارەکە خۆی هەیەتی لەگەڵ ئەوئاژەڵانەی لەڕێگەی بازرگانی پێکردنەوەهاوردە ی شاری ڕانیە کراون، شارەکە توانیویەتی کاریگەری پێ بکاتە سەر شار و شارۆچکەوناوچەکانی دەوروبەری و دوور لەخۆی.

سەبارەت بەکاریگەری و درێژبوونەوەی سنوری هەرێمی بازرگانی سامانی ئاژەڵی ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری ودوور لەخۆی، بۆمان دەردەکەوێت هەرێمی بازرگانی سامانی ئاژەڵ هەریەک لەناحیەکانی (سەنتەر، چوارقوڕنە، حاجیاوا، بێتواتە، سەرکەپکان) لەقەزای ڕانیە لەگەڵ هەریەک لەناحیەکانی (قەلادزێ، سەنگەسەر، ژاراوە) لەقەزای پشدەر کە ناودەبرێت بەهەرێمی بازرگانی چڕ دەگرێتەوە، لەهەمان کاتدا ڕانیە توانیویەتی قورسایی وکاریگەری خۆی بگەیەنێتە ناوچەی شاروشارۆچکەدوورەکانیش وەک شاری(دوکان وسلێمانی)لەسنوری پارێزگای سلێمانی هەروەها لەسنوری پارێزگای هەولێریش ناوچەی لێکۆڵینەوەتوانیویەتی کاریگەریەکەی بگاتە هەریەک لەشارەکانی(هەولێر، سۆران ڕەواندوز ، چۆمان ،کۆیە، شەقلاوە) کە ناودەبرێت بەهەرێمی بازرگانی فروان. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢٩).

ئەگەر ئاماژەیەک بەپلەی کاریگەری شاری ڕانیە بکەین لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری، بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٣٣ (أ) ) بۆمان دەردەکەوێت کە شاری ڕانیە توانیویەتی بەپلەی یەکەم و زۆرترین پێداویستی ئاژەڵی ڕەشەووڵاخ بۆ دانیشتوانی (ئیدارەی ڕاپەڕین) کەپێک دێت لە هەردووک قەزای ڕانیەو پشدەر دابین بکات بەڕێژەی زیاتر لە(٤٢٪) پاشان بەدوورکەوتنەوە لەشارەکە کاریگەریەکەی وردە وردە کەم دەبێتەوە، وەک لەوەزیفەکانی پێشترئاماژەمان پێکرد شار سەرەتا پێداویستی دانیشتوانەکەی خۆی دەوروبەرەکەی پڕ دەکاتەوە دواجار کاریگەری دەکاتە سەرناوچە دوورەکان وپێداویستی وکالایان بۆدەنێرێت، کەواتە لێرەدا هۆکاری دووری ونرخی تێچوون کاریگەری خۆی هەیە وکەمترین کاریگەریشی بۆشەر شاری شەقلاوە وژاراوەیە بەڕێژەی لە(٣٪). هەربەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (٣٣(ب)) بۆمان ڕوون دەبێتەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی

لەبواری بازرگانی ئاژەڵی وەک مریشک وماسی دا زۆرترین پێداویستی بۆ دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین دابین بکات بەڕێژەی (٦٢٪) هەروەها کەمترین کاریگەریشی لەدابین کردنی ئاژەڵی مریشک وماسی کردۆتە سەر ناحیەی ژاراوە وسەرکەپکان بەڕێژەی (٤٪) لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕانیە پاڵپشت بەکەرەستەی ئاژەڵی جۆراوجۆر لەشێوەی (ڕەشەوولاخ، ماسی ، مریشک) توانیویەتی کاریگەری بکاتە سەرشارۆچکە دوورو نزیکەکان و پێداویستیەکانیان بۆدابین بکات، ئەمەش ئاماژەیە بۆدەوڵەمەندی ناوچەکە بەسامانی ئاژەڵ کە دواجار ڕەنگ دانەوەی هەبوە کەڕانیە ببێتە یەکێک لەناوەندەکانی دابین کردنی ئاژەل بۆزۆرێک لە شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

## نەخشەی ژمارە ٢٩ هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆ کەرەستەی ئاژەڵی لەشاری ڕانیەلە ساڵی(٢٠١٦)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠ .

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە دانان ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای هەولێر ، بەپێوەری ١:١٥٠٠٠ ، ساڵی ٢٠٠٩.

٣- خشتەی ژمارە(٣٣ (أوب)

## خشتەی ژمارە ٣٣ أ هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆ ڕەشەوڵاخ لەشاری ڕانیەلە ساڵی(٢٠١٦)

| قەزا | ناحیە | ژمارەی ئاژەڵ (ڕەشەوڵاخ) | ٪ |
|---|---|---|---|
| ڕانیە | ڕانیە | ١٢٩٦٧٥ | ٢١.٠ |
| | چوارقورنە | ٣٧٠٥٠ | ٦.٠ |
| پشدەر | قەلادزی | ٥٠٢٢٥ | ٨.١ |
| | سەنگەسەر | ٢٤٧٠٠ | ٤.٠ |
| | زاراوە | ١٨٥٢٥ | ٣.٠ |
| سلیمانی | سلیمانی | ٧٤١٠٠ | ١٢.٠ |
| هەولیر | هەولیر | ٦٦٨٣٠ | ١٠.٨ |
| دوکان | دوکان | ٣٠٠٥٠ | ٤.٩ |
| کۆیە | سەنتەر | ٣٠٨٧٥ | ٥.٠ |
| سۆران | سەنتەر | ٤٥٢٢٥ | ٧.٣ |
| رەواندوز | سەنتەر | ٤٩٤٠٠ | ٨.٠ |
| چومان | سەنتەر | ٤١٢٢٥ | ٦.٧ |
| شەقلاوە | سەنتەر | ١٩٦٢٠ | ٣.٢ |
| کوی گشتی | | ٦١٧٥٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە(١٤) خراوەتەروو.

## خشتەی ژمارە ٣٣ ب هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆمریشک وماسی لەشاری ڕانیەلەساڵی(٢٠١٦)

| قەزا | ناحیە | برەکەی بەتەن | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|---|
| ڕانیە | ڕانیە | ٤٩٣ | ٣٢.١١ |
| | بیتواتە | ٩٢ | ٦ |
| | حاجیاوا | ٧٨ | ٥.٠٨ |
| | چوارقورنە | ٩٢ | ٦ |
| | سەرکەپکان | ٦٥ | ٤.٢٥ |
| سلێمانی | سلێمانی | ٢١٦ | ١٤.٠٧ |
| هەولێر | هەولێر | ١٥٤ | ١٠.٠٤ |
| کۆیە | کۆیە | ١٢٨ | ٨.٣٠ |
| پشدەر | سەنگەسەر | ٧٧ | ٥.٠٢ |
| | ژاراوە | ٦١ | ٤ |
| دوکان | سەنتەر | ٧٩ | ٥.١٤ |
| کۆی گشتی | | ١٥٣٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە:ئامادەکراوبەپشت بەستن بەئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کەوێنەیەکی لەپاشکۆی ژمارە(١٥) ، (١٦) خراوەتەروو.

کاریگەری شاری ڕانیە لەسەرناوچەکانی دەوروبەرودوورلەشارەکە دەگەڕێتەوە بۆئەم خالانەی خوارەوە[1]

١- هەلکەوتەی جوگرافی شاری ڕانیە لەنێوان چەندین گوندی ناوچەی شاخاویو دەشتایی ئەمە یارمەتی ئەوەی داوە کە هەمەجۆرە ئاژەلی جۆراوجۆر لەشێوەی مانگاو مەڕو بزن و تەنانەت گامێش لەسنوری گوندەکانی قەزای ڕانیە و گوندەکانی ئەو قەزایانەی کە دەوری شاری ڕانیەیان داوە بەخێوبکرێت و بنێرێتە بازاڕەکانی ڕانیە و بازرگانی پێوە بکرێت.

٢- ماسی هاوشێوەی ڕەشەوولاخ لەناوچەکەدا گرنگی خۆی هەیە،چونکە تێپەڕبوونی زێی بچوک بە شاری ڕانیەدا بۆتە هۆکاری ئەوەی‌شارەکە بتوانێ کاری بازرگانی بەسامانی ماسیەوە بکات و ببێتە بازاڕێک بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمە ئاژەلیەکان وناردنی ئاژەل بۆ ناوچە دوورونزیکەکانی شارەکە، لەهەمان کاتدا هاوشێوەی زێی بچوک بوونی چەند کێلگەی دەستکردی ماسی کەژمارە یان(٢٥) کێلگەیە لەدەڤەری پشدەروبیتوێن هۆکارێکی تری گەشەکردنی کڕین وفرۆشتنی سامانی ماسی بوو، هەروەها بوونی حەوزی تایبەت بە بەخێوکردنی ماسی سەلەموون هۆکارێکی تری گەشەکردنی ئەم بازرگانیەیە لەهەمان کاتدا سەنتەریەتی شاری ڕانیە بۆکۆبونەوەی بەرهەمەکانی ماسی هەروەها ناردنی بۆبازاڕەکانی شاروشارۆچک دوورونزیکەکانی دەوروبەری هۆکارێکی تری گەشەکردنی بازرگانیە لەناوچەکەدا.

٣-لەڕاستیدا گونجاوی ژینگەی ناوچەکە لەڕووی ئاووهەوا وبەرزونزمی ولەوەڕگای سروشتی ....وەسەرچاوەکانی ئاویارمەتی گەشەکردنی و دەولەمەندی سامانی ئاژەلی داوە لەناوچەکەدا.

٤- خەریکبوونی چەندین کەس بەکاری بازرگانی وکڕین و فرۆشتنی سامانی ئاژەل کە ژمارەیان (٥٦) بازرگانە یەکێکی ترە لەهۆکارەکانی گەشەکردنی بازرگانی سامانی ئاژەلی لەشارەکەدا.

٥-نزیکی شاری ڕانیە لەوولاتی ئێران هەروەها بونی پەیوەندی کۆمەلایەتی لەشێوەی پەیوەندی خزمایەتی وژن وژنخوازی...... زۆرێک لەبازرگانەکانی ڕانیە لەگەل کوردەکانی

---

(١) أ: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکال، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکالی ڕاپەڕین، هۆبەی پلاندانان، سالی ٢٠١٦ .

ب: ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی کە وێنەیەکی لە پاشکۆکانی ژمارە(١٦،١٥،١٤) خراوەتەروو.

ئێران دەرفەتی زیاتری ڕەخساندوە بۆئەنجام دانی کاری بازرگانی کردنی سامانی ئاژەڵ لەگەڵ وولاتی ئێران و بازرگانەکانی شاری ڕانیە بۆ خۆدزینەوە لە باج وگومرگ زۆربەی کات بەشێوەی نایاسایی کاری بازرگانی کردنی ئاژەڵ لەگەڵ وولاتی ئێران ئەنجام دەدات،بێگومان ئەمەش بەیارمەتی شوانەکانی گوندنشینەکانی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق وئێران، بەجۆرێک شوانەکان ئاژەڵەکان بەشێوەی کۆمەڵ دەهێننە ناوگوندەکان ودواتر بە بارهەڵگر دەیان گوازنەوە بۆڕانیە.

**ج: کەرەستەی خۆراکی**

کەرەستەی خۆراکی لەوکەرەستە گرنگانەیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی دانیشتوانی شاری ڕانیەو گوندو شارو شارۆچکەکانی دەوروبەریەوە هەیە، هەر بۆیە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەڕێگەی ئەو دامەزراوە یان کۆمپانیا بازرگانیانەی کە کاری بازرگانی خۆراک دەکەن زۆرێک لەبەرهەمە خۆراکیەکان دەکەن هەروەها لەڕێگەی هێنانی کەل وپەل وکالا خۆراکیەکان لەوولاتانی دراوسێی وەک ئێران وتورکیا لەگەڵ شارەکانی سلێمانی وهەولێر لەناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق توانیویانە تاڕادەیەک پێداویستی خۆراکی بۆشارەکە دابین بکەن، لەهەمان کاتدا هەوڵی داوە ببێتە ناوەندێک کە پێداویستی خۆراکی بۆ زۆرێک لەگوندو شاروشارۆچکەکانی دەوروبەری ڕانیە دابین بکات،ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەناوچەی لێکۆڵینەوە بتوانێ لەچوارچێوەی وەزیفەی بازرگانی داجۆرێک لەپەیوەندی هەرێمایەتی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەرو دوور دروست بکات و کاریگەریان بکاتە سەر.

سەبارەت بەپەیوەندی هەرێمایەتی وکاریگەری شاری ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری ودوور لەخۆی، بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٣٠) بۆمان دەردەکەوێت کە هەرێمی وەزیفەی بازرگانی بۆ کەرەستەی خۆراکی، چەندین ناوچەی جیاواز لەخۆ دەگرێت وەک قەزای ڕانیە کە پێک دێت لەناحیەکانی (سەنتەر، حاجیاوا، چوارقوڕنە، سەرکەپکان، بێتواتە) کە ناو دەبرێت بەهەرێمی بازرگانی چڕ، لەهەمان کاتدا کاریگەری شاری ڕانیە دەگاتە چەند ناحیەک لەسنوری قەزای پشدەر وەک ناحیەکانی (سەنتەر(قەلادزێ) ،سەنگەسەر، ژاراوە)، هەروەها لەسنوری قەزای دوکانیش شاری ڕانیە توانیویەتی کەرەستە خۆراکیەکان بگەیەنێتە هەریەک لەناحیەکانی (بنگرد و خدران)،هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی کاریگەریەکەی بگاتە سنوری پارێزگای هەولێر بەجۆرێک هەریەک لەناحیەکانی (هیران، نازەنین ، بالیسان ،وەرتێ ،قسرێ)دەگرێتەوە کە ناودەبرێت بەهەرێمی بازرگانی فراوان.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە پلەی کاریگەری شاری ڕانیە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، بەجۆرێک ڕانیە توانیویەتی زۆرترین پێداویستی خۆراکی بۆ دانیشتوانی قەزای ڕانیە دابین بکات بەڕێژەی زیاتر لە(٥٦٪) وبە پلەی دووەم کاریگەری

کردۆتە سەر قەزای پشدەر بە ڕێژەی ٢١٪ بەڵام بەدورکەوتنەوە لەشاری ڕانیە پلەی کاریگەریەکەی لەسەر ناوچەکان کەمتر دەبێتەوە، بەشێوەیەک کەمترین کاریگەری کردۆتە سەر ناحیەی قەسرێ لەقەزای چۆمان بەڕێژەی(٢٪) ، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٤).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شاری ڕانیە لەڕێگەی بازرگانی کردنی کەرەستە خۆراکیە جیاوازە کانەوەتوانیویەتی پەیوەندیەکی هەرێمایەتی لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری دروست بکات و پێداو یستیەخۆراکییەکان بۆخۆی وناوچەکانی دەوروبەری دابین بکات، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتە وە بۆ چەند هۆکارێک کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

١- بونی کۆمپانیاو لقە بازرگانیەکان بۆبازرگانیکردنی زۆرێک لەکەلوپەلە خۆراکیەکان لەشاری ڕانیە.

٢- بونی وەکیل ولق لەزۆرێک لەشاروشارۆچکەکانی قەزاو ناحیەکانی چواردەوری شاری ڕانیە.

٣- بەستنەوەی ڕانیە لەڕێگەی تۆڕێکی بەرفراوانی ڕێگاکان لەگەڵ ناحیەوقەزاکانی دەوروبەری، بەتایبەت لەگەڵ قەزاکانی پشدەر، دوکان ،کۆیە ، شەقڵاوە ، چۆمان ، ڕەواندوز.


٤- گەیاندنی بەرهەمەکانیان لەڕێگەی بارهەڵگرەکانی خۆیان بۆ زۆرێک لە وشارو شارۆچکانەی کە وەکیل و کڕیاری تایبەت بە خۆیانی لێیە.

٥- وەک لەبابەتەکانی پێشووتر ئاماژەمان پێ دا زۆری ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین کەشاری ڕانیە سەنتەری کارگێڕیەکەیەتی بەشێوەیەک ژمارەی دانیشتوانەکەی (٣٤٦٧٤١)کەس . بێگومان ئەم گەشەکردنە دیمۆگرافیە یارمەتی دەربوە بۆ کۆبونەوەی ئەودامەزراوە بازر گانیانەی کە بەکاری بازرگانی کردنی خۆراکەوە خەریکن لەناوچەی لێکۆڵینەوە.

٦- وەک لە زۆربەی وەزیفەکاندا ئاماژەمان پێ دا بەدڵنیایەوە شوێنی جوگرافی ڕانیە لەوبارەیەوە ڕۆڵ وکاریگەری خۆی هەبوە ،چونکە ئەگەر سەرنج بدەینە نەخشەی ژمارە(٣٠) و نەخشەی ژمارە(٣١)ی کارگێڕی هەرێمی شاری ڕانیە بۆمان دەردەکەوێت شاری ڕانیە شوێنێکی تاڕادەیەک سەنتەری هەیە بەنسبەت ناوچەکانی دەوروبەری، ئەم سەنتەریەتە یارمەتی داوە بۆ ئەوەی شارە کە ببێتە جەمسەرێک بۆ کۆبوونەوە وگەیاندنی کەل وپەلە خۆراکیە جۆراوجۆرەکان بۆناوچەکانی دەوروبەر[1].

(١)ئامادەکراوبە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە(١٦،١٥،١٤) خراوەتەروو.

## نەخشەی ژمارە ٣٠ هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆ کەرەستەی خۆراک لەشاری ڕانیە لە ساڵی(٢٠١٦)




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە :

١- خشتەی ژمارە(٣٤)

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی (Gis) ، بنچینە نەخشەی پارێزگای سلێمانی ، بەپێوەری ١:١٨٥٠٠٠، ساڵی ٢٠١٠ .

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان ،بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشە دانان،بەڕێوەبەرایەتی زانیاری ونەخشەسازی (Gis) بنچینە نەخشەی پارێزگای هەولێر ، بەپێوەری ١:١٥٠٠٠ ، ساڵی ٢٠٠٩.

**خشتەی ژمارە ٣٤ هەرێمی وەزیفی بازرگانی بەکۆ بۆ کەرەستەی خۆراک لەشاری ڕانیەلە سالّی(٢٠١٦ )**

| قەزا | ناحیە | بڕەکەی بەتەن | ڕێژە ی % |
|---|---|---|---|
| ڕانیە | (سەنتەر)ڕانیە | ٢٥٠٩ | ٣١.٧ |
| | حاجیاوا | ٦٥٩ | ٨.٣ |
| | چوارقورنە | ٥٧٤ | ٧.٢ |
| | سەرکە پکان | ٣٢٦ | ٤.١ |
| | بیتواتە | ٤١٩ | ٥.٣ |
| پشدەر | قەلادزی | ٨٥١ | ١٠.٧ |
| | سەنگەسەر | ٤٤٥ | ٥.٦ |
| | ژاراوە | ٣٩٦ | ٥.٠ |
| شەقلاوە | هیران و نازە نین | ٣٠٦ | ٣.٩ |
| | بالیسان | ٣٢٠ | ٤.٠ |
| ڕەواندوز | وەرتێ | ٢٠٦ | ٢,٦ |
| چۆمان | قسرێ | ١٥٠ | ٢ |
| دوکان | خدران | ٢٧٧ | ٣.٥ |
| | بنگرد | ٤٨٢ | ٦.١ |
| کوی گشتی | | ٧٩٢٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: ئامادەکراوبە پشت بەستن بەئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەر دابەشکراوە وێنەیەکی لە پاشکۆی ژمارە(١٧) خراوەتەروو.

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی بڵێین شاری ڕانیە چەندین پەیوەندی وەزیفی جۆراوجۆری لەگەڵ گوندو شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری هەیە، هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە پاڵپشت بەو گەشەکردنە وەزیفیە جۆراوجۆرانەی هەیەتی

توانیویەتی لەبوارەکانی بازرگانی، کارگێڕی، پەروەردە، خزمەتگوزارییەکان، گواستنەوە خزمەتی ناوچەکانی دەوروبەر ودوورلەڕانیەی پێ بکات، ئەویش لەشێوەی دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی فێرکاری و کارگێڕی وبازرگانی ... ، لەهەمان کاتدا شاری ڕانیە بۆتە ناوەندێک و بازاڕێک بۆ ساغ کردنەوەی کەلوپەل وکاڵاکانی گوندەکانی دەوروبەری ڕانیەچونکە گوندنشینەکان بەرهەمەکانیان لەشـێوەی سەوزەو میوە ودانەوێڵەو ئاژەڵ دەنێرنە بازاڕەکانی شاری ڕانیە ،کەبوونەتە مایەی گەشە کردنی ئابووری شارەکە، هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە توانیویەتی بەپلەی یەکەم زۆرترین پێداویستی وخزمەتگوزاری بۆدانیشتوانی ڕانیە وگوندوشارو شارۆچکەکانی دەوروبەری خۆی لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین کە هەردووقەزای ڕانیەو پشدەردەگرێتەوە دابین بکات،بە پاشان دوورکەوتنە وە لەشاری ڕانیە ئاستی دابین کردنی خزمە تگوزارییەکانی ڕانیە وکاریگەریەکەی لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری کەم دەبێتەوە، بەم شێوەیە بۆمان دەرکەوت شاری ڕانیە بۆتە سەنتەری دابین کردن و پڕکردنەوەی زۆرترین خزمە تگو زاریە وەزیفیەکان بۆ ئیدارەی ڕاپەڕین ودەوروبەرەکەی.

ئەوەی لێرەدا گرنگ و پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە لەدوای دیاریکردنی سنوری هەرێمی هەریەک لەوەزیفە جیاوازەکانی شاری ڕانیە و کاریگەری لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری ئەوەیە کە پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێکمان دابێتەوە کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

١- ئایا پێویستە چەند شارو شارۆچکە یان کام یەکەکارگێڕیانە لەشێوەی ناحیەو قەزا پێویستە بخرێنە ناو چوارچێوەی پلان و پەرەپێدانی هەرێمی شاری ڕانیە.

٢- ئایا پیکهاتەی کارگێڕی (ئیداری) ئێستای ئیدارەی ڕاپەڕین کە هەردوو قەزای ڕانیە و پشدەر بەسەرجەم ناحیەکانیەوەکە(١١)ناحیەن لەخۆدەگرێت،کەلەئێستادا شاری ڕانیە سەنتەری کارگێڕی ئەوئیدارەیە، دوای خستنەڕووی داتاکان ودروستکردنی نەخشەی کارگێڕی هەرێمی ڕانیە بۆ سەرجەم وەزیفەکان، ئایە سنورە کارگێڕیەکەی ئێستای ئیدارەی ڕاپەڕین شیاوەبۆکاری کارگێڕی و پلان وپەرەپێدانی (دیمۆگرافی، ئابوری، بازرگانی، گواستنەوە، خزمەتگوزاریەکان) لەناوچەکەدا یان پێویستە چەند یەکەیەکی کارگێڕی تری بۆ زیادبکرێت یان لێی داببڕێت.

٣- ئایا شاری ڕانیە توانیویەتی ببێتە ناوەندێک بۆخزمەتکردنی ناوچەکانی دەوروبەری؟ ئایا توانیویەتی کاریگەری بکاتەسەر ناوچەکانی دوورونزیکەکان وئاستی کاریگەریەکەی بەپلەی یەکەم دەگاتە چ ناوچەو شارو شارۆچکەو گوندێک.

٤- ئایا ناوچەکانی دەوروبەری لەشێوەی گوندوشاروشارۆچکەکان ڕۆڵیان هەبوەلە گەشەکردنی شاری ڕانیە لە بوارەکانی دیمۆگرافی، ئابوری ،بازرگانی، هەروەها گوندەکان تاچەند بونەتەمایەی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی شاری ڕانیە وگەشەکردنی شارەکە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەژێر ڕۆشنایی خستنەڕوی داتاو نەخشەو خشتەوهاوکێشەکانی هەرچوار بەشەکە ئەم خاڵانە دەخەینە ڕوو کەئاماژەن بۆ گرنگی وکاریگەری شاری ڕانیە لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری ودروست کردنی سنورێکی هەرێمی بۆ شارەکە:

١- ڕانیە لەڕووی شوێنی جوگرافیەوە بەراورد بەشاروشارۆچکەکانی دەوروبەری شوێنێکی سەنتەری هەیە، بەجۆرێک وەک خاڵێکی ناوەند وایە بۆبەستنەوەی بە ناوچەکانی دەور وبەری.

٢- ڕانیە لەڕووی دیمۆگرافیەوە بەراورد بەشارو شارۆچکەکانی دەوروبەری گەشەکردنێکی بەرچاوی دیمۆگرافی بەخۆیەوە بینیوە، بەشێوەیەک ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (١٠٠٠٠٠) کەسە، ئەمە یەکێکە لەهۆکارەکانی کاریگەری شاری ڕانیە لەسەر گوندو شاروشارۆ چکەکانی دەوروبەری وخزمەتکردنی ناوچەکانی دەوروبەری لەلایە ڕانیەوە.

٣- گەشەکردنی ڕووبەری ئاوەدانی وبیناسازی ناوچەی لێکۆڵینەوە هاوشێوەی گەشەکردنی دیمۆگرافی لەفراوانبوونی سنوری هەرێمی شارەکەدا کاریگەری خۆی هەبووە،چونکە فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە بۆتە هۆکاری گەشەکردنی ڕووبەری وەزیفە جیاوازەکان لەشاری ڕانیە کە دواجار ڕەنگ دانەوەی هەبووە لەسەر فراوانبوونی سنوری هەرێمی وەزیفی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

٤- گرنگی حکومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان بەشارەکە،ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە گەشەکردنی شاری ڕانیەو کاریگەری لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری و دوور لەخۆی، ئەمەش دەگەڕ ێتەوە بۆ بەرزی پلەی کارگێڕی ڕانیە کە لەلایەک سەنتەری ئیدارەی ڕاپەڕینە،لەلایەکی تریشەوە سەنتەری کارگێڕی قەزای ڕانیەیە،ئەمە خۆی لەخۆیدا بۆتە جێگەی گرنکی پێدانی زیاتر بەشارەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت لەناوچەکەدا.

٥- دەوڵەمەندی ناوچەکانی دەوروبەری شاریڕانیە لەڕووی ئابووریەوە، بەجۆرێک ژمارەیەکی زۆر گوند لەسەر دەشتی بیتوێن وپشدەر لەهەردوو قەزای ڕانیە وپشدەر لەشێوەی دەشتی ناوچەی شاخاوی دا هەڵکەوتوون کە (١٢١ ) گوندیان دەکەونە قەزای

ڕانیه[1]. و( ٢٧٦) گوندیش دەکەونە قەزای پشدەر[2]. واتا بەگشتی (٣٩٧) گوندە دەوری شاری ڕانیەیان داوە، لەهەردووک جۆری‌گوندی ناوچەی‌شاخاوی ودەشتایی کەخاوەن چەندین بەرهەمی جۆراوجۆری سەوزەو میوە و ئاژەڵ و دانەوێڵە و ...هتد بۆ شاری ڕانیە دابین دەکەن، بەجۆرێک ئەم گوندانە بوونەتە سفرەیەکی ڕازاوە بۆ شارەکە وهۆکارێکی هەرە گرنگ وبەرچاوی گەشەکردنی شاری ڕانیەن لە سەرجەم بوارەکانی دیمۆگرافی وئابوری وئاوەدانی ووەزیفی کە سەرئەنجام جۆرێک لەقورسایی کاریگەریان بەشاری ڕانیە بەخشیوە تا بتوانێت خزمەتی ناوچەکانی دەوروبەری بکات.

هەر بۆیە لەژێر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی کە خستمانە ڕوو لەگەڵ زانیاریەکانی هەر چوار بەشەکە گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە شاری ڕانیە بەهۆی ئەو خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرانەی کە توانیویەتی لەبواری فێرکاری، خوێندنی باڵا، کارگێڕی ، گواستنەوە ، بازرگانی ،.... بۆ ناوچەکانی دەوروبەری و دوور لەخۆی دابین بکات، دەرکەوت ئەو پێکهاتە کارگێڕیەی ئێستا کە ناونراوە ئیدارەی ڕاپەڕین کە قەزاکانی ڕانیە وپشدەر لەخۆدەگرێت زۆرگونجاوە کە بکرێتە نەخشەیەکی کارگێڕی بۆهەرێمی شاری ڕانیە،بەڵام بەمەرجێک هەردووناحیەی بنگرد وخدران لەسنووری قەزای‌دوکان پێویستە بخرێنە سەرقەزای ڕانیە لەچوارچێوەی ئیدارەی ڕاپەڕین،چونکەدانیشتوانی ئەو دوو ناحیەیە بۆدابین کردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانیان سود لەوەزیفە جۆراوجۆرەکانی شاری ڕانیە وەردەگرن وسەردانی ڕانیە دەکەن، و لەڕووی شوێنی جوگرافیشەوە هاوسنوورن لەگەڵ قەزای ڕانیە. لەکۆتاییدا کە دەمانەوێت نەخشەی کارگێڕی هەرێمی شاری ڕانیە بەگوێرەی زۆرترین قورسایی وخزمەتکردنی دەوروبەرەکەی کە تیکڕای ڕێژەی خزمەتکردنی لەنێوان (٦٠-٧٠٪ ) دیاری بکەین، کە پێویستە ئەوناوچانە لەخۆ بگرێت: قەزای ڕانیە بەسەرجەم یەکەکارگێڕیە کانیەوە کەپێک دێت لەناحیەکانی(سەنتەر ،سەرکەپکان، چوارقوڕنە،حاجیاوا، بێتواتە) لەگەڵ قەزای پشدەربەگشت ناحیەکانیەوە (سەنتەر، سەنگەسەر ، ژاراوە ، هەڵشۆ، هێرۆ، ئیسێوە ) لەگەڵ ناحیەکانی بنگرد وخدران لەقەزای دوکان)، بەم شێوەیە پێویستە ئەوناوچانە بکرێنە نەخشەیەک تا حکومەت و لایەنەپەیوەندی دارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرنامە


---

(١).سیروان محمد مهدی، شیکردنەوەیەکی شوێنی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندی پەرەپێدانیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.

(٢)سەلام محمود ناسر، دەرامەتە سروشتیەکان ورۆڵیان لە پەرەپێدانی چالاکیە ئابووریەکان لە قەزای پشدەردا،نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،٢٠١٦.ل٢١.

وپلانی پەرەپێدانی خزمەتگوزاریەکان وسەرجەم بوارەکانی تریگوندنشینی و شارنشینی لەسەربنەمای پشت بەستن بەسنوری هەرێمی کارگێڕی شاری ڕانیە وسەرجەم ئەو یەکەکارگێڕیانە کەدەکەونە ناوچوار چێوەی هەرێمی شاری ڕانیەوە ئەنجام بدەن، کەڕووبەرەکە ی ( ٣١٢٨,٩)کم، سەبارەت بەسنوری هەرێمی کارگێڕی شاری ڕانیە ، سنورەکەی لەباکورەوە پارێزگای هەولێرەکەدرێژ دەبێتەوە تاکو قەزاکانی چۆمان ورەواندز، لە باشوریشەوە سنورەکە ی پارێزگای سلێمانیە تادەگاتە قەزاکانی ماوەت و دوکان، لەرۆژهەلاتیشەوە هاوسنورە لەگەڵ وولاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەبەشی ڕۆژئاواشەوە پارێزگای هەولێرە کەدرێژ دەبێتەوە تاوەکو قەزای کۆیە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٣١).

**نەخشەی ژمارە٣١ هەرێمی کارگێڕی هەرێمی شاری ڕانیە لە ساڵی (٢٠١٦)**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

نەخشەکانی ژمارە(١٥ بۆ٢٨)

# دەرئەنجامەکان

## دەرئەنجامەکان

لەژێررۆشـــنایی ئەو بەش و باســـانەی کە تـــوێژینەوەکە لەخـــۆی گرتبـــوو لە کۆتـــایی دا توێژینەوەکە گەیشتە چەند دەرئەنجامێک کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

١- شوێنی جوگرافی شاری ڕانیە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق و باکوری ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانی، ئەم شارە شوێنێکی جوگرافی گرنگی هەیە چونکە، پـێگە جـوگرافیەکەی لەسەردەشـتێکی بەرینـی نـاوچەی شـاخاوی بەنـاوی دەشـتی بیتێـوێن کەڕوبەرەکە ی نزیکەی(٣٠٠ ) کم٢ هەڵکەوتوە ، ئەم دەشتە بە چەندین زنجیرەشاخی سەخت دەوری داوە کە ژمـــارەیەکی بەرچـــاو لە گونـــد وشاروشـــارۆچکە ی لە ئـــامێزگرتووە کە بوونەتە بنەمایەک بۆ دامەزراندن و گەشەکردنی پەیوەندی هەرێمی شـاری ڕانیە ، لەهەمـان کاتـدا گرنگـی شـوێنی جـوگرافی شـارەکەو تایبەتمەنـدیە جوگرافیەکـانی شـوێنەکەی ڕۆڵێکـی گرنگ وبەرچاویان هەیە لە بەهێزبوونی پەیوەندی هەرێمایەتی شاری ڕانیە ،بەجۆرێـک بـۆتە هۆکارێک بۆ دەرکەوتنی وەک شـاری دایک هەروەهـا نزیکـی نـاوچەی لێکۆڵینەوە لەووڵاتـی کۆماری ئیسلامی ئێران بایەخێکی تری شوێنی جوگرافی شارەکە نیشان دەدات.

٢- لەڕووی دیمـــۆگرافیەوە شـــاری ڕانـــیە لە مـــاوەی ســـاڵانی ١٩٥٧-٢٠١٦ بە ئاڕاســـتەی گەشـــەکردن هەنگـــاوی نـــاوە،بەڵام ئەم گەشـــەکردنە بەیەک ئاڕاســـتە نەبـــووە، بەڵکـــو لە مـاوەیەکەوە بۆمـاوەیەکی تـر جیـاوازبووە کەبەرزبـوونەوەو نزمبـوونەوەی بەخـۆیەوە بینیـوە ،بەجۆرێک لە ساڵانی لێکۆڵینەوە ڕێژەی گەشەکردنەکەی ساڵانە لەنێوان ( ٢ - ١٢ ٪) بوە.

٣- زیـــادبوونی سروشـــتی یەکـــێکە لەکـــۆڵەکە بنچینەیەکـــانی گەشـــەی دانیشـــتوانی ڕانـــیە، بەجۆرێک تێکڕای زیادبوونی سروشتی لەماوەی ساڵانی ١٩٨٧-٢٠١٦ ڕێژەی زیاتر لە٣٤ لەهەزارابـوە،بەڵام ئەم ڕێـژەیە لەسـاڵێکەوە بۆسـاڵێکی ترجیـاوازە، بەشـێوەیەک بەرزتـرین ڕێژەی لەساڵی ٢٠١٢ بوە بەڕێژەی ٥٢ لەهەزارا وەنزمترینی لە ساڵی ٢٠٠٧ بووە بە ڕێژەی نزیکەی ٢٤ لەهەزارا.

٤- لەدایکبـــوون لە تـــووخمە ســـەرەکیەکانی زیـــادبونی سرووشـــتی وگەشـــەی دانیشـــتوانی شـــارەکەیە، بەشـــێوەیەک تێکـــڕای لە دایکبـــوون ســـاڵانی ١٩٨٧-٢٠١٦ ڕێـــژەی زیـــاتر لە ٣٧ لەهەزارا بووە.بەڵام ڕێژەکەی لەساڵێکەوە بۆساڵێکی تر جیاوازبووە، بەجۆرێک. بەرزترین ڕێژەی لەساڵی ٢٠١٢ بوە بەڕێژەی ٥٤ لەهەزارا وەنزمترینی لە ساڵی ٢٠٠٧ بووە بەڕێـژەی نـزیکەی ٢٨ لەهەزارا. هەروەهـا مـردنیش یەکێکـی تـرە لە بنەماکـانی زیـادبونی سروشـتی

وگەشـەی دانیشـتوانی شـاری ڕانیە بەگشـتی تێکڕای مـردن لە ١٩٨٧-٢٠١٦ڕێـژەی لە٢ بـوە لەهەزارا .بەڵام ڕێژەکەی لە ساڵێکەوە بۆساڵێکی تر جیاوازە ،بەرزترین ڕێژەی لەساڵی ٢٠١٦ بوە بەڕێژەی زیاتر لە ٥ لەهەزارا وەنزمترینی لە ساڵی ٢٠٠٢ بووە بە ڕێژەی زیاتر لە ١ لەهەزارا.

٥-کـۆچ هاوشـێوەی زیـادبونی سروشـتی ڕەگەزێکـی تـری گەشـەی دانیشـتوانی نـاوچەی لێکۆڵینەوەیە بەجۆرێک لە سالی ٢٠١٦ ئەوانەی لە گوندەکانەوە کۆچیان کردووە بۆ ناو ڕانیە ڕێژەی ١٥٪ بوون و ئەوانەی لە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای سلێمانیەوە هـاتون ڕێژەی ٥٪ پێک دەهێنن ، هەروەها کۆچی پارێزگاکانی تری هەرێم ١٪ وە کۆچی پارێزگاکانی ناوەڕاست وباشوور بۆشارەکە نزیکەی٥ ٪ بوە.

٦- نـــاوچەی لێکـــۆڵینەوە لە ڕووی گەشـــەکردنی ڕووبەری هەریەک لە وەزیفەکـــانیەوە بە درێژایـــی ســـاڵانی لێکـــۆڵینەوە گەشـــەکردنی بەخـــۆیە وەبینیـــوە،بەڵام ئەم گەشـــەکردنە لەوەزیفەیەکەوە بۆ وەزیفەیەکی تـر جیـاواز بووە،بەجۆرێک نیشـتەجێ بوون بەپلەی یەکەم دێـت وە دواتـر وەزیـفەی گواسـتنەوە دێـت وە نزمتـرین ڕێـژەش بـریتیە لە وەزیفەکـانی تەندروستی وئایینی وپیشەسازی.

